


زنجیرەی دۆسیەکانی سەردەم ١٧

# فریدریش نیچە

## فەیلەسووفی ژیان

کۆمەڵێک نووسەر

# فریدریش نیچە

## فەیلەسووفی ژیان

hewalname.com/ku/

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**دۆسیەکانی سەردەم (١٧)**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

www.sardem.info

hewalname.com/ku/

## ■ فریدریش نیچە: فەیلەسووفی ژیان

نووسینی: کۆمەڵێک نووسەر

وەرگێڕانی: چەند وەرگێڕێک

بابەت: فەلسەفە

دیزاینی ناوەوە و بەرگ: هەڵکەوت عەبدوڵڵا

تیراژ: (٥٠٠) دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

■ چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ()ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

کۆمەڵێک نووسەر

# فریدریش نیچە
## فەیلەسووفی ژیان

hewalname.com/ku/

سلێمانی ٢٠١٧

hewalname.com/ku/

# فریدریش نیچە: فەیلەسووفی ژیان

## پانۆرامای ژیانی نیچە

## کرۆنۆلۆژیا

**ئامادەکردنی: سەردەم**

hewalname.com/ku/

• لە پازدەی تشرینی یەکەمی ١٨٤٤ لە شاری ڕۆکنی سەر بە هەرێمی سەکسۆنیا هاتووەتە دنیاوە. لۆدڤیگ کارل نیچەی باوکی قەشە بووە و فرانسیسکا ئۆیلەری دایکیشی کچی کابرایەکی قەشە بووە.

• ١٨٤٦ لەدایکبوونی ئەلیزابێسی خوشکی، کە لە داهاتوودا دەبێتە خاتوو فۆرستەر.

• کاتێک تەمەنی دەگاتە پێنج ساڵ (واتە لە ١٨٤٩دا) باوکی دەمرێت.

• لە ١٨٥٠دا خێزانەکەی کۆچ دەکات بەرەو ناومبرگ و لەوێ خوێندنی قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکات.

• ساڵی ١٨٦٤ دەچێتە زانکۆی بۆن و لەوێ لای هەریەک لە ڕیچڵ، یان فیلۆلۆژیا و تیۆلۆژیا دەخوێنێت.

• لە تشرینی یەکەمی ١٨٦٥دا لەگەڵ ڕیچڵدا دەچێتە لایبزگ، لێرەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شۆپنهاوەر و سەرەتای پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕۆدەدا دەست پێ دەکات.

• ١٨٦٧- ١٨٦٨ دەچێتە ڕیزی سوپاوە بۆ تەواوکردنی

خزمەتی سـەربازی، بەڵام دوای کەوتنـەخوارەوەی لەسـەر پشتی ئەسپ، دەگەڕێتەوە لایبزگ و بۆ یەکەمین جار چاوی بە ڕیچارد ڤاگنەر دەکەوێت.

• ساڵی ١٨٦٩ دەبێتە مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی بزل لە سـویسـرا، یەکەمین لێکچەریشی کە پێشـکەشی دەکات بـە ناوی «هۆمیرۆس و فیلۆلۆژیای کۆن»ەوەیە.

• لە کۆتایی ئەو ساڵەدا سـەردانی ڤاگنەر دەکات لە تریبشن، لۆزان لە سویسرا. لە سەرەتای ساڵی ١٨٧٠دا دەبێتە مامۆسـتا. پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ هەریەک لە یاکوب بۆرکهارتی (J. Burckhart) مێژوونووس و فرانتز ئۆڤەر برکی (F. Overbeck) تیۆلۆژی پرۆتستانتی دەست پێ دەکات.

• سـاڵی ١٨٧٢ سەرلەنوێ سەردانی ڤاگنەر دەکات و تیایدا چاوی بە کۆزیما ڤاگنەر دەکەوێت. کتێبی «گۆرانی تراژیدیا» دەنووسێت.

• ١٨٧٨ ڤاگنەر ئۆپێرای پارسیڤاڵ پێشکەش بە نیچە دەکات و پەیوەندییەکانیان بەرەو خراپی دەچێت، هەمان ساڵ نیچـە کتێبی «مرۆڤانە، زێدە مرۆڤانە» دەنێرێت بۆ ڤاگنەر.

• ١٨٧٩ باری تەندروستیی بەرەو خراپتر دەچێت، مۆڵەت لە زانکۆی بازل وەردەگرێت بۆ پشوودان.

• ساڵی ١٨٨٠ خانەنیشن دەکرێت و سـەردەمی سەفەرەکانی دەست پێ دەکات. زسـتانان لە نیس و هاوینـان لە سـلیزماریا بەسەر دەبات، بەڵام دڵگیرترین شوێن لای ئەو ڤینیسیا بوو.

• لە بەهاری ١٨٨١دا تەندروستیی بەرەو باشتر دەچێت.

• سـاڵی ١٨٨٢ لەگەڵ لۆسالۆمیدا پەیوەندی دەگرێت. نیچە داوای لێ دەکـات ببێتە هاوسـەری؛ لۆ، ئـەو داوایـەی ڕەت دەکاتەوە.

• ١٨٨٣ لە رابالو بەشی یەکەمی «زەردەشت وەهای گوت» تەواو دەکات. ڕیچارد ڤاگنەر لە بوندوقیە کۆچی دوایی دەکات.

• هەمان ساڵ لە وەرزی بەهاردا دەچێتە ڕۆما، هاوین لە سلیس ماریا بەسەر دەبات و بەشی دووەمی زەردەشت دەنووسێت. لە پاییزدا دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا و داواکارییەک پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی لە زانکۆی لایبزگ ببێتە وانەبێژ، بەڵام داواکەی ڕەت دەکرێتەوە و ناچار دەگەڕێتەوە جەنەوا.

• زستانی ١٨٨٣–١٨٨٤ مانەوە لە شـاری نیسی فەڕەنسـا، بەشی سێیەم لە کتێبی زەردەشت. نیچە تووشی نائومێدی دێت، لەبەر ئەوەی وەک پێویست پێشوازی لە کتێبەکەی ناکرێت.

• بەهاری ١٨٨٤ لە ڤینیسیا، بـال و زوریخ بەسـەر دەبات. پاشـان دەگەڕێتەوە بۆ سلیس ماریا و دووچاری ژانەسەرێکی کوشندە دێت.

• زستانی ١٨٨٥ لە نیس و مۆنتۆن لە فەڕەنسا بەسەر دەبات. بەشی چوارەمی زەردەشت تەواو دەکات و لەسەر ئەرکی خۆی بە چاپی دەگەیەنێت. بەهار و هاوینی ئەو سـاڵە لە ڤینیسیا و سلیس ماریا دەبێت، پاییز دەچێت بۆ منشن پاشان بۆ فلۆرەنسا و دوای ئەوە دەگەڕێتـەوە نیس. خـۆئـامـادەکـردن بـۆ نـووسـینی کتێبی «ئیرادەی هێز» کە لە پاش مردنی خۆی بڵاو دەکرێتەوە.

• ١٨٨٦ ڕاگەیاندنی شـەڕ لە دژی ئاکـاری مەسیحییەت و بۆرژوازییەت.

• بەهاری ١٨٨٧ لە لۆنگاردین و کتێبی «لەو دیو چاکە و خراپەوە». هاوین لە سلیس ماریا و پاییز لە ڤینیسیا. زستان لە شاری نیس لە فەڕەنسا و کتێبی «ژینالۆژیای ئاکار».

• بەهاری ١٨٨٨ بۆ یەکەم جار دەچێتە تۆرنیۆ، پەیوەندیبەستن لەگـەڵ جۆرج براندزی ڕەخنـەگـری دانیمارکی، کە دواتر لە

زانکۆی کۆپنهاگن چەند لێکچەرێک دەربارەی «فەلسەفەی نیچە» پێشکەش دەکات. هاوین لە سیلس ماریا دەبێت و پاییز دەگەڕێتەوە تۆرینۆ.

• زستانی ١٨٨٨–١٨٨٩ کتێبی: کێشەی ڤاگنەر، ئاوابوونی بتەکان، ئەنتی مەسیح (Ecce homo) کە لە دوای مردنی بڵاودەکرێتەوە، دەنووسێت.

• ساڵی ١٨٨٩ لە تۆرینۆ دووچاری شێتی و وڕێنەکاری دەبێت. بە ناوی دیۆنیزوس و لە خاچ دراوەوە نامە بۆ ستریند بێرگ و بۆرکهارت دەنێرێت. ماوەیەک لە نەخۆشخانەکانی بازل ویینا دەمێنێتەوە.

• ساڵی ١٨٩٠ دایکی دەیباتە لای خۆی لە ناومبرگ و لە لایەن Moebius ەوە چاودێریی دەکرێت.

• لە ١٨٩٧ دایکی دەمرێت و ئەلیزابیس فۆستەری خوشکی دەیگرێتە خۆی لە شاری ڤایمار.

• لە بیستوپێنجی ئابی ١٩٠٠دا لە ڤایمار بۆ دواجار ماڵاوایی لە ژیان دەکات.

hewalname.com/ku

# فریدریش نیچە

**ئامادەکردنی: شوان ئەحمەد**

## (١)

فریدریک نیچە، لە پازدەی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٤٤دا لە شاری ڕۆکنی ئەڵمانیا هاتووەتە دنیاوە. تەمەنی پێنجساڵان بووە کاتێک باوکی مردووە و دایکی ناچار بووە لەگەڵ ئەلیزابیێسی کچیدا (کە دوو ساڵێک لە نیچە گەورەتر بووە) ڕوو بکاتە شاری ناومبۆرگ، ئەم شارەش دەکەوێتە سەر ڕووباری سالی. لەوێدا نیچە خرایە بەرخوێندن و خوێندکارێکی سەرکەوتوو بوو. هەر کە تەمەنیشی گەیشتە چوار ساڵان لە خوێندنگەی بفۆرتای ناوخۆیی وەرگیرا. ئەم خوێندنگەیە تایبەت بوو بە کەسانی دەستەبژێر و هەڵبژاردە. تا ئەو کاتەی لە زانکۆ وەرگیرا، لەوێدا مایەوە.

خوێندنگەی بفۆرتا ژمارەیەک کەسی بەناوبانگی تیادا بوو، وەک شاعیری ڕۆمانسی نۆڤالیس، فێختەی فەیلەسووف، ڕانکەی مێژوونووس و هەردوو جوتەبرا شلیگل. هاوکات خوێندنگە خاوەنی ژمارەیەک مامۆستای بەتوانا بوو.

نیچە لەو تەمەنەیدا حەز و ئارەزووی جۆراوجۆری هەبوو: شیعر، لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکان و میوزیک. وەکی باوکی مۆسیقییەکی باش بوو. لە سەرەتای تەمەنیدا پیانۆژەنێکی

hewalname.com/ku/

سەرکەوتوو بوو، هەروەها دەستی بۆ دانانی هەموو جۆرە ئاوازێک دەبرد و ساڵانێکی زۆر لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بوو. لە خوێندنگە خوێندکارێکی هەڵسوکەوتجوان بوو، ئەرکەکانیشی بە وردی جێبەجێ دەکرد. هەستێکی زۆریشی بە لێپرسراوێتی دەکرد، بەڵام هەندێک جاریش تووشی هەڵە و لادان بووە.

کاتێک خوێندنی لە بفۆرتا تەواو کرد، ساڵی ١٨٦٤ چووە زانکۆی بۆن، بەو مەبەستەی لەوێدا تیۆلۆژیا و بابەتە کلاسیکییە کۆنەکان بخوێنێت، بەڵام بۆن و زانکۆکەی بە دڵی ئەو نەبوون. ٣٠ حوزەیرانی ١٨٦٥ لە نامەیەکدا کە بۆ دایکی نووسیوە ڕوون کردووەتەوە. لەو نامەیەدا دەڵێت: «من زۆر لە توندڕەوی خەڵکی کاتۆلیکیی ئێرە بێزارم، زۆر جاران وام لێ دێت بڕوا بەوە نەکەم ئێمە لە سەدەی نۆزدەدا دەژین»؛ بەڵام سەرەڕای ئەوە پرۆفیسۆر فریدریک ولیەم ڕیچڵ (١٨٠١– ١٨٧٦) توێژەر لە بواری لێکۆڵینەوەی کۆندا، بووە ئیلهامبەخشی و هانی ئەوەی دا لە نیوەی دووەمی خوێندنی ئەو ساڵەدا (سەرەڕای نارەزایی زۆری دایکی) واز لە خوێندنی تیۆلۆژیا بهێنێت و خۆی تەرخان بکات بۆ بابەتە کلاسیکییەکان، بەتایبەت شارستانییەتی دێرینی گریک. لەوانەی نیچە لە بۆندا ئاشنایەتیی لەگەڵدا پەیداکردن و بوونە هاوڕێی هەمیشەیی ئەرۆین ڕۆد بوو، کە لە دواییدا بووە مەرجەعێک لە مێژووی کۆنی گریکدا. ساڵی ١٨٦٥ کاتێک پرۆفیسۆر ڕیچڵ چووە زانکۆی لایبزیک نیچە و ئەروین ڕۆد لە گەڵیدا چوون، تا لەوێ بە ئازادی خوێندن تەواو بکەن.

## (٢)

هەرچەندە ئەو ماوەیەی نیچە لە لایبزیکدا بەسەری برد،

شـتێکی وەهای تیادا نەبوو، بەڵام سـەرەڕای ئەوە چەنـد ڕووداوێکی دیاریکراوی وای تیادا بوو کە کاریگەریی زۆری بەسەر ژیانیـەوە بەجێ هێشت. لەوانە ڕۆژێکیان بە ڕێککەوت کتێبێکی کۆنی شۆپنهاوەری بە ناوی «جیهان وەک ئیرادە و بیرۆکە»ی بەرچاو دەکەوێت و دەست دەکات بە خوێندنەوەی. لە ماوەی دوو هەفتەدا بۆ زیاد لە جارێک ئەو کتێبە دەخوێنێتەوە، وەک ئەوەی لە هۆش خۆی چووبێت، کە لە خوێندنەوەی دەبێتەوە تێڕوانینی بۆ جیهان گۆڕانی تەواوی بەسەردا دێت. لێرەوە هەر زوو گیرۆدەی دید و بۆچوونەکانی شۆپنهاوەر بوو، بەتایبەتی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت: «هیچ خودایەک لە ئارادا نییە و چاودێریی خودایانەش نییە. ژیان و گەردوونیش مانایەکیان نییە. لە پشت هەموو ئەمانەشەوە جگە لە ئیرادەیەکی نابینا هیچی تر نییە. سەرەڕای هەموو کێشە و ژان و ژارێک ئەم ئیرادە سەراپاگیرە نائەقڵانییە شتێکە تەنیا خۆیەتی و چاوگی هەموو دیاردەکانە و لە ڕێی مێشکی مرۆڤەوە پەی پێ دەبرێت. بەم جۆرە ئەوە تەنیا هەر مرۆڤە کە هەست بەو ئازار و ژانە گەورەیە دەکات کە لە کاروکردەوەی ئەو هێزە گەردوونییە نائەقڵانییەوە دەکەوێتەوە، بەڵام مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە ئەو ئازارە کەم بکاتەوە و تەنانەت لە ناخی خۆیشیدا سەرکوتی بکات، ئەویش لە ڕێگەی فەرامۆشکردنی خود و خۆبەدەستەوەدانەوە، کە لە نیرڤانای خۆرهەڵاتیدا دەگاتە دوا ئاستی خۆی».

لە زانکۆدا نیچە بە شێوەیەکی تایبەت کەوتە ژێر کاریگەریی فەیلەسـووفەکانی قۆنـاغی بـەر لە سـوکرات. لەو شـاعیرە کۆنانەی گریک کە زۆر سەرنجی ڕاکێشا سیۆگنیس میگاری بوو، ئەوە بوو وتارێکی لە بارەوە نووسی. ئاستی ئەم وتارەی هێندە بەرز بوو، وای لە پرۆفیسۆر ڕیچڵ کرد لە گۆڤاری

مۆزەخانەی ڕایندا بۆی بڵاو بکاتەوە. ئەم گۆڤارەش تایبەت بوو بە نوخبەیەکی دیاریکراو، کە لە پاشاندا نیچە بەشداریی تیادا دەکات. ساڵی ١٨٦٧ بە هۆی پەیوەندیکردنی بە سوپاوە، لە یەکەیەکی تۆپخانە لە ناومبۆرگ بۆ ماوەیەک لە خوێندن دابڕا، بەڵام ئەو خزمەتکردنەی لە ڕیزی سوپادا بە جۆرە نەهامەتییەک تەواو کرد.

لە نامەیەکیدا بە بەرواری ٢٢ یۆنیۆی- ١٨٦٧ ئەم ڕووداوەی بۆ هاوڕێی قۆناغی خوێندنی ڤۆن غرزدرۆف باس کردووە و دەڵێت: «ڕۆژێکیان لە خۆهەڵدانێکی کتوپڕدا بۆ سەر پشتی ئەسپێک، سنگم بەر لێواری زینی ئەسپەکە کەوت و لە لای چەپمدا هەستم بە ئازارێکی بێئەندازە کرد، بەڵام لە سواربوون بەردەوام بووم. بۆ ماوەی ڕۆژ و نیوێک دووچاری ئێش و ئازارێکی زۆر بووم. لە ئێوارەی ڕۆژی دووەمدا دوو جار لە هۆش خۆم چووم. ڕۆژی سێیەم لە جێگەدا کەوتم، بەدەست ئازارێکی زۆرەوە دەمناڵاند. سەرباری ئەوەش سەرئێشە و تایەکی زۆر دایگرتبووم. سێ دانە مانگ هێڵنج و ڕشانەوەم نەوەستا. دواجار کاتێک ناو پێخەفەکەم بەجێ هێشت، لە حاڵەتێکی هێندە کاس و وڕدا بووم، ناچار بووم سەرلەنوێ فێری لە ڕێڕۆیشتن ببمەوە».

ساڵی ١٨٦٧ کاتێک گەڕایەوە لایبزیک، لەگەڵ ڕیچارد ڤاگنەردا یەکتریان ناسی. ڤاگنەر ئەو کات بە سەردان چووبووە لای برۆکهاوسی خوشکی. لە ماڵی ئەواندا نیچە شەوێکی لەگەڵ ڤاگنەردا بەسەر برد و باسیان لە شۆپنهاوەر و مۆسیقا کرد. لە کۆتایی دیدارەکەیاندا ڤاگنەر بە گەرمی دەستی نیچەی گووشی و خۆشحاڵیی نیشان دا لەوەی ئومێدەوارە لە دەرفەتێکی تردا چاویان بە یەکدی بکەوێتەوە. دووەمین دیداریان زوو بە

ئەنجام گەیشت. بەشداریکردنی نیچە بە نووسین لە گۆڤارێکی ئاستبەرزی وەک مۆزەخانەی ڕایندا، بووە مایەی ئەوەی لە لایەن ئەو ناوەندانەی بایەخیان بــە باس و لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکان دەدا، گرنگیی پێ بدرێت.

لە ئەنجامی ئەمە و لەو ساڵەدا، پڕۆفیسۆر ڕیچڵ نامەیەکی بە دەست دەگات، لەو نامەیەدا پرسیاری ئەوەی لێ دەکەن کە ئاخۆ خوێندکارە لێهاتووەکەی، ئامادەیی ئەوەی تیایە تــا کورسیی مامۆستایی فیقهی زمانە کۆنەکان لە زانکۆی بال وەربگرێت؟ ڕیچڵ ئەو ئەرکەی بە نیچە سپارد و بۆ دامەزراندنیشی زۆر بە گەرمییەوە خۆی تەزکییەی کرد، هەرچەندە هێشتا بڕوانامەی دکتۆراشی وەرنەگرتبوو. لە تەمەنی بیستوچوارساڵیدا بوو بە یەکێک لە ئەندامانی کۆنترین زانکۆ لە ســویسرادا، چونکە ئەو زانکۆیەی ئەو تیایدا بووە مامۆســتا، مێژووی دروســتبوونی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٤٦٠.

نیچە کاتێک لەوێدا دەستبەکار بوو، خۆشبەخت بوو بەوەی لە نێو هاوەڵەکانیدا دوو توێژەری ناسراویان تیادا بوو، وەک: یەعقوب بۆرکهارت (١٨١٨–١٨٩٧) مێژوونووسی شارستانییەتی یۆنان و سەردەمی ڕێنیسانس. لەگەڵ تیۆلۆژییەکی لیبڕاڵی وەک فرانز ئۆڤربک (١٨٣٧–١٩٠٥) پسپۆڕ لە مێژووی کڵێســادا. ئــەم دوانــە هەردووکیــان بوونــە هــاوڕێ و ڕێنومایکەری. هاوکات دامەزراندنی لە بالدا هۆکارێک بوو بۆ تازەکردنەوەی پەیوەندییەکانی بە ڕیچارد ڤاگنەرەوە.

## (٣)

ڤاگنەر ئەو کات لــە ترپشــنی نزیک لۆســرن دەژیا، کە لە بالەوە زۆر دوور نەبوو. بۆیە هەر زوو نیچە ســەردانی کرد و

ڤاگنەریش بە گەرمی پێشوازیی لێ کرد. کۆزیمای هاوسەری ڤاگنەریش (کە نزیکی سی ساڵێک لە ڤاگنەر منداڵتر بوو) بە هەمان شێوە پێشوازیی لێ کرد. کۆزیما ئەگەرچی بە پێودانگە تەقلیدییەکە ئەو جوانە نەبوو، بەڵام خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بوو، هەروەها بیرکردنەوە و خەسڵەتی تایبەتی و سەربەخۆی خۆی هەبوو. بە هۆی بلیمەتی و بایەخدانی زۆری بە مۆسیقای ڤاگنەر، کۆزیما نیچەی بە دڵەوە گرت. هەرچی ڤاگنەریشە بە هۆی گرنگیدانی نیچە بە شۆپنهاوەر و شارستانییەتی دێرینی گریک، زیاتر لە یەکدی نزیک دەبوونەوە. سەفەرەکانی نیچە بۆ ترپشن زیادی کرد، بە جۆرێک وای لێ هات زۆربەی پشووی کۆتایی هەفتەی لەگەڵ ڤاگنەر و کۆزیمادا بەسەر دەبرد.

دەربارەی ڤاگنەر، نیچە لە نامەیەکیدا (١٧- ئابی- ١٨٦٩) بۆ ئەرۆین ڕۆد دەنووسێت: «ژیان لێرە زۆر دەوڵەمەند و بەبڕشتە. هەموو ئەوەی فێری دەبم و گوێبیستی دەبم لە باسکردن نایەت. بڕوام پێ بکەن هەتا ئێستاش شۆپنهاوەر، گۆتە، بنداد و ئەسکیلۆس زیندوون!».

نیچە لەو کاتەدا سەرگەرمی نووسینی یەکەمین کتێبی خۆی بوو دەربارەی «تراژیدیای یۆنانی». کاتێک خەریکی کۆکردنەوەی کەرەستەی پێویست بوو بۆی، ئومێدی ئەوەی هەبوو بتوانێت ڕۆحی جێرمانی بە چاکترین شێوە بژێنێتەوە. ئەویش لە ڕێگەی کاریگەرێتیی هیلینییەت و مۆسیقای ڤاگنەرەوە، وەک ئەوەی خۆی لەو ڕۆژانەدا تێیگەیشتبوو. نیچە پێی وا بوو لە نمایشە مۆسیقییەکانی ڤاگنەردا گەیشتووەتە حەقیقەتێکی وا، کە لەو بەرهەمانەدا سیمایەکی هاوچەرخانەی تراژیدیای گریکیی دۆزیوەتەوە، وەک ئەوەی ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس بەرهەمیان هێنابوو. ڕەنگە ئەمەش هۆیەک بووبێت لەوانەی

وایان لێ کردبێت تا کتێبە تازەکەی ناو بنێت گۆرانیی تراژیدیا لـە ڕۆحی مۆسیقادا-١٨٦٩. بەر لەوەی ئەم باسە تەواو بکـات، ماوەیەکی کورتی دیکەی لە ڕیزی سوپای ئەڵمانیا لـە کاتی جەنگی فەڕەنساو پڕووسیادا (١٨٧٠-١٨٧١) بەسەر برد. ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی زیاتری باری تەندروستی.

کاتێک لـە زانکـۆی بال وەرگیـرا، ناچار بـوو ڕەگەزنامەی سویسری دەربهێنێت، بەڵام لەبەر هەستی زۆری نیشتمانی لـە کاتی تێکچوونی بارودۆخی وڵاتەکەیـدا، بڕیاری دا پەیوەنـدی بکات بـە ڕیزەکانی سـوپای ئەڵمانیاوە. لەبەر ئەوەی بووبووە هاووڵاتییەکی سـویسـری، ڕێگەی پێ نەدرا لەگـەڵ هێزەکانی ئەڵمانیـادا بچێتـە شـەڕەوە، هەروەهـا کزیـی چاوەکانیشی هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی بەشـداریی ئەو جەنگە نەکات. دواتر توانیی دەرفەت وەربگرێت تا وەک خۆبەخشێک لە تیمـە فریاگوزارییەکاندا کار بکات. سـەرئەنجامی ئەم کارەش خراپ کەوتەوە، چونکە لە کاتێکدا هەندێک سەربازی بریندار فەڕەنسی لە لۆرییەکی ڕەشەوڵاخدا بۆ کارلسروهی دەگواستەوە، تووشی پەتای ڕەبۆ بوو. دوای چاکبوونەوەی ئەو باوەڕەی پێشووی بە ئەڵمانیا نەما، بەتایبەت سەبارەت بە پڕووسیا.

لە ٧ - نۆڤمبەری- ١٨٧٠دا نامەیەک بۆ غیدزدۆرفی هاوڕێی دەنووسێت و دەڵێت: «ڕاشکاوانە پێت دەڵێم: ئەمڕۆ من پرووسیا بە هێزێک دەبینم کە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر شارستانییەت. پێویستمان بە بڕێک لە دانایی هەیە بۆ ئەوەی لەنێو ئەم گێژەن و بێهۆشییەدا ئەقڵ ڕوونبین. قـۆنـاغـی داهاتـوو شـارسـتانییـەت ململانێی و زۆرانبازیی زۆری دەوێت، بۆیە پێویستە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین». پێنج هەفتە دوای ئەوە نامەیەک بۆ دایکی و خوشکەکەی دەنێرێت و تیایدا دەنووسێت: «من وا ئیتر بەرەبەرە

خۆشەویستیی خۆم بۆ شـەڕ و فتوحاتەکانی ئێستای ئەڵمانیا لە دەست دەدەم».

نیچە ماوەیەکی زۆری پشوودانی لە ناومبۆرگ بەسەر برد و دایک و خوشکی چاودێرییان دەکرد. پاشان لەگەڵ ئەلیزابێسی خوشکیدا چـوو بـۆ لۆنمانۆ، بـەو هیوایەی لە ئازارەکانی کـەم ببێتەوە. کاتێک بـە ڕێـڕەوی قەدیس گۆتهارددا تێـدەپەڕیی، خۆی لـە بەردەم پیاوێکی بەتەمەنی خاوەن سیمایەکی تایبەتدا بینییەوە قسەی بۆ دەکات. دوای کەمێک بـۆی دەرکەوت ئەو پیاوە مازینیی نیشتمانپەروەری بەناوبانگی ئیتاڵیایە. ئەو دیـدارە ڕێککەوت بوو، بەڵام بە زیندوویی لـە یادەوەریی نیچەدا مایەوە.

## (٤)

نیچە کاتێک گەڕایەوە بال، باری تەندروستیی لەوپەڕی خراپیدا بوو، بەڵام بە بەردەوامی کاری لە گۆرانیی تراژیدیادا دەکرد. تا لە دوا ڕۆژەکانی ساڵی ١٨٧١دا تەواوی کرد. ئەم کتێبەی پڕ بوو لە دیـد و بۆچوونی تازە و سـەرسـوورهێنەر. ئەمەش وای کرد خەڵکی زۆر بـە پیریـەوە نەچن و چەند دانەیەکی کەمی نەبێـت، هیچی وای لێ نەفرۆشـرێت، بەڵام ڤاگنەر و کۆزیما وەک لێیـان چاوەڕێ دەکرا بە پیریـەوە چوون. «هیچ کتێبێکم لەم کتێبەی تـۆ جوانتـر نەخوێندۆتەوە ... هەرچی تیـایە بەرز و شکۆدارە» ڤاگنەر ئاوای بۆ نیچە نووسیبوو. بە کۆزیمام گوت: «دوای تۆ ئەوم لە هەموو کەسـێکی تر خۆشتر دەوێت»، هەروەها ڕۆدۆ ئۆڤربکیش هەمـان هەڵوێستی ئەوانی هەبوو، بەڵام پرۆفیسۆر ڕیچڵ بێدەنگییەکی دیبلۆماسیی نیشان دا، بێدەنگییەکەشی بێهۆ نەبوو. نیچە گوێی بەو بۆچوونە تەقلیدییانە نەدەدا کە لە بارەی یۆنانییەکانەوە لە ئارادا بوو. بۆ نموونە وەک ئەوەی دەڵێن: گریکە

hawalname.com/kurd

کۆنەکان میللەتێکی کۆک، تەبا، گەشبین و بەدەماغ بوون؛ بەڵام ئەو بە پێچەوانەی ئەمەوە پێی وا بوو ئەوان «ئەمە یۆنانییەکانی سەدەی شەشەمی بەر لە زایین دەگرێتەوە» لە ژیانیاندا تووشی ڕەشـبینی و گـومانێکی بێئەندازە بووبوون، سەرەڕای ئەوەش بە دوژمنایەتی و حەسـوودی و پلانگێڕان دەور درابوون. ئەم بۆچوونەش لەگەڵ هەڵوێستی بۆرکهارتدا دەگونجێت. نیچە هەر بەوەندەوە نەوەستا، ئەو پێی وا بوو تراژیدیای گریک بۆ نموونە وەک ئەوەی لای ئەسکیلۆس هەیە، لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەسەر ئەو دیدگا ڕەشبینەدا زاڵ بێت کە ژیان ئافەرۆزە دەکات. ئەمەش لە ڕێی هەڵوێستێکی تراژیدییەوە کـە لە سـەروو ڕەشبینی و گەشبینییەوەیە. هەڵوێستێک قارەمانانە تەئکید لەسـەر بەهای ژیان دەکاتەوە، سـەرباری هەموو ئێش و ئازارەکانی. ئـەوەی کۆتایی بـە جیهانبینییە ڕەشبینەکەی گریک و تراژیدیای ئەوان دەهێنێت بـە باوەڕی نیچـە جگە لە سـوکرات کەسێکی تر نییە. هەر بۆیە شاڵاوێکی توند دەکاتە سـەر ئەقڵیەتی سوکراتی، ئەو ئەقڵانییەتە تیۆری و پەتییەی هۆکاری لەناوچوونی تراژیدیای یۆنانی بوو، پاش ئەسکیلۆس و سۆفۆکلیس.

نیچە لە ساتەوەختی خۆیدا و لە هەناوی ڕۆحیەتی جێرمانییەوە ڕەگوڕیشەی دیونیسیەتێکی بەدی دەکرد، کە وەک هێزێکی دژ بە ژیواری سـوکراتیزم لە چرۆکردندایە. ئەم هێـزە تازەیەش میوزیکی ئەڵمانییە، لە باخـەوە بۆ بتهۆڤن و بۆ ڤاگنەر. کەواتـە سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ ڕۆحـی تراژیدیا ئەگەرێکی شیاوە لـە ڕێی گیانی ئەڵمانیی خۆیەوە، بەڵام ئەمە بـە مەرجێک دەبێت ئەڵمانەکان بەر لە هەموو شـتێک ئامادەی ئەوەیان تیادا بێت بۆ ئەوەی لە تەنیا گەلێکەوە فێر ببن، ئەو گەلەش یۆنانییەکانن، فێربوون لە تەنیا ئەو کەسانەشەوە بۆ خۆی شەرەفێکی گەورەیە.

ڕۆحیەتی جێرمانی ناوبەناو ئامادەیی ئەوەی تیادا بووە دەست بە هێزی دیونیتسیسییەوە بگرێت، هەر لە میوزیکەوە تا ئەفسانە تراژیدییەکانی. بێگومان مەبەست لەمەش ئەوەیە کە ڤاگنەر هەڵگری مەشخەڵی ئەم جۆرە میوزیکەیە.

بە بڕوای شۆپنهاوەر لەنێو سەرجەم هونەرەکاندا تەنیا میوزیک دەتوانێت ڕاستەوخۆ گوزارشت لە ئیرادەی بوون بکات، هەر ئەویشە قووڵترین نهێنییەکانی ئەم ئیرادەیە دەگوێزێتەوە. نیچە کارە مۆسیقییەکانی ڤاگنەری بە هاوتای تراژیدیا یۆنانییە کۆنەکانی بەر لە یۆربیدس دادەنا و پێی وا بوو ڤاگنەر ئەو هونەرمەندە بلیمەتەیە کە دەتوانێت بە باشترین شێوە لە ڕێی میوزیکی دیۆنیسیۆسییەوە تەعبیر لە ئەفسانە تراژیدییە جێرمانییەکان بکات. خودی ڤاگنەر بە بۆچوونێکی لەم جۆرە ئێجگار دڵشاد و بەختەوەر بوو، بەتایبەت لەو کاتەدا کە تریبشنی جێی هێشتبوو، لە بایروت لە ناوچەی پاڤاریا نیشتەجێ بووبوو. ڤاگنەر لەوێ سەرقاڵی دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بە خۆی بوو، بەو مەبەستەی بیکاتە پەرستاگەیەک، بە تەنیاش تایبەت بێت بە پێشکەشکردنی بەرهەمەکانی خۆی. ئەم کارەشی زوو بۆ چووە سەر و سەرکەوتوو بوو تیایدا.

## (٥)

لە بیستودووی ئایاری ساڵی ١٨٧٢دا، ڤاگنەر بەردی بناغەی شانۆکەی دانا. لە نێو ئەو میوانە زۆرانەی بۆ ئەوێ داوەت کرابوون، نووسەرێکی بەتەمەن و قارەمانێکی خاوەن بیر و بۆچوونی ڕادیکاڵی تیادا بوو، ئەویش خاتوو مالفیدا فۆن میزنبۆغ بوو. مالڤیدا لەو بۆنەیەدا بۆ یەکەم جار چاوی بە نیچە کەوت و

وەک هاوڕێیەکی دڵسۆزی مایەوە، ئەگەرچی هاوڕێیەتییەک بوو نزیک لە دایکایەتییەوە.

لە بایروت ڤاگنەر ئەو مۆسیقارە بەناوبانگە نەبوو، وەک ئەوەی نیچە لە تریبشن ناسیبووی، بەڵکو بووبووە کەسێکی لوتبەرز و تورە و ئیرەی بە کەسانی تر دەبرد. لە لایەکی ترەوە نیچە لە دۆخێکی ڕاڕایی و پشێویدا بوو. دوای ئەوەی لە دەرکردنی کتێبی گۆرانیی تراژیدیادا ئەو سەرکەوتنە چاوەڕوانکراوەی بە دەست نەهێنا، لە هێز و توانای شارستانییەتی ئەڵمانی کەوتە گومانەوە. لە دەرفەتێک دەگەڕا بۆ ئەوەی چی لە ناخیدا هەیە بیخاتە ڕوو، ئەوە بوو دایڤد فریدریش شتراوس کتێبێکی بە ناوی «باوەڕی کۆن و باوەڕی نوێ»ەوە خستە بەردەستی خوێنەران، ئەم کتێبە دەرفەتی قسەکردنی بۆ نیچە ڕەخساند. ئەگەرچی کتێبەکە کتێبێکی سادەش بوو، بەڵام زۆرترین ژمارەی لێ فرۆشرا.

شتراوس بە خودپەسەندییەکی زۆرەوە لەم کتێبەیدا باسی لەو دیدگا زانستییە تازەیە کردبوو، کە دەبێت نەک هەر تەنیا جێگەی بیروبۆچوونە کۆن و بەسەرچووەکان بگرێتەوە، بەڵکو دەبێت چارەسەر بۆ کێشە و گرفتەکانی بوونیش بدۆزێتەوە، بەتایبەت ئەو کێشە و گرفتانەی مرۆڤ بە دەستیانەوە دەناڵێنێت و لە دادڕانە ڕۆحییەکانیش قوتاری بکات.

ئەم کتێبە ململانێیەکی ڕۆشنبیری لە نێوان بیریارە کۆنزێرڤاتیڤ و ڕادیکاڵەکاندا دروست کرد لە سەرتاسەری ئەڵمانیادا. نیچە یەکێک بوو لەوانەی ڕەخنەیەکی توندی ئاڕاستەی ئەم کتێبە و نووسەرەکەی کرد و وتارێکی درێژی لە بارەیەوە نووسی. لەو وتارەدا ڕووکەشیی هەڵوێستی نووسەرەکەی خستبووە ڕوو، هاوکات ئەڵمانەکانی وریا کردبووەوە لە خۆفودان و لوتبەرزی

بە هۆی سـەرکەوتنیان بەسـەر فەڕەنسییەکاندا، چونکـە ڕەنگـە سەرکەوتنیان لە ڕووی سەربازییەوە تێکشکانێکی شارستانیی بە دواوە بێت. نیشانەکانی ئەگەرێکی لەو جۆرەش لەو شۆرەت و نێوبانگەدایە کە کەسانی وەک د. ڤ. شـتراوس هـەیانـە. ئـەم وتارە نیچەی ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی توند کردەوە، بەوپێیەی وتـارەکـەی نانیشـتمانییانەیـە. بـۆ غیـزردۆرف دەنووسـێت: «تـەواوی هێـز و تواناکـان لە دژی مـن خراونـەتـەگەڕ». لـە بیستوحەوتی تشرینی یەکەمی ١٨٧٣دا ڕاشکاوانە گوتی: مـن لە هیچ زانکۆیەکی ئەڵمانیدا جێم نابێتەوە، ڕەنگە بالیش هەمـان هەڵوێست وەربگرێت.

تەموزیساڵی ١٨٧٥ ڤاگنەر خەریکی مەشقکردن بوو لەسەر نمایشێکی مۆسیقیی تر لە بایرۆت. بۆ ئەمە نیچە داوەت کرابوو بەڵام بڕیاری ئەوەی نەدا بچێت. ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە: ئەو ڕۆژانە باری تەندروستیی بەرەو خراپی دەچوو، هەروەها لەگەڵ بێهیوایی و نائومێدیی زۆر لە ڤاگنەر. ئەگەرچی لە هاوینی داهاتوودا سـەردانی بایرۆتی کرد، بەڵام پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ ڤاگنەردا هەر ساردوسڕیی پێوە دیار بوو، تازە ڕۆژانی خۆشـیی تریبشن بەسـەر چووبوو. ڤاگنەر سەرەڕای لێهاتوویی و کارامـەیی لوتبـەرز و لەخۆبایی بـوو، چاوەڕێـی ستایش و پیاهەڵدانی زیاتر بوو لە نیچە. هاوکات خووی دابووە چەند بابەتێکی عیرفانیی مەسیحی، یاخود عیرفانییەتێکی پوچ و بەتاڵ، وەک نموونەی پارسیڤاڵ، دەیویست لـە ڕێـی ئـەمـەوە کاریگەرییەک لەسـەر ئەڵمانیـا و ئەورووپـا دروسـت بکـات. نیچەش لە هەموو ئەم کارانەی ناڕازی بوو، هەر بۆیە بڕیاری دا پەیوەندیی خـۆی لە گەڵیدا بپچڕێنێت. هەمان سـاڵ ڕیچارد ڤاگنەر لە بایرۆتی نووسی، ئەم نووسینەی جۆرە ماڵئاواییەکی

جوامێرانە بوو لـە هاوڕێی ڕۆژانی ڕابردووی. لەو نووسینەیدا ستایشی ئەو شتانەی لە ڤاگنەردا کردبوو کە شایستەی ستایش و باسـکردنە. پێشـتر لـە باسـێکی دیکـەیـدا لـە ژێـر سـەردێـڕی «شۆپنهاوەر وەک مامۆستایەک» (١٨٧٤)، پێوەی دیار بوو کە سـەرەڕای سەرسامیی زۆری بەو فەیلەسووفە مەزنە، جـۆرە ڕقێکی بەرانبـەر چەمکـی نێرڤانـا و خۆبەدەسـتەوەدان لـە لا دروست بووە. ئەو پێی وا بوو تەنانەت ئەگەر گەردوون بێ ئامانج و تەواو خاڵییش بێت لە مانا، بەڵام هەر مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە دەمێنێـت تـا بە ڕووی ژیاندا دەنـگ هەڵببڕێت و بڵێـت: «بەڵێ».

ئەمەش لە پێناو خوڵقاندن و دروستکردنی مرۆڤی باڵا و لە پێناو جۆرێک لە ژیانی بەرز و بڵندداپە. هەرچییەک ڕێگە لە بەردەم گەیشتن بەم ئامانجەدا بکاتەوە چاکەیەو هەرچییەکیش کۆسپ و ڕێگر بێت خراپەیە. هەڵوێستی نیچە سەبارەت بەم مەسەلـەیـە لە وتارێکیدا بە ناوی «زەرەر و زیانەکانی مێژوو بۆ ژیان» بەدەردەکەوێت. لە سـاڵانی پڕ لە ژەنگوژاری زۆروزەوەنددا، نیچە هەر سـوور بـوو لەسەر ئەوەی بە ژیـان بڵێت: «بەڵێ». هەر ئەم هەڵوێستەش بوو وای لێ کرد لە هەریەک لە ڤاگنـەر و شۆپنهاوەر جیا ببێتەوە. سـەرەڕای ئەو ڕۆڵە گرنگەی ئەوان لە قۆناغی سەرەتای ژیانی فیکریی ئەودا بینییان.

نیچە وەختێک خۆی لەژێر کاریگەریی شۆپنهاوەر و ڤاگنەر و هەموو جۆرە میتافیزیکایەکی ڕۆمانتیکییانە ڕاپسکاند، گرنگیی دا بە تێڕوانینە زانستییە ئیجابییەکان. لەمەودوا ئەوەی جێبایەخی ئەو بوو، ڕەخنەگرتنی ڕیشەیی بوو لە هەموو سیما و دیاردەکانی داوەشـان و گەندەڵیی ژیاری خۆرئاوا، چ لەسەر ئاسـتی فەردی بێت یاخود دەستەجەمعی. سەرەتای ئەم کارەی بە ڕەخنەکردنی

قۆناغ و سەردەمی خۆی دەست پێ کرد، ئەمەش لە دوو بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا (مرۆڤانە، زێدە مرۆڤانە) بەدەردەکەوێت.

لەم قۆناغەدا ئەوانەی نیچە کەوتە ژێر کاریگەرییانەوە زیاتر بیرمەندە فەڕەنسییەکان بوون، نموونەکانیان وەکی: مۆنتان، ڤۆلتێر، رۆشۆفۆکۆ و ستاندال، لەگەڵ چەندین نووسەری گەورەی تری وەک: ئیمرسۆن و دۆستۆیڤسکی. لە ئەڵمانییەکانیش نیچە نەیدەتوانی سەرسامیی خۆی بە هەریەک لە گۆتە، شیللەر و هۆڵدەرلین بشارێتەوە.

لە دوای ساڵی ١٨٧٦ەوە توانای بینینی کز بوو، هەروەها تەندروستییشی خراپتر بوو. بۆیە ناچار بوو شتەکانی خۆی بە هەریەک لە پیتەر گازت و پۆڵ ڕی بنووسێتەوە. ئەلیزابێسی خوشکیشی لەم ماوەیە زۆر بە تەنگیەوە بوو. ئەلیزابێس بە پێچەوانەی نیچەوە ئافرەتێکی عەمەلی و باوەڕبەخۆ بوو، زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوو کەمێک ئێش و ئازارەکانی براکەی کەم بکاتەوە، بەڵام ڕۆژبەڕۆژ باری تەندروستیی نیچە بەرەو خراپتر دەچوو، تا ناچار بوو ساڵی ١٨٧٩ دەستلەکارکێشانەوەی خۆی وەک مامۆستایەک لە زانکۆی بال ڕابگەیەنێت. ئیتر لەو ڕۆژەوە بووە وێڵگەردێکی ئەبەدی و سەری بە هەموو جێگەیەکدا دەکرد. هەندێک جار دەچووە سویسرا و پاش ماوەیەک ڕووی دەکردە ئیتاڵیا و فەڕەنسا، جارناجاریش سەری ئەڵمانیاشی دەدا.

ئەو کاتانەی ئازارەکانی کەم دەبوونەوە و هەستی بە پشوویەکی کورتخایەن دەکرد، زۆر بە گەرمی دەستی دەکردەوە بە نووسینەوەی هەموو ئەو شتانەی دەیویست بیاندرکێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژبەڕۆژ هاوڕێکانی لێی دوور دەکەوتنەوە، ئەمە وای لێ کرد هەست بە تەنیاییەکی قووڵ بکات. هیچ یەکێک لەو کتێبانەی لە دوای گۆرانیی تراژیدیاوە نووسیی، وەک

«مرۆڤانه زێـده مرۆڤانه»، «سپێدەی ڕۆژ» و «زانستی شاد» پێشوازییەکی ئەوتۆیان لێ نەکرا، نە لە لایەن خوێنەرانەوە و نە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە.

## (٦)

بەهاری سـاڵی ١٨٨٢ چـووه ئیتاڵیا، خاتوو مالڤیـدا داوەتـی کرد بۆ ئەوەی بچێتە ڕۆما و وەختێک لەگەڵ دکتۆر ڕیدا بەرنە سـەر. لەوێدا چـاوی بە لۆسـالۆمی کەوت. لۆ کچی ژەنەڕاڵێکی ڕووسیی بەناوبانگ بـوو، لە خانەدانەکانی سـان پەترۆسـبۆرگ بۆ خوێنـدن هاتبووە ڕۆمـا. سـەرەڕای ئەوەی بە تەمەن منـداڵ بوو، بەڵام خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و خانمێکی شۆخوشەنگ بوو. هەر ئەمە وای لێ کرد سـەرنجی زۆرێک لە پیاوان بە لای خۆیدا ڕا بکێشـێت. ئەوانەی کەوتنە داوی خۆشـەویسـتیی ئەم خانمەوە، ژمارەیان کەم نەبوو. سەرەتا دکتۆر ڕیی فەیلەسووف پەیوەندیی لەگەڵدا بەست. زۆر کـات دکتۆر ڕی لە دانیشتنەکانیدا لەگەڵ لۆسالۆمی باسی نیچەی هاوڕێی بۆ دەکرد. لۆ خۆشحاڵیی خۆی دەربـڕی بـۆ بینینی هاوڕێکەی. نیچـە لەسەر داوای ڕی ڕووی کردە ڕۆما و لە یەکەم دیداردا کەوتە داوی خۆشەویستیی لۆسالۆمییەوە. بیری لەوە کردەوە بیخوازێت و ژیانی هاوسەریی لەگەڵدا دروسـت بکات. ئەم داوایەی بە ڕی گوت تا بیگەیەنێتە لۆ، بەڵام لۆ داواکەی ڕەت کـردەوە و نەیدەویست پەیوەندییەکەیان لە هاوڕێیەتی زیاتر تێبپەڕێت. نیچـە بەو وەڵامەی ڕازی نەبـوو، بۆیە هەوڵی دیکەی بـۆ خسـتەگەڕ، بەڵام دواجار هەمووی بـە شکست کۆتایی هات و لێکدی جیابوونەوە. ئەو کاتـەی لە یەکتر جیا بوونەوە، نیچە لە تەمەنی سیوهەشتساڵاندا بوو. لەدەستدانی لۆ میحنەتێکی قورس بوو، وای لێ هات بەبێ ئەفیون خەوی لێ

نەدەکەوت. دوای ئەوەی ئەو ئەزموونە تاڵەی لەگەڵ لۆدا بینی، تەواو دەسـتی لە ژنهێنان شۆری. نیچە بە ئیرادەیەکی زۆرەوە ئـەو نەهامەتییـەی بـڕی و دوای ئەوە گەورەترین شـاکاری فەلسـەفی\شیعریی خۆی نووسی: زەردەشت وەهای گوت.

## سەرچاوە

١- يانكولاڤرين: نيچه - ترجمة: جورج جحا- المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت – الطبعة الاولى، ١٩٧٣.

٢- عبدالرحمن بدوى: نيچه – الناشر، وكاله المطبوعات، الكويت- الطبعة الخامسة، ١٩٧٥.

٣- د. فؤاد زكريا: نيچه- دار المعارف، القاهرة- الطبعة الاولى ١٩٥٦.

hewalname.com/ku/

# میراتی نیچە

*کیت ئانسل پیرسۆن*

**لە فارسییەوە: ڕێبین هەردی**

«گومانی تیا نییە ئێمە هێشتا گوێگری یەک «تۆ دەبێت»یین، ئێمە هێشتا پەیڕەوی کۆمەڵێک یاسـای زبر و ڕەق دەکـەین، ئەمەش دوا یاسـای ئەخلاقییە کـە دەتوانێت خـۆی بە گوێمان بگەیەنێت. ئێمە پیاوانی ویژدان، کـە نامانەوێت بگەڕێینەوە بـۆ ئەو شـتەی تەمەنی بەسەر چووە و بۆگەنی کردووە. {ئێمە کە نامانەوێت بگەڕێینەوە} بۆ شـتێک کـە «نرخی باوەڕپێکردنی» نییـە، جا ئیدی نـاوی هەرچییەک بێت: خودا، چاکە، هەقیقـەت، دادپەروەری، ڕەگەزدۆستی، ئێمە کە ڕێگە نادەین پردێک لە درۆ بە دروشمە کلاسیکییەکانەوە بمانبەستێتەوە، ئێمە کە دوژمنی هەموو جۆرە باوەڕ (ئیمان)ێکین، مەسیحییەتی ئەمڕۆ و دوژمنی هەموو جۆرە ڕۆمانسییەتێک و وڵاتپەرستییەکین».

## نیچە، بەرەبەیان، پێشەکیی ١٨٨٦

## نـیچە و چارەنووسی سیاسەتی ئەڵمانیا

وەک گۆلۆمانی (مێژووناسی ئەڵمانی) گوتوویەتی، ئەڵمانیـای بیسمارک نەک لەسەر بناغەی ڕێسـا بەرزەفڕەکانی فەلسەفەی سیاسی کـە یەکێتیی ئەمەریکای لەسەر دامەزرابوو، بەڵکو لەسەر

بناغەی پراگماتیزمێکی شـێرانە بونیاد نرا»(١) بونیادنانی ڕایشی ئەڵمانیا نەک لەسەر بناغەی تیۆرانینە فەلسەفییە قووڵەکان لە بارەی خەسڵەتی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە، بەڵکو لەسـەر بناغەی جەنگ، داگیرکردن، ئیئتلاف و پەرلەمانی گومرگی کـە بە بناغـە باجوەرگرتـن بـوو، دامەزرابوو. بسمارک بـە ڕاگەیاندنی ئـەو خاڵە دەسەڵاتی گرتە دەست، کە حکومەتی ئاگر و ئاسن دەکاتە جێگری سیاسەتی گوتاربێژی و بەیاننامە.

نیچـە لـە سـەردەمی حکومەتی بیسمارکدا کتێبەکانی خۆی نووسی و بەرگری لە فەلسـەفە دیونیوسیسەکەی خۆی کـرد. کاتێک بیسمارک دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەو تەمەنی ١٧ ساڵ بوو، ٢ سـاڵێکیش بەر لە لابردنی سـەرۆکوەزیری ئاسنین لـە دەسەڵات، لە شێتیدا غەرق بوو. پەروەردەکردنی لە قوتابخانەی پفورتا پەروەردەکردنێکی لیبڕالیزمی کلاسیکی بوو. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لایەنگری سەرسەختی ژیانەوەی لیبڕالیزم بوو کە بـە بڕوای ئـەو بە هـۆی ئاوێتەکردنی دروشـمی کولتـوور (Bildung) بـە مانـای هەوڵدانی تایبەتیکـراو بۆ پەرەسـەندنی دەروونی، لەگەڵ ئەو ناسیۆنالیزمە کولتوورییەی لە لایەن یوهان گوتفرید هیردەرەوە (١٨٠٣-١٧٤٤) پێشکەش دەکرا، بە ئەنجام دەگەیشت(٢). فێرکارانی نیچـە لـە لیبڕاڵە کلاسیکییەکان بوون، بەو مانایەی بـە نەریتەکانی کلاسیزمی ڤایمار و ناسـیۆنالیزمی پرۆسـی ناوەڕاسـتی سەدەی نۆزدەدا دەناسرانەوە، هەروەهـا بیروباوەڕەکانی نیچە بە یاخیبوون لە پەروەردە دینییەکەی فۆرمەلە دەبوو. نەوەی پێش خۆی دەیتوانی دابڕانی خۆی لە پاکژخوازی (Pitism) بـە خەباتێکی دەروونیی دلێرانە پێناسـە بکات، بەڵام بـە هۆی پاشـەکشێی جیهانی پاکژخوازییەوە لـە دەیەکانـی ١٨٥٠ و ١٨٦٠دا ئیدی ئەم پێناسەیە مومکین نەبـوو.

نیچەش وەک یاخیبوانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، کە لەناو نەریتی پاکژخوازیدا لەدایک بووبوون، وەک ستریندبێرگ و ڤان کوخ، بە گـران جێگەی خۆی لە خەبـات دژی دیندا دۆزییەوە. ئەوانەی شایەتی نەمانی دەسەڵاتی ڕۆحانییەت لە ١٨٤٨دا بوون، لە سەردەمێکدا گەیشتنە تەمەنی کامڵی کە مەسیحییەتداماڵین لە نێوان پرۆتسـتانتەکاندا خێرا بووبوو. شکستی سـیاسەتی دینی دەریخست کە کێشەی چارەنووسسازی ڕووبەڕووبوونەوەی نیچە و هاوچەرخانی، نادینیبوونی هەلومەرجەکانە. یەکێک لە ژیاننامەنووسانی نیچە پاش تاووتوێکردنی نیگەرانیی ڕۆحی نەوەی نیچە، دەنووسێت: «نادینیبوونی هەلومەرج هەڕەشەی سـەرگەردانی و نارەسـەنی لێ دەکـردن، بەڵام لە هەمان کاتـدا ئەوانـی بەرەو ئەڵتەرناتیڤی شـوناسـێکی پاشـدینی لە یەکەم مرۆڤـە تازەکـان دەبردە پێشەوە»(٣). لایەنی دیاری گۆڕانی فیکری سەرەتایی نیچە گۆڕانی هەڵوێستوەرگرتنی بوو لە بەرە سیاسی و دینییەکان.

نیچـە لەناو ڕووداني دەسـەڵاتگرتنی بیسمارک و ڕووداوە سەیرەکانی دەیـەی ١٨٦٠دا بوو کـە گەیشـتە کامڵی سـیاسـی. هاوچەرخانی ئەو خۆیان بە پێشڕەوانی بێقەیدوشەرتی سەردەمی سیاسی و کولتووریی تازە دەزانی. نیچە لە سـەرەتاکانی دەیەی ١٨٦٠دا لـە ڕووی سـیاسـییەوە لایەنگری ڕەهای پاشـایەتی بوو. پاشـایەتیخوازیی ئـەو کـە ئاوێتەی پێشـینەی لیبڕالیزمی کلاسیکی ئەو بووبوو، ڕێزلێنان لە قارەمانانی مێـژوو، نـەتـەوە، ڕابەرانی مـەزن و بیریارانی کلاسـیکی بڵاو دەکـردەوە. جەنگـی پرۆس لەگەڵ نەمسا لە سـاڵی ١٨٦٦دا، دیدی سیاسیی نیچەی لە مەحـەک دا. چەنـد هاوڕێیەکی بەشـدارییان لە خۆپیشـاندان دژی جەنـگ و دژی پرۆسـدا کرد، یەکەم کاردانەوەی ئـەویش

له بەرانبەر ئەم قەیرانەدا، پشتگیریکردنی بانگەشـەی لیبڕالانەی کرانەوەی پەرلەمانی ئەڵمانیا بـوو بـۆ ڕێگەگرتن له مەترسیی جەنگ. ئەو، ئەم کارەی به نیشـانەی «سەرەڕۆیی بسمارک بۆ دروستکردنی ئەڵمانیایەکی یەکگرتوو بەو شێوەیە»(٤) دەزانی، بەڵام کاتێک جەنگ دەستی پێ کرد، نیچه بەرگریی له ماشێنی سەربازیی پرۆس کرد، لەم سەردەمەدا تەفسیری ئەو پەشێوییە گەورانـەی بـه چـاوی خـۆی دەیبینی، بـه هـۆی فەلسـەفەی بەدبینانەی شـۆپنهاوەرەوە دەکـرد. نیچـه لەگەڵ سـەرکەوتنـه یەک له دوای یەکەکانی پرۆسدا بیری دەکردەوە «که دەکرێت لەم کاتانەدا شتگەلێکی زۆر فێر بین. زەوی که ئەوەنده ئارام و سەقامگیر دەردەکـەوت، دەلـەرزێـت. دەمـامکـەکـان دەکـەون، خۆپەرستی ئاشکرا دەبێت و له هەموو ئەمانەش گرنگتر، بۆمان دەردەکەوێت که هێزی ئەندێشه چەند لاوازە»(٥).

نیچـه ئـارەزووی دەکـرد لـه ڕیـزی براوەکاندا بێـت. وەک پرۆسەیەک له لایپزیگی داگیرکراو. چووە ناو گرووپێکی بچووکی لیبڕاڵییه بیسمارکییەکانەوە کـه خوازیاری دەستبەسەراگرتنی زاکسن بوون له لایەن پرۆسەوە. ڕابەری بزوتنەوەی لایەنگری دەستبەسەراگراتن هاینریش خـون ترایچکه بوو، که ئافەرینی شـۆڕشـی بسـمارکی کردبوو وەک شـۆڕشـێک له سەرەوە، که دواجـار به دروسـتکردنی ئەڵمانیایەکی مەرکەزیـی تـازە، دووپارچەیی پرۆس و نەمسای لەناو بردبوو. نیچه له دواییدا به توندی ڕەخنەی ترایچکەی کرد که چارەنووسی وا بوو ببێت به مێژوناسی ناسیۆنالیستی بەناوبانگی ڕایشی نوێ، بەڵام لەم وێستگەیەی ژیانیدا هەمان دیدی ترایچکەی بۆ دەوری پرۆس له ئەڵمانیادا هەبوو. نیچه له هاوینی ١٨٦٨دا ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکەمین و دواهەمین خەباتی سیاسیدا دەستەویەخە بوو. ئەو بۆ

یارمەتیدانی دروشمی پرۆس بووە پشتگیریکەری پڕ حەماسەتی ناسیۆنال- لیبڕاڵەکانی زاکسن و لایەنگری گەرموگوڕی نوێنەرەکەیان، واتە شتیڤانی لە هەڵبژاردنی ناوچەیی ڕایشتاگ دامەزرێنەرانی کۆنفدراسیۆنی باکووری ئەڵمانیا. هەڵبژاردنێک کە گۆڕا بۆ هەمەپرسییەک لە بارەی دەوڵەتی نوێی بیسمارکەوە. حیزبی ناسیۆنال- لیبڕاڵ بەو مانایە ناسیۆنال بوو کە بەرگریی لە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا دەکرد، بەو مانایەش لیبڕاڵ بوو کە بەرنامەکەی هەڵگری خواستە کلاسیکییەکانی لیبڕالیزم بوو، وەک: ئابووریی ئازاد، بازرگانیی ئازاد، دەوڵەتی مەشروتە. خەسڵەتی دیاری ئەم خەباتە تاوانبارکردنی دوولایەنە بوو لە لایەن هەموو حیزبەکانەوە، چونکە وڵاتپەرستانی ناوچەیی چەپڕەو و ڕاستڕەو دژی «خائینان»ی لایەنگری پرۆسی یەکگرتوو، یەکیان گرتبوو. ئەم هەڵبژاردنە کارەساتێک بوو بۆ دروشمەکانی لیبڕالیزم، بە شێوەیەک کە ترایچکە ڕایگەیاند لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ئایندە نائومێد نییە، بەڵام هێشتا کاتی فەرمانڕەوای لیبڕالیزم نەهاتووە. لە چەند ساڵی دواییدا بیسمارکگەریی نیچە وەک دڵساردی و بێزاری لە سیاسەتی حیزبی خۆی پیشان دا. سەرقاڵیی سەرەکیی نیچە لە دەیەی ١٨٧٠دا بریتی بوو لە سوودوەرگرتن لە فەزای سیاسیی تازە بۆ ژیانەوەی کولتووری تراژیدیا و بەدبینی کە لە فەلسەفەی شۆپنهاوەر و مۆسیقای ڤاگنەرەوە وەری گرتبوو. فەلسەفە و مۆسیقایەک کە بە بڕوای ئەو قووڵاییەکی تازەیان بە ئامانجە کلاسیکییەکانی پەروەردە و کولتووری ئەڵمانی دەبەخشی.

نیچەی دەیەی ١٨٨٠ لەگەڵ نیچەی لاوی ١٨٦٠ و ١٨٧٠دا زۆر جیاوازە. لەم قۆناغەدا نیچە دەبێت بە ڕەخنەگرێکی توندی سیاسەتی مۆدێرنی ئەڵمانیا، بە گوتەی یەکێک لە

مێژوونووسانی ئەڵمانیا، ڕەخنەگری وا وردبین لە هیچ جێگە و هیچ زەمەنێکدا هەرگیز بوونی نەبووە»(٦). هەنووکە نیچە ڕایشی ئەڵمانیی بیسمارک وەک دەوڵەوتێک دەبینێت کە شانازی بە بێکولتووری خۆیەوە دەکات و سیاسەتی دەسەڵاتی خۆی بە ڕەوتگەلێکی نەژادپەرستانە، دەوڵەتخوازییانە و ناسیۆنالیستانە دەباتە پێشەوە. بە بڕوای ئەو دروشمەکانی ناسیۆنالیزم بەها کلاسیکییەکانی لیبڕالیزمی خراپ کردووە و کولتوور چووەتە ژێر دەستی بێکولتوورییەکی ترسناکەوە.

هۆیەکانی گۆڕانی قووڵی هەڵوێستی نیچە سەبارەت بە ڕایشی تازەی ئەڵمانیا بە ئەندازەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ پێگەیشتنی فیکری و تێگەیشتن لەو خاڵەی کە هیواکانی سەرەتای بە تازەکردنەوەی ژیانی کولتووریی ئەڵمانیا، دروشمئامێز بوون. ناڕازیبوونی لە زیادی ئەو لە ڕایشی ئەڵمانیا پەیوەندییشی بە پچڕانی پەیوەندیی لەگەڵ ریچارد ڤاگنەردا هەیە. ڤاگنەر خۆی سیمایەکی زۆر ئاڵۆز بوو کە لاوێتیی خۆی بە بەرگریکردنی شۆڕشگێڕانە لە مافی مرۆڤەکان بۆ ژیان بەپێی ڕێساکانی خۆیان، دەست پێ کرد. ئەو لە ساڵی ١٨٦٠دا بووە دەست پەروەردە و نووری چاوی باڤاریا کە ڤاگنەر ئامۆژگاریی دەکرد و وتاری لە بارەی سیاسەتی ئەڵمانیا و مانای ئەڵمانی بۆ ئەوە، بۆ دەنووسی. ڤاگنەر دواجار لەگەڵ ڕایشی بیسماركدا ئاشت بووەوە و لە ساڵی ١٨٧٢دا دەستی کرد بە دروستکردنی کۆشکی مۆسیقای خۆی لە بایرۆت. بڕیار بوو ئەم کۆشکە ببێت بە پەرستگەی هونەری ئەڵمانیا و ناوەندی یەکێتیی نەتەوەیی. نیچە لە سەرەتا تا ناوەڕاستی دەیەی ١٨٧٠ بەردەوام هاودەمی مامۆستا و ستایشکەری بوو، توانا فیکرییەکانی خۆیشی بۆ پشتگیرکردن لە دروشمی ڤاگنەر بە کار هێنا. نیچە ئومێدە

سـەرەتاییەکانی خـۆی بـۆ ژیانەوەی کولتووری تراژیدیـا بـە کۆشکەکەی ڤاگنەرەوە بەستەوە. ئەم کۆشکە باڵکۆنێکی نەبوو کـە نوێنەرایەتیی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان بکـات، ئامانجیشی تەنیا پێشکەشکردنی نمایشە بازرگانییە پەتییەکان نەبـوو، بەڵکو هونەرەکانی بە شێوەی یەکێتییەکی نوێ کە شیعر و فەلسـەفە، مۆسـیقا و وێنەکێشـان و پەرسـتنی دینـی دەگرتەوە، ئاوێتـە دەکـرد. هەر لەبەر ئەمەش بوو نیچـە لە سـەرەتادا بڕوای وا بـوو هونەری ڤاگنەر و ئەزموونی دیونیوسیس یەکپارچەیـی و هاوئاهەنگیی جیهان بۆ مرۆڤی مۆدێرن مومکین دەکات، بەڵام نیچە هێواشهێواش لەو شتەی کە بە بڕوای ئەو ڕۆمانسییەت و شـێتیی خۆپەرستیی ڤاگنەرە، ڕەنجاو لە دژ بـە یەهودیبـوونـی ڤاگنـەریش نیگەران بـوو. جیابوونەوەی نیچـە لـە ڤاگنـەر لـە هەمـان کاتدا جیابوونەوە بوو لـە دروشمخوازی سیاسـی و ڕۆمانسییانەی سەردەمی لاوی.

لەگەڵ ئەوەشدا کە نیچە لە دەیەی ١٨٨٠دا گۆڕا بە ڕەخنەگری بێپەردەی ڕایشـی بیسـمارک، بەڵام هەر لە هەمان سـەرەتاکانی دەیـەی ١٨٧٠دا بێمتمانەیی خـۆی سـەبارەت بە حەسـاسییەتی ئەڵمانی ئاشـکرا کردبوو. ئەو لێـرە بەدواوە لایەنی دیاری ئـەم حەساسییەتەی بە ڕەقـی، بێگیـانی و حەماقەت زانیی. ئـەو لـە نووسـینە سەرەتاییەکانی خۆیدا بە وردی ئەو خاڵـە دەڵێت کـە مەسـەلەی بنەڕەتیی ئـەو یەکپارچەیی بە مانای سـنووردراوی سـیاسی نییـە، بەڵکـو یەکێتیی ڕۆح و ژیانی ئەڵمانییە بە مانـای کولتـووری. ئـەو هەڵوێسـتی خـۆی لـە یەکەم لاپەڕەی یەکـەم بیرکردنـەوەی ناکاوی خۆیدا لـە بارەی دیڤید شتراوسەوە بە ڕوونی دەردەبڕێت، هەڵوێستێک کە تیایدا لە نێوان ڕۆح (Geist)ی ئەڵمانی و ڕایشی ئەڵمانیدا جیاوازیگەلێک هەیە کە دەبێتـە هـۆی

ڕووبەڕووبوونەوەیان. نیچە لە کاتێکدا تەنیا چەند ساڵێک بەسەر جەنگی فەرەنسا و پرۆس و دامەزراندنی ئەڵمانیا وەک دەوڵەت و نەتەوەیەکی مۆدێرندا تێپەڕیوە، دەنووسێت ڕای گشتیی ئەڵمانیا ڕێگە بە قووڵبوونەوەی ورد لە بارەی مانای سەرکەوتن بۆ خەڵکی ئەڵەمانیا نادات. بە بڕوای ئەو یەکێک لە دەرئەنجامە خراپەکانی جەنگ، ئەو هەڵە بەربڵاوەی ڕای گشتیی ئەڵمانیایە کە پێی وایە گوایە لە جەنگی فەرەنسادا، کولتوور (Kultur)ی ئەڵمانی سەرکەوتووە. ئەو دەنووسێت «ئەم خەیاڵە [توهم] لە هەموو شتێک وێرانکەرترە» نەک لەو ڕووەوەی کە خەیاڵە (چونکە بە بڕوای ئەو خەیاڵ و هەڵە دەتوانن بەرهەمهێن بن)، بەڵکو لەبەر ئەوەی سەرکەوتن دەکات بە شکست و لەناوچوونی ڕۆحی ئەڵمانی بە سوودی ڕایشی ئەڵمانیا دەگۆڕێت. (دێیڤید، ١، ص٣). لە ئەڵمانیادا «چیدی هیچ تێڕوانینێکی ڕیون بۆ ئەوەی کولتوور چییە، بوونی نییە» (هـ . س پ . ل٥). نابێت ئەو شتانەی بوونە هۆی سەرکەوتنی ئەڵمانیا بەسەر فەرەنسادا وەک: لێهاتوویی سەربازییانەی فەرماندە جەنگییەکان، دیسپلینی توند و یەکێتی و گوێڕایەڵی ڕیزەکانی سەربازان، لەگەڵ کولتووردا تێکەڵ بکەین.

نیچە لە بەرهەمەکانی سەردەمی پێگەیشتنی فیکری خۆیدا، خۆی بە «دوا ئەڵمانییەکی دژ بە سیاسەت» ناو دەبات، بۆ ئەوەی خۆی نەک لە سیاسەت بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکو بۆ ئەوەی خۆی لە سیاسەتی دزێوی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتخوازی کە بە بڕوای ئەو بەسەر ئەڵمانیادا باڵادەستە، جیا بکاتەوە. ئەو لە «ئێوارەی بتەکان»دا لەوە دەترسێت کە هاواری «ئەڵمانیا، ئەڵمانیای بەرزتر لە هەموان «نیشانەی کۆتاییهاتنی بیرکردنەوەی جیددی و کۆتاییهاتنی فەلسەفە لە ئەڵمانیادا بێت (ئێوارە، «ئەوەی ئەڵمانییەکان خاوەنی نین»). جگە لەمەش نیچە

له ژیاننامەی خۆنووسی خۆیدا [واتە] لە «هەنووکە مرۆڤ»دا کە لە ساڵی ١٨٨٨دا و چەند مانگێک بەر لە کەوتنی نووسیوێتی و خوشکە دژ بە یەهودییەکەشی تا ١٩٠٨ شاردبووەیەوە، بە توندی هێرش دەکاتە سەر ترایچکە ئەو دەنووسێت «ئەڵمانی» [بوون] بووە بە بەڵگەیەک و «ئەڵمانیا، ئەڵمانیای بەرزتر لە هەموان» بووە بە تێزێک و «توتن»ەکان بوون بە نوێنەری «سیستمی جیهانی ئەخلاقی لـە مێژوودا. ئێستا مێژوونووسێک هەیە کە تایبەتی ئەڵمانیایە، تەنانەت بیر دەکەمەوە مێژوونووسینێکی دژ بە یەهودییەتیش هەبێت، مێژوونووسینێکی دەربارەی هەیـە و «ڤۆن ترایچکە»ش هیچ لێی تەریق نابێتەوە (هەنووکە مەسەلەی ڤاگنەر). بە بڕوای نیچە «ناسیۆنالیزم» بە تەواوی مانا دەربڕینی «نەخۆشییەکی دژ بە کولتوور»ە.

نیچـە لە «لە سەروو چاک و خراپەوە» هەموان بۆ داڕشتنی «سیاسەتێکی مەزن» بانگهێشت دەکات، کە تیایدا نوخبەیەکی فەیلەسـووفی - یاسـادانەر ئەورووپـا بـۆ سـەروو سیاسـەتی دزێویی ناسـیۆنالیزنم ڕێنمـایی دەکـەن و پەروەردەکـردنی ئەورووپاش باش بڵاو دەکـەنـەوە. ئـەم بەرهەمە سـەرەڕای زیادەڕەوییەکانی لە دەربڕیندا، بەردەوام دژی سیاسەتێکە کە نەژادپەرستی هان دەدات و بەتایبەتی هێرشی توند دەکاتە سەر ئەو سیاساتمەدارانەی ئەڵمانیا کە لەپێناوی بەرەوپێشخستنی سیاسەتی ناسیۆنالیزمدا سوود لە دژایەتیی یەهودییەت دەگرن (لە سەروو ٥٢، ١٩٥، ٢٤٨، ٢٥٠، ٢٥). ئەم کتێبە لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا بە کتێبێک ناسرا کە سوکایەتیی بە ئەڵمانییەکان دەکـات، چونکە لە سـەر بناغـەی «ڕێزلێنان لـە یەهودییەکان» دامەزراوە(٧). تەوەرەی سەرەکیی بیرکردنەوەی نیچە بریتییە لە پێداویستیی خۆباڵادەستیی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەنگی

دژایەتیی هیوماتیـزم لـە لایەن نیچەوە سـوکایەتیپێکردن بێـت بە حەساسییەتە ئەخلاقییەکانی لیبراڵەکان، سۆشیالیزمەکان و مەسیحییە چاکەخوازەکان، بەڵام هەرگیز بە هۆی نەژادپەرستی یان ناسیۆنالیزمەوە خۆی ئاراستە ناکات.

تێڕوانینی بەربڵاو بۆ نووسەرێک، کە دروشمی ئەورووپا لە بەرانبەر دروشمی ئەڵمانیادا بەرز دەکاتەوە و هەموو شێوەکانی سیاسەتی نەژادپەرستی و بەتایبەتی دژایەتیکردنی یەهود ڕەخنە دەکات، وەک یەکێک لە بونیادنەرانی ئایدیۆلۆژیای نازیز کەم تـا زۆر نەگونجاوە. سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی کە لە پاش دووەم جەنگی جیهانی بە دواوە لە بارەی نیچـەوە نووسراوە، بەردەوام بەرەو ڕووی ئەو مەسەلەیە دەبینەوە کە هەر کەسێک بۆ یەکەم جار ڕوو دەکاتـە بەرهەمەکانی (بەتایبەتی لە بواری سیاسەتدا)، هەر ئەم مانا شاراوانەی نازیزمی لە نووسینەکانیەوە هەڵدەهێنجێنێت. ئـەم پێکەوەگرێدانە چارەنووسسازەی نیچـە لەگەڵ نازیزمدا چۆن دروست بوو؟

بڵاوبـوونـەوە و وەرگـرتنـی فەلسـەفـەی نیچـە لـە پـاش تێکشانی دەروونیەوە لە ساڵی ١٨٨٩دا زۆر جۆراوجۆر بوو. بەرهەمەکانی یەکسەر لە لایەن ڕاستڕەوەکانەوە پێشوازیی لێ دەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا کە بانگەشە ئەرستۆکراتییەکانی و بێزاری لە سـۆسیالیزم، زەمینەیەکی یارمەتیدەر بوو بۆ ئەم پێشوازییە. بە پێچەوانەوە بەرهەمەکانی نیچە تا دوو دەیەی پاش تێکشکانی دەروونی، جێی بایەخ و سەرنجی سۆسیالیزمەکان، ئانارشیزمەکان و فێمێنیستەکان بوو، کە هەموویان سەرقاڵی سەرەکیی نیچەیان بە خواستی خۆدروستکردنی فەردی دەزانی. بە بڕوای سۆسیالیزمەکان بیروباوەڕەکانی نیچە لە بارەی کەسایەتیی خولْقێنەرەوە (Personlihkeit) دەیتوانی چەمکی

زۆر پێویستی تاکەکەسیی ڕەسەن بۆ تێزی سۆسیالیزم زیاد بکات(٨). هەندێک لە هاوچەرخانی نیچە ئەویان بە سیمایەکی چەندڕەهەندی دادەنا کە بەینی لەگەڵ هەڵوێستەکانی لایەنگری ناسیۆنالیزم و دەوڵەتخوازیی ئەڵمانیاش نییە.

باوەڕنەبوونیشی بە خودا نامۆی دەکرد بە پارێزگارانی ئەڵمانی. لێرەوە هەڵوێستی نیچە ئاڵۆز بوو، هەر ئەم ئاڵۆزییەش دەریدەخات کە بۆچی نووسینەکانی ئەم دەیتوانی جێی سەرنج و بایەخی ژمارەیەکی زۆری خەڵک بێت. وەک ئرنست نولتەی مێژووزانی ئەڵمانی دەڵێت ناوی ئەم لەم سەردەمەدا ئاشکراکەری «مەیدانی خەبات» (Schlachtfeld) بوو. خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بۆ هەموو خوێندکارێکی ئەورووپی پێویست بوو، زۆرێکیش لە گرنگترین پیاوانی ئەم قۆناغە (لەوانە گۆستاف لاندویر، بنیتۆمۆسولونی، کلاگیز، تۆماس مان، شتیڤان، گتورگەو گابریل دانوتسیو) ئەو بەرهەمانەیان دەخوێندەوە(٩).

ناوبانگی نووسینەکانی نیچە لە ئەڵمانیای سەردەمی یەکەم جەنگی جیهانیدا بوو کە سوودوەرگرتنی نازییەکان لە نیچە ئەوی وەک لایەنگری ئایدیۆلۆژیی نازیزم لە سەردەمی جەنگدا مومکین کرد (لە ڕاپۆرتەکاندا هاتووە کە سەربازە ئەڵمانییەکان لە کاتێکدا بۆ بەرەکانی جەنگ دەچوون، لە گیرفانێکی پاڵتۆکانیاندا کتێبی پیرۆز و لەوی دیاندا «زەردەشت وای گوت»یان پێ بوو). نیچە بووە مەبەستی دروشمی نازیزم بۆ ئەوەی ڕەوایەتیی فەلسەفیی بەم بزوتنەوەیە بدات. ئەو هەنووکە لە ئاستی جیهانیدا بووبوو بە فەیلەسووفێکی بەناوبانگ، وتووێژی وروژێنەر کە بیروباوەڕەکانی بایەخ و هێزی فیکری بە بیروڕای نازییەکانی دەبەخشێت. ئەلیزابێسی خوشکی نیچە ڕۆڵێکی چارەنووسسازی بینی لە سڕانەوەی بیروباوەڕی نیچە و

گۆڕینی بۆ فەیلەسووفی میلیتاریزم و ئیمپریالیزمی ئەڵمانی. ئەو کۆنترۆڵێکی تەواو پاشماوەی بەرهەمەکانی براکەی کردبوو، هەنووکەش بە شێوەیەکی بڕاوە ئاشکرا بووە کە ئەو نەک هەر ڕێگەی لە بڵاوبوونەوەی دەستنووسە تایبەتییەکانی وەک «هەنووکە مرۆڤ» گرتووە، بەڵکو دەستی بۆ بابەتەکانی نیچەش بردووە و نامەی بە ناوی ئەوەوە نووسیوە(١٠). ئەو چەند جار هیتلەری بۆ ئەرشیفەکەی نیچە دەعوەت کرد و لە جارێکدا گۆچانەکەی نیچەی بە دیاری پێشکەش کرد (بە چ مەبەستێک؟ ئاشکرا نییە). پێدەچێت ویستبێتی بە پێشکەشکردنی نیچە بەو شێوەیە گرنگی و ناوداریی خۆی زیاد بکات.

نازییەکان بە هاوکاری ئیلیزابێس نیچەیان کرد بە ناودارترین و پڕخوێنەرترین فەیلەسووفانی ئەڵمانیا و جیهان. ئەوان نووسینەکانی نیچەیان لە بەرنامەی پەروەردەی خۆیاندا گونجاند و تەفسیر و کەشکۆڵ و گوڵبژێری هەرزنیان لە بەرهەمەکانیدا بڵاوکردەوە. ژمارەیەک فەیلەسووفی زانکۆیی و پسپۆڕی ئەڵمانی، وەک ئالفرێد بویملەر و ئالفرێد رۆزنبرگ کران بە لێپرسراوی پڕوپاگەندەکردن بۆ ئەندێشەکانی نیچە و ئامادەکردنی تەفسیرێکی نازییانەی دروست بۆ بەرهەمەکانی، بۆ نموونە بویملەر لە یەکەمین بەرهەمەکانی لە بارەی سیاسەتی نیچەوە نووسیی: لە ساڵی ١٩٣١دا بە ناوی نیچەی فەیلەسووف و سیاسەتمدار بڵاو بووەوە. ئامانجی ئەم کتێبە تەفسیرکردنی نیچە بوو وەک فەیلەسووفی نەژادیی نۆرد، ئەم کارە بە هۆی کۆمەڵێک سادەکاری و شێوانی بیروباوەڕەکانی نیچەوە ئەنجام درا. هێرشی نیچە بۆ سەر خەڵکی ئەڵمانیا کە لە سەرتاسەری نووسینەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، وەک هێرش بۆ سەر ڕەگەزی مەسیحی و نائەڵمانی خەسڵەتی ئەڵمانیا

ڕوون کـرایـەوە و هێرشی سـەرزەنشتئامێزی نیچـە بـۆ سـەر هونەرمەندی مەزنی ئەڵمانیـا (واتە ڤاگنەر) بـە دەرئەنجامی حەسوودی زانرا، فەیلەسووفانی دیکە تەفسیری ناشیانەتریان کـرد و یەکێکیـان بە نـاوی «هایدنیش هێرتلـە»وە کتێبێکی ڕێنمایکەری بە نـاوی «نیچـە و ناسـیۆنال سـۆسیالیزم»ەوە نووسیی، کە تیایدا ستایشی بیروباوەڕەکانی نیچە وەک بناغەی فەلسەفەی نازی، کرابوو.

نازییەکان بۆ سەرکەوتن لە بەنازیکردنی نیچەدا، سوودیان لە ئامێری گومانلێکراو (بەڵام زۆر کاریگەر) وەرگرت، کاریگەرترین فێڵیان چاپی کۆمەڵێک گوڵچنی بچووک بوو لە «وتە نازییەکانی نیچە»(١١). ئەمانە بە ناوی نیچەوە (بەڵام بێ ئاماژەکردن بەوەی ڕێک خراون) بڵاو دەکرانەوە. لە ئەنجامدا خەڵک وایان دەزانی بەڕاستی گوتەکانی نیچـە دەخوێننەوە نەک هەڵبـژێردراو و تەفسیری ڕێکخەر. بۆ نموونـە یەکێک لەم گوڵبژێرانە بە ناوی «یەهودییەت، مەسیحییەت، ئەڵمانییەت»ەوە چەند پارچەیەک لە پاداشتە بڵاوکراو و بڵاونەکراوەکانی نیچە کە لەسەر بناغەی ناوەڕۆک پۆلێن کراون، پێشکەش دەکات. ئەو پارچە دەقانەی پەیوەندیی بە یەهودییەکانەوە هـەیە و پارچە دەقی بەناوبانگی «ئاژەڵی موبور» لە «جینالۆجیای ئەخلاق»دا لە دەق هێنراونەتە دەرەوە، بە شێوەیەک کە ڕێگە بۆ تەفسیری هەڵەی بەڵگاندنەکانی نیچە دەکاتەوە. نازییەکان ناچار بـوون بـۆ پیشـاندانی نیچـە وەک فەیلەسووفی ئەڵمانیا، ژمارەیەکی زۆر لە نووسینەکانی وەک سـتایشکردنی کولتووری لاتیـن و هێرشـەکانی بۆ سـەر ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی سانسۆر بکەن. بۆ نموونە چەمکی «ئاژەڵی موبور» چەمکێکی نازییانە نییە، چونکە بەتایبەتی عەرەبەکان و ژاپۆنییەکانیش دەگرێتەوە. (جینالۆجیا، ١ و ٢). نیچـە هەرگیـز

بەهای تاکەکەس بەپێی بایەلۆژیا یان نەژاد پێناسە ناکات، بەڵکو ئەو بەهایە هەمیشە لەگەڵ «کولتوور»دا پێناسە دەکات.

نموونەیەک بۆ ئەوەی چۆن نازییەکان بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی نیچەیان بە نادروستی پیشان دەدا، لە لایەن «ژورژوباتای»ەوە کە بیریار و شاعیرێکی گەورەی فەڕەنسایە ئاشکرا کراوە. ئەو نموونەی ڕیچارد ئولیر دەهێنێتەوە کە کوڕی مام و هاوکاری خوشکە دژ بە یەهودەکەی نیچە بوو لە ئەرشیفدا، ئولیر لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «نیچە و ئایندەی ئەڵمانیا» هەوڵ دەدات نزیکایەتیی قووڵی تێزەکانی نیچە و ئەو تێڕوانینانە پیشان بدات کە هیتلەر لە «خەباتی من»دا، بەرگری لێ دەکات.

باتای ئەم پەرەگرافە لە کتێبەکەی ئولیر دەهێنێتەوە: «گرنگترین خاڵ بۆ ئێمە بریتییە لەم ئاگادارکردنەوەیەی خوارەوە: «هیچ یەهودییەکی دیکە قبووڵ مەکەن، بەتایبەتییش دەرگاکان لەسەر خۆرهەڵات دابخەن». «ئەوەی لە ئەڵمانیا بە ئەندازەی خۆی یەهودی هەیە و ئەوەی کە تەنانەت گەدەی ئەڵمانی و خوێنی ئەڵمانی بۆ هەرسکردنی ئەم هێندە «یەهودی»ەش کێشەی هەیە (تا ماوەیەکی زۆریش کێشەی دەبێت) ئەمە لە کاتێکدا کە ئیتاڵی، فەڕەنسی و ئینگلیزەکان کە دەزگایەکی هەرسکردنی بەهێزی تریان هەیە، توانیویانە ئەم کارە بکەن، هەر ئەم گەواە و زمانە ڕۆشنەی غەریزەی گشتییە کە دەبێت گوێی لێ بگرین و بەپێی ئەویش کار بکەین»(١٢).

وەک باتای (کە بەناوبانگترین بەرگریکەر و تەفسیرکەری نیچەی دژ بە فاشیستە) پیشانی دەدات ئەوەی لێرەدا بەرەوڕووی دەبینەوە نەک تەنیا ساختەکارییەکی بێشەرمانەیە، بەڵکو «درۆیەکی ناشیانە و هۆشیارانەی دروستکراوە». ئەم

ڕستانە لە پارچە دەقی «٢٥١»ی «لە سەروو چاکە و خراپە»وە هێنراونەتە دەرەوە. کاتێک بۆ ئەم پارچە دەقە دەگەڕێینەوەو بە دروستی دەیخوێنینەوە، سەرنج دەدەین ئەو بڕوایانەی ڕاگەیاندراون تێڕوانینەکانی نیچە نین، بەڵکو بیروباوەڕی دژ بە یەهودین کە نیچە هەڵیبژاردوون بۆ ئەوەی گاڵتەیان پێ بکات.

هێشتا هیچ ئەڵمانییەکم نەبینیوە کە دڵخۆشییەکی لە یەهودییەکان هەبێت، هەرچەندە هەموو ئەو کەسانەی کە زیهنێکی ئارام و سیاسییان هەیە، دژایەتیکردنی یەهودیان (Antisemiterei) بێچەندوچوون ڕەت کردووەتەوە، ئەگەرچی ئەم سیاسەت و ئارامییە لەگەڵ بونیادی ئەم هەستەدا جەنگ ناکات، بەڵکو لەگەڵ زیادەڕەویی ترسناکی ئەم هەستەدا نییە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو شێوە شەرمئامێز و توندەدا کە ئەم هەستە توندڕەوە خۆی تیا دەردەخات، لەم بارەیەوە مافی ئەوەمان نییە خۆمان هەڵبخەڵەتێنین. ئەوە کە ئەڵمانیا... تا دوایی.

پاشان ئەو گوتانە دێت کە «ئولیر» دەیگەڕێنێتەوە بۆ نیچە. ئەوەی لە هێنانەوە پاش و پێشخراوەکەی «ئولیر»دا پەڕێندراوە، ئەم پێشنیارەی نیچەیە «دەرکردنی هاوارکەرانی دژ بە یەهود لە وڵات، ڕەنگە سوودمەند و بەویژدانانە بێت». ئەوەی نیچە بە سوودی بەڵگە دەهێنێتەوە، ڕاکێشان [یان تواندنەوەی] یەهودییەکانە نەک «لەناوبردن»یان.

هەر ئەم ڕوونکردنەوە کورتە دەبێت پیشانی دابێت کە دەستکاریکردنی نازییانەی بیروباوەڕەکانی نیچە، ناشیانە و بە تەواوی هەڵبژێراوانە [انتقائی] بووە. ئایا دەکرێت نیچە لە دەست ئەم خراپ سوودوەرگرتنە بەربڵاوە ڕزگار بکرێت؟ یەکێک لە تەفسیرکەران پەنجە دەخاتە سەر خاڵێک کە بە بڕوای من وەڵامێکی شیاوە بۆ ئەم پرسیارە: «بێگومان بەرهەمەکانی

نیچە من نیگەران دەکات، بەڵام ئەم نیگەرانییە بە هۆی خراپ سوودوەرگرتنی نازییەکان لە نیچە نییە. بە بڕوای من لەزگەی باوی نیچەی نازی تەنیا لەو ڕووەوە مومکین بووە کە ئێمە ئەم لەزگەیەی وەک ئامێرێکی بەرگری، وەک ستراتیژێک، وەک دەستگرەیەک بۆ سەروکارنەکردن لەگەڵ نیچەدا بەکاری دەهێنین. ئێمە هەڵبەتە لەزگەیەکی دیکەش بۆ ڕێگەگرتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمەکانی نیچە بەکار دەهێنین: نیچەی شێت»(١٣).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆرێک لە نووسەرانی بەناوبانگ نیچە بە بەرپرسیاری نازیزم و پریشکەکانی دەزانن، ج.پ. سترن گوتوویەتی ئادۆلف هیتلەر لە هەموو کەسێکی دیکە زیاتر لە تێڕوانینی نیچەوە بۆ ڕەسەنایەتیی تاکەکەسی، کە بە مانای دروستکردنی بەهاکانی خۆتە، نزیکترە(١٤)، بەڵام ئەوەی لەم وێنەیەی هیتلەردا وەک کەسێکی خۆدروستکەر فەرامۆش کراوە، ئەوەیە کە بە بڕوای نیچە گۆڕان بۆ ئەوەی کە هەین (بۆ نموونە بۆ ئەوەی کەسایەتیی خۆمان خاوەن شێواز بکەین-زانین، ٢٩٠) بۆ ڕزگارکردنی خۆمانە لەو بێزارییەی کە تیایدا مرۆڤ تەنیا بە نەفیکردنی ئەوانی دیکە و ڕاگەیاندنی «بڵندێتی»ی خۆی بەسەریاندا دەتوانێت نرخ بۆ خودێتیی خۆی دابنێت. بە بڕوای نیچە ئەم جۆرە لە خۆدروستکردن نەک بەرجەستەبوونی ڕەسەنایەتیی کەسایەتی، بەڵکو بەرجەستەبوونی ئەو جۆرە ئەخلاقەیە کە نیچە ناوی «ئەخلاقی کۆیلەیەتی»ی لێ دەنێت. ئەخلاقێک کە تیایدا کەسێک یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی ئەوانی دیکە بە «خراپ» دەزانێت و تەنیاش پاش ئەم نەفیکردنەیە کە خۆی بە «باش» دەزانێت. بە دەربڕینێکی دیکە، کەسایەتیبەخشینی ئەوان بە شوناسی خۆیان نەک لەسەر بناغەی ددانپیانان بە

خوددا، بەڵکو لەسەر بناغەی نەفیکردنی کەسانی دیکەیە. هیتلەر کەسێک بوو کە سەرتاپای بوونی پڕ بوو لە هەستی بێزاری و هەستی تۆڵەسەندنەوەی ژەهراوییانە، [لێرەوە] ئەستەمە بە نموونەی وێنەی نیچەی بزانین بۆ کەسی شەریف.

تەفسیرکەرێکی دیکە گوتوویەتی ئەو دەرئەنجامەی کە بڕوای وایە لە نێوان دیدگای نیچە و فاشیزمدا نزیکایەتی هەیە، دوور نییە لە ڕاستییەوە(١٥). ڕەنگە هۆی نزیکیی بیروڕاکانی نیچە لە شێوازی فاشیەتی سیاسەتەوە، ئەو باوەڕەی نیچە بێت کە سیاسەت خۆبەخۆ «ماکیاڤیلییانەیە»، لەبەر ئەوەی هەر جۆرە ئەخلاقێک لەسەر بناغەی دژ بە ئەخلاقی دامەزراوە و هەموو جۆرە خەباتێک بۆ دادپەروەری، لە ڕێگەی نادادپەروەرانەوە ئەنجام دەدرێت (خواستن ٣٠٤)(١٦). دەگوترێت بەرگریی نیچە لە نوخبەگەری و بێڕەحمی وەک هۆکارێک بۆ دەستگەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان، هەروەها دابڕانی لە ڕابردوو و هێرشکردنی بۆ سەر ڕۆحیەتی بەزەیی و ڕەحمی مەسیحییانە، ڕێگەی بۆ فاشیزم خۆش کرد، بەڵام زۆر شت لە نیچەدا هەیە کە نەفرەت لە سیاسەتی فاشیستی دەکات: لەوانە نەیارێتی لەگەڵ ناسیۆنالیزم، پان ئەورووپیزمی ئەو، پەیمانبەستنی لەگەڵ کولتوور لە بەرانبەر سیاسەتدا و هێرشی بۆ سەر دەوڵەتی بیرۆکراتیی مۆدێرن، لەبەر خنکاندنی خوڵقاندن و فەردییەت. وەک «باتای» بە وردبینییەوە گوتوویەتی:

«مارکسیزم، نیچەییزم و ناسیۆنال- سۆسیالیزم، هەرسێکیان ئەخلاقی کلاسیکی ڕەت دەکەنەوە. تەنیا تێزی سەرەکی بۆ ئەوان بەهایەکە کە ژیان بە ناویەوە مافێکی باڵاتر داوا دەکات. هەر ئەوەندە ئەم بنەمای داوەرییە ئاشکرا بێت، دەبینین کە لە زەمینەی گشتیدا بەها نیچەییەکان لە بەرانبەر بەها نەژادپەرستییەکاندا

ڕادەوەستێت، بە بڕوای نیچە هەموو شتێک پەیڕەوی کولتوورە، لە کاتێکدا لە ڕایشی سێیەمدا ئامانجی کولتوورێکی دزێو، تەنیا هێزی سەربازییە»(١٧).

مەسەلەی واقیعی سەبارەت بە لێدانی لەزگەی فاشیست یان خراپتر لەو لەزگەیەی نازییەت بە نیچەوە، ئەوەیە کە لەزگەلێدەران ئەو ڕاستییە لەبەرچاو ناگرن، نیچە دەیەوێت بە ئەرستۆکراتیخوازیی خۆی تێگەیشتنێکی دێرین بۆ سیاسەت زیندوو بکاتەوە. تێگەیشتنێک کە لەسەر کێشی یۆنانیدا دەیدۆزییەوە، وەک دواتریش دەیبینین لێکچوونی بەرچاوی لەگەڵ فەلسەفەی کاری «هانا ئارێنت» لە سەردەمی ئێمەدا هەیە. هەر ئەوەندەی لێکچوونێکی وا بدۆزێتەوە ئیدی پووچیی «فاشیست» یان «نازی» ناونانی بیروڕا سیاسییەکانی نیچە بە ئاسانی ڕوون دەبێتەوە.

بێگومان نیچە خۆی دڵەڕاوکێی ئەوەی هەبوو کە ڕۆژێک ناوی بە شتی ترسناکەوە بە بیر بهێنرێتەوە. شتێک کە ئەو بەم شێوەیە دەریبڕی «قەیرانێکی بێوێنە، نە بەسەر گۆی زەویدا، سەنگینترین ڕێککەوتی ویژدان» (هەنووکە، «بۆچی من یەک چارەنووسم). هەروەها دەیزانی کە چارەنووسی وایە «پاش مەرگ لە دایک بێت». کە وا بوو نیچە بەرپرسیاری ئەو خراپییانە نییە کە بۆ نووسینەکانیان گەڕاندووەتەوە. بەم مانایە هەمووومان پاش مردن لە دایک دەبین، چونکە هەرچییەک بە درێژایی ژیانمان دەیڵێین یان دەینووسین، ڕەنگە پاش مەرگ بە هەڵە درک و تەفسیر بکرێت، بەڵام هەقیقەت ئەوەیە (نیچە بە درێژایی ژیانی جگە لە ماوەیەکی کورت لە ١٨٦٦دا نەبێت) بەرگری لە حیزبی سیاسی نەکرد و جگە لەمەش تەنانەت بۆ یەک جاریش سوودوەرگرتنی لە نووسین و بیروباوەڕەکانی

له خزمەتی ناسیۆنالیزم و نەژادپەرستیی ئەڵمانیادا نەسەلماند. بە پێچەوانەوە، ئەو هەرچییەکی توانیی، کردی بۆ ئەوەی هاوڕۆژگارانی لە مەترسییەکانی ڕایشی ئەڵمانیا، ئاگادار بکاتەوە.

## سەرچاوە

ئەمە بەشێکە لە فەسڵی دووەمی ئەم کتێبەی خوارەوە:
کیت اسنل – پیرسون: هیچ انگار تمام عیار. ت: محسن حکیمی.
انتشارات خجسته – چاپ اول: ١٣٧٥.

## پەراوێزەکان

1- Gold Mann, The History of Germany Since 1789 (Middlesex: Penguin 1985), PP. 328- 9.

٢- ڕوونکردنەوەکانی من لەسەر بناغەی ئەو لێکۆڵینەوە فێرکەرانەیە کە پیتر برگمان لەم سەرچاوەیەی خوارەوەدا کردوونی:

Nietzsche. The 'Last Anti- Political German (Bloomington: Indina University press, 1987), especially pp. 19-59.

ی. گز هیردەر لە کوینگی بزگ و لەژێر چاودێریی کانتدا خوێندنی تەواو کرد، بەڵام ئەندێشەی ئەو چەند لەژێر کاریگەریی کانت و بزوتنەوەی ڕۆشنگەریی ئەڵمانیدا بوو، هێندەش لەژێر کاریگەریی ی. گ. هامانی پاکژخواز و دژبەعەقڵدا بوو. هیردەر پاش دوو ساڵ سەفەر، کە تیایدا چەند جارێک چاوی بە گۆتە کەوت، بوو بە بەڕێوەبەری کڵێسای لوتەری لە ڤایماردا. بە بڕوای ئەو حەقیقەت نەک بەرهەمێکی عەقڵ، بەڵکو بەرهەمی سەرجەم هێزی داهێنەری تاکەکەسە و کە لە زمان، ئەفسانە، و شیعردا دەردەبڕدرێت، بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە:

H. Holborn, A History of Modern Germany 1648- 1840 (London 1965). Pp 325-8.

3- P. Bergmann, Nietzsche, 'The Last Anti- Political German p. 29.

4- Quoted in ibid, p. 64.

5- Ibid, p. 47.

6- G. Mann, The History of Germary Since 1789, p 396.

7- On this point see R. Hinton- Thomas, Nietzsche in German politics and Sociery 1890- 1918 (Manchester: Manchester Universty press, 1983) , p.122.

٨- بۆ شیکردنەوەی پەندئامێزی کاریگەری نیچە لەسەر بزوتنەوەی چەپ پاش تێکشانی دەروونی نیچە، تەماشای بەرهەمی ناوبراوی ر. هینتون - توماس ژمارە ٧ بکەن.

9- See Ernst Nolte, Nietzsche und der Nietzscheanismus (Frankfurt: Propylaen, 1990). P. 268. See also his study. Der Faschismus in seiner Epoche (Munich: R. Piper Verlag. 1979, fifth edition), PP. 529- 35.

١٠- بۆ وردەکاریی زیاتر لە بارەی بێباکیی خوشکەکەی نیچە بەرانبەر بەرهەمەکانی، بڕوانە:

Walter Kaufmann, Nietzsche, Philosopher, Psychogist, and Antichrist (New Jersey: Princeton University Press, 1974, fourth edition), PP. 4-8, 15- 18, 442-5; H. F. Peters, Zarathustras Sister, The Case of Elisabeth Forster- Nietzsche )New York 1977); and the recent study by Ben Mac Intyre, Forgotten Fatherland: The Search for Elisabeth Forster- Nietzche (London: Macmillan, 1992).

١١- تەماشای بەڵگەکراوەکان لەم بەرهەمەی خوارەوەدا بکەن:

R. E. Kuenzli. 'The Nazi Appropriation of Nietzsche, Nietzche-Studien, 12 (1983), 428- 35.

12- See 'Nietzsche and Fascists in G. Bataille, Visions of Excess: Selected Writings 1927- 1939 (Manchester: Manchester University Press, 1989), PP. 183-4.

13- Kuenzli, 'The Nazi Appropriation of Nietzsche, P. 435.

14- See. J. P. Stern, Nietzsche (Glasgow: Collins, 1978), P. 79.

15- See Howard Williams, 'Nietzsche and Fascism, History of European Ideas, 11 (1989), 897-8. See also Margaret Canovan,

‘On Being Economical with the Truth: Some Liberal Reflections, Political Studies, 38 (March 1990), 520.

له دوا بەرهەمدا نووسەر ئەوەی کە نیچە زنجیرە سروشتی لە یەکسانیی سروشتی پێ باشتر بووە، بە «باوکی ڕۆحانی فاشیزم» و «سەرچاوەی پێش نموونە فراوانەکانی ئەندێشەی فاشیستی» ئەو دەزانێت.

١٦- فەرهەنگی ئینگلیزیی ئۆکسفۆرد «ماکیاڤیلیەت» بە کارێکی هەڵخەڵەتێنەرانە، خائینانە و فێڵبازانە پێناس دەکات. لە مێژووی ئەندێشەی ڕۆژئاوادا، «ماکیاڤیلیی گەردی» بە مانای باوەڕهێنانە بە بنەمای سیاسەتی واقیعبینانە (reulpolitik) واتە ئەوەی لە سیاسەتدا دەبێت بەرژەوەندی بخرێتە پێش ئەخلاقەوە. بەشێک لە مۆدێرنەی ماکیاڤیلی بریتییە لە جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئەخلاق و دین. بۆ ئاگاداریی زیاتر بڕوانە:

Perspective, Political Theory, 12 (Novermber 1984). PP. 491- 506. See also Bernard Cricks introduction to N. Machiavelli, Discourses trans, L. Walker (Middlesex: Penguin, 1970).

17- See Georges Bataille, On Nietzsche, trans. B. Boone (London: Athlone Press, 1992), Appendix I. ‘Nietzsche and National Socialism, P. 171.

# نیچە و فێمێنیزم

## کیت ئانسل پیرسۆن

### لە فارسییەوە: ڕێبین هەردی

«هەڵەی بنەڕەتی و بونیادی کوێربوونی زەینی مرۆڤ ڕێگەگرتن لە قبووڵکردنی مەرگ نییە، بەڵکو ڕێگەگرتنە لە یادەوەریی لەدایکبوون و هاتنە ناو دنیاوە»

**پیتر سلاتریج «تائۆگەری ئەورووپی»** (١٩٨٨)

## پێشەکی

ئەگەر نیچە بە سەرچاوەیەکی دوور دابنێین بۆ لیبڕالیزمی ڕادیکاڵبوو، ئەوا دەبێت بوونی بە سەرچاوەیەک بۆ فێمێنیزمی ڕادیکاڵبوو چەندان جار بە دوورتر بزانین؛ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە ساڵانی دواییدا و لە هەندێک جێگەدا بەرهەمەکانیان بەم ئاڕاستەیە (واتە وەک سەرچاوەیەک بۆ فێمێنیزم) تەفسیر کردووە. من پیشانی دەدەم کە چۆن هەندێک نووسەری فێمێنیست دەست و پەنجەیان لەگەڵ بەرهەمەکانی نیچەدا نەرم کردووە و ڕووبەڕووی پێچوپەناکانی بوونەتەوە. پێدەچێت ئەو تەباییەی خەریکە بەدەست دێت، ئەوە بێت کە سوودبەخشترین لایەنی نووسینەکانی نیچە بۆ پەیکەری فەلسەفیی فێمێنیستی لەو هەڵوێستە ڕاشکاوانەدا نییە کە لە بارەی ژنەوە دەرکاندوویەتی، بەڵکو دەبێت لە شێوازەکانی ئەو، لە هەوڵیدا بۆ ڕاگەیاندنی

فەلسەفەیەک لە بارەی جەستەوە، لە دەمامکلادانیدا لەسەر خوازەی گوتاری فەلسەفی و لە شێوەی نموونەی ئەودا (واتە نیچەدا) بۆ بونیادشکێنیی پێشداوەری نێرسەنتەرییانەی (Phullogocentric) ئەندێشە و عەقڵی ڕۆژئاوادا بدۆزرێتەوە.(١) ڕەنگە ڕێککەوت نەبێت کە سوودوەرگرتنی نووسەرانی فێمێنیست لە نیچە، وەک «جیل دۆلۆز»ی فەیلەسووفی جیاوازی(٢) دەڵێت لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت، کە تیوریستانی سیاسیی ڕادیکاڵ (لەوانە فێمێنیستەکان) هەوڵ دەدەن فەلسەفەیەک لە بارەی ئەوی دیکەبوون و جیاوازییەوە پێشکەش بکەن. ژمارەیەک لە فێمێنیستەکان گوتوویانە دەبێت بنبەستی یەکسانی کە تیایدا ژنان تەنیا بە یەکسانبوون لەگەڵ پیاواندا و لێرەوە سڕینەوەی جیاوازیی جنسی (نێوانیان) بە یەکسانی دەگەن، بەجێ بهێڵین. بە بڕوای ئەوان شێوەیەکی تازەی بیرکردنەوە پێویستە، شێوەیەک کە بتوانێت جیاوازی بسەلمێنێت و نرخ بۆ ئەوی دیکەبوون دابنێت و بێ ئەوەی یان بەرگری لە سیاسەتێکی تۆتالیتارانە بکات کە لەسەر بناغەی گشتیبوونی درۆزنانە دامەزراوە، یان بەرگری لە سیاسەتی زنجیرە پلەییانە بکات کە تیایدا بەهای پیاوانە و ژنانە لە یەکدی جیا دەکرێنەوە و یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ دەکرێت. هەر ئەم گەڕانە بەدوای ئەخلاق و سیاسەتێکی نوێی فێمێنیستیدایە کە تێگەیشتن لە بیروباوەڕەکانی نیچە بەزەبر (بالقوة) سوودبەخش و خەباتگێڕانە دەکات. لێرەشدا هێرشەکانی نیچە بۆ سەر هیومانیزمی لیبڕاڵی بە هەڵگری سوودێکی پۆزەتیڤی شێمانەی (احتمالی) بۆ لیبڕالیزمی ڕادیکاڵ بوو، دەزانن. فێمێنیزمی ڕادیکاڵ (وەک چۆن لە بیروباوەڕەکانی فۆکۆدا دەیبینین) سوبژێکتی مرۆیی عاقڵ و نامێژوویی بیروباوەڕی سیاسیی لیبڕالیزم ڕەخنە دەکات. ئامانج نەک

وازهێنانە لە دروشمە لیبراڵییەکانی خودسـالاری و فەردییەت، بەڵکو دووبارە بیرلێکردنەوە و ژیاندنەوەی بناغەکانیانە.

دەبێت لە بارەی ئەم جۆرە بەکارهێنانەی نیچەوە، پرسیارێکی زۆر بهێنرێتە ئاراوە: بە سەرنجدان لە پەیمانبەستنی نیچە لەگەڵ حکومەتی ئەرستۆکراتی و لایەنگرێتی بۆ پیاوەتیی ناپلیۆن تا چ ئەندازەیەک بیروباوەڕەکانی ئـەو دەتوانێت بۆ پێشکەشکردنی سـیاسـەتی فێمێنیستی جیاوازیخوازی، سوودمەند بێت؟ ئـایـا سـەروکارکردن لەگەڵ نیچەدا تەنیـا لە ڕوانگەی شـێوازەوە بـۆ فێمێنیزم و بە شـێوەیەکی گشتییش بۆ بیرکردنەوەی سـیاسـیی ڕادیکاڵ بەسـە؟ یان دەبێت قسـە لـە ناوەڕۆکی گوتەکانیشی بکەین؟ ئامانجی مـن لەم فەسـڵەدا ئەوەیە نە سیتیماتیکانە کار بکەم و نە گشگیرانە، بەڵکو دەمەوێت تێگەیشتنێک بۆ وتووێژە سەرەکییەکان و مەسەلە کلیلییەکان، بەدەستەوە بدەم.

## نیچە و فێمێنیزمی ئەورووپی

دیدگاکانی نیچـە لـە بـارەی ژنەوە هەم جۆراوجۆرن و هەم ئاڵـۆز. ناکـرێت «فەلسەفەیەکی ژن»ی ڕێکـوپێکـی لـێ هەڵبهێنجێنرێت. ئەم دیدگایانە کۆمەڵێک ئاڕاستەوەرگرتن و پێشداوەریی دژ بەیەک دەردەخەن، کە تیایدا نیچە هەم ڕەگەزی ژنانە وەک شتێکی بەهێز و سەرەوژێرکەر ستایش دەکات، هەم کاتێک لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵداری و دایکایەتی جیا دەبێتەوە، لێی دەترسێت.

نیچە فێمێنیزمی لیبراڵیی ئەورووپی ڕەخنە دەکات و دەکەوێتە دژایەتیی ئەو شتەی ناوی دەنێت خەسانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیدابوونی سیاسەتـی ئیحساسـات لـەسـەر بـنـاغـەی بـەهـا ڕەگەزدۆستییەکان. ئەو هێرش دەکاتە سەر ئەو بیروباوەڕانەی

که دەڵێت ژنان هەر ئەوەندەی خاوەن مافی یەکسان بن، ئیدی ڕزگار دەبن. هەندێک پارچە دەقی بەرهەمەکانی بە ڕاشکاوانە دەریدەخات کە ئەو سەرجەم مەسەلەی ڕزگاریی ژنانی بە شتێکی گومڕاکەرانە زانیوە. بە بڕوای نیچە بیروباوەڕە مۆدێرنەکان لە بارەی کۆمەڵگە و سیاسەتەوە بوونەتە هۆی دابەزینی ئاستی بیرکردنەوەی ئێمە لە بارەی دەور و ئەرکی ژن و پیاوانەوە. ژنانی مۆدێرن بۆ خەباتکردن لەپێناوی «مافی یەکسان»دا هان دەدرێن، بەڵام ئەم خەباتە ئەگەر سەر بگرێت دەبێتە هۆی لەناوچوونی لەسەرخۆی دەسەڵات و هێزی ژنان. نیچە لە پارچەیەکدا لە بارەی «ژنی یۆنانی»ەوە کە لە ساڵەکانی ١٨٧٠–١دا نووسراوە، ڕووبەڕووی ئەو دیدگایەی ئەفلاتوون دەبێتەوە کە پێی وایە ژنان دەبێت لە ڕووی ماف و زانین و ئەرکەوە خاوەن بەشێکی کامڵ و یەکسان بن (ژن، ل٢١، سەرجەمی بەرهەمەکان، ٧، ل١٧٠)(٣). ئەو دەڵێت ئەفلاتوون بە بەرگریکردن لە ڕووخانی پەیوەندیی زنجیرەپلەیی ژنان و پیاوان کە تیایدا پیاوان لە بواری «کولتوور»دا چالاکن و ژنانیش لە بواری «سروشت»دا، بە تەواوی فریوی بەهێزترین ژنانی سەردەمی کلاسیکی خواردووە... ژنانێک کە خۆیان نەیاندەزانی تەنیا بە سنووردارکردنی چالاکیی خۆیان لە بواری دایکایەتیدا بەهێز دەمێننەوە. نیچە دەڵێت ژنان لە کۆمەڵگەی یۆنانیدا لە پلەی دایک و خاوەن منداڵدا خاوەن جێگەیەک بوون «کە بڵندترین ئیرادەی دەوڵەت (hochste stautswile) پێی بەخشیبوون» (هـ س. پ ل٢٤، ل١٧٢)(٤) ژنان لە یۆنانی کلاسیکدا خاوەن ڕێزێک بوون کە ئیدی لە دوایەوە هەرگیز خاوەنی نەبوون. گرنگیی ئەوان دەگەڕایەوە بۆ خۆفیداکردنیان لە بواری گومناویی ژیانی تایبەتیدا و تەرخانکردنی ژیانی خۆیان بۆ منداڵبوون و

پەروەردەکردنی کوڕانی مەزن. نیچە دەنووسێت: «ژنی یۆنانی وەک دایک دەبێت لە گومناویدا (Dunkel) بژیی، چونکە غەریزەی سیاسی (Politische Trieb) و مەزنترین ئامانجەکانی ئەوەی دەیوست» (هـ س. پ ل٢٣، ل١٧٢).

ئەم دیدگایە چەند ساڵێک دوای ئەمە لە «مرۆیی، زیاد لە سنوور مرۆیی»شدا، دەربڕیندرا. نیچە لە پارچەی «٢٥٩»ی ئەم بەرهەمەدا کولتووری کلاسیکیی یۆنان بە «کولتوورێکی پیاوانە (Cultor de manner) (کە وەرگێڕانی وشەبەوشەی بریتییە لە «کولتووری پیاوان») ناو دەنێت، کە تیایدا گرنگترین پەیوەندی، پەیوەندیی هاوجنسبازیی پیاوانی بەتەمەن و کوڕانی لاوە. ئەوەی حوکمڕانی پەیوەندیی ژن و پیاوی دەکرد «پەروەردەکردنی منداڵ و لەزەتی جەستەیی بوو». «ئاڵوگۆڕی ڕۆحی» یان «عەشقی» ژن و پیاو هان نەدەدرا، چونکە بە بڕوای نیچە ئەم مەسەلەیە ژێرپێی کولتووری یۆنانییەکانی خاڵی دەکرد. ئەو لەسەری دەڕوات و دەڵێت: کردنی ژنانی وەک «ئەلەکترا» و «ئەنتیگۆنە» بە سیمای سەرەکیی تراژیدیای یۆنانی، تەنیا «لە هونەردا تەحەمول دەکرا، لە ژیاندا کەس نەیدەویست». نیچە ئەم پارچەیە بەم شێوەیە کۆتای پێ دەهێنێت: «ژنان ئەرکێکی دیکەیان جگە لە بەدنیاهێنانی جەستەی جوان و بەهێز دەبوو، کە تا ئەو جێگەیەی دەشێت خاوەن خەسڵەتەکانی باوک بن و هەر لێرەوە ئەرکیان ڕێگەگرتن لەو هەژانە نێورۆتیکییە بوو کە خەریک بوو لە کولتوورێکی وا پێشکەوتوودا بەهێز بێت. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کولتووری یۆنانی بۆ سەردەمێکی بە ڕێژە درێژ بە لاوی بمێنێتەوە، چونکە مەزنی (نبوغ) یۆنانی لە بوونی دایکانی یۆنانیدا بەردەوام بۆ سروشت دەگەڕایەوە» (مرۆیی، ٢٥٩).

نیچە لەگەڵ بزوتنەوەی فێمێنیزمی ئەورووپیدا نییە، چونکە بە سەرەوژێرکەری بەرهەمهێنانی کولتووری دەزانێت. بەم شێوەیە ئەو ژنانی خوازیاری سەربەخۆی ئابووری و مافی سیاسی بە «مێینە نەزۆکەکان» ناو دەبات، کە بێزارن لەو ژنانەی باش دروست بوون (واتە ئەو ژنانەی توانای زانینیان هەیە). «هەنووکە، بۆچی ئەم کتێبە باشانە دەنووسم؟» ٥٠. مەسەلەی نیچە ئەوەیە لە کاتێکدا هێزی جنسییانەی ژنان دەناسێتەوە و بە قازانجی لەزەتی جنسیی ژنان و دژی پاکژی لە هاوسەریدا قسە دەکات، بەڵام ئاوسبوون و منداڵدارییش کە بە بڕوای ئەو سروشتی ژنان کامڵ دەکات و بێ بوونیشی دەیانکات بە کەسانی قین لە دڵ، بە ئەرکە پێویستییەکانی ژنان دەزانێت.

بە بڕوای نیچە یەکێک لە مەترسییە گەورەکانی بزوتنەوەی ژنان ئەوەیە کە لە هەوڵدانیاندا بۆ ڕووناککردنەوەی ژنان سەبارەت بە ژنێتیی خۆیان، فێریان دەکەن ترس لە پیاوان فەرامۆش بکەن. ئەو دەڵێت بەم کارە ژن واتە «ڕەگەزی لاواز»، لە ژنانەترین غەریزەکانی خۆی دوور دەکەوێتەوە. (لە سەروو ٢٣٩). نیچە دەپرسێت: بۆچی ژنان دەبێت بیانەوێت وەک پیاوان بن لە کاتێکدا «وەزن و هونەر»ی ژنان لە دڵڕفێنی و شۆخوشەنگی و ساویلکەییاندایە؟ بۆچی دەبێت ئەوان بە دوای دۆزینەوەی «هەقیقەت»ی ژندا بن، لە کاتێکدا هونەری گەورەیان درۆزنی و گرنگترین مەسەلەی جێی سەرنجیشی «سەروسیما و جوانییە» (هـ س. پ ٢٣٢). نیچە دەڵێت بە پێچەوانەی «بیروباوەڕە مۆدێرنەکان» لە بارەی ژن و پیاوەوە، دەبێت پەروەردەی واقیعی سەبارەت بە پەیوەندیی ڕەگەزەکان لە کولتووری ڕۆژهەڵاتدا بدۆزرێتەوە.(٥) بە بڕوای ئەو پیاوی ئیدراک (لەوانە

ئیدراکی کاری باشی سەختگیرانە و سەختکۆشانە) دەبێت ژن بە سامان (Besitz) یان دارایی (Eigenthum) بزانێت، کە دەکرێت لە جێگەیەکی ئاساییشدا هەڵبگیرێت. شتێک کە مەحکومە بە خزمەت و گەیشتن بە کەماڵ لە خزمەتکردندا» (هـ .س. پ، ٢٣٨). نیچە لە بزوتنەوەی ژناندا «کەرێتییەکی پیاوانە» دەبینێت کە تەنیا دەتوانێت ببێتە هۆی فاسدبوونی ژن. هیچ شێوەیەکی «پەیمانی کۆمەڵایەتی» ناتوانێت نایەکسانیی ژن و پیاو و نادادپەروەری نێوانیان لەناو ببات (زانین، ٣٦٣). ئەو دەڵێت ئەم مەسەلەیەش وەک زۆر مەسەلەی پەیوەندیدار بە بیروباوەڕە مۆدێرنەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەڕەنسی و دروشمی یەکسانییەکەی. دەبێت بۆ ڕاوەستان لە بەرانبەر ئەم فاسدبوونەی ژندا ڕەگەزەکان فێر بن کە ئەوەی پیاو ناچار بە ئافەرینگوتن بە ژن دەکات «خەسڵەتی ژن، واتە چنگاڵی پڵنگ لە دەستکێشدا، ساویلکەیی خۆپەرستیی ئەو، توانای پەروەردەنەبوون و زاتی دڕندانەی ئەوە» (لە سەروو ٢٣٩). نیچە لەم ڕووەوە ستایشی ناپلیۆن دەکات کە بەسەر دروشمە ساویلکەکانی شۆڕشدا سەر کەوت و جارێکی دیکە «سەروەریی مرۆڤی بەسەر بازاڕیبوون، زۆرینەی بێکولتوور و ژندا سەقامگیر کرد کە مەسیحییەت و ڕۆحیەتی سەدەی هەژدەیەمە و لەمەش زیاتر بیروباوەڕە مۆدێرنەکان لوس و نازپەروەرییان کردبوو» (زانین، ٣٦٢).

نیچە شوناسەکانی ژن و پیاو بە دیدێکی واقیعییەوە تاووتوێ دەکات، وەک ئەو کاتەی لە پارچە دەقی «١٣»ی «لە سەروو چاکە و خراپە»وە دەڵێت: پیاو و ژن هەردووکیان خۆیان لە بارەی یەکدییەوە فریو دەدەن، چونکە ئەوەی بۆ ئەوان پیرۆز و شایانی ڕێزە، تەنیا ئارەزووەکانی خۆیانە. هەر لەم ڕووەوەیە کە پیاو ئارام و گوێڕایەڵی دەوێت، ئەمەش لە کاتێکدا

ژن لە خۆیدا نائارام و دڕندەیە، هەروەها نیچە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە ڕووبەڕووی مەسیحییەت دەبێتەوە کە نەفرەت لە بنەماکانی ژیان دەکات؛ لێرەوە مەسەلە جنسییەکان بە پیس و ناپاک دەزانێت (خۆرئاوای، «ئەوەی من قەرزاری بیریارانی کلاسیکیم»)،(٤). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و سەرەڕای هەندێک لایەنی پۆزەتیڤ لە بیروڕاکانی نیچەدا لە بارەی ژنەوە، بەڵام ئاراستەی باڵادەست بەسەر بیرکردنەوەیدا ئەوەیە کە ژیانی ژنان لە بنەڕەتدا کورت دەبێتەوە بۆ دایکایەتی و منداڵداری، ژنان سەبارەت بە ئەنجامی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان ناچار بە بینینی «دەورێکی لاوەکین» (لە سەروو ١٤٥). ئەو، هەر ژنێک بیەوێت کارێکی جیاواز لە منداڵداری بکات (وەک لێکۆڵینەوە) لە ڕووی جنسییەوە بە «نەزۆک» ناو دەبات (لە سەروو، ١٤٤).

## نیچە، خود، شێواز و ژن

ئەستەمە بڕوا بکەین ئەو فەیلەسووفەی دەڵێت دۆستی واقیعی ژنان ئەو کەسەیە کە پێیان دەڵێت «ژن دەبێت لە بارەی ژنەوە خامۆش بێت» (لە سەروو، ٢٣٢). وەک بینیمان «ژنانی ئازادبوو» بە سوکایەتییەوە ناو بنێت «مێینە نەزۆکەکان»، دەتوانێت سوودێکی بۆ فێمێنیزم هەبێت، بەڵام تێڕوانینە تازەکانی ژمارەیەک لە ژنانی فەیلەسووف و چالاکی سیاسی بۆ بیروباوەڕەکانی نیچە، هەڵگری خاڵی پۆزەتیڤ و بەهێزی ئەوتۆیە کە ڕێگە بۆ سوودوەرگرتن لە دید و دەقەکانی نیچە بە ئاراستەی فێمێنیزم و پراکتیکی سیاسی دەکاتەوە. بۆ نموونە «ڕۆزالین دیپروز» گوتوویەتی ڕەخنەی نیچە لە خودی هیومانیزمی مەسیحییەت و لیبراڵیزم واتە ڕەخنەی نیچە لەو بیروباوەڕەی کە پێی وایە لە پشت هەموو کارێکی مرۆڤەوە

خودێکی نەگـۆڕ و جێگیـر و سـەقامگیر بـوو هەیە، هەڵگری «شێوەیەکی پۆزەتیڤی بەرگریکردنە لە بەرانبـەر دەسـەڵاتی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی گونجانکاریدا، بەتایبەتی بۆ ئەو خاڵەی جێی سـەرنجەکانی فێمێنیستەکان و خەباتیان دژی خودگەری گونجاوە.(٦) بیروباوەڕی نیچـە لە بارەی خودەوە هەڵگری جەختکردنە لە گومان، فرەشوناسـی و سـەلماندنی «خودی» خۆڕسـک وەک کارێکی هونەری کە تیایدا مرۆڤ ئازادانە کەسایەتیی خۆی خاوەن شێواز دەکات، هەموو ئەمانەش یارمەتیی پێشکەشکردنی شێوەیەکی بیرکردنەوەی فێمێنیستی دەدات... شێوەیەک کە هەوڵ دەدات خودێتیکردنی شوناسی مرۆڤ چ ژن و چ پیاو، کە جیاوازیی سادەیان لەناو دەبات، بڕوخێنێت. ئەو سوبژێکتە ئەفسانەییەی کە دەبێت بەم شێوەیە بکەوێتە بەر هێرش و بونیادشکێنی، سۆبژێکتی پیاوی کۆمەڵگەی بۆرژوازی و مێژووی بۆرژوازییە: «بۆ نیچە «ئەوی دیکە» کە زۆر جار بە هۆی ئەخلاقی یەکسانییەوە دەکەوێتە بەر مەترسی، نەک ژن بەڵکو ڕۆحی ئەرستۆکراتییە کە هەندێک جار ستەمکار، هەندێک جـار نهێنیئامێز و هەمیشـەش ئاوارتنـە (استثناء). شێوەی نیچە بۆ هەڵبژاردنی قوربانییەکی ئەرستۆکراتی تەنیا بۆ خوێنەری هاوچەرخ کەمێک سەرسووڕهێنەرە و هەندێک تەفسیرکەری ناچار بە ڕەخنەکردنی کردووە، بەڵام هەوڵی نیچە بـۆ ڕزگارکردنی سـیمای نوخبە و کەم تا زۆر بە هەیبەت لە دەست کارەکانی دەوڵەتی دیموکراسی تا ئەندازەیەک بەرهەمی زەرورەتی مێژووییە. نموونەی ڕزگاری لە سەردەمی دەرکەوتنی تاکەکەسیی لیبراڵیی سەدەی نۆزدەدا بەر لە هەر کەسێکی دیکە مرۆڤی شەریفی ڕازاوە بە بیرەوەری ئەرستۆکراتیی یۆنان بوو، بەڵام ئێستا چیدی وا نییە: سەدەیەک «یەکسانی»، زنجیرە

بەهای خۆی دروست کردووە و لێرەوە سیستمێکی پێک هێناوە کە جیاوازییەکان پەراوێز دەکات و لەناوی دەبات. لەم ڕووەوە هیچ بەهانەیک بۆ سڕینەوەی ئاشکرای ژنان بە هۆی نیچەوە نەماوە.»(٧).

بڕێکی زۆر لە خەسڵەتی کاردانەوەی ڕادیکاڵیزمی ئەرستۆکراتییانەی نیچە لە بێزاری (ressentiment) پیاوێکی شەریفەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەست دەکات ئیمتیازەکانی لە مەترسیدایە و ئەو بەهایەش کە بۆ جیاوازی و ماوەی (فاصلة) دادەنێت، لە حاڵەتی لەناوچووندایە. دیپرۆز دەڵێت دژ بە فێمێنیزمی نیچە «ئەوەندە نەگونجاو (نامنسجم) نییە، بەڵام نیشانەی بێزاریی خودی ئەوە»(٨). بە بڕوای دیپروز ڕەخنەی نیچە لە یەکسانخوازیی سەدەی نۆزدە بۆ بزوتنەوەی فێمێنیستی خێرکەرانەیە و ئەم لایەنەش ڕۆژبەڕۆژ و لەگەڵ کامڵبوونی بزوتنەوەی فێمێنیستیدا زیاتر کەوتووەتە بەر سەرنجی فێمێنیستەکان. گرووپە ستەملێکراوەکان لە هەوڵیاندا بۆ بەدەستهێنان و سەقامگیریی یەکسانی (بەر لە هەموو شتێک یەکسانی لە بەردەم یاسادا) زۆر جار تووشی ئەو هەڵەیە دەبن کە دەیانەوێت جلوبەرگی ستەمکاران، یان سەروەرانی خۆیان لەبەر بکەن. ئەوان بە شێوەیەکی پاکی شایەنی تێگەیشتنخوازیاری بەشێک لە دەسەڵاتی سەروەرەکانی خۆیانن، بەڵام ئەم گرووپانە لە هەوڵیاندا بۆ بەدەستهێنانی ئەم خواستە زۆر مرۆڤانەیە ناتوانن لەو خاڵە تێبگەن کە ئەو یاسایەی ئەوان یەکسان دەکات، یاسایەکە دەسەڵاتداران پێناسیان کردووە و دایانناوە، بۆ نموونە بۆ ژنانی سەردەمی پیاوسالاری، یاسا بریتییە لە یاسای پیاوانە.

ژاک دێریدای فەیلەسووفی فەڕەنسی لە وتارێکی خۆیدا لە

بارەی نیچە و ژنەوە دەڵێت ڕادیکاڵبوونی نیچە دەگەڕێتەوە بۆ خودی شێوازەکانی بیرکردنەوەی و پراکتیکی نووسین کە لە قبووڵکردنی شوناسگەلێکی نەگۆڕ یان پێشکەشکردنی خودە جێگیرەکان ڕا دەکات. کاتێک نیچە لە پێشەکیی «لە سەروو چاکە و خراپەوە» دەڵێت سەرجەم فەیلەسووفانی پیاو لە گریمانەیاندا بۆ هەقیقەت دۆگما بوون و ئەمەش بەراورد دەکات بە هەڵسوکەوتی ناشییانەیان لەگەڵ ژناندا، ئەو خاڵە دووبارە دەکاتەوە وەک چۆن هەقیقەتێکی یەکتا و یەکپارچە لە بارەی ژیان و واقیعەوە بوونی نییە کە بیدۆزینەوە، هەر واش هەقیقەتێک لە بارەی ژنیشەوە نییە، چونکە ژنیش وەک هەقیقەت بوونی نییە. خاڵە ورووژێنەرەکەی تێڕوانینی دێریدا بریتییە لەوەی ڕەخنەکانی نیچە لە فێمێنیزمی کلاسیکی هەڵگری ئەم پەیامە «پاشفێمێنیستییە»یە کە هەوڵی ژنان بۆ پێناسکردنی «ژن بە شێوەیەکی هەمەکی» دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵەکانی خودگەریی نەریتی پیاوانەی فەلسەفەی ڕۆژئاوایە. ئەو دەنووسێت: «فێمێنیزم هیچ نییە جگە لە کاری ژنێک کە دەیەوێت وەکو پیاو بێت. ئەم بزوتنەوەیە ژن دەخەسێنێت و بێشێواز (بێ ئسلوب)ی دەکات»(٩).

ڕەنگە گرنگترین تێڕوانینێک کە لە وتارەکەدا دەربڕدراوە، ئەوە بێت کە هەوڵی فەلسەفی بۆ زاڵبوون بەسەر واقیعدا ناتوانێت حەقیقەت وەک کارێکی ژنانە پێناسە بکات. نابێت ژنانە لەگەڵ ژنێتیی ژن، یان جنسییەتی ژن تێکەڵ بکەین، واتە نابێت تێکەڵی بکەین لەگەڵ هیچ یەک لەو «بتەخودێتیکراوانەی کە ڕەنگە هێشتا ئارەزووی فەیلەسووفی دۆگما و هونەرمەندێکی بێتوانا، یان گومڕاکەرێکی بێئەزموندا ببزوێنێت کە هێشتا لە چنگ هیوا ساویلکەکانی بۆ دەستبەسەراگرتنی سروشت، ڕزگاری

نەبووە»(١٠). بە بڕوای دێریدا دەکرێت لە بەرهەمەکانی نیچەدا سێ سیمای ژن بناسینەوە. ئەو نەخشە سیانییەی کە بەسەر نووسینەکانی نیچەدا باڵادەستە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

پیاو بوو، پیاو لەم ژنە خەسیوە دەترسا.

پیاو بوو، پیاو لەم ژنە خەسێنەرە دەترسا.

پیاو بوو، ئەو ئەم ژنە تەئیدکەرەی خۆش دەویست.(*)

کیلی ئولیوار ئەم جۆرناسییەی ژنی لە نیچەدا بە هاوجووتی سێ خواست زانیوە: خواستی هەقیقەت، خواستی تەوەهم و خواستی دەسەڵات. مەبەست لە ژنی خەسیو، «فێمێنیستێکە کە ژن نەفی دەکات بۆ ئەوەی خۆی وەک پیاو بسەلمێنێت»(١٢). ژنی خەسیو لەبری خولقاندنی هەقیقەت و فرەشوناسی بانگەشەی دۆزینەوەی هەقیقەت، دۆزینەوەی ژن وەک بوونەوەرێک «لە خۆیدا و بۆ خۆی» دەکات. ئەو لە هەوڵدانیدا بۆ دۆزینەوەی «هەقیقەتی بابەتی»ی ژن، نەفیی ئازادیی سەلماندنی گومان و هەمەڕەنگیی مانا دەکات. بەم شێوەیە ئەو فێمێنیستەی کە بە دوای بابەتیبووندا دەگەڕێت، دوژمنی شەپۆلی ژیان و ژیان وەک خواستی دەسەڵاتە(١٣) «ژنی خەسێنەر» هونەرمەندێکە کە گەمە بە هەقیقەت دەکات بۆ ئەوەی سیمای خۆی بگۆڕێت و بەرگری لە بەرانبەر هەوڵی میتافیزیکزاندا بکات، کە دەیەوێت لە خاکێکی دیاریکراودا دایبنێت و ماناکەی جێگیر بکات، بەڵام ئەم جۆرە ژنە بە ئاسانی دەتوانێت فریوی خەیاڵەکەی بخوات کاتێک بە دەمارگیرییەوە بە دروشمەکانی خۆیەوە دەنووسێت و فەرامۆشی ئەوە دەکات کە خۆی دروستی کردوون: «ئەو ئەکتەری دەوری ژنێکی گرگنی هیسترییە. ئەو هۆکاری خۆی، واتە خەیاڵەکەی خۆی لەگەڵ ئامانجدا لێ تێک دەچێت. ژنی خەسێنەر ڕیوایەتێکی تری ژنی خەسیوە(١٤). ژنی تەئیدکەر

دەلالەت لە خۆباڵادەستیی خواستی هەقیقەت و خواستی تەوەهم دەکات. ئەو هێزێکی دیونیوزیسییە، کە دەست لە هەموو بونیادەکـان و دڵنیاییـەکان هەڵدەگـرێت، «دایکێکی ڕەسـەنە، واتە خواسـتی ماندوونەناسـی لەدایکبوونی ژیانە کـە هەمان خواستی دەسـەڵاتە»(١٥). سەرەڕای ئەمـە: «ئەو منداڵدانێکی خاڵییە، ئـەو فـەزا و منداڵدانێکە کە هەموو شتێک سـەرچاوەی لێوە وەردەگرێت. ئەم فەزایە، ماوەیە (فاصلة)؛ ژنی تەئیدکەر ئوبژێکتێک نییە لەم ماوەیەدا، ئەو خۆی ماوەیە. ئەو بوونی نییە وەک ماوە، وەک فەزا- منداڵدانێکی ڕووت. ژن بوونی نییە وەک چۆن هەقیقەت بوونی نییە»(١٦).

دێریدا شێوازەکانی نووسینی نیچە (وەک دەرئەنجامی کاری ژنانە) بۆ پشتیوانیکردنی لە شێوازی دیسترالمشن و ڕەخنەی ئەو شـتە بەکاری دەهێنێت کـە نـاوی دەنێـت «میتافیزیکی ئامادەبوون» کە تیایدا بوون یان خود هۆشـیاری هەمیشـە لە بەرانبەر خۆیدا ئامادەیە. ئەو مەسەلەی شـێواز دەکات بە مەسەلەیەکی سـتراتیژی کە تیایدا بۆ خۆلادان لە هەر جـۆرە خودگەری و تەزاگەلێکی نەگۆڕ ئەگەری شـێوازێکی نووسین کە لە بنەڕەتدا دواخەر و دیارینەکراوە، تاووتوێ دەکرێت(١٧). دێریدا ئەم خاڵە بەم شـێوەیە دەردەبـڕێت: «خوێندنـەوە لە چنگی ئاسۆی مانا یان هەقیقەتی بوون ئازاد دەبێت، لە دەستی بەهاکانی بەرهەمهێنان یـان ئامادەبوونی هەنووکـە ڕزگاری دەبێت. بەم شێوەیە مەسەلەی نووسین یەکسەر دەگۆڕێت بۆ مەسەلەی شێواز»(١٨).

تێڕوانینی دێریدا بۆ نیچە سەرەڕای درەوشانەوەی ئاشکرای، بەڵام تێڕوانینێکی گرفتئامێزە. بـە بڕوای من ئـەو خاڵە بـە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر هۆ و ئامانجی سیاسی و پراکتیکی

گرنگە، کە مەسەلەی ژن کورت نەکەینەوە بۆ ئاستی وێنە یان خوازەیەکی ڕووت کە تەنیا خەسڵەتی مەجازێکی بەیانی هەیە. ئەو قسەیەی دێریدا کە نیچە بە دەستی ژن دەنووسێت، لەگەڵ بەهێزبوونی خامۆشیی زیانبەخشی فەلسەفە سەبارەت بە ژنان، ئەو مەترسییەی لەگەڵدایە کە سوکایەتیپێکردنی ژنان دووچەندان بکات. ئەگەر فەیلەسووفانی پیاوی وەک نیچە و دێریدا دەتوانن بە دەستی ژن بنووسن، ئەی فەیلەسووفانی ژن چ دەور و ئامانجێکیان هەیە؟(١٩) وەک ڕۆزی برایدۆتی نووسیویێتی: «ئایا سەیر نییە ڕێک لە سەردەمێکی مێژووییدا کە ژنان لە ڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی و تیۆرییەوە دەنگی خۆیان بە کەسانی دیکە دەگەیەنن، گوتاری فەلسەفی (واتە بواری بە تەواوی مانا (Parexcellence) پیاوانە) مەسەلەی ژن بۆ خۆیان پاوان دەکەن؟(٢٠). ئایا ئەوە خودی دێریدا نییە کە بە دوورخستنەوەی مەسەلەی ژنان لە شانۆی سیاسەت (دەسەڵات) و گۆڕینی بە مەسەلەی شێواز، ژن دەخەسێنێت؟ دێریدا لە وتارەکەیدا بۆ جارێکیش ئاماژە بۆ خەباتی تیۆری و پراکتیکیی بزوتنەوەی فێمێنیزم ناکات. ئەو، ئەو ڕاستییە بە جیددی وەرناگرێت کە دیدی نیچە هەر هەمان ئەوەیە کە گوتوویەتی و بەڕاستی بڕوای وایە ژنان دەبێت نە دەسەڵاتی سیاسییان هەبێت و نە نفوزی کۆمەڵایەتی. وەک یەکێک لە تەفسیرکەران ئاماژەی پێ کردووە تاووتوێکردنی دێریدا لە بارەی مەسەلەی ژن لای نیچە وەک مەسەلەی شێوازی دەربڕین، «مەسەلەی کۆمەڵایەتیی ژن لە بواری کولتووریدا دەسڕێتەوە»(٢١). ئەم تاووتوێکردنە ستراتیژێکە کە لە ئەنجامدا دەگاتە پیاوێکی ئایدیالیکراو، ژنێکی ئایدیالیکراو، چەمکێکی ئایدیالیکراویش بۆ شێوازی دەربڕین. لە کاتێکدا خوێنەری بەرهەمەکانی نیچە دەزانێت کە خەریکە

چی دەخوێنێتــەوە و دەتوانێـت ئەگـەر بیـەوێت هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە بەرانبەر بەو بەرهەمانە وەربگرێت، ئەوا خوێنەری بەرهەمەکەی دێریدا مەحرومە لە دەستگەیشتن بە مەسەلەی جنسییەت. چ لە بەرهەمەکانی نیچە و چ لە نەریتی فەلسەفیی ڕۆژئاوادا بەگشتی. خەسڵەتی دیاری هەڵوێستی دێریدا ئاڵۆزی و پەرشوبڵاویی ڕووتە(٢٢).

مەترسیی قبووڵکردنی ئاڕاستەوەرگرتنی گاڵتەجاڕانەی دێریدا لەوەدایە کە دەتوانێت جنسییەت، واتە هەمان ئەو مەسەلەیەی کە دەیهێنێتە پێشــەوە، بگۆڕێت بە نامەسەلەیەک یان بیگۆڕێت بە مەســەلەیەک کە تەنیا گرنگییەکی گومانلێکراوی بـۆ ئــەو فەیلەسووفە دۆگمایانە هەیە کـە هیچ ناسـین و ئاشنایەتییەکی واقیعییان لە جوانییەکان و دڵڕفێنییەکانی ژنان نییە.

«گیان وشەیەکە بۆ دەربڕینی شتێک لە جەستەدا» (زەردەشت، «لە بارەی سوکایەتی پێکەرانی جەستەوە»). فەیلەسووفی ڕاستەقینە کەسێکە کە دەزانێت بیرکردنەوەکانی لە ناو دەروونی ئازاری ئەزموونەوە لە دایک دەبن، ئازارێک وەک ئەزموونی منداڵبوون پێویستی بە خوێن، دڵ، گەرما، لەزەت، سۆز، ڕەنج، ویژدان، چارەنووس و کارەسات هەیە (زانین، پێشەکی، ٣). تەنیا ئازاری گەورەیە کە بە قووڵترین تێڕوانینەکان لە بارەی چارەنووسی مرۆڤەوە، چەکدارمان دەکات. نیچە ئەو خاڵە گرنگە بە بیر دەهێنێتەوە کە ئەزموونکردنی ئازارێکی لەم چەشنە ئێمە ناکات بە مرۆڤێکی باشتر، بەڵکو تەنیا دەمانگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی ئەندێشە قووڵتر. دەبێت ئامانجی ئەم ڕاهێنانە مەترسیدارانە بۆ باڵادەستی بەسەر خوددا نەک بۆ فەرامۆشکردنی خود، بەڵکو بۆ گۆڕانی مرۆڤ بێت بۆ مرۆڤێکی گۆڕاو و جیاواز. ئەو دەڵێت ئێمە هێشتا دەتوانین عاشقی ژیان بین، بەڵام دەبێت ئەم عەشقە

بە عەشقی ئێمە بۆ کەسێک (بۆ ئەو، عەشق بۆ ژنێک) بەراورد بکرێت کە هەنووکە گومان و دوودڵی تیا دروست کردووین (هـ . س. پ).

سارا کۆفمان ئاگادارمان دەکاتەوە کە بە شێوەیەکی پەلەو هەڵنەسەنگێنراو نیچە بە فەیلەسووفێکی ئاشکرا دژ بە ژن ناو نەنێین. ئەو دەڵێت ئەوەی کە نیچە لە پێشەکیی چاپی دووەمی «زانینی شاد»دا (١٨٨٧)، باوبۆ واتە دەڵەدێویی یۆنانی بە ڕەمزی هەقیقەت دەزانێت، زۆر پڕ مانایە، چونکە لە ڕێگەی باوبۆوەیە کە چەمکەکانی بەرهەمهێنی و بەپیتیی ژنانە دەهێنرێتە ئاراوە. سیمای باوبۆ لە ڕازەکانی ئۆلیسیسدا دەردەکەوێت، وەک پوری «دیمیتر» کە خودای بە پیتییە و وەک ژنێکی نەزۆک لە خەمی لەدەستدانی «پرسە خونە»ی کچیدا دانیشتووە. باوبۆ بە بردنەسەرەوەی کراسەکەی و پیشاندانی سکی خۆی کە وێنەیەکی تیا کێشراوە، دیمیتر دەهێنێتە پێکەنین. جووڵەی بردنەسەرەوەی کراسەکە بە مەبەستی بزواندنی دیمیتر و گێڕانەوەی بۆ دنیای بەپیتی، ئەنجام دەدرێت. کۆفمان لە خوێندنەوە پڕ داهێنەرەکەی خۆیدا بۆ نیچە، بەپیتیی ژنانە دەبەستێتەوە بە ئەندێشەی بەرهەمهێنی هەقیقەتەوە. نیچە لەو بەشەدا کە باسی ئەم دەڵەدێوە هەرزەیە دەکات، دەنووسێت ئازایانە لە ئاستی ڕووبەر، ڕوو و ڕووکەشن و ستایشکردنی دیاردا ڕابوەستین* و بەم شێوەیە لە «قووڵڕوانینەوە» بگەین بە «ڕووکەشبینی». کۆفمان ئەفسانەی «باوبۆ» گرێ دەدات بە تێگەیشتنی نیچەوە بۆ فەلسەفە و هەقیقەت؛ سیمای باوبۆ پیشانی دەدات کە لۆژیکی سادە هەرگیز ناتوانێت تێبگات کە ژیان نە قووڵە و نە سادە، لە پشت هەر پەردەیەکەوە پەردەیەکی دیکە هەیە، هەروەها ئەم سیمایە دەلالەت لەوە دەکات کە دیار

دەبێت ئێمە نەک بۆ بەدبینی و گومانکاری، بەڵکو بۆ پێکەنینی سەلمێنەرانەی (تەئیدکەری) بوونەوەرێکی زیندوو ڕا بکێشێت کە دەزانێت ژیان سەرەڕای مەرگ بە شێوەیەکی نەبڕاوە دەگەڕێتەوە».(٢٣).

نیچە بە پیشاندانی حیکمەتی ژیان لە باوبۆدا هەقیقەت لە ئەندامەکانی منداڵبوونی ژندا پیشان دەدات، کە نموونەی بەپیتی و خولقاندنی ژیانی نەمرانە و تایەی خولقاندن و پووکانەوەی خولقاندنە... تایەیەک کە بە مانای خواستی دەسەڵات، خواستی پاکێتی و خواستی خود باڵادەستییە لە ڕێی بەرهەمهێنانی ڕەگەزەوە (تولید مسل). کۆفمان ئاماژە بەوە دەکات کە «لە ڕازەکانی ئولیسیسدا ئەندامی جنسیی ژن وەک سیمای بەرهەمهێنان و زامنکەری تازەکردنەوەی ژیان و گەڕانەوەی نەمرانەی هەموو شتێک ستایش دەکرێت»(٢٤)، بەڵام ئەوەی کۆفمان فەرامۆشی دەکات ئەوەیە ئەگەرچی نیچە چەمکی بەرهەمهێنی و بەپیتیی ژنانە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ بەکار دەهێنێت، بەڵام ڕێگە بە خودی ژنان نادات ببن بە فەیلەسووف (ئەوان ئەگەر ئارەزوویەکی لەم چەشنەیان هەبێت، لەزگەی لێکۆڵەرەوە نەزۆکەکانیان پێوە دەلکێنرێت. کە وا بوو دەبێت بەهای پۆزەتیڤ تیڕوانینەکانی نیچە بۆ فەلسەفە و هەقیقەت لە بارەی نووسینی ژنانەوە بە جیددی بخەینە ژێر پرسیارەوە.

دواجار لەو بڕوایەدام پێویستە گومانێکی واقیعی لە دڵی بیرکردنەوەکانی نیچەدا پیشان بدەین، گومانێک کە زۆر جار ئەم بیرکردنەوەیە لە نێوان دوو جۆری ئابووریی لیبیدۆیی تەواو جیاوازدا دیل دەکات. بیرکردنەوەی نیچە لە لایەکەوە پیشاندەری «ئابووریی کۆکردنەوەیە» (کە دەلالەت لە چەمکی موڵکایەتی، خاوەندارێتی و سوودوەرگرتن و لەم بابەتە دەکات و

له لایەکی دیکەوە ئاشکراکەری «ئابووریبەخشینە» کە جەخت نەک لە «خاوەندارێتی» یان «بەدەستهێنان»، بەڵکو جەخت لە «دەستبڵاوی» و «بەخشین» دەکات. بۆ نموونە ئەم خاڵە دەتوانێت ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی تێزی «خواستی دەسەڵات» لە نووسینەکانی نیچەدا، دوو شکڵی تەواو جیاواز و نەگونجاو بە خۆیەوە وەردەگرێت؛ خواستی زاڵبوون و دەسەڵات و خواستی ئازادهێشتن و وازلێهێنان (Gellassenheit) بەڵام سەرەڕای پیشاندانی ئەم جیاوازییەش لە بەرهەمەکانی نیچەدا، تێگەیشتنی ئەم خاڵە پێویستە کە خواستی دەسەڵاتی نیچە، تەنانەت لە شکڵی بەخشینیشدا هێشتا بە ئاشکرا چەمکێکی پیاوانەیە، چونکە خواستی هێزێکی پشتبەستوو بە خود، سەربەخۆ و خودسالارە کە لەسەر بناغەی نەفیکردنی هێزەکانی ئەوی دیکە سالار (بە دیاریکراوی ژن وەک «ئەوی دیکە») ڕاوەستاوە (بەتایبەتی تەماشای «زەردەشت» بکەن «لە بارەی چاکەی بەخشینەوەوە» پارچە دەقی١).

لە نێوان بیریارانی هاوچەرخی فەڕەنسیدا، لوس ئیریگارای زۆرترین هەوڵی بۆ ئاشکراکردنی «مەسەلەی ژن» لە فەلسەفەدا ئەنجام داوە. ئەگەرچی ڕەنگە ئەم هەوڵە گرفتئامێز بێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار «ئیرگاری»یان بە خودگەرییەکی بایۆلۆژییانەی خۆهەڵوەشێنەرەوە تاوانبار کردووە، بەڵام دەکرێت بۆ بەرگریکردن لەو دەکرێت بگوترێت کارە زۆر هەڵە درککراوەکەی ئەو بریتییە لە ئاشکراکردنی ئەزموونێکی ئاڵۆز و نازنجیرە پلەیی لە جیهان، کە تیایدا بۆ یەکەم جار دەنگی ژن لە گوتاری فەلسەفی وەلاوە نراوە، دەبیسترێت(٢٥) ئیریگارای بە شێوەیەکی فێرکەرانە سەرچاوەی گرفتەکانی خۆی و هەر هەوڵێک بۆ ئاشکراکردنی دەنگی ئەوی دیکە

پیشان دەدات: ژن هیچ دیدێکی کراوە و هیچ گوتارێکی نییە کە شـوناسی پێ ببەخشێت. بەم شێوەیەیە کە ژن دەورێکی چالاکی لە گۆڕانکارییەکانی مێژوودا نییە، چونکە ژن هیچ نییە جگە لە سـێبەرێکی هێشتا جیانەکراوە لە ماددەیەکی بەهەست، زەخیرەیەک بۆ نەفیکردن و باڵابوونی خود، یان بوونەوەرێکی دروستکراو بۆ هەنووکە)(٢٦).

هەوڵی ئیریگارای بۆ «نووسین لە بارەی جەستەوە» بـە ئاماژەکردن بـۆ ئەندامـە زایینییـەکانی (تناسلی) ژن بـۆ وەسفیکردنی ئابووریی لیبیدۆی لەسـەر بناغـەی بەرکەوتن، هەست، جووڵە و گەمەی هەمیشەیی، تەحەدای پێشداوەری و گریمانە نێرسەنتەرییەکانی عەقڵ و عەقڵانییەتی پیاوانە دەکات، کە هێشتا بەسەر گوتاری فەلسەفی و دەزگاکانی ژیانی سیاسیی ئێمەدا زاڵە.

ئیریگارای لە مامەڵەی عاشقانەی خۆی لەگەڵ نیچەدا، بانگەشـەکانی نیچـە وەک فەیلەسـووفی دایکانـە و جەسـتە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. تێگەیشتنەکانی ئەو بۆ نیچە تەحەدای تێگەیشتنەکانی کۆفمان دەکات. ئەو ترس و نیگەرانی و خەون و کابووسەکانی نیچە لە بارەی ژنەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بێزارییەکی بنەڕەتی لە بیروباوەڕەکانی نیچەدا پیشان دەدات: تۆ دەڵێیت پیاوێک کە بەڕاستی عاشق بێت لە کەمتەرخەمییەکانی مەعشوقەکەی نابوورێت. هەر ئەمەش دەریدەخات کە تۆ چەند تێگەیشتنێکی لاوازت بۆ ڕێگەگرتن لە شەڕکردن لەگەڵ ژنەکەتدا هەیە. تۆ حەسـوودی و نەفرەتی خۆت بۆ شـەو هەڵدەگریت؛ بەڵام من دەمەوێت خەوەکانی نیوەشەوی تۆ تەفسیر بکەم و دەمامک لەسەر ئەم دیاردەیە (واتە شەوی تۆ) لا بدەم. تۆش ناچار بە سەلماندنی ئەو خاڵە بکەم کە ئەوەی پەنجەی دەخەمە

سەر ترسناکترین وەسوەسەی تۆیە. بۆ ئەوەی دواجار تێبگەیت لە چ شتێک لە هەموو شتێک زیاتر بێزاریت. منیش بتوانم لەگەڵ تۆدا بجەنگم و زەوی بکەمە موڵکی خۆم و چیدی کۆیلەی سروشتی تۆ نەبم، تۆش دواجار نەتەوێت تەنیا خودایەک بیت کە هەیە»(٢٧).

نیچە تەنیا بە نکۆڵیکردن لە واقیعیەت «ئەزموونی سەربەخۆی ژن لە بارەی جیهانەوە، ژن بە سەرچاوەی ژیان دەناسێت. دەستگەیشتنی ژن بە جیهان لە ڕێی پیاوەوە، هەمیشە شکڵی هەڵوێستێکی نزم بە خۆیەوە دەگرێت، هەڵوێستی کۆیلەیەتی و ناچاری. هەر لێرەوە تەئیدکردنی ژن لە لایەن نیچەوە هەڵگری نەفیکردنی بوونی خودسالارانەی ژنە: ئەو واز لە ژن ناهێنێت و ڕێگەی نادات کە بۆ خۆی قسە بکات. ئیریگارای لە بارەی سڕینەوەی ژن لە لایەن نیچەوە، دەنووسێت: ئەگەر ژنت بۆ تەئیدکردنی بوونی خۆت دەوێت، ئەوا بۆچی ڕێگە نادەیت کە پێچوپەناکانی ئەم بوونە بپشکنێت؟ بۆچی ڕێگەی ئازادیی قسەکردنی پێ نادەیت؟ لێگەڕێ ژن لەو جێگەیەوە کە گۆڕانیی کۆتایی کاری تۆ دەخوێنێت بە تۆ بڵێت؛ نەو».(٢٨).

نیچە بە هۆی خواستی خۆیەوە بۆ دەستگەیشتن بە مەحاڵ واتە خواستی خۆی بۆ لەدایکبوونی خود وەک فەیلەسووفێکی خۆدروستکەر، بێزاریی بنەڕەتیی خۆی لەو شتەی کە زۆرترین جێگەی شایەنی ڕێز و گرنگیپێدانێتی، واتە بێزاریی خۆی لە خولڤاندنی دایکانە، ئاشکرا دەکات. ئەم بێزارییە دەکرێت بەو بێزارییە بەراورد بکرێت کە نیچە لە خواستی ڕابردوو و هەموو ئەوانەی کە هەبووە دەیدۆزێتەوە. ئیریگارای لە بارەی ئەم خاڵە ئاڵۆز بەڵام چارەنووسسازەوە دەڵێت:

بێگومان دوا خواستی تۆ ئەمەیە: کۆنترۆڵکردنی مەحاڵی

خواستی خود کورتەی مێژووی تۆ بریتییە لەدایکبوونی فڵان و فیسار بەرهەم، یان فڵان و فیسار منداڵی، بەڵام دوا ئەندێشەی تۆ لەدایکبوونی خودی خواستتە. گەورەترین بێزاریی تۆش ئەوەیە کە ناتوانیت وا بکەیت، چونکە تۆ یان کارێک دەکەیت کە بە کەڵکی خواستت بێت یان خودی خواست بەکار دەهێنیت، بەڵام کەرەستەی لەدایکبووی منداڵییەکی لەم چەشنە چۆن دەدۆزیتەوە؟ ئیریگارای بە دیدێکی قووڵەوە ماهیەتی بێزاریی پیاوانەی نیچە لە ژیان و ژن تاووتوێ دەکات: تۆ بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی سەرجەم منداڵەکانی خۆت دەتەوێت سەرلەنوێ بێیتە دنیاوە؛ وەک باوک؟ یان وەک منداڵ؟ ئایا بوونیشت بە شێوەی ئەم دوانە و لە هەمان کاتدا، هەمان ئەوشتە نییە کە ڕیسی خواستی تۆ دەکاتەوە بە خوری؟ چونکە تۆ بۆ باوکبوون دەبێت زاوزێ بکەیت، دەبێت تۆوەکەت لە تۆ بچێتە دەرەوە و بڕژێتە دەرەوە. دەبێت بە ڕۆژ، بەیانیان و ئێواران ئەوانە دروست بکەن کە نیتن؛ بەڵام ئایا لەڕاستیدا خواستی تۆ ئەوە نییە کە خێرا هەموو شتێک ڕابکێشیتە دەروونی خۆتەوە و یەک خۆر بیت و یەک خۆریشت هەبێت؟ زەمەنیش تەنیا بۆ خۆت ڕاوەستێنیت؟ بزوتنەوەی سەرکەوتن و هاتنەخوارەوەی جینالۆجیاش دوا بخەیت؟ سەرەتا و کۆتایی هەموو شتێکیش لە سنوورێکی کامڵ و بازنەیەکی کامڵدا بەیەکەوە گرێ بدەیت؟»(٢٩).

نیچە دەیەوێت دەستی بە مەحاڵ بگات و بە گەڕانەوە بۆ دواوە پێ بنێتە دنیاوە. بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش ناچارە بە تەفسیرکردنی ژن وەک بوونەوەرێک کە کامڵبوونی بەستراوە بە پیاوەوە، بێنرخی بکات (ئەمەش لە کاتێکدا کە لەڕاستیدا هاتنە دنیای هەر پیاوێک و بوون بە خاوەن بەهرەی ژیانی، بەستراوە بە ژنەوە).

بێزاریـی نیچـە لـە سـەربـەخـۆی داهێنەرانەی ژنان لـەو وەسفەدا دەردەکەوێت کە بۆ ژنی ڕزگاربووی دەکات: وەک مێینەیەکی نەزۆک، بەڵام سەرنج بدەن هیچ شتێکی تایبەتی و تاکانە لە بێزاریی نیچەدا نییە: نموونەیەکە لە هەمان بێزاریی پیاوسالارانە. وەک پیتر سلاتریج گوتوویەتی تێگەیشتنی نیچە بۆ خودسالاری و خۆدروستکردن لە ڕێی خۆبەرهەمهێنانەوە، تێگەیشتنێکی پیاوانەیە. بەو مانایەی کە ئەو سوبژێکتەی دەیهێنێتە پێشەوە، سوبژێکتێکە دەبێت سەربەخۆ و مەغرور لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و ئەوەش سەرکوت بکات کە لە دیدی ئەوەوە لەدایکبوونی دزێو و نەفرەتئەنگێز کردووە (واتە ژن)، لەدایکبوونێک کە پەیوەستی دەکات بە ژنەوە. نیچە باس لە پێویستیی ڕزگاربوونی خود لە دیدی دڵدا تێکهێنەری مرۆڤی لەبارچوو، گرگن و ژەهراوی دەکات.(٣٠) سلاتریج پرسیارێکی چارەنووسساز دەهێنێتە پێشەوە کاتێک دەپرسێت: ئایا «ئەم خۆبەرهەمهێنانە تەنیا هەوڵێک بۆ ڕاکردنێکی ڕەسەن لە خاڵی دەرچوونێکی تەحەمولنەکراو نییە»(٣١). ڕاکردنی نیچە لە خاڵی دەرچوونی مرۆیی زیاد لە سنوور مرۆیی خۆی و ئێمە دەبێتە هۆی نەفرەتیی ئەو لە مرۆڤی میانڕەو، نەخۆش و سروشتی و ژن.

نیچە لە «زەردەشت وای گوت»دا پەیوەندییەکانی ژن و پیاو بەپێی پێشداوەرییە ئەرستۆکراتییەکانی خۆی تەفسیر دەکات. بۆ نموونە لە گوتاری «لە بارەی ژنانی پیرولاوەوە» پیاو بە «قووڵایی» و ژن بە «ڕووکەش» ناو دەنێت. پەیوەندی نێوانیان لەسەر بناغەی بەرزونزمی یەکێکیانە. پیاو بۆ ژن تەنیا یەک ئامێرە، ئامانج منداڵە: «هەموو مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە ژنەوە تەنیا ڕێگەچارەیەکی هەیە کە ئەویش ئاوسبوونە». بۆ پیاو، ژن

هەم مەترسی و هەم یارییە «پیاو دەبێت بۆ جەنگ پەروەردە بکرێت و ژنیش بۆ بەرهەمهێنانەوەی جەنگاوەر: هەر شتێکی دیکە حەماقەتە». سەرەڕای ئەمە «خۆشبەختیی پیاو لەوەدایە کە بڵێت: «من دەمەوێت» خۆشبەختیی ژن لەوەدایە کە بڵێت «پیاو دەیەوێت». پێشگریمانەکانی نیچە لێرەدا لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی جنسی ڕاوەستاوە، چونکە ڕووکەشیبوونی ژن لەو ڕووەوە نییە کە یەک نهێنی و یەک گومانە (وەک دێریدا دەڵێت)، بەڵکو لەو ڕووەوەیە کە دەزانێت ئەو هیچە: ژن بۆ بەخشینی قووڵایی و مانا بە بوونی خۆی پێویستی بە پیاوە.

تێڕوانینی ئیریگارای دەریدەخات کە چەمکی خولقاندنی ژنانەی نیچە زۆر کێشەئامێزە. دەبێت بزانرێت کە پیرۆزکردنی دایکایەتی لە کولتووری پیاوسالاریدا وەک ئامێرێکی سوودمەند بۆ هێشتنەوەی ژنان لە دیلێتی و ژێردەستیدا کاری کردووە. ئەهلی بەیت، مەحرەمەکان و تا دوایی، بەڵام سەلماندنی بەرهەمهێنان و خولقاندنی ژنانە بەناچار مانای کورتکردنەوەی ژن نییە بۆ ئاستی دایک. مەسەلەی چەمکی خولقاندنی ژنانە ئەوەیە کە کەوتووەتە دەست فەیلەسووفانێکی پیاوەوە کە ژنانیان بەدناو کردووە و بە شێوەیەکی گشتییش یارمەتیی سڕینەوەی ژنانیان لە گوتاری فەلسەفی و دەزگاکانی ژیانی گشتی داوە، گوتاری داهێنەرانەی ژنانیان نەفی کردووە و ئەوانیان بۆ بێدەنگی ڕاکێشاوە؛ ئەگەریش لە هەندێک بابەتی ئاوارتەدا ڕێگەی بەشدارییان پێ دراوە، ئەوە ئەمە بەو مەرجە بووە کە وەک پیاوان قسە بکەن.

## ئەنجامگیری

دەکرێت بگوترێت نیچە تەنیا کاتێک بۆ بیرکردنەوەی ڕادیکاڵ لە بارەی خەسڵەتی ژن و پیاوەوە گرنگی دەبێت، کە مەسەلەی

شێواز بگۆڕدرێت بە مەسەلەی سیاسەت و مێژووی کاریگەر. دەبێت بەر لە هەموو شتێک مەسەلەی ژن و پیاو بە مێژووی ستەملێکراوی ژنان و پیاوسالارییەوە ببەسترێتەوە. ئەم دوو مەسەلەیە لە یەک جیا نین: وەلاوەنانی ژنان لە فەلسەفە دەبێتە هۆی وەلاوەنانیان لە ژیانی گشتی و زاڵبوونی بەها پیاوانەکان بەسەر بەها ژنانەکان لە ژیانی سیاسیدا. تەنانەت ئەو کاتانەی بۆ نموونە فەیلەسووفێکی وەک ئەفلاتوون بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆیەوە، یەکسانیی ژنان بە ڕەسمی دەناسێت، ئەوا ژنان دەبێت تایبەتمەندیی ژنانەی خۆیان (هەست، سۆز، شهود و لەم بابەتە) کۆنترۆڵ بکەن و خاوەن تایبەتمەندییەکانی پیاوان بن. وەک «دیاناکۆل» ئاماژەی پێ کردووە «ژنانی ڕزگاربوو، ژنانێکن لە خەسڵەتی پیاوانەوە نزیک بن، واتە عەقڵانی و لەسەرخۆ، ڕێکوپێک، خودسالار و ململانێخواز و لەم بابەتە بن»(٣٢).

گوتاری فەلسەفەی سیاسی لەسەر کۆمەڵێک دوالیزمی (پیاو/ ژن، عەقڵ/ ئارەزوو، گشتی/ تایبەتی) ڕاوەستاوە، کە بایەخی پێکهاتەی مێژووی خۆی وەک سوبژێکتێکی حقوقی بە بەڵگەنەویست وەردەگرێت. ئەم خودە بێلایەن یان نێرەمووک نییە، بەڵکو پیاوەکە پڕە لە فەزیلەت و بەهای پیاوانە. وەک چەندان جار فێمێنیستەکان جەختیان لێ کردووە: ئێمە نەک سروشت، بەڵکو مێژووین. ئەندێشەی فێمێنیزمی نوێ تێڕوانینی لیبڕاڵی و هیومانیستانە بۆ شوناسی مرۆڤ بۆ ململانێیەکی زیندوو بانگ دەکات. بیرکردنەوەی سیاسیی لیبڕالییانە بوونی سوبژێکتێکی مرۆیی بە شتێکی بەدیهیی عەقڵانییەت و خودسالارییش بە پێشگریمانە وەردەگرێت، بەڵام ئاشکرایە کە شوناسەکانی ئێمە وەک سوبژێکتێکی سیاسی و حقوقی لەسەر بناغەی نەفیکردنی ژن و مێینە، واتە نەفیکردنی ڕەگەزەکەی دیکە دروست کراوە.

کە وا بوو سیاسەتی پاشمۆدێرن وەک پاشپیاو، دەبێت مەسەلەی جیاوازیی جنسی لە پێشەوەی بەرنامەکانی خۆی دابنێت.

بێگومان ئەم مەسەلەیە زۆر ئاڵۆزترە لەوەی کورتی بکەینەوە بۆ سڕینەوەی ژن و سەلماندنی پیاو. بۆ نموونە دەکرێت بگوترێت مەسەلەی ژن لە فەلسەفە و هونەری ڕۆژئاوا نەسڕاوەتەوە، بەڵکو تەنیا کەوتووەتە دەست پیاوانەوە (بۆ نموونە نیچە). لە کاتێکیشدا ئەو فەیلەسووف و هونەرمەندە پیاوانە لەبەر پیشاندانی لایەنەکان و سیفەتەکانی ژنانە ستایش دەکرێن، ئەوا لەگەڵ هونەرمەندانی (هەر هونەرمەندان) ژندا کە بەها و ڕەهەندە پیاوانەکان پیشان دەدەن، بە ناژن و لادەرانی نامەعقول لە سروشت تاوانبار دەکرێن. لێرەوە پیاوان دەتوانن شوناسی خۆیان لە ڕوانگەی سیفەتی پیاوانە و ژنانەوە پیشان بدەن، بەڵام ژنان ئەم ئازادییەیان نییە و ئەرکی ئەوان بینینی ڕۆڵی نەگۆڕ و خاوەنداریێتیی شوناسە سنووردارەکانی کولتووری پیاوسالارە. من لێرەدا شوناسی ژن بە خەسڵەتی بەرکاری (انفعالی) کۆیلەئاسا وەک دەستەمۆیی، کەوتوویی و سەبرکەر و لەم بابەتە دیاری ناکەم. وەک چیرۆکی باوبۆ پیشانی دەدات ژن ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە بە پیشاندانی شەهوەتاوی و هەرزەگیی ژیر و ڕووکەرەوەی تێڕوانینە باوەکان بۆ ژنێتی، بلەرزێنێت و تێکی بدات.

یەکێک لەو نووسەرانەی تەحەدای لکاندنی شوناسە جنسییە نەگۆڕەکان بە ژن و پیاوەوە دەکات «هیلنە سیکۆس»ە.

ئەویش وەک ئیریگارای لە هەوڵی خۆیدا بۆ ئاشکراکردنی «نووسینی ژنانە» ڕووبەڕووی تۆمەتی خودگەریی بایۆلۆژییانە بووەتەوە. یەکێک لە گرفتەکانی سیاسەتی ڕادیکاڵی جنسی لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە «ئەوی دیکەبوون» هەرگیز لە

مێژوودا تەحەمول نەکراوە، بەڵکو هەمیشە لە بەردەم هەڕەشەی دەستبەسەرداگرتن و تواندنەوەدا بووە. سیکۆس سوورە لەسەر ئەوەی داوامان لێ بکات بە ئاگادارییەوە قسە لەسەر مەسەلەی جیاوازیی جنسی بکەین و دەڵێت دەبێت دوالیزمەکانی پیاو– نێر و ژن– مێ بە «بەڵام» و ئەگەر بەکار بهێنین و تێبگەین کە هەموو پیاوان ژنێتیی خۆیان سەرکوت ناکەن، لە حاڵەتێکدا کە هەندێک لە ژنان تەنیا پیاوەتیی خۆیان پیشان دەدەن و بە پێچەوانەوە. کە وا بوو جیاوازی لەسەر بناغەی ئەو ڕەگەزانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دیاری کراون دابەش نابێت(٣٣). ئەو، ئەم خاڵە دروست لەبەر ئەوە دەهێنێتە پێشەوە کە لە مەترسیی کەوتنە ناو داوی تەفسیری خودگەرانەوە ئاگادارمان بکاتەوە: «پێشبینیی ئەوەی کە جیاوازیی جنسی لە زەمەنێکی دیکەدا دووسەد یان سێسەد ساڵی دیکە؟ بە چ شێوەیەک دەبێت، مەحاڵە! بەڵام نابێت هەڵە بکەین: لە تۆڕێک دەستنیشانکردنی کولتووری دێرینەدا، گرفتاربوون کە بە هۆی ئاڵۆزییانەوە ڕەنگە لەناو نەچن. ناتوانین باس لە ژن لە بەرانبەر پیاودا بکەین بێ ئەوەی بکەوینە داوی شانۆییەکی ئایدیۆلۆژییەوە، کە تیایدا زۆربوونی مەزەنەکان، خەیاڵەکان، ئەندێشەکان، ئەفسانەکان و شوناسوەرگرتنەکان خەیاڵی هەر کەسێک گۆڕدراو و لادەر و بەردەوام دەگۆڕێت و هەر لە پێشەوە هەموو جۆرە چەمکسازییەک بێبایەخ دەکات.»(٣٤).

مەبەست چییە؟ سیکۆس ئێمە بانگ دەکات بۆ گۆڕانی بناغەیی ڕەفتار و ڕۆڵی و زیهنییەت و سیاسەتەکان، گۆڕانێک کە ناتوانرێت کاریگەرییەکانی لە ئاسۆی تەنگیی ڕوانگەکانی هەنووکەوە ببینرێت. ئەو بۆ چاکسازیی ڕیشەیی، پەنجە دەخاتە سەر سێ شت، یەکەم: گۆڕانێکی بنەڕەتی لە

بونیادەکانی پەروەردەکردندا، گۆڕانێک کە کار دەکاتە سەر بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی مانا، ئەفسانە و مەزەنە دەکات. دووەم: ئازادیی جنسی بە ئامانجی گۆڕانی پەیوەندیی هەر کەسێک بە جەستەی خۆیەوە بە ئاڕاستەی سەلماندنی دووجنسییەتی و نزیکبوونەوە لە «جیهانی فراوان، ماددی، ئۆرگانیکی و هەستپێکراوی کە ئێمەین. سێیەم: گۆڕانی سیاسیی دەزگا و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە بێ گۆڕانی ئابووریی سیاسی، هیچ گۆڕانێک لە ئابووریی لیبیدۆیدا ناتوانێت دروست بێت. بە بڕوای سیکۆس لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا نە ئەو شتانە دەمێنێتەوە کە ئێمە ئەمڕۆ بە ناونیشانی پیاوانە و ژنانەوە دەیانناسین، نە لۆژیکی جیاوازی لە سنووری دوالیزمیی باڵادەستی شێوەی نێرسەنتەرییانەی ئیستدلال و شکڵی پیاوانەی سیاسەتدا، دەمێنێتەوە.

ئەوەی بۆ جێبەجێبوونی ئەم شتە پێویستە، هاتنە ناو دنیا و لەدایکبوونی ئەو شتەیە کە نیچە ناوی نا سۆپەرمان، مرۆڤگەلێکی نوێ کە مرۆڤی هەنووکەیی ئەم ئاژەڵە نەخۆشەی بەجێ هێشتووە. نیچە فێری کردین «ئێمە دەبێت ببین بە کەسانێک کە هەین» بە گوتەی سیکۆس: پیاوان و ژنانێک کە «ئاڵۆز، جوڵەکەر و کراوە»ن. سۆپەرمانەکان کە دەبن بە شتێک کە «هەن»، پیاوان و ژنانێک دەبن کە شوناسیان لە هەموو شتێک تەنانەت لەوەی کە نیچە دەیتوانی لە تۆفانیترین خەونەکانی خۆیدا بە خەیاڵیدا تێبپەڕێت، زیاتر دەڕوات.

## پەراوێزەکان

* He was, He dreaded this castrated woman.

He was, He dreaded this castrating woman.

He was, he loved this affirming woman.

* دەقی نووسینەکەی نیچە لەو پێشەکییەدا بەم شێوەیەیە: «ئاه! ئەم یۆنانییانە چەند ژیانیان دەزانی! ئەم جۆرە ژیانە پێویستی بە ئیرادەی دلێرانەی لە ڕووکەشدا مانەوە هەیە، پێویستی بە ئیکتیفاکردن بە پەردە و چارشێو و ڕووکەش هەیە، پێویستی بە ستایشکردنی دیار هەیە...» (و. ک).

* ئەم وتارە فەسڵی نۆیەمی ئەم کتێبەی خوارەوەیە:

کیت ئانسل پیرسون: هیچ انگار تمام عیار. ت: محسن حکیمی – انتشارات جسته. چاپ اول ۱۳۷۵.

1-See James A. Winders. Gender, Theory, and the Canon (Madison: University of Wisconsin Press, 1991), PP. 120-3

2-Gilles Deleuze, Nietzche and Philosophy (1962), trans. H. Tomlinson (London: Athlone Press, 1983).

٣- وەرگێڕانی ئینگلیزیی ئەم پارچە دەقە لە بەرگی دووەمی کۆی بەرهەمەکانی فردریک نیچەدا، (لندن، ت. ن. فولیس، ۱۹۱۱)دا نییە. دەقی تەواوی ئەم پارچە دەقە لە بەرگی حەوتەمی ئەم کۆمەڵەیەی خوارەوەدا دەتوانین ببینین:

G. Collis and M. Montinars Kritische Studienausgabe (Munich, Berlin/ New York, Deutscher Taschenbuch Verlag, Walter de Gruyter, 1988), 7 (122), pp. 170-6.

ئەم پارچە دەقە لە بنەڕەتدا فەسڵی سیازدەیەمی ڕیوایەتی سەرەتای «زانینی تراژیدی» پێک هێناوە. بۆ خوێندنەوەی نەخشەی سەرەتای ئەم پارچە دەقە بڕوانە کۆی بەرهەمەکان، ۲۷ ص۱۳۵.

٤-تێگەیشتنی لەو خاڵە گرنگە کە کاتێک نیچە باسی «دەوڵەتی یۆنان» دەکات، مەبەستی «دولت»، «نەتەوە یان نەژاد» نییە.

لێرەوەیە، بۆ نموونە لە یاداشتی ساڵی ۱-۱۸۷۰ کە لە بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی پاش مردنیدا (Nochluss) هاتووە دەڵێت: «بنەمای نەتەوایەتی» (Nationaliaenprincip) لە بەراوردکردن بە دەوڵەتشاردا (Studt – Stuat) «تفتییەکی بەربەرییانەیە». بڕوانە کۆی بەرهەمەکانی، ۷، ۷ (۳۷)، ص ۱٤۷. ڕەنگدانەوەی قسەکانی نیچە دەتوانین لەو پارچەیەدا بدۆزینەوە کە نیل ئاشرسۆن لە بڵاوکراوەی Independent on Sunday ۳۱ ژانویەی ۱۹۹۳دا لە بارەی نائارامی و ململانێکانی یۆگسلافی پێشووەوە

نووسیویەتی: «ئێمە وشەیەکمان بۆ دەستکردنی ڕەگوڕیشەکانی ئەم قەیرانە نییە، بەڵام ئەفسانەکانی ئیمپراتۆرە مردووەکان و ئەفسانە بێبایەخبووەکانی نەتەوایەتیی نەژادییانە دووبارە دەکەینەوە. ئاتنی سەدەی پێنجی میلادی (لە کاری ئێمە) سەری دەسووڕمێت. بۆ ئەو دەوڵەتشار یان پۆلیس، بونیادێک بوو نەک پەیوەندییەکی خوێنی. لەمەش گرنگتر، ئاتن لە بێتوانایی ئێمە بۆ وەسفکردنی نەتەوەکان بە دەربڕینی مەعقول، نەک بە دەربڕینێک کە بە خورافات و نیمچە زانست تەومژاوی بووە، سەری دەسووڕمێت، چونکە پەرێشانی دنیای نوێش و بەر لە هەرشتێک، لە سەری ئێمەدایە».

٥- دوژمنایەتیی نیچە لەگەڵ تیڕوانینی ئەورووپای مۆدێرندا بۆ ژن تا ڕادەیەک لە شۆپنهاوەرەوە وەرگیراوە، کە دەنووسێت: «ژنی ڕۆژئاوایی، واتە خانم لە پێگەیەکی درۆزنانەدا ڕاوەستاوە، چونکە ژن بە هیچ شێوەیەک شایانی ئەوە نییە کە بابەتی ڕێزگرتنی ئێمە بێت و سەری خۆی لە پیاو بڵندتر ڕا بگرێت، یان خاوەن مافی یەکسان بەو بێت... خانمی ئەورووپی مەخلوقێکە لە بنەڕەتدا نابێت بوونی هەبێت: ئەوەی دەبێت هەبێت ژنانیماڵەوە و کچانێکن کە هیوادارن ببن بە ژنی ماڵەوە و هەر لێرەوە پەروەردە کراون نەک بە غرورێکی لوتبەرزانە، بەڵکو بە شێوەیەکی ماڵی و دەستەمۆ. هەر لەبەر بوونی خانمەکانە کە ژنانی ئەورووپی بێ پایەوپلە کە دەبێت بگوترێت زۆرینەی ئەم ڕەگەزە پێک دەهێنن، زۆر نابەختەوەرترن لە ژنانی ڕۆژهەڵات». وەرگیراوە لە:

Essays and Aphorisms, trans. R. J. Hollingdale (Middlesex: Penguin, 1970), p. 87.

6-Rosalyn Diprose, ‘Nietzsche, Ethics, and Sexual Difference , Radical Philosophy, 52 (summer 1989), pp. 27-33, p.31.

7-Ibid.

8-Ibid., p. 32.

9-Jacques Derrida, Spurs. Nietzsches Styles, trans . B. Harlow (Chicago: University of Chicago Press, 1979), p. 65.

10-Ibid., p. 55.

11- Ibid., p. 101.

12-Kelly Oliver. «Woman as Truth in Nietzsche›s Writing”, Social Theory and Practice, 10:2 (1984), 185-99, at 187.

13- Ibid., p. 188.

14- Ibid., p. 193.

15- Ibid., p. 195.

16- Ibid., p. 196.

17-Winders, Gender, Theory, and the Canon, p. 121.

18-Derrida. Spurs, p. 107.

19-Kelly Oliver. "Nietzsches Woman: the Poststructuralist Attempt to do away with Women , Radical philosophy, 48 (Spring 1988); 25-9.

20-Rosi Braidotti, "The Ethics of Sexual Difference: the Case of Foucault and Irigaray› Australian Feminist Studies, 3 (1986), 1-13, at 2.

21-Adrian Del Caro, "the Pseudoman in Nietzsche, or the Threat of the Neuter›, New Gennan Critique, 50 (Spring/ Summer 1990), 133-56, at 145.

22- Ibid., p. 156.

23-Sarah Kofman, "Baubo: Theological Perversion and Fetishism›, trans. T. B. strong, in T. B. Strong and M. A. Gillespie (eds.), Nietzsches New Seas (Chicago: University of Chicago Press, 1988), pp. 175-202. at p. 197.

24- Ibid.

25-See Toril Moi, Sexual / Textual Politics (London: Routledge, 1988), pp. 127-50 for such a critique of Irigaray.

26-Luce Irigaray, Speculum of the other Woman (1974), trans. G. C. Gill (New York: Columbia University Press, 1985), p. 224.

27-Luce Irigaray, Marine Lover of Friedrich Nietzsche, trans. G. C. Gill (New York: Columbia University Press, 1991), p. 25.

28- Ibid., p. 23.

29- Ibid., p. 34.

30-See Peter Sloterdijk, "Eurotaoism, in Tom Darby et al.

(eds.), Nietzsche and the Rhetoric of Nihilism (Ottowa, Ontario: Carleton University Press, 1988), pp. 99–116, at 110–11.

31– Ibid., p. 110.

32–Diana Coole, Women and Political Theory (Brighton: Harvester Press, 1988), p. 3.

33–Helene Cixous and Catherine Clement, The Newly Born Woman, trans. B. Wing (Minneapolis: University of Minnesota Press, 1986), p. 81.

34– Ibid., p. 83.

# نیچە

گفتوگۆ لەگەڵ جەی. پی ستێرندا

***برایان ماگی***

**لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی**

## پێشەکی

**ماگی**: هەر لیستێک بە ناوی هەڵبژاردەیەک لەو فەیلەسووفانەی سەدەی نۆزدەیەم کە لە دەرەوەی بواری فەلسەفەدا فراوانترین کاریگەرییان هەبووە، لانی کەم دەبێت ناوی هیگڵ، مارکس، شۆپنهاوەر و نیچە لەخۆ بگرێت. نیچە تەنانەت لە ئەورووپادا (جگە لە بەریتانیا) کاریگەرییەکی بێسنووری لەسەر فەیلەسووفانیش هەبووە، بەڵام تا ماوەیەک لەمەوبەر جگە لە کەللەڕەقی و بەدگومانی و فەرامۆشکردن، هیچ شتێکی تری لە لایەن فەیلەسووفانی ئینگلیزەوە پێ ڕەوا نەبینراوە. بەم دواییە کارەکانی بە شێوەیەکی دیار بووەتە جێی بایەخێک کە ڕۆژانە ڕوولەزیادبوونە و بۆ یەکەم جاریشە فەیلەسووفانی شیکاریی زمان (یان زمانشیکاری) گرنگیی پێ دەدەن. هەڵبەتە نیچە هەمیشە کاریگەریی قووڵی لەسەر هونەرمەندان (لەوانە هەندێک لە دیارترین نووسەرانی ئینگلیز، وەکو برناردشۆ، ییتس و لۆرەنس) هەبووە. جوانیی پەخشانی، خۆی شتێکی سەرسووڕهێنە و لەم ڕووەوە کەس شان لە شانی نادات.

فریدریش نیچه له ساڵی ١٨٤٤دا له ویلایەتی ساکسۆنی له ئەڵمانیا هاته دونیاوه. که چووه زانکۆ له زمان و زانستەکانی لاتینیی یۆنانیدا زیرەکێکی بێوێنه بوو. هێشتا تەمەنی بیستوچەند ساڵێک دەبوو که به کورسیی مامۆستایی گەیشت، ئەمەش شتێک بوو لەو ڕۆژگارەدا دەگمەن بوو، بەڵام دواتر وازی له وانەگوتنەوه و له زانکۆ هێنا و گۆشەگیریی هەڵبژارد و بوو به فەیلەسووف. بۆ ماوەی شازده ساڵ بەردەوام خەریکی نووسین بوو. زۆربەی نووسینەکانی بریتین له کتێبی قەواره بچووک یان له وتار و پەند و پەرەگرافی کورت. له کتێبه بەناوبانگەکانی: له دایکبوونی (یان سەرهەڵدانی) تراژیدیا، مرۆڤدۆست... فره مرۆڤدۆست، زانستی شاد، ئەودیو چاکه و خراپه و جینالۆجیای ئاکار. له هەموو ئەمانەش بەناوبانگتر کتێبی زەردەشت وای گوت (یان زەردەشت وەها ئاخافت)ه. سەرەتا به قووڵی لەژێر کاریگەریی بیروڕاکانی شۆپنهاوەر و ڤاگنەردا بوو، بەڵام پاشان لێیان یاخی بوو و کار گەیشته ئەوەی هەندێک له دیارترین نووسینەکانی دژی ڤاگنەر بنووسێت. نیچه تا چوار ساڵ بەر له کۆتایی قۆناغی داهێنەرانەی له ژیاندا، خەریکی دامەزراندنی هیچ سیستمێکی فیکری نەبوو، بەڵام دواتر وردەورده بیری لەوه کردەوه که هەموو بابەته سەرەکییەکانی خۆی له یەک بەرهەمدا کۆ بکاتەوه که دەیویست ناوی لێ بنێت ئیرادەی هێز یان هەڵسەنگاندنەوەی بەهاکان، بەڵام ڕۆژگار به ئاراستەیەکی تردا ڕۆیشت. نیچه بەردەوام نەخۆش بوو تا له کانوونی دووەمی ١٨٨٩دا ئەو نەخۆشییه دەروونییەی دووچاری بووبوو، که لەوه دەچێت له ئەنجامی سیفیلیسەوه تووشی بووبێت، به تەواوی پەکی خست و تا کاتی مەرگی له ساڵی ١٩٠٠دا، کەوته چنگی شێتییەوه.

ئەو کەسەی ئێستا لە گەڵمدایە تا پێکەوە دەربارەی نیچە بدوێین، پرۆفیسۆر جەی. پی. ستێرنە، کە مامۆستای زمانی ئەڵمانییە لە زانکۆی لەندەن و نووسەری یەکێکە لە کتێبە بەناوبانگەکان سەبارەت بە نیچە.

**ماگی:** نیچە یەکەمین فەیلەسووف بوو کە بە تەواوی ئەو ڕاستییەی ڕەچاو کرد و ڕووبەڕووی بووەوە کە خەڵکی خۆرئاوا باوەڕی خۆیان بە ئایین و بوونی هەر جۆرە دونیایەکی تر لە دەست داوە. ئەگەر خودا و ئەو دنیا نەبێت، کەواتە دەبێت ئەوە قبووڵ بکەین کە مرۆڤ ئاکار، بەها، حەقیقەت و پێوانە ئەقڵییەکان و هیچ جۆرە پێوەرێک لە دەرەوە خۆی وەرناگرێت و هەموو ئەوانە خۆی وەکو کاردانەوەیەک بۆ پێداویستییەکانی خۆی دەخوڵقێنێت. ئێمە خۆمان بەهاکانی خۆمان هەڵدەبژێرین، یان بمانەوێت زۆر دەستدانەگرین دەبێت بڵێین بە هاوبەشی لەگەڵ ئەوانی تردا دەیخوڵقێنین. تیۆرەیەکی لەم جۆرە زۆر بیربزوێنەو تەواو ئاشوبگێڕانەیە و نیچە تەواو لەم شتەش بەئاگا بوو. ئێوە لەو بڕوایەدان بتوانین لێرەوە باسەکەمان دەست پێ بکەین؟

**ستێرن:** بەڵێ، لەو بڕوایەدام زۆر ڕەوایە لێرەوە دەست پێ بکەین. سەرباری ئەو شتانەی ئێوە دەربارەی ژیانی نیچە گوتتان، بە ڕای من دەبێت باسی ئەوەش بکەین کە ئەو کوڕی خێزانێکی ڕۆحانی بوو. باوکی کە بەر لەوەی نیچە پێ بنێتە پێنج ساڵانەوە کۆچی دوایی کرد، قەشەی کڵێسایەکی لۆتەری بوو. دایکی حەزی دەکرد کوڕەکەی ببێت بە قەشە. نیچە چووە قوتابخانەی شۆلپفۆرتا، کە بەناوبانگترین قوتابخانەی شەوانەڕۆژی پرۆتستانتەکان بوو لە ئەڵمانیا و کاتێکیش چووە زانکۆی بۆن سەرەتا عیلمی کەلامی خوێند.

هێرشی ئەو بۆ سەر ئایینی مەسیحی هێرشێکی توند و پڕ جەنجاڵییە و ڕەنگە لە هەندێک ڕووەوە پڕهەڵچوونیش بێت نەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بێلایەنانە و ئاشتیئامێزانە. هێرشێکە بۆ سەر مەسیحییەت نەک بۆ سەر عیسای مەسیح، ئەو خاڵەی باسیشت کرد کە بەوپێیەی نیچە دەستنیشانی کردووە، مرۆڤی سەدەی نۆزدەیەم دەبوایە بەبێ خۆهەڵپەساردن بەسەر دارعەسای ئیمان و هەر جۆرە پرەنسیپێکی دۆگماتیکدا بە تەنیا لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستایە، بە بڕوای من ئەم خاڵە لایەنێکی تەوەریی بە خۆوە دەگرێت، سەرەتایەکی باشیشە بۆ تێفیکرین سەبارەت بە فەلسەفەکەی ئەو. ئێمە دەبێت بەو چاوەوە سەیری ئەو بکەین کە وەکو تاکەکەس لە قووڵایی بوونیەوە نکۆڵیی لە دادی خودایی و بەزەیی یەزدانی و دەسەڵاتی فراوانی دین کردووە، نەک وەکو ئەو کەسەی کە تەنیا لافی جۆرە خودانەناسییەکی بێتام و بێناوەڕۆک لێ دەدات.

**ماگی**: ئەو ڕێیەی نیچە گرتبوویە بەر، سەرئەنجام گۆڕا بۆ بەرنامەیەکی گومانکردن لە تەواوی بونیادە فیکرییەکانی خۆرئاوا. نیچە دەڵێت ئێمە دیلی دابونەریت و پەیمانەکانین و ژیانمان لەسەر بناغەی کۆمەڵێک ڕێککەوت دادەڕێژین، ئەگەر ئەو شتانەی لەم ڕێککەوتانەدا وەکو بەڵگەنەویست وەرمانگرتووە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەوە و لێیان ڕابمێنین، ڕەتیان دەکەینەوە. بەم جۆرە شێوەی ژیانمان شێوەیەکی نارەسەن و بێ ڕۆحە. پێویستە لەسەر بناغەی ئەو شتانەی کە بەڕاستی هەستیان پێ دەکەین و بڕوامان پێیانە، دووبارە بەهاکانمان هەڵبسەنگێنینەوە.

**ستێرن**: ڕاستە، نیچە باوەڕی تەواوی بەوە بوو و لە هەمان کاتدا هەوڵی دەدا پیشانیشی بدات کە هەم ئەو ساختومانەی لەسەر بناغەی بەهاکانی مەسیحییەت بینا کراوە بێپایە و

ساختەیە و دەبێت سەرنگون بکرێت، هەم ئەو ساختومانەش کە ئایدیالیستەکان بە سوودوەرگرتن لەو بەهایانە بینایان کردووە، شتێکی دیکە دەبێت جێیان بگرێتەوە. هەڵبەتە ئەوەی کە چ شتێک دەبێت جێیان بگرێتەوە شتێکی ئاسان نییە؛ ئەوە ئەو مەسەلەیە بوو کە ئەو بە بەڵگەنەویستی دەزانی و بە پرنسیپی دەژمارد و سەرگوزشتە (لەڕاستیدا هەرا)ی نیچە و شێوازی کاری و تەواوی دیاردەی نیچە لەمەوە سەرچاوەی دەگرت. بەزۆری وا دێتە بەرچاویش کە نیچە لە زۆر ڕووەوە لە فاوست(١) و پیرگینت(٢) دەچێت، کە دوو ڕووخساری نموونەی درامای چاخی نوێن، زیاتر لەوەی لەو فەیلەسووفانە بچێت کە تۆ لەم کتێبەدا باست لێ کردوون. هەڵبەتە لێرەدا من مەبەستم لەوە نییە کە نابێت وەکو فەیلەسووفێکی جیددی سەیری بکەین. بە پێچەوانەوە، بەڕای من دەبێت ئەو وێنایەی بۆ پێناسەی فەیلەسووف هەیە فراوانتر بکرێت.

**ماگی**: دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بەهاکان کە نیچە پێشنیاری دەکات، کارێکی زەبەلاحە و باسەکەمان ڕوونتر دەبێتەوە ئەگەر بابەتەکەمان بەشبەش بکەین. نیچە هێرشی کردووەتە سەر چوار نەریتی سەرەکی لە ژیاری خۆرئاوادا: نەریتی ئاکاری مەسیحی، نەریتی ئاکاری دونیایی کە فەیلەسووفانی ئاکار دامەزرێنەری بوون، ئاکاری ڕەمەکی و ڕۆژانەی خەڵکە ناڕۆشنبیرەکان (یان وەک خۆی ناوی نابوو بەهاکانی گەلەی عەوام)، دواجاریش لانی کەم بەشێک لەو نەریتەی بە میراتی لە یۆنانی کۆنەوە ماوەتەوە. بەتایبەتییش سوکرات.

با بە نۆرە چاوێک بە هەریەک لەمانەدا بخشێنین، دەکرێت دەربارەی ڕەخنەی بنچینەیی نیچە لە بەها مەسیحییەکان کەمێک بۆمان بدوێیت؟

**ستێرن**: به بڕوای من هێرشی ئەو بۆسەر سیستمی بیروباوەڕو ئامانجەکانی مەسیحییەت گەلێک سادە و سەرڕاستانەیە. تەواوی بەها پۆزەتیڤەکانی مەسیحییەت دەخاتە بەر ڕەخنە و ڕەتیان دەکاتەوە: وەکو ئەوەی دەڵێت ئەگەر زللەیەکیان لە ملت دا، ئەولاشتیان بدەرێ، هاوسێکەت وەکو خۆت خۆش بووێت، خەمخۆر و هاوسۆزی ستەمدیدەکان بە، هاوخەمی ئەو کەسانە بە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشخوراون و ئێمە پێیان دەڵێین «چەوساوەکان» (ئەم زاراوەیە کە نیچە بە بیستنیشی بێزار دەبوو). هەموو ئەمانە بێبایەخ دەبن، بەڵام نەک بە شێوەیەکی ڕەهاش، چونکە هەروەکو دواتر دەبینین (حەزیش دەکەم تەواو ئەم خاڵەتان لا ڕوون بێت) نیچە بەردەوام سەرگەرمی خولقاندنی ڕێسای تایبەتە بۆ کەسانی تایبەت و بە توندی دژی بە گشتیکردن و تەشەنەدانە بە ڕێسا (واتە وەکو ئەوەی کانت سەبارەت بە کاری ڕەها کردوویەتی). کەواتە یەکەمین شت ئەوەیە کە هێرشەکەی نیچە ئاڕاستەی مەسیحییەت کراوە نەک کەسی عیسای مەسیح خۆی، لەبەر ئەوەی بە بڕوای ئەو مەسیحییەت لەڕاستیدا لایەنگری دۆڕاوەکانە، لایەنگری کەسانێکە کە ناتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن و پێویستیان بە خەڵکانێک هەیە خەمیان بخۆن، پێویستیان بە سۆز و بەزەیی هەیە و بە شێوەیەکی ناشایستە دەیانەوێت کەسانێک لە دەرەوە هاوخەمیان بن.

**ماگی**: نیچە بۆچی دژایەتیی هاوخەمی دەکرد و ئەوەندە لێی پەست بوو؟

**ستێرن**: ئەگەر خەمخۆرییەکە لە لایەن کەسێکی بەهێزەوە بێت، نیچە لەگەڵیدا ناکۆک نییە. ئەوەی ئەو لێی پەستە پشتگیریکردنی ئادەمیزادی لاوازە، ئیدی سەرچاوەکەی هەرچییەک بێت: لە

کەسێکی دیکە و هەستی هاوخەمییەوە بێت، یان لە ڕێسا و دابونەریتەوە، یان لە یاسا و هەر شتێکی ترەوە بێت.

**ماگی:** هۆی ئەو دژایەتیکردنە چی بوو؟

**ستێرن:** هۆی ئەو دژایەتیکردنەی پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە نیچە لە بنەڕەتدا خوازیاری ئەوەیە ئادەمیزاد لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێت و لە چالاکیی ژیان (elan vital) وەربگرێت و لە ناوەوەیدا لێوانلێو بێت لە ژیان. ئەو کات بەزەیی و هاوخەمی بۆ کەسێکی وەها کە دەبێت پڕ بێت لە ژیان، دەبێتە مایەی نەنگی. هاوخەمیی کەسێکی لەم جۆرە، لاواز و زەبوون دەکات.

**ماگی:** دژایەتیکردنی نیچە بۆ ئاکاری دونیایی و نادینی (واتە بۆ ڕێبازی پایەداری فەلسەفەی ئاکار) چی بوو، کە کەسانێکی وەکو کانت لایەنگری بوون، یان لە سەردەمی نیچە خۆیدا پەیڕەوکەرانی سوودگەری لایەنگری بوون؟ خۆ ئەمیان مۆرکێکی مەسیحییانەی بە خۆوە نەگرتبوو، کەچی نیچە بە هەمان ڕادە لەگەڵیدا ناکۆک بوو، بۆچی؟

**ستێرن:** وای بۆ دەچم هۆیە سەرەکییەکەی ئەوە بێت کە هەر سیستمێکی ئاکاریی دونیایی و نادینی لەسەر بناغەی بەگشتیکردنی مەسەلە تاکەکەسییەکان دادەڕێژرێت، پایەکەی پشتبەستنە بە لایەنی گشتیی مەسەلەکان. بە ڕای نیچەش گشتی و ڕەمەکی (بە مانا ناشرین و سووکەکەی ئەم وشەیە) یەک شتن. بە بڕوای نیچە باڵاترین پلەی گەورەیی و باشی لە مرۆڤدا زۆر دەگمەنە، هاوتا لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا، بۆچوونێکی دیکە هەیە کە دەڵێت خۆبەستنەوە بە چارەنووسی هاوبەشی ئادەمیزادەکانەوە تیایاندا بە ناچاری، واتە خۆبەستنەوە بە نزمترین فاکتەرەکانەوە، واتە ئەو شتەی کە مایەی کەمترین تایبەتمەندی و دەرکەوتنە. کەواتە بەم مانایە، هەرچی ڕێساو

دەستوورەکانە (تەنانەت دەشێت بتوانین بڵێین تەواوی یاساکانیش) بە ڕای ئەو شایانی گەلەی عەوامە و بەس. لێرەدا دەگەین بە سێیەمین بەشی ئاکار (واتە ئاکاری گەلەی عەوام) کە ئامانجی هێرشەکەی نیچەیە، نیچە بە هیچ جۆرێک فەیلەسووفی لایەنگیری دیموکراسی و عەوامی خەڵک نییە. ئەو فەیلەسووفی ئادەمیزادە گەورە و باڵاکانە، بەمپێیە ئایدیۆلۆژیای دیموکراسی یان حکومەتی خەڵک بە لای ئەوەوە بچووکترین بەهای نییە.

**ماگی**: من وای بۆ دەچم ئەو بڕوای وا بوو کە ئادەمیزادی گەورە و باڵا (واتە قارەمان) یاسای خۆی هەیە و نابێت بەو شتانەوە ببەسترێتەوە کە بەسەر کەسانی ڕەمەکیدا دەسەپێت و کۆتی دەست ڕێسا و دەستووری سووک و نزم بێت.

**ستێرن**: ڕێک وایە، باشترین گوزارشت کە دەبوو بەکاری بهێنێت ئەمە بوو، کە هەر ئادەمیزادێکی گەورە خاوەنی یاسای خۆیەتی. هەڵبەت نیچە دەقی ئەم ڕستەیەی بەکار هێناوە، بەڵام ڕێک مەبەستی ئەمە بووە.

**ماگی**: لەو چوار نەریتەی کە ناومان بردن، نەریتێک دەمێنێتەوە کە ئەویش نەریتی یۆنانی کۆنە. لەم بوارەشدا نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە نیچە یەکێک بوو لە زانا درەوشاوەکانی زمان و زانستە لاتینی و یۆنانییەکان، زانیاریی قووڵی دەربارەی یۆنانی کۆن هەبوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دوژمنێکی سەرسەختی تەواوی ئەو نەریتە بوو کە لە سوکراتەوە سەرچاوە دەگرت.

**ستێرن**: بەڵێ، بەڵام ئەو کارە نەمر و گرنگەی کە ناوی «لەدایکبوونی تراژیدیا»یە، بە ڕای من یەکێکە لە درەوشاوەترین کارەکانی کە تا ئێستا دەربارەی مەسەلەی تراژیدیا نووسراوە، پەیوەستە بە تراژیدیا و یۆنانی بەر لە سەردەمی سوکرات. نیچە قۆناغی پێشسوکرات بە جۆرە سەردەمێکی زێڕین

دەزانێت، پاشان کاتێک یۆرپیدز، ئەریستۆفانیز و سوکرات دێنە مەیدانەوە هەموو شتێک بێ ڕۆح و بێ ڕەنگ دەبێت. ئەوەی (لەگەڵ هاتنی ئەماندا) ڕوو دەدات ئەوەیە کە هێز و خواستی چاکە و گەرموگوڕی و جوانی (هەروەها پەیبردنی تەواو بە بوونی تراژیکی مرۆڤ) جێی خۆیان بۆ ئەقڵ چۆڵ دەکەن، جێی خۆیان دەدەن بە شتێک کە بە ڕای نیچە هەموو شتەکان لە قاڵبی مەنتیقدا دادەڕێژرێت و مەزنی لە هەموو شتێک دەسەنێتەوە و درێژدادڕییەکانی سوکرات دەخاتە جێی ڕوانینە قووڵەکانی کۆنەوە بۆ تراژیدیای بوون. نیچە هەرگیز لەو تەخسیرییەی ئەفلاتوون خۆش نەبوو، کە کەسێکی کرد بە قارەمان گەورەترین هونەری ئەوە بوو بە قسە پشتی هەموو کەسەکان لە زەوی بدات.

**ماگی**: بایەخدانی نیچە بە سەرچاوەی کولتوور کە بە تەرزێکی وەها دەوڵەمەند و ناواخندار پیشان دراوە، بەندە بەو وێنایەی ئەوەوە کە ئێمە خۆمان بەهاکانی خۆمان دەخوڵقێنین. مەبەستم لەمەش ئەوەیە ئەگەر بەها مرۆییەکان دروستکراوی خودی خۆمان بن و نە لە خودا و نە لە هیچ سەرچاوەیەکی دەرەوەی خۆمانەوە سەرچاوەیان نەگرتبێت، ئەوا مەسەلەیەک کە گرنگییەکی سەرەکی پەیدا دەکات بەم جۆرە دەبێت: کەواتە ئێمە چۆن ئەو بەهایانە بەدەست دەهێنین؟ هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بڵێین کە بایەخدان بە بنەچەی شتەکان یەکێک بوو لە خەسڵەتەکانی سەدەی نۆزدەیەم. وەکو نموونەش ئەوەندە بەسە کە کتێبی بنەچەی جۆرەکانی داروین بخەینە بەرچاومان... ئایا ئێوە لەو بڕوایەدان کە نیچە کەوتبووە ژێر کاریگەریی داروینەوە؟

**ستێرن**: بەڵێ، بەڵام بە ئاڕاستەی دژی داروین. بڕوا ناکەم نیچە

هەرگیز درکێکی ڕوونی سەبارەت بەوە هەبووبێت کە تیۆرەی بنەچەی جۆرەکان بە چی کۆتایی دێت، یان دەشێت وا ڕەواتر بێت بڵێین کە نیچە بە دروستی درکی بەو بەڵگانە نەدەکرد کە داروین بۆ سەلماندنی تیۆرەکەی دەیهێنانەوە. ئەو هەمیشە سەبارەت بەم مەسەلەیە تێڕوانینێکی دژانەی هەبوو کە بۆچی داروین بە چاوپۆشین لە ئەنجامە ئاکارییەکان بەڵگەکانی خۆی دەسازێنێت. نیچەش وەکو زۆربەی کەسێتییەکانی سەردەمی خۆی لە سەدەی نۆزدەیەمدا بەردەوام دەیویست فسیۆلۆجیا، کیمیا یان فیزیا بخوێنێت، بەڵام ئەوەی هەر بۆ نەڕەخسا. لەبەر ئەوە بە بڕوای من پێویست ناکات گرنگییەکی زۆر بدەین بە کارلێکیەوە لەگەڵ داروینیدا، بەڵام خاڵی سەرەکی سەبارەت بە مەسەلەی گشتیی سەرچاوەی شتەکان ئەوە بوو کە نیچەش وەکو زۆر لە فەیلەسووفان (لە نێویشیاندا مارکس) لەو بڕوایەدا بوو کە تۆ دەتوانیت چۆنێتیی هەر بەرهەمێک و بەتایبەتییش بەرهەمی زەینی مرۆڤ بەپێی ماهیەت و چۆنێتیی سەرچاوەی ئەو بەرهەمە دیاری بکەیت.

تا ڕادەیەکی زۆر ئەمە ئەو کارە بوو کە فرۆید کردی و بە ڕای من ئەو بە ئەنقەست ئەم تەرزەکارە لە نیچەوە فێر بووبوو، هەرچەندە بە ئاسانی ئامادە نەبوو ددان بەو کاریگەرییەی نیچەدا بنێت لەسەری. مەبەستی ڕاستەقینەش لەم چەمکە ئەوەیە کە پێشینە و زەمینەی هەر شتێک (بۆ نموونە جینالۆجیای ئاکار، کە هەروەکو گوتتان یەکێکە لە کتێبەکانی نیچە) لەڕاستیدا سەبارەت چۆنێتیی ئاکار دەدوێت. هەڵبەتە پێویستە ئەوە بڵێم کە من خۆم بڕوام بەمە نییە، بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەمدا، لە زۆر بواردا ئەو ڕایە باو بوو کە تۆ دەتوانیت چۆنێتیی هەر بەرهەمێکی زەینی بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی، دیاری بکەیت.

**ماگی:** ئەو ڕایە بە جۆرێک لە جۆران هەموو شتەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ بنەچە و سەرچاوەکانیان، هەڵەیەکە تەنانەت ناوێکی باوی لێنراوە و پێی دەڵێن بەهەڵەداچوونی بنەچەیی.

**ستێرن:** ڕاستە، بەڵام نیچە تەنیا ناوبەناو لەم بەهەڵەداچوونە بەئاگایە و تەنیا ناوبەناو سوودی لێ دەبینێت.

**ماگی:** ناوهێنانی فرۆید مەسەلەیەکی تر دەخاتە ڕوو. پێداگرتنی نیچە لەسەر ئەوەی ئێمە خۆمان بەهاکانی خۆمان دەخوڵقێنین تا پێداویستییەکانمان دابین بکەین، بووە مایەی ئەوەی کە فرۆید بە مەبەستەوە ئەو بەهایانە لە ڕوانگەی دەروونی و بە گێڕانەوەیان بۆ پێداویستییەکان شی بکاتەوە، ئەو پێداویستییانەی کە هەم لایەنی تاکەکەسییان هەیە و هەم لایەنی کۆمەڵایەتی، بەڵام زیاتر تاکەکەسین، وا نییە؟

**ستێرن:** بەڵێ، زۆر تەواوە.

**ماگی:** بەمپێیە ڕێبازی نیچە بەر لە هەر شتێک ڕێبازێکی دەروونناسییانەیە.

**ستێرن:** ڕێیەکە بۆ بەخشینی سیمای دەروونناسییانە بە گەلێک دیاردە. نیچە لە زۆر ڕووەوە دەروونناسێکی هەڵکەوتووە، بەڵام نە لە دەروونناسیدا و نە لە هیچ بوارێکی تردا دەزگایەکی فیکریی یەکپارچەی نەدەخوڵقاند و لەم ڕووەوە لە فرۆید ناچێت. هەڵبەت لە هەندێک ڕووی ترەوە زۆر لەو دەچێت و لەڕاستیدا مژدەدەر و دەستپێکەری ڕێگەکەی ئەوە، لەبەر ئەوەی زۆر پشت بە نەست دەبەستێت. نموونەش بۆ ئەمە ڕەخنەگرتنی نیچەیە لە ڕێبازی ئایدیالیزمی ئەڵمانی سەبارەت بەوەی پەیڕەویکارانی ئەم ڕێبازە ئەنگێزە نەستییەکان لەبەرچاو ناگرن، کە هۆکاری گەلێک لە کردەوەکانمانن و بە لاساییکردنەوەیەکی پەتیی مەسیحییەت، کاردانەوەیەکی نێگەتیڤییانەی تەواویان

بەرانبەر ئەم ئەنگێزانەمان هەیە، دەیانەوێت بینای ژیار لەسەر سەرکوتکردنی ئەم ئەنگێزانە هەڵبچنن. سەرنج بدەن ئەم تێڕوانینە چەند دەشوبهێتە سەر کتێبەکەی فرۆید (ژیار و ناخۆشییەکانی). ئەوە قسەیەکی بێبنچینەیە کە دەڵێن فرۆید نەستی دۆزییەوە. درۆ لەمە گەورەتر نابێت. هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە جێی بایەخپێدان بوو. نیچە یەکێک بوو لەو کەسانەی ئەم زاراوەیەی بەکار هێنا و جەختێکی زۆری لەسەر گرنگیی کرد. هەڵبەتە بە پێچەوانەی فرۆیدەوە، نیچە تیۆرەی دەربارەی بەشبەشکردنی خود دانەنا. ئەو بە هیچ کلۆجێک وەکو فرۆید خۆی بە دەزگایەکی فیکریی یەکپارچەوە نابەستێتەوە و بڕوای بەم جۆرە دەزگایانە نییە. بە ڕای ئەو شتێکی قێزەونە کەسێک بیەوێت تاکەکەس یان ڕۆحی مرۆڤ بخاتە قاڵبی بچووکی دەزگایەکی فیکرییەوە.

**ماگی**: یەکێک لە بەرئەنجامەکانی ئەم بەریەککەوتنە، بڕوای نیچەیە بەوەی بۆ کەسانی جیا پێوەری ئاکاریی جیا دروستە. دژایەتییەک نییە لە دژایەتی نێوان ئەم بۆچوونە و ئەو وێناکردنەدا گەورەتر بێت کە لە نێو فەیلەسووفاندا باوە (ڕاستەوخۆ لە کانتیشەوە وەرگیراوە) کە دەڵێت پێوەرە ئاکارییەکان بە مەرجێک شایانی بەرگرین، کە لە تواناندا بێت بە گشتی بکرێن.

**ستێرن**: وایە. نیچە بڕوای وایە کە تاکەکەسە جیاوازەکان مافیان هەیە ڕەفتاری تایبەت بە خۆیان هەبێت و ئەو بەشانەی زانست هەڵبژێرن کە لە هەر بوارێکدا بە شێوەیەکی تاکەکەسانە دیاری دەکرێن. سەرسووڕهێنەرترین شت دەربارەی نیچە ئەمەیە، بە ڕای من ئەمەش شتێکە کە لە زۆر ڕووەوە نیشانەی جۆرە ڕوانینێکی زۆر پێغەمبەرانەیە. ئەو باوەڕی وا بوو زانست و

زانین و پەیجۆریی مەعریفە نابێت وەکو ئامانجێکی ڕەها سەیر بکرێت و هەر ژیارە و بە جۆرێکی تایبەت مافی خۆیەتی ڕوو لەو بەشەی زانین بکات کە توانای بەرگەگرتن و بەکارهێنانی سوودبەخشانەی ئەو زانینەی بۆ مەبەستە پۆزەتیڤەکان هەیە. سەرنج بدەن کە لێرەدا جەخت لەسەر «توانای بەرگەگرتن»ە. نیچە ئەگەری بارودۆخی وەهای لە بەرچاو بوو کە زانست ببێتە مایەی لەناوبردنی زانا، دەمەوێت لێرەدا جەخت لەوە بکەم کە لەم کایەیەدا ئەو ڕوانینەی هەیبوو بەڕاستی ڕوانینێکی پێغەمبەرانە بوو، چونکە ئەمڕۆ ئەوەتا بە شێوەیەکی کردەیی ڕووبەڕووی هەندێک بارودۆخ بووینەتەوە کە دەبینین زانست (هەمان ئەو زانستەی کە بۆ بەدەستهێنانی هەوڵ دەدەین و چنگمان دەکەوێت) زۆربەی جار، زۆر لەوە زیاترە کە توانای تێگەیشتنی یان بەکارهێنانیمان هەبێت و بتوانین لە پێناوی مەبەستە پۆزەتیڤەکاندا (نەک بۆ وێرانکاری) سوودی لێ ببینین.

**ماگی:** وا بزانم مەبەستتان ئەو زانستەیە کە لە بواری فیزیای ناوکیدا هەیە و شێوەی مەترسییەکی کوشندەی بۆ هەموومان وەرگرتووە. نیچە (ئەگەر بمایە) زۆر بە باشی درکی بەم ڕاستییە دەکرد.

**ستێرن:** بەڵێ، ئەوەی جێی سەرنجیشە ئەوەیە کە ئەو هەر بەڕاستی ئێمەی لەو مەترسییە ئاگادار کردووەتەوە. هەڵبەت مەبەستم فیزیای ناوکی نییە، بەڵکو زانست بە شێوەیەکی گشتی. مەسەلەکە ئەوەیە کە لە دوو جۆر تیۆرە دەربارەی زانست هیچی ترمان نییە. یەکێکیان تیۆرەکەی خۆمانە کە دەڵێین بە چاوپۆشین لە هەر تێبینییەک دەبێت بە شوێن هەموو زانستێکدا بچین. ئەوی تریان تیۆرەی مارکسیستییە لەم بوارەدا کە دەزگایەک دروست دەکات. بەگوێرەی ئەو دەزگایە هەر زانستێک

یان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سوودمەندە، بەمپێیە دەبێت بە دوایدا بڕۆین، یان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سوودبەخش نییە و لەم حاڵەتەدا دەبێت قەدەغە بکرێت و بەهەند نەگیرێت. ڕوانینی نیچە تا ڕادەیەک دەشوبهێتە سەر ئەم تیۆرەیە. ئەو باوەڕێکی پتەوی بەوە هەیە کە هەر ژیارێک دەتوانێت خۆی فەوت بکات و ئەوەی بەردەوامییش دەدات بەم هێزە فەوتێنەرە، هەمان ئەو حەزە بێسنوورە سوکراتییەیە بۆ زانست. واتە هێزێکی بێکۆتایی کە بەردەوام ئێمە بەرەو پێشەوە پاڵ دەنێت.

**ماگی**: هەروەها ئەو بڕوای وا بوو هەر کەسێکیش وەکو هەر ژیارێک، شایانی ئەوەندە زانست و زانینە کە توانای بەرگەگرتنی هەبێت. فرۆید چەند جارێک گوتوویەتی کەس نەبووە لە نیچە باشتر خۆی بناسێت و لە ئایندەشدا هەرگیز کەسێک نییە لەو خۆی باشتر بیناسێت. نیچە تەنانەت بەر لە فرۆید دەستی کردووە بە خودشیکاریی دەروون وەکو ئەوەی ئەو باسی کردووە، یان شێوەیەکی نزیک لەوەی ئەو، وا نییە؟

**ستێرن**: بەڵێ وا بزانم وایە، هەرچەندە بە ڕای من نابێت لەم بارەیەوە زێدەڕۆیی بکەین، چونکە ئەو بە پێچەوانەی فرۆیدەوە بایەخی بە لایەنی وێرانکارانەی خودشیکارییش دەدا. هەرچییەک بێت نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە نیچە هەمیشە لایەنی کاروکردەوە و هاوڕێیەتیی هەڵسەنگێنراو و هەڵبژێردراوی دەگرت و بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبوو لایەنی ئەو تێڕوانینە کۆنەی دەروونبینی و پەردە لەڕووهەڵماڵینە بگرێت کە لە ئەڵمانیادا باو بوو. نیچە زۆر لەژێر کاریگەریی گۆتەدا بوو و ئەوی بە یەکێک لە مرۆڤە گەورەکان دەزانی. گۆتە هیچ گومانێکی نەبوو کە زێدەڕۆیی لە دەروونبینی و وردبوونەوە لەناو دەروون، کەس بە ئەنجامێک ناگەیەنێت.

**ماگی:** ڕێم بدەن با بە کورتی بزانین تا ئێستا لەم گفتوگۆیەماندا گەیشتووینەتە کوێ. تا ئێرە ڕێک دەربارەی چالاکیی ڕەخنەگرانەی نیچە دواین. دەربارەی ئەو بۆچوونە سەرەکییەی ئەو گفتوگۆمان کردووە کە ئاکار و بەها و ئەو نەریتانەی بۆمان ماونەتەوە، لە بنەڕەتدا پشتبەستوون بە بنچینەی باوەڕ بە خودا یان خوداوەندەکان.

خودا یان خوداوەندەکان ئەم پێوەرانەیان بە ئێمە بەخشیوەو سەرئەنجامیش هەر لەسەر ئەم بناغەیە داوەریمان دەکەن کە ئایا توانیومانە بەگوێرەی ئەم بەهایانە بژین یان نا؛ بەڵام نیچە دەڵێت ئێمە باوەڕمان بەم خودایانە و بە ئایین بە شێوەیەکی گشتی لەدەست داوە، لە ئەنجامیشدا چیدی باوەڕمان بەو بونیاد و کۆڵەکەیەی سیستمی بەهایی خۆمان نییە، هەرچەندە تا ئێستا ڕووبەڕووی ئەم ڕاستییە نەبووینەتەوە. لە بەرانبەر ئەمەشدا هێشتا هەوڵ دەدەین لە ژیانماندا پەیوەندییەک لەگەڵ ئەم سیستمە بەهاییەدا دروست بکەینەوە، کە چیدی باوەڕمان بە بونیادی نەماوە. ئەم کارەش ڕاستگۆیی ڕەسەنایەتی لە ژیانمان (لەڕاستیدا لە خودی خۆشمان) دەسەنێتەوە. ئەگەر بمانەوێت سیستمێکی بەهایی ڕەسەنمان هەبێت، دەبێت ئازایەتی بنوێین و بە یەکجاری سەرلەنوێ بەهاکانمان هەڵبسەنگێنینەوە. گفتوگۆکەمان تا ئێستا لەم بوارانەدا بووە، لە ڕەوتی گفتوگۆکەشماندا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەمان بۆ هەندێک لەو ڕەخنانە کردووە کە نیچە لەم بارەیەوە گرتوونی، بەڵام تا ئێستا دەمانەوێت بچینە قۆناغی پاش ئەوە کە بە شێوەیەکی سروشتی دەبێت باسەکەمان بەرەو ئەوێ ڕاپێچمان بکات. دەمانەوێت بپرسین کە نیچە پاش ئەوەی بەپێی ئەو پێوەرە فراوانەی گسک لە هەموو شتەکان دەدات و تووڕ یان فڕێ دەدات، چ شتێک

دەخاتە جێیان؟ دوای هەموو ئەم کارانە کام بەها پۆزەتیڤانە دەخاتە ڕوو؟

**ستێرن:** وەڵامی ئەم پرسیارە هەم زۆر ئاسانە، لە هەمان کاتیشدا زۆر ئاڵۆزە. وەڵامە ئاسانەکان ئەوەیە کە خۆت بە هەرچییەک هەیت تا ئەوپەڕی خۆبوون خۆت بە، تا دوا زەڕڕە، لێوانلێو بە لە ژیان، درێخی مەکە، بژی... شتەکانی تری لەم بابەتە کە دواتر (هێندەی پەیوەندیی بە ئادەمیزادەوە هەیە) لە ژێر ناوی «چالاکیی ژیان»دا خرایە ڕوو. ئەم دەستوورە کە خۆت بەو ئەوە بە کە هەیت؛ نەک هەر گەوهەری فەلسەفە و پرنسیپی نیچەیە، بەڵکو ئامانج و مەبەستێکە کە هەر جۆرە ئاکارێک دەبێت ئەو ئاڕاستەیە پەیڕەوی بکات. هەڵبەتە لێرەدا دەشێت بپرسن ئەگەر هەر کەسێک بە تەنیا خۆی بێت، دەرئەنجامەکانی ئەم مەسەلەیە لە بوارێکی فراوانتردا دەبێت چی بێت؟ ئەم مەسەلەیە چۆن لەگەڵ ڕژێمێکی سیاسیدا وێک دێتەوە؟ و شتی تری لەم جۆرە... بە داخەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەوەندەی پەیوەندیی بە نیچەوە هەیە، بە هیچ جۆرێک دڵخۆشکەر نییە. بەریەککەوتنی لەگەڵ مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوەندە سوودبەخش نییە. پێشتر گوتم کە وەڵامی پرسیارەکەتان چەند ئاسانە، هێندە ئاڵۆزیشە. هۆیەکەشی ئەوەیە ئەگەر بتەوێت بەگوێرەی ڕاسپاردەکانی ئەو ڕەفتار بکەیت، ئەوا دابینکردنی ژیانێکی هاوبەش کە جۆرە هاوئاهەنگی و گونجانێکی زۆر باڵی بەسەردا بکێشێت، شتێکی دژوار دەبێت. بەتایبەتییش کاتێک ئەو بۆچوونەی ئەویش لەبەرچاو بگریت کە بوونی یاساکان بۆ ئەوەیە نەبادا لاوازەکان هەراسان بکرێن. بەرنامەی نیچە بە ڕواڵەت بەرنامەیەکی سادەیە، بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێت فیکری نیچە بکاتە ڕێنومایەکی ژیان لە نێو کۆمەڵگەدا، بە بڕوای

من ڕووبەڕووی گەلێک دژواریی گەورە دەبێتەوە. تەنانەت بە جۆرێک لە جۆرەکان دەتوانین بڵێین هەندێک تیۆرە سیاسییە بێباک و توندڕەوەکانی ئەم چاخانە و هەندێک لە سیاسەتە فاشیستییەکانی سەرەتاکانی ئەم سەدەیە (لانی کەم لە نێوان ڕۆشنبیراندا) تا ڕادەیەک لەو باوەڕەوە سەرچاوەی دەگرت کە هەرکەسێک دەبێت بەبێ گوێدانە ئەنجام و ئاکامەکان، خوڵقێنەری بەهاکانی خۆی بێت و بەگوێرەی ئەو بەهایانە بژیی، دەشبینیت کە ئەم جۆرە باوەڕانە ئێمەیان نەگەیاندووەتە جێیەک.

**ماگی**: بەڵام نیچە تەواو لەوە بەئاگا بوو کە شێوەیەکی وەها دەبێتە مایەی ناکۆکی. بە کورتی ئەو بایەخی بەمە نەدەدا و بگرە پێشوازییشی لە ناکۆکی دەکرد. هەڵبەتە من لەوەدا لەگەڵ ئێوەدام کە نیچە بە هیچ جۆرێک سەبارەت بە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم مەسەلەیە واقیعبین نەبوو. نیچە عەوامی خەڵکی بە مشتێ لە پاتاڵ و هەرچیوپەرچی لە قەڵەم دەدا، کە دەستەیەک لە کەسانی هەڵبژاردە ڕابەرایەتی و سەرکردایەتییان دەکەن. بە ڕای من، ئەم دەستە بژاردەیە تەواو هەقی خۆیانە کە خۆیان لاپەسەند دەبێت و لاوازەکان لەسەر ڕێی  خۆیان دوور بخەنەوە و هەرچییەکیان بۆ خۆیان دەوێت بیکەن. ئەوەش کە ئایا ئەو دەستە هەڵبژاردەیە چۆن دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن، شتێکە هەروەکو ئێوە گوتتان نیچە لێی نەکۆڵیوەتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە خاڵێکدا ئەو لەسەر هەقە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو ئەم شتانە لەگەڵ هەر وێنایەکی باودا بۆ ئاکار تەواو دژ و ناکۆکن.

**ستێرن**: بەڵێ وایە، بەڵام تۆ بە تەنیا نیوەی مەسەلەکەت باس کرد. نیوەکەی تری (کە فاشیستەکان و ناسیۆنال-سۆسیالیستەکان گرنگییان پێ نەداوە) ئەوە بوو جگە لەوانە

تۆ دەبێت لە ناو ناخی خۆتدا بەسەر مەیلی حەز بە دڵنیایی و ترسنۆکی و بەخشندەییدا زاڵ بیت. کاتێک ئەمەت کرد (ئەمەش هەمان ئەو بۆچوونەیە کە نیچە لە بەشێکی زەردەشت وای گوتدا خستوویەتیە ڕوو) چیدی خۆتان ناتانەوێت دژایەتیی ئەوانی تر بکەن و هێرش بکەنە سەریان، زیاتر درک بە لاوازی و بێدەسەڵاتییان دەکەن. هەڵبەتـە منیش بـڕوام وایـە ئـەم درکـــە پۆزەتیڤی و بەرگەگرانەیەی لاوازییەکانی ئەوانی تر بەهێزترین خاڵ نییە لە فیکری نیچەدا.

**ماگی**: گرنترین هۆی ناوبانگیش نییە.

**ستێرن**: نەخێر.

**ماگی**: خەڵک هەمیشە لە نیچە تووڕە دەبن و وای بۆ دەچن (لەڕاستییشدا بۆچوونەکەیان دروستە) ئەوەی ئەو بڕوای پێیەتی لەگەڵ تەواوی پێوەرە باوەکانی ئاکاردا ناکۆکە. ڕاستییەکەی ئەوەیە نیچە خۆیشی لەگەڵ ئەواندا هاوڕایە. ئەو خۆشحاڵە بەوەی کە خەڵکی دووچاری سەرسامی و تووڕەیی دەبنەوە. هەروەکو گوتتان، ئەو دەیەوێت ئادەمیزادەکان پڕ بن لە ژیان، بۆشایی لە ژیانیاندا نەبێت، سنوورێک بۆ زیندوویێتی دانەنێن، ئەو نایەوێت هیچ شتێک (هیچ وێنایەک بۆ ئەقڵ، حەقیقەت، ویژدان یان هەر شتێکی دیکە) ببێتە لەمپەڕ لەم ڕێیەدا. بە پێچەوانەوە، ئەو بڕوای وایە هەر پێوەرێکی دیکە دەبێت بە جۆرێک هەڵببژێردرێت کە وەڵام بێت بۆ هەقی بوون، هەروەها بڕوای وا بووە تەواوی ئەو ئاکارانەی تا ئێستا هەبوون بە پێچەوانەی ئەم ئاڕاستەیەوە بوون، بەم پێیە بە شێوەیەکی کردەیی دژ بە ئەسڵی ژیان کاریان کردووە. تەوەری ئەو شتەی ئەو دەیڵێت ئەوەیە کە ژیان تاقە بەها و تاقە سەرچاوەی بەهاکانە، بەگوێرەی ئەمە دەبێت هەموو بەهاکان لە ئەسڵی ژیانەوە هەڵبهێنجرێن. ئێمە

دەبێت لەگەڵ زیندوویێتیدا بین، بە پڕاوپڕی ئەم مانایە بەدەم بانگەوازی ژیانەوە بچین، بەو مانایەی نەک هەر جڵەوی تەواوی غەریزەکانی ژیانمان ڕەها بکەین، بەڵکو تەواوی پێودانگەکانیش (تەنانەت پێودانگی ئەقڵ و حەقیقەتیش) لە هەمان سەرچاوەوە وەربگرین.

**ستێرن**: یان لە مرۆڤە باڵاکانەوە وەریبگرین. هەروەکو گوتیشم یەکێک لەو مرۆڤە باڵایانەی کە ئەو لە بەرچاوی بوو، گۆتە بوو؛ یەکێکی تریان ناپلیۆن بوو؛ هەندێک جار مارتن لۆتەر و هەندێک جاری تریش پاپا گەورەکانی سەر بە بنەماڵەی بۆرجیا (Borgia)، تەنانەت هەندێک جار سوکراتیش بە مرۆڤێکی باڵا دەژمێردرێت، لەبەر ئەوەی خاوەن هێزێکی ڕۆحی وەها بووە کە توانیویەتی ئەو بەرنامەیەی کە هەیەتی پراکتیزەی بیکات.

**ماگی**: تەنانەت حەقیقەتیش دەبێت لەم پێناوەدا ملکەچ بێت.

**ستێرن**: بە تەواوی.

**ماگی**: بەو مانایەی ئەگەر حەقیقەتێکی وەها هەبێت کە ئازارمان پێ بگەیەنێت، یان گورز لە ژیانمان بدات، بەبێ هیچ گومانێک دەبێت خوازیاری زانینی نەبن. لەوەش زیاتر تەنانەت پێودانگی هەڵسەنگاندنی حەقیقەت، ئەوەش کە چ شتێک بە حەقیقەتەوە بەندە، دەبێت شتێک بێت کە خزمەتی بەرەوپێشبردنی ژیان و بوون بکات. هەرچییەک خزمەتی ئەم ئامانجە نەکات، ئەوا بەتاڵەو پێویستە ڕەت بکرێتەوە.

**ستێرن**: بەڵێ، بەم جۆرەش دووبارە دەگەڕێینەوە سەر مەسەلەی شایستەیی زانینی حەقیقەت، یان وەکو نیچە خۆی دەڵێت، «چاودێریی تەندروستی لە زانیندا» بە بڕوای ئەو، لەم بوارەشدا پێویستە جۆرە پێودانگێکی تەندروستییانە هەبێت کە پێمان بڵێت چ بەشێکی زانین شایانی ئەوەیە ڕووبەڕووی

ببینەوە، چ بەشێکی تری پێویستە ئەفەرۆزی بکەین. قسەکەی ئێوە زۆر ڕاستە کە هەندێک جار تەنانەت حەقیقەتیش بە جۆرێک لە جۆرەکان قەدەغە و تابوو دەکرێت.

**ماگی**: وای بۆ دەچم ئەگەر نیچە بیویستایە بەرانبەر ئەو هەموو هاواری ناڕەزاییە دژ بە فەلسەفەکەی بەرگری لە خۆی بکات، لەوانە بوو شتێکی وەهای بگوتایە کە سەرتاسەری ڕەوتی پەرەسەندن بریتی بووە لەوەی بەردەوام بەهێز لاوازی لە مەیدانەکە وەدەرناوە، بەتوانا، بێتوانا، هۆشمەند، گێل، داهێنەر، چالاک بوودەڵە، سست و بەم جۆرە تا کۆتایی. ئادەمیزاد تەنیا لەم ڕێیەوە توانیویەتی ڕێی پەرەسەندن بگرێتە بەر و بە هۆیەوە ژیار پەیدا ببێت کە ئەم بزاڤە بێ ناوبڕ ملیۆنان ساڵ بەردەوام بووە. هەموو ئەو شتە بەهادارانەی ئێستا لە دەستی ئێمەیەدا، لەڕاستیدا بەرهەمی ئەو بزاڤەیە، بەڵام بە هاتنی یۆنانییەکان و جوولەکەکان، دەستەیەک مامۆستای ئاکار پەیدا بوون کە گوتیان ئەم بزاڤە دژی ئاکارە و بگرە ناپاکیشە. گوتیان دەبێت بەهێزەکان خۆیان بچووک بکەنەوە و لاواز و پەککەوتووەکان داڵدە بدەن و ملکەچی حکومەتی قانوون بن. هۆشمەند دەبێت یارمەتیی دەبەنگ بدات، بەتوانا دەبێت بەرگری لە مافی بێتوانا بکات و تا دوایی. نیچە دەڵێت ئەگەر ئێمە بەردەوام ئەم کارەمان بکردایە، مەحاڵ بوو بتوانین لە حاڵەتی بەر لە ئادەمی بێینە دەرەوە. کەواتە ئەوەی پێویستە بیکەین ئەوەیە بەردەوامیی ببەخشین بەو بەها و پێوەرانەی خوڵقێنەری مرۆڤایەتی و شارستانێتی بوون و بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەها و پێوەرانە، نەک بە پێچەوانەوە.

**ستێرن**: بەڵێ، بە ڕای من ئەو شتانەی ئەو لە بۆنە جیاوازەکان و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا گوتوونی، ڕێک ئەمەیە و

نیگەرانییەکانیشی سەبارەت بە ئایندە هەر وا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە نەبادا ئەم جۆرە بەرجەستەبوونەی بوون سەر نەگریت و بەردەوام نەبێت، ئەو کات ڕۆحی دیموکراسی، ڕۆحی عەوام و پاتاڵ و هەرچیوپەرچی زاڵ ببێت و هەموو ئەم بەهایانە لەناو بەرێت.

**ماگی:** ببێتە هۆی ئەوەش کە تەواوی ئەو بزاڤەی کە هۆڤێتی (توحش)ی گۆڕیوە بۆ ژیار، پێچەوانە ببێتەوە.

**ستێرن:** بەڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نابێت ئەوەمان بیر بچێت کە بۆچوونی نیچە دەربارەی ڕەوتی مێژوو تا ڕادەیەک جیاوازە لەو بۆچوونەی کە تۆ کردووتە بە بناغەی بەرگریکردن لەو، بە بۆچوونی نیچە مێژوو دووبارە دەبێتەوە. دەربارەی مانای ئەم باوەڕەش پاشتر قسە دەکەین؛ بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە ماناکەی بە کورتی ئەوەیە هەر دۆخێکی مێژوویی لە توانایدایە بەرزترین شتێک کە مرۆڤ دەتوانێت بیخوڵقێنێت، لە خۆی بگرێت. دۆخی ئاوارتە یان چاخی ئاوارتە نییە. هەر چاخێک کە توانای درکی تەواو خوڵقاندنی تەواوی ئەم جۆرە بەهایانەی هەبێت، دەبێت ئیمکانی ئەم جۆرە کارەی تیادا هەبێت. بە کورتی، بە ڕای نیچە نەهامەتی لەوەدایە کە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم زۆر پێدەچێت چاخی دارمان بن، چاخێکە کە ئەم هێزە ناتوانێت بە تەواوی تیایدا بەدی بێت. نیچە لە زۆر ڕووەوە پێشبینییەکی پێغەمبەرانەی سەیری هەبوو، بەڵام دواتر دەرکەوت بە ڕادەی پێویست لە وەحشیگەریی نوێ و لە ئایندە نەترساوە.

**ماگی:** ڕێم بدەن تا سەبارەت بەو ئاماژەیەی ئێوە لە بارەی تیۆرەکەی نیچەوە «دووبارەبوونەوەی بێکۆتایی» پێشنیازێک بکەم. کاتێک بمانەوێت لە بارەی کارەکانی دواتریەوە بدوێین

(که به ڕای من ئێستا کاتێتی) تیایاندا ڕووبەڕووی چوار بابەتی سەرەکی دەبینەوە، یەکەمیان دەکرێت لەو عیبارەتەدا کورتی بکەینەوە کە ئەو خۆی خستیە سەر زمانی کەسانی دیکە (واتە ئیرادەی هێز). دووەمیان تیۆرەی (Ubermensch)ە واتا مرۆی باڵا- سۆپەرمان. ئەم زاراوەیەش هەر داهێنراوی نیچەیە کە ئێستا بووە بە بەشێک لە زمانی قسەکردنی ئێمە. سێیەمیان تیۆرەی دووبارەبوونەوەی هەتاهەتایی (یان گەڕانەوەی هەتاهەتایی)ی زەمانە کە خۆشتان ئاماژەتان پێ دا. چوارەمیشیان تیۆرەکەیەتی سەبارەت بە پەیبردن بە ژیان لە ڕوانگەی ئێستاتیکی یان هونەرییەوە. پێشنیازی من ئەوەیە بۆ ئەوەی باسەکەمان ڕوونتر بێت، یەکەیەکە لەم بابەتانە بدوێین و لە ئیرادەی هێزەوە دەست پێ بکەین. نیچە کاتێک ویستی ئەم عیبارەتە بکات بە ناونیشانی کتێبێک کە کۆبەستێکی بەرهەمی تەمەنی بوو، بە وردی مەبەستی لە ئیرادەی هێز چی بوو؟

**ستێرن:** نیچە چەمکی ئیرادەی لە فەیلەسووفێکەوە وەرگرتووە کە ئێوە خۆتان تیایدا پسپۆڕن (واتە شۆپنهاوەر)، بەڵام حوکمی نیچە بۆ ئەو چەمکە بە پێچەوانەی شۆپنهاوەرەوەیە. شۆپنهاوەر ئیرادەی بە سەرچاوەی هەموو خراپەکان و بەدبەختیی مرۆڤ دەزانی. لە کاتێکدا لای نیچە ئیرادەی هێز، ئەسڵ و سەرچاوەی هێزی ئادەمیزادە و بەشێک لە بەشەکانی هەر کولتوورێکی دروست ئەوەیە کە ئازادیی پێویست بڕەخسێنێت تا ئەوەی لە توانای ئیرادەدا هەیە بۆ پراکتیزە، پراکتیزە بکات. بە کورتی کێشەکە لەوەدایە کە ئەمە وا دەکات بتخاتە ناکۆکییەوە لەگەڵ ئەوانی تردا، بەم پێیە لەم قۆناغەدا ئیرادەی هێز دەگۆڕێت بۆ ئیرادەی خۆخستنەڕوو و زەوتی مافی ئەوانی دیکە؛ بەڵام چیرۆکی ئیرادەی هێز لێرەدا کۆتایی نایەت. بە ڕای من دەبێت

جەخت لەوە بکرێتەوە (بە تەنیا جەخت، نەک زێدەڕۆیی لە جەختکردندا، وەکو هەندێک لە ڕەخنەگران ئەو کارە دەکەن) کە ئیرادەی هێز لە سەرێکەوە دژ بە خۆشی دەوەستێتەوە، بە دەبڕینێکی دیکە لاوازی و حەز بە ئاسوودەیی و بێ بەندوباری لە دەروونندا ڕیشەکێش دەکات.

**ماگی:** واتە هەر کەسێک پشتملی خۆی دەگرێت و خۆی تا سنووری پێویست ڕاپێچ دەکات.

**ستێرن:** بەڵێ، بەڵام ئەو سنوورە پێویستەی کە مرۆڤ خۆی دەیخوڵقێنێت. گرفتەکە ڕێک لەوەدایە کە ئێمە خۆمان ئەم سنوورە دەخوڵقێنین. لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ سووربوونی نیچە لەسەر ئەوەی نەک هەر ئەم بەهایە؛ بەڵکو هەموو بەهاکان خوڵقاوی خودی ئەو کەسە خۆین.

**ماگی:** کاتێک شـۆپنهاوەر دەربارەی ئیرادەی میتافیزیکی دەدوێت، مەبەستی شتێکە کە لە جیهانی دیاردەکاندا، نەک بە تەنیا لە ئادەمیزاددا یان بوونەوەرە زیندووەکاندا، بەڵکو لە هەموو شتێکدا لە شێوەی جۆرە هێزێکی بزوێنەردا دەردەکەوێت. بە بڕوای ئەو، ئەو هێزەی کە مانگ بە دەوری زەوی و زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێنێتەوە، جیلوە یان دەرکەوتەی ئەو شتەیە کە ئەو ناوی دەنێت ئیرادە. سەرتاسەری گەردوون لە ماتەرێک پێک هاتووە کە لە دۆخی جووڵەدایە و هەموو ئەمانەش جیلوەی ئیرادەن، بەو مانایەی ئەو بۆی هەیە هیچ پەیوەندییەکی بە مانا و باوی ئیرادەوە نییە؛ بەڵام نیچە چەمکی ئیرادە بەو مانایەش بەکار دەهێنێت کە شۆپنهاوەر مەبەستی بوو، وا نییە؟

**ستێرن:** ئەفسوس کە وایە. دەڵێم ئەفسوس، چونکە بە ڕای من لاوازترین بەشی فەلسەفەکەی نیچـە ئەو بەشەیە کە ئەو تیایدا هەوڵ دەدات دوای جۆرە سیستمێکی فیکری بکەوێت و

دەربارەی ئیرادەی هێز لە سروشتدا و ئیرادەی هێز لە گەردووندا دەدوێت. لەڕاستیدا ئەم بەشە هەرگیز سوودی بە من نەگەیاندووە و لەو بڕوایەشدا نیم کە سەرنجڕاکێش بێت. هەمان ئەو ڕێسا سەرەکییەی ئەو کردبووی بە بناغە و کاری لەسەر دەکرد (واتە ئەوەی کە دەڵێت بیروڕا مەزنەکان ناخرێتە ناو قاڵبی سیستمێکی ڕێک و گونجاوی فیکرییەوە) گەلێک زیاتر و بە شێوەیەکی کاریگەرتر مەبەستەکانی دەپێکا و لەگەڵ بیروبۆچوونەکانیدا دەگونجا.

**ماگی**: باشە، ئێستا با بچینە سەر دووەمین بابەت لە چوار بابەتەکەی کارەکانی دوایی نیچە، واتە «باڵامرۆ-مرۆڤی باڵا». هەموو کەسێک ئەم وشەیە دەزانێت کە بەرانبەر زاراوەی Ubermenschی نیچە دانراوە. چەمکی باڵامرۆ بە توندی کەوتووەتە بەر لێکدانەوەی خراپ، خەڵکی وای بۆ چوون باڵامرۆ هەمان ئەو ئارییایە گەوهەرپاکەی ئەفسانە هیتلەرییەکان و ئەو دڕندە قژئاڵتوونییەیە کە لە کاریکاتۆرە دژە نازییەکاندا هەیە، بەڵام بێگومان ئەمە بە هیچ کلۆجێک لەو شتە ناچێت کە مەبەستی نیچە بووە.

**ستێرن**: نەخێر بە هیچ کلۆجێک لەو ناچێت. بە ڕای من باڵامرۆ دەکرێت بەرهەمی هەر ژیارێک بێت. ئەگەر لە یادتان بێت گوتم هەر سەردەمێک لە توانایدایە بەرزترین بەها بهێنێتە ئاراوە کە لەگەڵ توانای مرۆییدا دەگونجێت. باڵامرۆ ئادەمیزادێکە لە ئاستی دەستکەوتەکانی ئیرادەی هێزدا دەژیی، بە کامڵی و پڕاوپڕ لە ژیان دەژیی و دەتوانێت بۆ هەتاهەتایە خواست و ئیرادەی دووبارە بکاتەوە. لێرەدا دەگەین بە مشتومڕ لەسەر ورووژێنەرترین بەشی نووسینەکانی نیچە و سەیرترین بۆچوونی ئەو، واتە تیۆرەی دووبارەبوونەوەی هەتاهەتایی.

**ماگی:** تکا دەکەم با جارێک لەسەر ئەمە نەدوێین، چونکە من حەز دەکەم زیاتر لەسەر چەمکی باڵامرۆ بدوێین کە ڕۆڵێکی گرنگی لە فیکری ئەم سەد ساڵەی دواییدا بینیوە و کەمێک زیاتر لێی بکۆڵینەوە (سوودوەرگرتنی هەڵە و بە خراپبەکارهێنانی ئەم چەمکە لە لایەن نازییەکانەوە، مشتێکی نموونەیە لە خەروارێک. نووسەران و شانۆنامەنووسانیش بە شێوەیەکی فراوان کەوتوونەتە کاریگەریی ئەم چەمکەوە، لەوانە برناردشۆ کە ناوی یەکێک لە باشترین شانۆنامەکانی «مرۆ و باڵامرۆ»یە). ئایا وای بۆ ناچیت ڕاستیی مەسەلەکە ئەوە بێت کە ئامانجی نیچە گەیشتن بووە بە چەمکی ئادەمیزادی سەرکوتنەکراو (یان نەچەپێنراو)؟ هەڵبەتە سەرکوتکردن بە مانای ئەمڕۆی ئێمە و بەو جۆرەی کە فرۆید مەبەستی بوو؟ باڵامرۆ ئادەمیزادێکە کە غەریزە سروشتییەکانی سەرکوت نەکراون و هەروەکو نیچە خۆیشی دەڵێت بێخود (un sefed) نەبووە، بەم پێیە تا دوا سنووری مەیل و تواناکانی، بە شێوەیەکی ئازادانە و سەربەستانە و بێباکانە بەهرە لە بوون و ژیان دەبات. بەهاکانی خۆی دووبارە هەڵسەنگاندووەتەوە و بەگوێرەی بەها درۆکان ناژیی. باڵامرۆ هەر یەکێکە لە ئێمە بەو مەرجەی بتوانین کامڵ بین و خۆمان لە کۆت و پێوەندیی ئەو وێنا درۆیانە ڕزگار بکەین کە دەربارەی خۆمان و ژیان هەمانە. لەو بڕوایەدا نین ئەمە مانای ڕاستەقینەی باڵامرۆ بێت؟

**ستێرن:** بۆ نا، لەو بڕوایەدام هەر ئەمەیە. بە کورتی باڵامرۆ کەسێکە کە بەبێ ئەوەی چوارچێوەیەک بۆ خۆی دابنێت و تەنگژە بۆ خۆی دروست بکات، بە شێوەیەکی سروشتی و غەریزی و نەستانە خۆی لەو شتانە دەپارێزێت کە لە ڕوانگەی نیچەوە ناشرین و خراپن. بۆ نموونە یەکێک لەو شتانەی کە

نیچە بە ڕاشکاوی دژێتی، چاوچنۆکی و کینەیە، یان بە دەربڕینی خۆی ressentiment، واتە بەزۆر ملپێکەچکردنی گەورەیی یان سەرکەوتوویی کەسێک و شتی لەم جۆرە. بالآمرۆ کەسێکە کە هەر بە شێوەیەکی خۆڕسکی ئەم هەستانەی تیا نییە.

**ماگی**: واتە کەسێک، کە جگە لە سیفەتەکانی دیکەی، بەرز دەڕوانێت و بەخشندەیە.

**ستێرن**: وایە، دەشبینێت کە وێنای مەسیحی بۆ گەورەیی بەخشندەیی زۆر لە ڕوانینەکەی نیچەوە دوور نییە.

**ماگی**: ئێستاش با بچینە سەر سێیەمین بابەت لە چوار بابەتە سەرەکییەکە، واتە چەمکی دووبارەبوونەوەی هەتاهەتایی. هیچ تیۆرەیەک لە تیۆرەکانی نیچە بە لای خەڵکەوە هێندەی ئەمە قورس نییە، نەک هەر بۆ تێگەیشتن، بەڵکو بۆ جیددی وەرگرتنیشی. بە ڕواڵەت ئەوەی نیچە دەیڵێت ئەوەیە کە هەموو مێژوو دەسووڕێتەوە و لەسەر چەرخی گەورە دەجووڵێتەوە، بە جۆرێک کە هەموو شتەکان بۆ هەتاهەتایە دەسووڕێنەوە و بەردەوام دەگەڕێنەوە و دووپات دەبنەوە. واتە بۆ نموونە من و تۆ زۆر جاری دیکە لە ڕابردوودا هەر لەم ستۆدیۆیەدا دانیشتووین و زۆر جار هەمان گفتوگۆمان ئەنجام داوە و دیسانەوە لە ئایندەشدا ئەنجامی دەدەینەوە. قورسە خەڵکی بڕوا بکەن نیچە شتی وای گوتبێت.

**ستێرن**: بەڵێ، بەڵام بەڕاستییش گوتویەتی و ویستویەتی ئەوە تاقی بکاتەوە ئەگەر کەسێک تیۆرەکەی خۆی بە جیددی وەربگرێت؛ دەشێت چی ڕوو بدات. لەو بڕوایەدام دەبێت بگوترێت کە زۆربەی بیروڕاکانی نیچە بەم شێوەیە لایەنێکی تاقیکارییانەیان هەیەو، ئەمەش شتێکە کە پەیوەندیی بە هەموو باسەکەمانەوە هەیە، مەبەستم ئەوە نییە کە بیروباوەڕەکانی

جیددی نین یان بە هەستی بەرپرسیاری تێکەڵ نین، یان هیچ و بێبناغەن. مەبەستم ئەوەیە لێرەدا بەرانبەر کەسێک کە ڕووبەڕووی تەواوی فیکری مرۆیی بووەتەوە و بە شێوەیەکی دووبارە تیۆرە جیاوازەکان تاقی دەکاتەوە. خۆی لە یەکێک لە نامەکانیدا دەڵێت (بە ڕای من ئەم قسەیەشی زۆر خەمهێنە): «هەست دەکەم قەڵەمێکم، قەڵەمێکی تازە» (مەبەستی لە قەڵەمی پەڕە کە تازە تاشرابێت) «لە دەستی هێزێکی باڵاتردا کە لەسەر پارچە کاغەزێک تاقیم دەکاتەوە». ئەمە هەستێکی سەیرە بۆ کەسێک کە بەرگری لە ئیرادەی هێز و باڵامرۆ دەکات، بەڵام لەو بڕوایەدام ئەو بەڕاستی دووچاری هەستێکی وا بووە و ئەو بیرۆکەیەی سەبارەت بە دووبارەبوونەوەی هەتاهەتاییش هەیبووە، بەم شێوەیە تاقی کردووەتەوە. بە بڕوای من ئەم بیرۆکەیە تیۆرەیەکی ئاکارییە زیاتر لەوەی تیۆرەیەک بێت دەربارەی بوون و بوونەوەرەکان و گەردوون. بەو مانایەی کە کردەوە و ئیرادە و نیاز و بیروباوەڕمان دەبێت بە جۆرێک بە بەخشندەیی و گەورەیی و سالاری بێت، کە بمانەوێت و بتوانین بۆ هەتاهەتایە و جار دوای جار دووپاتیان بکەینەوە.

**ماگی:** هەموو ئەو شتانەی گوتمانن، ئەم تێگەیشتە بە ناچاری وا لە مرۆڤ دەکات ئەو مەرجە سەرەکییەی کانتی بیر بکەوێتەوە کە هەر کردەوەیەک بۆ ئەوەی ببێتە کردەوەیەکی ئاکاری، دەبێت قابیلی ئەوە بێت بە گشتی بکرێت؛ بەڵام وای بۆ دەچم سەبارەت نیچە، زیاتر لەو تیۆرەیەوە نزیک بێت کە دەڵێت بێ هیچ قەیدوشەرتێک دەبێت ژیان لە ئامێز بگرین. ئەگەر تۆ لە هەر ساتێکدا و بێ دووفاقی و گومان کاردانەوەت بۆ ژیان پۆزەتیڤانە بێت، ئامادە دەبیت کە جار دوای جار ئەو کارە دووپات بکەیتەوە کە لەو ساتەدا کردووتەوە و بۆ هەتاهەتایەش.

**ستێرن:** بە چاوپۆشین لە هەر ئەنجامێک کە دەشێت تووشی ببن. بەڵێ، ڕاستە. بە ڕای من شتێکی ژیرانە نییە کەسێک ئەم سنوورە تێبپەڕێنێت و وەکو خەڵکانێک بیەوێت بۆ سەلماندنی شیاوی یان نەشیاویی وێناکردنی دووبارەبوونەوەی هەتاهەتایی کە تاقی کراوەتەوە؛ هاوڕێژەی ئەندازەیی یان ماتماتیکی دروست بکات.

**ماگی:** لە بنەڕەتدا تەواوی مەسەلەکە دەچێتە خانەی شتە مەجازییەکانەوە، وا نییە؟

**ستێرن:** مەجازێکی گەورەیە و هەڵبەتە زۆر شت هەن سەبارەت بە بەکارهێنانی مەجاز لە لایەن نیچەوە بگوترێن.

**ماگی:** تکام وایە لەم بارەیەوە هەندێک قسەمان بۆ بکەن.

**ستێرن:** بە ڕای من، بەو جۆرەی ئێمە خوومان پێوە گرتووە کە زۆر شت بێمانا دەبن. ئێوە پێشتر ئاماژەتان بە شێوازی نووسین دا لای ئەو، کە بە لای منەوە شێوازێکی گەلێک بەهێز و کاریگەرە. من ئەگەر لە خۆم بپرسم کە پەخشانێکی لەو جۆرە لە کوێوە هاتووە، وای بۆ دەچم وەڵامەکەم وەها بێت کە لەو داهێنانەوەی نیچەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو زانیویەتی چۆن شێوازی گوتنی لە نێوان مانای ڕاستەقینە و مانای مەجازیی وشەکاندا بگونجێنێت. ئەمە شتێکە کەم کەس توانیویەتی بیکات، بەتایبەتییش نووسەرانی ئەڵمانی بەر لەو. نیچە لە دونیای فیکردا ڕێگەی تایبەتیی خۆی هەیە. هەروەکو ئاماژەشمان پێ دا و بینیمان هێرش دەکاتە سەر تەواوی نەریتەکانی خۆرئاوا. لە بواری پەخشاننووسیدا کەسانێکیش هەبوون بەر لەو کە ڕێگەخۆشکەر بوون بۆی، وەکو مۆنتانی و پاسکال لارۆشفۆکۆ کە ئەم حەزی بە کارەکانیان دەکرد و نووسینەکانیشی لە ڕووی پەندئامێزی و بەیانکردن لە قاڵبی

دەستەواژەی کورتدا، لەوانەوە بۆی ماوەتەوە. ئەمەش قسەیەک نییە بە تەنیا من بیکەم، خۆیشی هەر وا دەڵێت. ئەو شێوازەی کە ئەو لە میانی حەقیقەت و مەجازدا هێناویەتیە ئاراوە، سەرسامکەر و دانسقەیە، بە بڕوای من تاقە ڕێی خۆپاراستن لە بەهەڵەتێگەیشتنی نووسینەکانی نیچە، ئەوەیە کە پەی بە ماهیەتی ئەو شێوازەی بەرین. ڕستەیەکی ئەوم دێتەوە یاد کە شایەتیی ئەم قسەیەی منە، ڕستەکەش لەو بارەیەوەیە کە (بە دەربڕینە سامناکەکەی ئەو) لە ئەنجامی «مەرگی خودا»وە، خەڵکی سەدەی نۆزدەیەم دووچاری بێدەرەتانییەکی ترسناک بوون. پاشان دەنووسێت: «ئادەمیزادەکان لەبری ئەوەی خۆڕاگر بن، لە بەردەم ئەم حاڵەتە سەختەی بێکەسی و تەنیاییەدا، کەچی هەر لە گەڕاندان بە دوای خودا تێکشکاوەکای خۆیاندا و لە پێناوی ئەودا خۆشەویستیی خۆیان دەدەن بەو مارانەی کە لە وێرانەیەکدا لانەیان کردووە کە لە ئاکامی هەرەسی ئەوەوە پەیدا بووە». بڕواننە ئەم ئاوێتەکردنە: لە سەرێکەوە هەندێک مانای ئەبستراکتی وەکو «حاڵەت» و «بێکەسی و تەنیایی» کە بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی ئەبستراکتن و بە خودی باسەکەوە پەیوەستن، کە بەشێکە لە تیۆرەیەکی گشتی دەربارەی مێژوو. لە سەرێکی تریشەوە ئەو مارانەی کە لە وێرانەیەکدا سەر بەم قوژبن و بەو قوژبندا دەکەن، کە لە ئاکامی هەرەسی خوداوە پەیدا بووە. تەوەری کاری ئەو ئەمەیە، هەروەها خۆپاراستن لە زیاتر بەرەوپێشچوون لەم سنوورە و زێدە نەڕۆیشتن دەربارەی تیۆرەیەک کە پایەی ئەم دەربڕینە مەجازییەیە.

**ماگی**: بەڵام ئەو بەم کارە خوێنەرەکانی خۆی دووچاری گرفتێکی جیددی دەکات. ئاوێتەکردنی شیعر و مەجاز لەگەڵ چەمک و مانا ئەقڵییەکاندا واتە هیچ کاتێک نازانێت چۆن مامەڵەی

لەگەڵدا بکەیت. لە سەرێکەوە ناتوانێت نووسینەکانی وەکو باسی وردی ئەقڵانی تەماشا بکەیت، چونکە لەم حاڵەتەدا ڕێک لەو شوێنانەدا کە ئەو خوازەیە (ئیستیعارە) بەکار دەهێنێت، هەموو شتەکان هەڵدەوەشنەوە. لە سەرێکی تریشەوە ئەگەر هەموو نووسینەکانی ئەو بە کارێکی شاعیرانە لێک بدەیتەوە، ئەوا زۆربەی ناڕوون مایەی گفتوگۆیە کە مەبەستی لە چییە، بەڵام پێدەچێت هەر ئەم مەسەلەیە خۆی بمانباتە سەر چوارەمین بابەت لەو چوار بابەتەی لێی دەدوێین. تا ئێرە بە کورتی دەربارەی ئیرادەی هێز و باڵامرۆ و تیۆرەی دووبارەبوونەوەی هەتاهەتایی قسەمان کرد. دەمێنێتەوە ئەو بیرۆکەیەی نیچە کە دەڵێت دەبێت درکێکی ئیستاتیکییانە یان هونەریمان بۆ ژیان هەبێت (واتە دەبێت وا بڕوانینە ژیان کە کارێکی هونەریە – و. ک). وای بۆ دەچم مەبەست لەوە بێت ئەگەر لە دەرەوەی ئەم دونیایە هیچ شتێک نەبێت (وەکو خودا یان هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی ئاسمانی)، ژیانیش هیچ مەبەست و ئامانجێکی لە دەرەوە یان لە سەرووی خۆیەوە نابێت، هەر مانا و بیانوویەک کە هەیبێت دەبێت لە ناوەوەی خۆیەوە هەڵبهێنجرێت. ژیان تەنیا لە پێناوی خۆیدا هەیە و گرنگی و مانای بە تەنیا لە ناو خۆیدایە، لەبەر هەموو ئەم هۆیانەش لە کارێکی هونەریی گەورە دەچێت.

**ستێرن**: بەڵێ، بە بێگومان ئەگەر بمانەوێت ڕەوابین بین ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر ئەو شتەیە کە نیچە لە بەرچاوی گرتووە. نیچە لە یەکەم کتێبیدا «لە دایکبوونی تراژیدیا» سێ جار ئەم دێڕە دووپات دەکاتەوە کە: «بوونی مرۆڤ و جیهان تەنیا وەکو دیاردەیەکی هونەری تا ئەبەد پاساوی هەیە». ئەم دێڕە دێڕێکی ئاڵۆزە و نامەوێت بچمە ناو وردودرشتیەوە، بەڵام ئەوەی نیچە بەڕاستی دەیەوێت بیڵێت، ئەوەیە کە مەزنیی یۆنانییە کۆنەکانی

بەر لە سوکرات لە تراژیدیاکانیاندا بوو. لە ڕێی ئەم تراژیدیانەوە بوو کە ڕووبەڕووی خراپترین لایەنەکانی ژیان دەبوونەوە (وەکو زووڕۆیشتن لەم دونیایە و بەردەوامنەبوون و پەڕپوتیی ژیانی مرۆڤ و بەندبوونی بە کۆمەڵێک هێزی گەورەتر لە مرۆڤەوە) و بەرزترین سەرکەوتنیشیان ئەوە بوو کە دەیانتوانی لە تانوپۆی ئەم شتانە، ئەفسانە و چیرۆک و تراژیدیای وا سەرسووڕهێن بخولقێنن. نیچە فراوانترین و گەردوونیترین بەڵگەکان بەم مانایە دەدات، وەکو شکسپیر کە هەندێک جار لەم جۆرە پرسیارانەی دەکرد؛ دەپرسێت: ئایا ئەم جیهانە دەبێت بە جیددی وەربیگرێت، یان گشتی هیچ نییە جگە لە یارییەکی گەورە، لە نمایشێکی مەزن، شانۆنامەیەک کە ئێمە نە ئەکتەرەکانی دەناسین و نە دەشزانین بۆ کێ پێشکەش دەکرێت؟ ئەگەر پاساوێک هەبێت (سەرنج بدەن ئەو ڕێک دەڵێت «پاساو»، کە زاراوەیەکی حقوقییە و لەم دەقەیدا وشەیەکی لەخشتەبەرە) بۆ ئەوەی مرۆڤ بۆچی لەم دونیایەدا هەیە و بۆچی وەهایە کە هەیە، دەشێت ئەمەش هەر بە تەنیا بەشێک بێت لە هەمان ئەو شانۆنامە گەردوونییە گەورەیە. بەشێکی زۆری بیروڕاکانی نیچە و هەندێک لە سەرنجڕاکێشترین و بەرزترین بیرۆکەکانی تەرخانە بۆ ئەوەی کە بزانێت پاساوی هونەریبوونی مرۆڤ چییە.

**ماگی**: کەواتە ڕوانینی هونەری ئیستاتیکی لە چەند ئاستێکدا لەگەڵ گەوهەری بیری نیچەدا ئاوێتە دەبێت. بە ڕای من گومان لەوەدا نییە هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ئەو توانیویەتی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هونەرمەندە داهێنەرەکان هەبێت. لەبەر ئەوەی ئێوەش خۆتان لە بواری ئەم باسەماندا، چەند وشەیەکمان سەبارەت بە چۆنێتیی کاریگەریی نیچە لەسەر شاعیران و نووسەرە داهێنەرەکان پێ بڵێن.

**ستێرن:** هەمان ئەو سێ کەسە دەگرین کە خۆتان ناوتان هێنان: ییتس و شۆو لۆرەنس. یەکەمین جار کە ییتس نیچەی خوێندەوە، کتێبێکی بچکۆلە بوو کە هەڵبژاردەیەک بوو لە کارەکانی نیچە، وەرگێڕێک تەرجەمەی کردبوون ناوی جۆن کۆمۆنە، کە ناوەکەی لەگەڵ نیچەدا زۆر ناتەبایە(٤). لەساڵی ١٩٠٢ بە دواوە کە ییتس بە نووسینەکانی نیچە ئاشنا دەبێت، لە ڕیتمی گشتیی کارەکانی و شیعرەکانیدا گۆڕانێکی ئاشکرا ڕوو دەدات.

شیعری ئەو کەمێک هەڵچوون لەخۆ دەگرێت و کەمێک لەزەتبزوێنە و مەیلی بەری بەدیدا هەیە کە خەسڵەتێکی کارەکانی «کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمن» (دوای ناسینی نیچە) دەگۆڕێت. قۆناغی گەورەی شاعیریێتیی ییتس (یان وەکو خۆی دەڵێت شیعری خاک و خوێنی) لەژێر کارگەریی زۆری نیچە و لەژێر کاریگەریی تەقەللاکانی بۆ پەیبردن بە هەندێک لەو مەسەلانەی ئێمە لەم گفتوگۆیەدا لێیان دواین، دوای ئەوە دێتە ئاراوە.

هەروەها کاریگەریی نیچە لەسەر برناردشۆ جۆرێکی ترە و زیاتر پەیوەستە بە بواری ژیان و بواری «چالاکیی ژینی»یەوە کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، واتە بواری ڕەوتی بێئەمان و بێبەزەیی ژیان کە پاساوی لە ناو خۆیدایە. سەبارەت بە لۆرەنسیش کاریگەریی نیچە لە شێوەی مەسەلەی ڕاستگۆیی و «ڕەسەنایەتی»دا دەردەکەوێت. هەڵبەتە ڕەسەنایەتی (یان «خۆبوون») بەو جۆرەی لۆرەنس وێنای دەکات زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی نیچەدا، لای لۆرەنس چۆنێتییەکی کۆمەڵایەتی و سێکسی بە خۆوە دەگرێت، لە کاتێکدا نیچە بایەخێکی ئەوتۆ بەم دوو لایەنە نادات. لۆرەنس لە ڕێی هاوسەرەکەیەوە (فریدا) نیچەی ناسی و لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە قووڵی کەوتە ژێر کارگەرییەوە.

لۆرەنس ڕۆمانێکی هەیە ناوی «ئەو پیاوەی کە مرد»ەو لە کۆتاییەکانی ژیانیدا نووسیویەتی و بەسەرهاتی مەسیحە، بە ڕای من چیرۆکێکی هەڵبەستراوە. ئەم چیرۆکە ڕاستەوخۆ لەو هەوڵانەی نیچەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەیویست لە ڕوانگەی دەروونناسیکەوە بڕوانێتە کەسێتیی مەسیح. پاشان کاتێک لە بەریتانیاوە بەرەو وڵاتەکانی تری ئەورووپا دەچین، دەبینین پێراندێللۆ، تۆماس مان، ئەندرێ مالرۆ و گەلێک نووسەری دیکە بە توندی کەوتوونەتە ژێر کارگەریی نیچە و تا ڕادەی سەرسامبوون.

سترەندبێرگ لە ڕێی هاوڕێیەکی هەردووکیانەوە لەگەڵ نیچەدا نامەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. نیچە لە ساڵی ١٩٠٠دا مرد، بەڵام دوای مردنیشی هێشتا ئەفسانەی نیچە سەرچاوەی گەلێک کاریگەریی گەورە بووە. هەڵبەتە پێویستە باسی هەندێک هۆکاری وەکو کورتەنووسین و دەربڕینی چڕ و جوانی و سیحری دانسقەی خوازەکان و چڕوپڕیی نووسینەکانی ڕۆڵێکی گەورەیان لەو کاریگەرییەدا هەبووە. ئەدەبدۆستان حەزیان بە خوێندنەوەی کتێبی ئەستوور نییە و زیاتر کورتی و چڕوپڕییان پێ پەسەندە. هەموو ئەم هۆکارانە لە بەرژەوەندیی نیچەدا بوون.

**ماگی**: مەسەلەیەکی ترمان کە ناکرێت باسەکەمان بەبێ وروژاندنی ئەو مەسەلەیە کۆتایی پێ بهێنین، ئەویش مەسەلەی بەستنەوەی نیچەیە بە پەیدابوونی نازیزمەوە لە زەینی خەڵکدا. نازییەکان هەرچۆن ڤاگنەریان وەکو مۆسیقاری حیزب بۆ خۆیان زەوت کرد، نیچەشیان کردبوو بە فەیلەسووفی حیزب، یان باشتر بڵێین بۆ خۆیانیان دزی بوو. ئەم کارە دواتر ناوی ئەم دوو بلیمەتەی لای خەڵکانێک لەکەدار کرد. ئایا بە ڕای ئێوە بەستنەوەی نیچە بە فاشیزمەوە کارێکی ڕاست بووە یان ناڕەوا؟

**ستێرن:** من وای بۆ دەچم ئەم بەستنەوەیە تا ڕادەیەک ناچارییە، هەڵبەت زیاتر بە فاشیزمەوە نەک ناسیۆنال-سۆسیالیزم. مۆسۆلینی بە فراوانی نیچەی خوێندبووەوە و کاتێک لە ساڵی ١٩٣٨دا لە ملەی برێنیر لەگەڵ هیتلەردا یەکیان بینیی، هیتلەر دانەیەک لە کۆی کارەکانی نیچەی پێشکەش بە مۆسۆلینی کرد. هیتلەر هەرچەندە وشەیەکی نیچەی بەرگوێ کەوتبوو (بەتایبەتییش عیبارەتی «ئیرادەی هێز»ی دەزانی، بەڵام لەوە ناچێت هیچ شتێکی نیچەی خوێندبێتەوە. وای بۆ دەچم بەستنەوەی بە نازیزمەوە لە هەندێک ڕووەوە پاساوی هەیە. با بڵێین: ئەم حیزبانە پشتیان بە ڕۆشنبیرەکانیان بەستبوو، ڕۆشنبیرەکانیش خۆیان بە جۆرە ئایدیۆلۆژیایەکی تێکەڵوپێکەڵەوە بەستبووەوە، نیچەش لەم ڕووەوە ڕۆڵی هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت زۆر جەخت لەوە بکەین کە زۆر شت (شتی زۆر گرنگتر) لە نیچەدا هەیە کە لە ڕوانگەی ئەو دارودەستەیەوە کوفرێکی پەتییە. خۆبوون و ململانێ لەگەڵ دەروونددا و هەوڵدان لە پێناوی هەندێک بەهای بەرزی وەکو بەخشندەیی و بەرزڕوانین و گەورەیی بەو مانایانەی کە پێشتر باسمان کردن، شتێک نین لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا کوشتارگەرەکانی زادەی ڕایشی سێیەم، یان پێش ئەو لە نێو ئیتاڵییەکاندا، بچووکترین خاڵ کۆیان بکاتەوە.

**ماگی:** بە گوێرەی ئەو ڕاستییەی کە ئێوە بەشێکی زۆری تەمەنی خۆتان بۆ توێژینەوە و نووسین لەسەر نیچە تەرخان کردووە، ئاشکرایە کە بڕواتان بەوە هەیە سەربارى هەر کەموکورتییەک کە دەشێت لە نیچەدا هەبێت، ئەمە کارێکە بەهای مەزنیی خۆی هەیە.

**ستێرن:** بەڵێ، بە بڕوای من گومانی تیا نییە ئەم کارە پڕ بەهایە،

هەڵبەتە بەو مەرجەی کەس وەکو دەرمانی هەموو دەردەکان سەیری نەکات، بەڵکو بیەوێت پەی بەوە بەرێت کە ئادەمیزادەکان چییان لەدەست دێت و سنووری تواناکانی ئادەمیزاد تا کوێیە و مرۆڤ دەتوانێت درک بە چی بکات و ئەو شتانەش چین کە دەتوانێت لە ناو ناخی خۆیدا بیانخوڵقێنێت*.

## پەراوێزەکان

١- فاوست (Faust): کەسێتییەکی نیوە ئەفسانەییە لە ڕیوایەتە ئەڵمانییەکاندا، دەگوترێت ئەستێرەناس بووە و لەگەڵ شەیتاندا پەیمان دەبەستێت تا پشت لە خودا بکات و بەرانبەر بە لاوێتیی ئەبەدی و زانینی فراوان و دەسەڵاتی سیحری، ڕۆحی خۆی پێ بفرۆشێت. چیرۆکی فاوست سەرچاوەی ئیلهامی شاعیرانێکی وەکو کریستۆفەر مارلۆ و گۆتە و نووسەرانێکی وەکو تۆماس مان و مۆسیقازانانی وەکو برلیوز و گۆنۆ و لیست بووە. فاوست سیمبوڵی تینوێتیی بێسنووری ئادمیزادە بۆ زانین بە پشتبەستنی تەواو بە هێز و توانای خۆ (و.ف).

٢- پیرگینت (Peer Gynt): پاڵەوانی شانۆنامەیەکی ئیبسنە بە هەمان ناوەوە. ئیبسن کە شانۆنامەسووێکی گەورەی نەرویژییە. لەم کارەیدا هەوڵی داوە لایەنە ناپەسەندەکانی خووی هاوولاتییانی (وەکو ئێرەیی، خۆپەرستی و بێباوەڕی) لە قاڵبی کەسێتیی پیرگینتدا بخاتە ڕوو. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە هەم پیرگینت و هەم فاوست (لانی کەم لای گۆتە) سەرئەنجام بەخۆشەویستیی پاکی ئافرەتێک ڕزگاریان دەبێت. (و.ف).

٣- بۆرجیا (Borgia): بنەماڵەیەکی ئیتاڵیایی بەناوبانگی بە ئەسڵ ئیسپانین، کە لە سەدەکانی پازدە و شازدەدا توانیبوویان سامان و دەسەڵاتێکی زۆر بەدەست بهێنن. لە ناسراوترینیان ئەلفۆنسۆ و ڕۆدریگۆ، کە هەردووکیان بوون بە پاپا، هەروەها چزارە (سیزەر) و لۆکریتسیای خوشکی کە لە مەیدانی سیاسیی ئەودەمەی ئیتاڵیادا کاری گەورەیان کرد و ناویان بە دەسەڵاتپەرست و بێبەزەیی و هەلپەرستی دەرکرد (هەرچەندە ماکیاڤیللی لە کتێبی «میر»دا بە باشی باسی سیزەر دەکات).

٤- John Common: یەکێک لە ماناکانی کۆمۆن لە ئینگلیزیدا گشتی یان عەوامە. جۆنیش لە وڵاتە ئیگلیزییەکاندا ناوێکی زۆر باوە. بەم جۆرە گرێدانی ئەم دوو ناوە بە یەکەوە شتێکی باو و گشتیی لێ دەردەچێت، ئەو شتەی کە بەردەوام نیچە دژایەتیی کردووە.

## سەرچاوە

* ئەو سەرچاوەیەی ئەم کتێبەی لێوە تەرجەمە کراوە:

فلاسفەء بزرگ. اشنایی با فلسفەء غرب، نوشتەء/ براین مگی،

ترجمەء: عزت الله فولادوند،

انتشارات خوارزمی، چاپ دوم ١٣٧٧ (١٩٩٨) تهران.

ناوی کتێبەکە بە ئینگلیزی

The Great Philosophers

- An Introduction to Western Philosophy -

Bryan Magee

## نیچە ... فەیلەسووفی ژیان

دیدارێك لەگەڵ «ئەلێکسیس فیلۆنینکۆ»

بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەدەیەکەوە بەسەر مەرگیدا

***سازدانی: دیرێ ڕیمۆند***

**لە عەرەبییەوە: شاهۆ سەعید**

لە جیهانی نیچەدا بیرۆکەیەک هەیە گوایا شتێک ون بووە و تا هەتایە نادۆزرێتەوە. هونەر تەنیا شتێکە بەرگەی ئەو بۆشاییە دەگرێت. ئیدی نیچە زانستی ئیستاتیکای سۆز دادەمەزرێنێت. ئەمە دیدارێکە لەگەڵ «ئەلێکسیس فیلۆلینکۆ»(*) دانەری کتێبی «نیچە، پێکەنین و تراژیدیا»

***

ئەلێکسیس فیلۆلینکۆ لە سەر کورسییە گەورەکەی لە نێو هەزاران پەڕاوی کتێبخانەکەیدا دانیشتووە، بە چاوە نیمچە نوقاوەکانی تەماشام دەکات، گوێ ڕادەدێرێت لە کاتێکدا لە نێو دووکەڵی جگەرەکەیدا ون بووە. ئەو لە بۆرفێر پشکنەری خاوەن کەسایەتیی ئاڵۆزی ڕۆمانی تاوان و سزای دۆستۆیڤسکی دەچێت. پێم گوت لەو دەچێت، ڕازی بوو. ئەوەشی گوت کە دەکرێت منیش لای خۆمەوە ڕۆڵی ڕاسکۆڵینکۆڤ بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ببینم).

دەمزانی کە لە توانامدایە دەربارەی چەندین بابەتی جۆراوجۆر

پرسیاری ئاڕاسته بکەم، لە میتافیزیکەوە بۆ زانستی تاواناسی، هەروەها کەسایەتیی ئەو شۆپنهاوەری دەهێنامەوە یاد، چونکە فیلۆلینکۆ میتافیزیکستێکی گەورەیە و ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی سەیروسەمەرەی دەربارەی کانت و نیچە نووسیوە، دەکرێت ئەویش وەکو نیچە بڵێت: «هەر شتێک مرۆیی بێت بە لای منەوە گرنگە». پێش ماوەیەک هەروەکو شۆپنهاوەر کتێبێکی لەژێر ناونیشانی Parerga et Paralipomena (کە ناونیشانی کتێبێکی شۆپنهاوەرە و مانای «پاشکۆ و پاشماوە» دەگەیەنێت) نووسیی. دواتر کتێبێکی دەربارەی مێژووی شەڕی بۆکسێن (تاریخ الملاکمة) و کتێبێکی دیکەی دەربارەی تاوان نووسی. دوای ئەوەی وەک نووسەرێکی میتافیزیکی چەند کارێکی ئەنجام دا، بڕیارە لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی لویسی شازدەیەم ئامادە بکات. بۆ جاری دووەم کتێبێکی ئەوم بە ناونیشانی «شۆپنهاوەر: فەیلەسووفی تراژیدیا» (کە بڵاوکراوەکانی ساڵی ١٩٨٠ی ڤرانە) خوێندەوە. پاشان کتێبێکی تری ئەوم بە ناونیشانی «نیچە: پێکەنین و تراژیدیا» (کە بڵاوکراوەی ١٩٩٥ی زنجیرە گیرفانە) خوێندەوە. بڕیارم دا ئەم دیدارەی لەگەڵدا ساز بدەم دەربارەی نیچە فەیلەسووفی پێکەنین و تراژیدیا.

**دیدیێ ڕیمۆند:** هەندێک جار ڕەخنە لە تازەیی نیچە گیراوە، چونکە گومان لەوەدا نییە کە ئەو لە زۆربەی لێکدانەوە فەلسەفییەکانیدا قەرزاری شۆپنهاوەرە. چۆن بڕوانینە مامۆستاو شاگرد لە پەیوەندییاندا بە یەکترەوە؟

**ئەلیکسیس فیلۆلینکۆ:** کاتێک نیچە هۆگری فەلسەفە بوو تەمەنی بیستساڵان بوو، نەدەکرا خۆی لە شۆپنهاوەر لا بدات کە کتێبە بنەڕەتییەکەی خوێندبووەوە، بەڵام قوتابییەکی بێکەڵک بوو، ئەگەر بتوانین ئەو قسەیە بکەین، چونکە لە کاتێکدا شۆپنهاوەر

دەڵێت مێژوو هەمیشە وەک خۆیەتی، بەڵام لە فۆڕمی جیاوازدا (هیچ شتێک ناگۆڕێت، ترپەی دڵی مرۆڤ هەمیشە وەک خۆیەتی، ئەوەی دەگۆڕێت تەنیا جلوبەرگە). نیچە لە کتێبی «چەند ئیعتبارێکی ناهەنووکەیی» (إعتبارات غير راهنة)دا جیاوازی لە نێوان سێ وێنەی مێژوودا دەکات، یەکەمیان: مێژووی یادئامێز، وێنەیەکە لە مێژوو کە شوێندەست جێدەهێڵێت و لە لایەن مێژووی پشکنەرەوە بەسەر دەکرێتەوە. ئەمەش یەکەمین جیاوازییە لەگەڵ شۆپنهاوەردا: مێژووی نکۆڵیکەر، شۆپنهاوەر لەسەر بنەمای ئەو ئیستاتیکا باڵاخوازەی کە بەدحاڵیبوونێک دەربارەی لە ئارادایە، دیار و دیاردە تێکەڵ دەکات) زەمینەش بۆ مێژووی ئەفرێنەر خۆش دەکات. کتێبی زەردەشت ئاوای گوت، ستراکتۆرێکی باڵای مێژووە. مرۆڤ واقیعێک نییە لە ئارادا بێت، بەڵکو واقیعێکە دەبێت بە هەموو مانایەک ئەنجام بدرێت. ئەمەش جیاوازییەکی جوانی دیکەی نێوانیانە. جیاوازییەکی تریش لە نێوانیاندا هەیە شۆپنهاوەر فەیلەسووفی مەرگە، بەڵام نیچە فەیلەسووفی ژیانە. کاتێک شۆپنهاوەر بە نێو دارستانێکدا لە پاییزدا پیاسە دەکات چی دەبینێت؟ گەڵای مردوو، لقی ڕەشداگەڕاو، شەهیدەکان و شایەتەکان، هەمان شت دەربارەی ململانێی نێوان براکان، کە درەختە گەورەکان لە پێناو هەڵچوون بەرەو چنگکەوتنی تیشکی زیاتر ئەنجامی دەدەن. پاشان بۆنێکی ترسناک، بۆنی لاشە مردووەکان، کە لە هەموو شوێنێکەوە دەردەچێت. هەموو دارستانێک سروودێکی تەرمبەڕێکردنە، ئەمە ئەو شتەیە کە شۆپنهاوەر دەیبینێت و دەیبیستێت، بەڵام نیچە لە بەرانبەردا لە کاروانی سەرەتایی بەفر و ئاگری گەڵا ئاڵتوونییەکاندا نووستنی سروشتێکی جوان دەبینێت کە دەژێتەوە. بێگومان ناکرێت جگە لە چەند جیاوازییەک لە نێوان ئەو دوو فەیلەسووفەدا،

جیاوازییەکی ئەوتۆ بزانین، بەڵام من ئاماژە بۆ ئاشکراترینیان دەکەم، واتە ئەو جیاوازییەی کە ئیحا بۆ ڕەوتی زەردەشت ئاوای گوت دەکات: کە فەلسەفەیەکی خۆرئامێزە دەچێتە سەر شەو و ڕۆژ، یان فەلسەفەیەکی گەردوونییە.

**دیدێ ڕیمۆند:** ئەی مۆسیقا؟

**ئەلیکسیس فیلۆلینکۆ:** کاتی ئەوە هاتووە باسی مۆسیقا بکەین، مۆسیقا لە یەک کاتدا پرد و بۆشاییە. لە دیدی نیچە و لە دیدی شۆپنهاوەریشەوە: مۆسیقایەکی مۆدێرنی خراپ و مۆسیقایەکی کلاسیکی چاک لە ئارادا نییە. دەبێت وریا بین لە دەرکردنی حوکمی خێرا؟ شۆپنهاوەر حەزی بە ڕۆسینی و مۆزارت دەکرد. دەڵێن ئەوە هەڵبژاردنێکی دەگمەن و سەیر بوو؛ بەڵام ئەگەر بلوایە و لە هۆڵی مۆسیقای مەزن لە ڤیەننا گوێبیستی Massa di Gloria ی ڕۆسینی بووینایە دەبوو چاو بەو حوکمەدا بخشێنینەوە. ئەو قوداسە بە لای شۆپنهاوەرەوە تازە و جوان بوو. نیچە لەو لایەنەوە بەشداریی شۆپنهاوەری دەکرد: بەوپێیەی دەشێت مۆسیقا جێی میتافیزک بگرێتەوە، چونکە وەک ترپەی ئەسپایی دڵی جیهان وایە. ئەمەش لە یەک کاتدا هاوبەندیی بەهێز و کەلێنی نێوان نیچە و شۆپنهاوەرە. لەڕاستیدا نیچە مۆسیقاژەنێکی سەرکەوتوو بوو، لە کاتێکدا شارەزایی لە ژەنینی پیانۆدا هەبوو، بەهرەیشی لە ژەنینی خۆکردەییدا هەبوو، چەندین بەڵگەی ئاشکراش لەم بارەیەوە هەن. سەرەڕای ئەوەی ئەو پارچە مۆسیقا کەمانەی کە لە دوای خۆی بۆی بەجێ هێشتووین تەعبیر لە کەسایەتییەکی زۆر شیرین و دوور لە دەنگی مۆسیقاکانی ڤاگنەر دەکەن؛ بەڵام شۆپنهاوەر نە مۆسیقاژەنێکی زانستی و نە مۆسیقاژەنێکی خۆکردە بوو. ئەمەش ڕێگە نادات وەک مۆسیقاژەنێکی باش ببینین. من ناتوانم وێنای

مۆسیقارێک بکەم کە بێبەشە لە پەیوەندییەکی گیانیبەگیانی لەگەڵ ئامێری مۆسیقادا (واتە ئامێرەکەی)، جگە لەوە دەڵێن پێویستە مرۆڤ ئامێرێکی تایبەت بە خۆی فێر ببێت؛ بەڵام گریمان ئەم مەسەلەیە بڕاوەتەوە، دەکرێت قسە لە تێڕامانە فەلسەفییەکانی شۆپنهاوەر و نیچە بکەین. شۆپنهاوەر بیرۆکەیەکی بۆ هاتبوو کە بیرۆکەی کریستاڵ بوو، ئەو بیرۆکەیە تەنیا کەڕەتێک لە زەیندا دەخەملێت و ئیدی گەشە ناکات. لەڕاستیدا نووسینە جۆراوجۆرەکانی ئەو شتێک نییە جگە لە گۆڕانکاری لە بابەتێکدا کە نەگۆڕە: دیاردەکان هەمیشە ئاشکران. هەر ئەم خاڵەشە لە برگسۆنی جیا دەکاتەوە، کە بابەتەکەی لە چەند ئاستێکی ئەنتۆلۆژیی جیاوازەوە سەرچاوە دەکرێت؛ بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی زیرەکانە لە نیچەی نزیک دەکاتەوە کە خاوەنی تێگەیشتنێکی یەکلاکەرەوە بوو سەبارەت بە خەملینی میتافیزیک لە نێو خودی خۆیدا. ئەو خەملێنەی کە دوو جەمسەری بزۆک دەستنیشانی دەکەن: یەکێکیان مرۆڤی باڵا، ئەوی تریشیان مرۆڤی نزم (Unter– Mensch)، کە پرۆسەیەکە خاوەنی یەک گەوهەر و دوو ئاڕاستەیە.

لە دۆخێکی لەو جۆرەدا وێنەیەک هەیە کە ڕێک ناخرێت، ئەویش ئەو وێنەیەیە کە ئەدگاری Gaya Scientia دەڕازێنێتەوە، دەمەوێت بڵێم: وێنەی مەنزڵ، چونکە بیرۆکەی نیشتەجێبوون زۆر ڕوون و ئاشکرایە لای شۆپنهاوەر: نیشتەجێبوونی تا هەتایی کە گۆڕە؛ بەڵام بە مانایەک لە ماناکان لای نیچە شتێک نییە بە مانای گۆڕ. شتێک هەیە لای ئەو لەوەی تێپەڕاندووە، لە یەکێک لەو شیعرانەدا هاتووە لە قۆناغی لاوێتیدا نووسیویەتی: ڕەنگە مردن بە ئاستەم وێنا بکرێت، چونکە لە ناخی قووڵاییەکانی زەویدا درەختی زیندوو خۆراک وەردەگرێت.

دەمەوێت ئەم پرسیارە بە ئاماژەیەکی زمانەوانیی کورت دەربارەی سێ چەمک کۆتایی پێ بهێنم: یەکەم Wille zur Macht کە تەرجەمەی دەکەم بۆ «ئیرادەی هێز»؛ ئەگەر وشەی zur بە واتای بیرۆکەی پەشێوییەکی ئاراستەکراو بێت، دەکرێت دەرخەرێکی بەدوادا بێت، واتە دەبێت تەرجەمەی بکەین بۆ: «ئیرادە بەرەو هێز»، دووەم Tanzlied تەرجەمە دەکەین بۆ: «مۆسیقای سەما»، بەڵام ڕێگە نادەین هەردوو بیرۆکەی ئەسپایی و ئازادیی میتافیزیکی تەعبیر لە خۆیان بکەن؛ سێیەم Widerkehr des Gleichen گەڕانەوەی خودی شتەکان، دەبێت بگوترێت شتێک کە سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بوار نەدرێت بە گریمانەی بوونی ئاوێتەیەک لە خودی شتێک و شتێکی تریش.

**دیدێ ڕیمۆند:** دوای ئەوەی نیچە هاندەرێک و هاوڕێیەکی نزیکی ڕیچارد ڤاگنەر بوو، ساڵی ١٨٧٦ بۆ دواجار پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەودا کۆتایی پێ هێنا. داخۆ هۆکارە قووڵەکانی ئەو دابڕانە چی بووبن؟

**ئەلیکسیس فیلۆلینکۆ:** دەکرێت بە چەند شێوەیەک وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. بابەتی Niebelungen دواجار بە لای نیچەوە بابەتێکی منداڵانە دەرچوو. لەڕاستییشدا بابەتێک بوو تام و چێژ و ناوەڕۆکی حیکایەتی هۆمیرۆسی نەبوو، چونکە سیگفرید لەگەڵ گەڵای داربیدا ئاخیلێکی ساختەیە، ئەو کاتەی گەڵای داربی بە چاڵایی سەرپشتەوە چەسپ دەبێت چاوی سێیەممان دەهێنێتەوە یاد کە لە چاڵایی تەوێڵی زەبەلاحە ئەفسونییەکاندا هەبوو، کە لە ڕێگەیەوە داهاتوویان دەبینی. توانایەکی لەو جۆرە کە لە لایەن ئاخیلەوە لەکار کەتبوو، دەچێتە پاڵ ئەو بیرۆکەیەی هۆمیرۆس کە دەڵێت هەموو مرۆڤێک کائینێکی لەکار کەوتووە. شارەزایی

نیچە لە گریکۆلۆژی (اليونانيات) فراوانترە، لەوەی ڕازی بکات ئەو جۆرە چاکسازییە ئەنجام بدرێت. بە بڕوای ئەو نەدەکرا بگەینەوە بە ئازادیی گریکەکان. لەڕاستییشدا ئەوە ڕیچارد ڤاگنەر نەبوو کە گۆڕا، بەڵکو ئەوە نیچە بوو زۆر بە قووڵی گەشەی کردبوو کاتێک لە ڕۆحیەتی گریکی ڕادەما، هەروەها پەیوەندی نێوان ئەوان نیچە و ڤاگنەر لەگەڵ مۆسیقاشدا گەشەی کردبوو: ڕەشەبایەک لای ڤاگنەر و هێمنییەکی بێگەرد لای نیچە. دەکرێت فەلسەفە بە هۆی دەنگی چەکوشەوە دروست بکەین، بەڵام ناکرێت پشت بە نیچە ببەستین بۆ نووسینی کلاشڤانی تەنککراو لە ڕێگەی دەنگی وەشاندنی چەکوشەوە. دواتر و پاش ماوەیەکی دوورودرێژ نیچە عەشقی بیزێ بوو: من لەو بڕوایەدام ئەوە ڕقێک نەبوو لە ڕیچارد ڤاگنەر کە لە ماوەیەکی درێژدا کەڵەکە بووبێت، بەڵکو ڕاستتر ئەوە هەڵبژاردنی باشوور بوو دژی باکوور. هەڵبژاردنێکی پێشوەخت بوو لەسەر هەمان دیدار لەگەڵ ڤاگنەردا. یۆنان و تیشکی بارسینۆن دژی باکووری پرووسیا و تەمومژە ئاڵۆزەکەی.

**دیدێ ڕیمۆند:** ئایا دەکرێت مۆسیقا دڵنەواییکەر بێت؟

**ئەلیکسیس فیلۆلینکۆ:** مۆسیقا وەک هونەرێکی دڵنەواییکەر، بیرۆکەیەکە هەمیشە لە ئارادایە، بەڵام بەهەرحاڵ شۆپنهاوەر و نیچە بە شێوازێکی زۆر تازە باس لەو بیرۆکەیە دەکەن. مۆسیقا ناتوانێت دڵنەواییمان بکات ئەگەر بە شێوازێکی دابڕاو نەبێت. بەوپێیەی ئەو مەسەلەیە ئامادەیی لە خواست و نییەتی «Geist»دا هەیە، ئەوا دەبێتە هۆی خۆشبینییەکی ڕاستەقینە و ڕازیبوون بەرانبەر بوون. ڤاگنەر حەماسەتمان پێ دەبەخشێت، بەڵام نیچە لەیلایەمان بۆ دەکات. ئەمە ئەو ئەنجامەیە کە لە ڤاگنەر و پارچە مۆسیقاکانی نیچە هەڵم هێنجاوە، ئەو پارچە

مۆسیقایانەی کە بە شێوەیەکی کارەساتبار پڕن لە کەلێن. داخۆ بۆچی نیچە هەوڵی نەدا پیشەی مۆسیقاژەنی ئەزموون بکات؟ لەڕاستیدا من شتێک لەم بارەیەوە نازانم، بەڵام هەست بە شتێک دەکەم. هەست دەکەم نیچە بە شێوەیەک شەرمن بوو کە ڕەنگە باوەڕ نەکەین. هونەرمەندی ڕاستەقینە مرۆڤێکە خۆی نمایش دەکات بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەرانە و شەرم ناناسێت. ئەمە دژبوونێکی گەورەیە. نیچە وەک مۆزارت بەرگەی نەگرت، بەڵام مادام هەموو شتێک لە دەستی مرۆڤ یان لە دەستی سروشتی ئازاد دەربازی دەبێت دەکرێت دڵنەواییکەر بێت. ئەوەی کە بوار بە خۆدزینەوە نادات ئەوەیە ئەو شێوازە لە هونەرە جوانەکان هاودەردیی لەگەڵ ئەم جۆرە لاواندنەوەیەدا هەبێت، ئەمەش بەرئەنجامی ئەوەیە کە بەدەست هاتووە. ناکرێت ساتەوەختێک لە مۆسیقا تەسلیمی دابڕان لە کەشێکی کولتووری ببێت؛ زیاتر لەوە دەکرێت مۆسیقای نیچە تەعبیر لەو ساتەوەختە بکات، بە هەمان ئەو ئەندازەیەی کە دەکرێت لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە قسەی لێ بکەین، کە مۆرێکی قەرەجییانەی پێوەیە، بەڵام ئەمە تەنیا هەستێکی شەخسیی پەتییە.

**دیدێ ڕیمۆند:** لەم ڕووەوە ئایا دەکرێت نیچە وەک خوێنەرێکی کانت بناسین؟ یان وەک فەیلەسووفێک کە لە هەموو فەیلەسووفەکانی تری ئەڵمانیا کەمتر ئەڵمانییە؟

**ئەلیکسیس فیلۆلینکۆ:** خوێندنەوەی کانت لە ڕێگەی کاسیرەوە فەلسەفەی ئەڵمانی فێر کردم. دواتر شێوازێک دیاری کرا کە هەمیشە لە لایەن بیرۆکەی دامەزراندنەوە ئاڕاستە دەکرا. ئێمەش وەک خەڵکی فەرەنسا بیرۆکەی دامەزراندن بەسەرماندا زاڵە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز لە ئەڵمانییەکان. ئەوەی هاوبەشە لە نێوانماندا ئەو بیرۆکەیەیە کە دەڵێت مەعریفەیەک

هاتووەتە گۆڕێ و دەبێت دابمەزرێت؛ بەڵام ئێمە هەست ناکەین پێویستمان بە دامەزراندنی هیچ شتێک هەیە. کانت بڕوای وایە دامەزراندن گرنگە، سەرەتا دامەزراندنی شوێن (ئەندازە) پاشان کات (زانستی ژماردن- الحساب)، هەروەها ئەو میتۆدەی کە ناونراوە ترسێندێنتالیزم بە شێوەیەک کشاوە تەواوی ئەو شتانە دەگرێتە خۆی کە تایبەتە بە ئەقڵ. بوارێک نامێنێتەوە بۆ هەستەکان بەو مانایەی کە ڕاسین پێمان دەبەخشێت. پێناسەی لێکۆڵینەوەکە پێناسەیەکی فیکریی ئەبستراکتە. تەنیا گەوهەرە کە واقیع دەکات بە کارێکی مومکین. بۆ نموونە لە بواری فیزیادا گەوهەر گوتەزایەکی سەبەبییە وەک گشتێگی پێکهێنەر. ڕەنگە بگوترێت کەموکورتییەکی زۆر لەم ئاستەدا هەیە: فراوانکردنی میتۆدی پێکهێنەرانە کە بەسەر کات و شوێندا جێبەجێ ببێت، بە شێوەیەک ڕێگە بۆ لەدایکبوونی زانستە ڕاستکەرەوە و زانستە ڕێکخەرەوەکان خۆش بکات، بەڵام ئەم شێوە خوێندنەوەیە بلیمەتییەکی کانتییە، لەم خاڵەدا ڤانهینگەر (Vainhinger) کە سووک تەماشا کراوە و لەیاد چووەتەوە و بە هەڵەدا نەچووبوو. لە نێو گوتەزاکاندا «من بیر دەکەمەوە» ئامادەیی هەیە «هەروەها خێر لای ئەفلاتوون ئەو ئامادەییەیە کە وا لە هەموو جۆرەکانی تری ئامادەیی دەکات مومکین بێت»، ئەو گوتەزایە گوتەزایەکی گەوهەریی خودی گەوهەرە، لەم بارەیەشەوە فەیلەسووفەکان تووشی دەمەقاڵێ بوون، لە کاتێکدا لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێت ئیش بکەن لەپێناو تێپەڕبوونی گەوهەریەتی گەوهەر بە نێو ئەو ئازادییەی کە لە لای کانت دروست بوو، بەوپێیەی ئەولەویەتی هەیە و واقیعێکی ناوازەی ئەقڵە.

پێش هەموو شتێک من حەز دەکەم تیشک بخەمە سەر ئەو کودەتا گەورەیەی کە لەگەڵ کانتدا هاتە گۆڕێ؛ ئیدی بوونەوەر

له بنەڕەتدا ئەو کەسە نییە کە لە ڕیشەی شتەکانی بووندا ئامادەیی هەیە، بەڵکو ئەوە ئیرادەیە، بەو مانایەی ئەوەیشی کە بوونی نییە تامەزرۆی هاتنەبوونە. بوونەوەر لەسەر زەمینەی خواست و ئارەزووەکان لە دایک دەبێت. ڕووناکی لە بنەڕەتدا بنەمایەک نییە، بەڵکو ئەنجامێک، ئەوەشی ڕەسەنە کات نییە، بەڵکو شەوگارە.

پرسیارت لێ کردم دەربارەی ئەوەی نیچە لە هەموو فەیلەسووفەکانی تری ئەڵمانیا کەمتر ئەڵمانییە، هەموو ئەو ئیعتبارانەی کە بە وردی باسمان کردن ئاماژە بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە دەکەن. بۆ نموونە نیچە لە ڕادەبەدەر حەزی لە مۆسیقای باشوور کردووە و بەردەوام لە سەرچاوە گریکییەکانەوە ئیلهامی وەرگرتووە، پێکەنینی هۆمیرۆسی و چەمکی تراژیدیا. ڤاگنەر بە ئاسانی لە چاخی گریکییەوە پەڕییەوە بەرەو ڕەگەزە ئەڵمانییەکان، بەڵام بە شێوەیەکی وردتر ئەو پەڕینەوەیە لای کەسانی تر هێندە ئاسان نییە. بۆ نموونە یۆنانی ڤاگنەر شتێک نییە جگە لە یۆنانی شیللەر کلاسیکییەتی ڤایمار. نیچە لە هەموو فەیلەسووفەکانی تری ئەڵمانیا کەمتر ئەڵمانییە، چونکە لە هەموویان زیاتر ئەڵمانییە.

میتافۆڕ (المجاز) یەکێکە لەو گرفتانەی لە ئارادایە. فەیلەسووفە ئەڵمانییەکان بیرۆکەی سیستمیان پێ باش بوو؛ لە کاتێکدا نیچە لە ڕێگەی میتافۆڕەوە ئەو بیرۆکەیەی ئەوانی ڕەت دەکردەوە. ئاڵۆزییەکی زۆر لە میتافۆڕەکانی نیچەدا هەیە، هەڵوێستی سیبستۆڤیش لەم بارەیەوە دەزانین. بە بڕوای من نیچە ئەو مەسەلانە ناخاتە ڕوو کە پەیوەندییان بە کانتەوە هەیە. هەموو ئەو مەسەلانە (بەتایبەتی نەمریی ڕۆح) لە ڕوانگەی باڵاخوازی و یەزدانی ونبوودا داڕێژراوە. لە کاتێکدا نیچە خەون بە

نموونەیەکی نزیکی باڵاوە دەبینێت کە دەکرێت پێی بگەین. بێ هیچ ترسێکیش (بەڵام بە ئیحایەکی زۆرەوە) دەڵێت نموونەی باڵای ئەو سەربازی بروسییە.

**دیدێ ڕیمۆند:** بەڵام دەبێت لە گۆشەنیگایەکی نوێوە سەرلەنوێ بیر لە بەهاکانی ئەو سەردەمە بکەینەوە؟

**ئەلیکسیس فیلۆلینکۆ:** لەڕاستیدا ئەنجامە ئیستاتیکییەکان زۆرن. پێش هەموو شتێک بە بڕوای نیچە ئیستاتیکا (جوانناسی) لە چاخەکانی ناوەڕاست نزیکترە تا چاخی نوێ، چونکە نیچە بەهاکانی ئەسپسواریی پێ باشتر بوو. لەڕاستیدا بە لای منەوە چاخی ناوەڕاست هەڵگری پاکێتی بوو، ئاریان و ئەوینی پاکیزەیی لە کتێبی زەردەشت ئاوهای گوت. ئەوینی پاکیزەیی ئەوینێکی تەواو پاک نییە، تینوێتییەکە لەپێناو دوو کەسدا. لێرەوە ئەو گەیشتە بیرۆکەیەکی زۆر ئاسایی: بەوپێیەی ئەو جۆرە ئەوینە ئەوینێکی ئیستاتیکی و پاکیزەییە و لەودیو خودگەرییەوە پەیوەندی دەسازێنێت. ڕاناوی کەسی نائامادە لە جوغزی ئیستاتیکی دەچێتە دەرەوە و سنوورەکانی لە ڕاناوی کەسی قسەکەر «أ» و ڕاناوی کەسی قسە لەگەڵ کراو «ب»دا بەرجەستە دەبێت. فرێزی «تۆ دەڵێیت» بەدوور گرتوومە کە تایبەتە بە ئاکار لە «ئەژدیهای گەورە»دا، چونکە لە لایەکەوە سترێسی سۆزداری بەدوور دەگرێت، لە لایەکی تریشەوە بەشێکی گەورەی تەواوی دیاردەی مرۆیی پشتگوێ دەخات. لە کاتێکدا ئیستاتیکا هەروەکو نیچە دەیەوێت ئاشتبوونەوەیەکی هەمەلایەنەی تەواوی مرۆڤایەتییە. هەر بۆیە ئیستاتیکای کانت شتێک نییە جگە لە بەشێک لە فەلسەفەی جەوهەری، بەشێکە لە نێو بەشێکی تردا، بەڵام لای نیچە ئاستێکی هەمەلایەنە. لێرەوە دەکرا ئاشتبوونەوە لەگەڵ ڤاگنەردا مومکین بوایە؛ بەڵام نیچە

ویستی لە هونەری شیعرەکەیدا بەها کۆمیدییەکان بدۆزێتەوە، «زەردەشت ئاوهای گوت» لێوانلێوە لەو بەها کۆمیدیانە. ئەو چیرۆکانە زۆرن سەبارەت بە نامەی «سەردانێکی چاوەڕواننەکراو»، ئەو قسانەش زۆرن کە دەکرێت دەربارەی نیچە و لێهاتوویی بگوترێن. هەڵپەی خۆشبینی لای ڤاگنەر ئەوی بریندار کردبوو، کە لای وا بوو دەبێت هونەرمەند ڕەسەن بێت و لە پشت داهێنانەکەیەوە خۆی حەشار بدات. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە شیکردنەوەی تیۆری هونەرمەند لای نیچە کارێکی زەحمەتە، دەشکرێت نێگەتیڤانە پێناسە بکرێت، بۆ نموونە ئەو زۆر دوورە لە هونەری وێنەکێشان لەسەر جەستە (Body Art) کە هونەرێکی قێزەونە، هەروەها جۆرێک لە بەلەسەیی لە ئەقڵیدا هەیە هەروەکو لای هەر هونەرمەندێکی گەورەی تر هەیە، باکیشی نییە بەرانبەر ئەو بیرۆکەیەی گوایا ترس دەبزوێنێت. لۆدڤیگ ستاین سەرسام بوو بەرانبەر هەڵچوونە سەرسەختەکانی ئەو. دەمەوێت کەمێک ئەم خاڵە ڕوون بکەمەوە: نیچە لە هەموو شوێنێک و بە هەر شێوازێک بوایە دەینووسی. هەروەکو ئەوەی دەبوو ئەو بیرۆکەیە (یان ئەو وێنەیە) جێگیر بوایە کە بە دزییەوە نیگا کرابوو، لە ترسی ئەوەی نەبا تا هەتایە لەناو بچێت، لێرەوە مەحکوم بوو بەوەی لە نێو تۆپێک لە برووسکەی ئاگریندا بژیی، ئیدی هەرگیز ڕەوتێکی توند لەسەر ئاستێکی دیاریکراو شک نابەین لەو نامانەدا کە بۆی بەجێ هێشتووین. لێرەدا شتێک مۆزارتمان دەهێنێتەوە یاد، هەروەها ژیانێکی ئاگرین کە ڤاگنەر نەیزانی لێی نزیک بکەوێتەوە یان لێی تێبگات، نیچە لە «گۆرانییەک لەپێناو سەمادا» تەعبیری لەو ژیانە کرد.

دواجار ئەو چەمکە دەربارەی هونەر زۆر لەوە کلاسیکیترە

کە ئێمە وێنای دەکەین، ئەو چەمکە ئیستاتیکای سۆز و ئازارە بەرەو گەڕانەوە: سەرەتا گەڕانەوە بەرەو گریک، پاشان گەڕانەوە بەرەو ئەوینی پاکیزەیی؛ ڕابردوو لەو ئاستەدا بالآیە. لە جیهانی نیچەدا بیرۆکەیەک هەیە دەڵێت شتێک بۆ تا هەتایە ون بووە و ناگەڕێتەوە، تەنیا هونەرە دەتوانێت درک بە گەورەیی ئەو داروپەردووە ئەبەدییە بکات، تەنیا ئەویشە بەرگەی ئەو بۆشاییە دەگرێت. بێگومان هەموو کەسێک سەرەتا وا دەزانێت دەتوانێت لە یەکەمین نیگاوە لە هزرە وردەکانی نیچە حاڵی ببێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەو زمانناس (فیلۆلۆجی)یە و پێویستی بە وردبوونەوە هەیە.

**دیدێ ڕیمۆند:** ئایا دەکرێت فەلسەفەیەک لە فەلسەفەکان قوربانی بـە بیرۆکەی حەقیقەت بدات لەپێناو ڕوانینێکی ئیستاتیکیدا بۆ جیهـان؟

**ئەلیکسیس فیلۆلینکۆ:** دەگوترێت نیچە خاوەنی بیرۆکەیەکی تازەیە دەربارەی حەقیقەت، ئەوەی دەربارەی ئەم بابەتە نووسراوە هێندە زۆرە نەک تەنیا لە کتێبەکاندا، بەڵکو لە مەوسوعەکانیشدا باس کراوە. لەگەل ئەوەشدا نیچە تەنیا خاوەنی پەرەگرافێکە سەبارەت بەم بابەتە. کتێبە بەناوبانگەکەی (وتارەکان) کە لە ساڵی ١٨٧٣دا دەرچووە تیایدا هاتووە لە بنەڕەتدا ئێمە دوو بیرۆکەمان دەربارەی حەقیقەت هەیە، بیرۆکەی یەکەم میکانیکییە (حەقیقەتی تێگەیشتن)، دووەمیان ئیستاتیکییە (ئەقڵ). حەقیقەتی تێگەیشتن حەقیقەتێکی تەکنیکی و گشتییە، هیچ ماشێنێک بەبێ سوتەمەنی کار نـاکـات. هـەمـوو مرۆڤێک بەمە ڕازییە، چەندین حەقیقەتی گشتی و چەندن حەقیقەتی ئاسایی لە ئارادان. ئەوانەی بەکاری دەهێنن سنگیان دەردەپەڕێنن کاتێک دەڵێن: «من زانام، من دیکارتیم». تەنانەت

لای پزیشکەکانیش زاناکان هەن. ئیدی گرنگ نییە حەقیقەت پێشنیارێک بێت کە لە یادمان کردووە هەڵەیە، ئەوەی گرنگە ئەو زەینەیە کە ئەو جەختکردنەی تیادا دەخەملێت. بێگومان هەڵەکانی زمانیش هەن: ئێمە منداڵەکان بەرەو زانستە وردەکان ئاڕاستە دەکەین! هەروەکو ئەوەی زانستگەلێک هەبن کە ورد نەبن! لە لایەکی ترەوە چەندین حەقیقەتی شەخسی هەن: ئەوینی ڕاستەقینە، کە چرکەیەک بۆ بوونەوەرێک دەستنیشان دەکات و تەسلیم نابێت تاکو لە ڕێگەیەوە لایبنتز بدوێین و لە سیستمێکی دیاریکراودا دایبنێین.

دواجار دەڵێم حەقیقەت لای نیچە دەکرێت جێگۆڕکێ بکات و تەعبیری لێ بکرێت. بەو مانایەش حەقیقەت لە وەزیفەوە نزیک دەبێتەوە. یان ئەوەش بڵێین کە حەقیقەت جوانە.

**دیدێ ڕیمۆند:** لە دوای نیچەوە، داخۆ دەکرێت چەند سیستمێکی فەلسەفی دابڕێژین لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی مۆدێلی دیکارت بۆ میتۆدی ماتماتیکی، یان باشتر وایە لە کاری هونەرمەندەکانەوە سروش وەربگرین؟ ئایا ئەم خاڵە ڕێگەمان پێ دەدات سەرلەنوێ پێناسەی فەیلەسووف بکەین بەوەی فەیلەسووف هونەرمەندە بەر لەوەی زانا بێت؟

**ئەلیکسیس فیلۆلینکۆ:** پرسیارێکە بێ بوونی بابەتێک، چونکە ئەگەر من وێنای ئاڕاستەکردنێکی دیکارتی بکەم، لە بەرانبەردا وێنای سیستمێکی دیکارتی ناکەم. زانستەکانی پزیشکی و میکانیک و مۆڕاڵ تا ئێستا کامڵ نەبوون. لەڕاستییشدا ئەوە داخوازییەکی ناوەکی بوو تاکو جۆرێک لە ژیان لە چوارچێوەی ئاڕاستەکردنی دیکارتدا پێشکەش بکات؛ ئەوەی لە زانستی پزیشکیدا گرنگە، بریتی نییە لە چارەسەرکردن بەڵکو درێژەدانە بە ژیان. بێگومان جووڵەکە دیالێکتیکییە، بەو ئەندازەیەی ژیانی

من بەردەوام دەبێت، دەتوانم وێنای ئەو ئەزموونانە بکەم کە توانای درێژکردنەوەی ژیانیان هەیە، دواتر ئەم پرۆسەی وێناکردنە بەردەوام دەبێت، لەم بەینەدا شتێک لە فەلسەفەی نیچە لە ئارادا نییە. جیاوازی نێوان دیکارت و نیچە وەک جیاکردنەوەی تەکنیکە لە چارەسەرکردن؛ بەڵام داخۆ خودی بیرۆکەی سیستم بیرۆکەیەکی دیکارتییە؟ فردیناند ئالکێ بڕوای وا بوو دیکارت خاوەنی ئاڕاستەیەکی کەساسە، ئاڕاستەیەکە بە سۆزداری بۆ بوونەوەر تەنراوە، بڕواشی وا بوو کە بابەت و بوونەوەر دوو شتی جیاوازە.

فەیلەسووف خاوەنی دەسەڵاتێکی گەورەیە بەسەر جیهاندا، ئەو دەزانێت کە تێناگات، بەڵام زانای سادە وا دەزانێت کە تێدەگات. زانای سادە بە خۆی دەڵێت کەسێکی زانستی، چ زمانێکی دزێوە؟! دکتۆرێک لە زانستی پزیشکیدا لە من زانستیتر نییە، خوێندکارێکیش کە کاتی خۆی لە پەیمانگەی تەکنیکە هەمەجۆرەکان دەرچووە، هیچی لەو زیاتر نییە.

بەم نزیکانە کتێبێکت دەربارەی تاوان و تاوانباران(**) دەرکردووە، ئایا فەلسەفەی نیچە بە شێوەیەکی تایبەت بەکەڵک بوو بۆت لە نووسینی ئەو بابەتەدا.

ئەوە گرفتێکی دووفاقە. لە لایەکەوە نیچە بە تیژبینییەکی زۆرەوە پەنجەی خستووەتە سەر لاپەڕەکان لە کتێبی «چەند یادەوەرییەک لە مەنزڵی مردوانەوە»ی دۆستۆیڤسکی کە شۆڕشێکی لە ویژدانی ڕووسیدا بەرپا کرد. دۆستۆیڤسکی بەگشتی گوتی ئەو لە پشت شوراکانەوەیە، بەڵام دەبینین بەهێزترین کەسەکان ئەوانەن کە لە باشترین تەختەکانی ڕووسیا دروست کراون، ئەوانەی کە جاڕس و بێزار دەبن لەوەی هیچ پەشیمانییەک دەرببڕن، لە کاتێکدا بۆ نموونە بە قایشەکانیان

لە ژنە لاوازەکانیان دەدەن کە لە قاچەوە هەڵواسراون تا گیان لەدەست دەدەن. لە هەمان کاتیشدا قاقا پێدەکەنن و جامی گەورەی پڕ لە کواس هەڵدەدەن. بە لای ئێمەوە نەک بە لای خۆیانەوە، ئەوانە لە پشت خێر و شەڕەوەن. لە کتێبی «ئەودیو خێر و شەڕ»دا نیچە لە نێو ئاوێنەدا ڕەنگدانەوەی واقیع یان واقیعی ڕەنگدانەوە دەبینێت، بەڵام خۆ بەدرەوشتییش لە ئارادایە کە نە دۆستۆیڤسکی و نە نیچە قبووڵیان نەبوو. ئەو باوکەی کە گەردنی ئەو داپیرەیە لوول دەدات کە ڕازی نەبووە پێکێک ڤۆدگای بۆ تێبکات (ڤۆدا- ئاو- دواتر لە دوا پەرەگرافدا ئازیز و خۆشەویست.) باوکێکی بێتاوانە، بەڵام ئەو پیاوە پەنجاساڵەی کە بە زۆر سێکسی لەگەل کیژۆڵەیەکی بچووکدا کردووە تاوانبارە، چونکە پیاوێکە ڕۆحێکی پیسی هەیە. بە کورتی ئەو تاوانبارەی کە زادەی تەختە نایابەکانی ڕووسیایە باڵادەستی نیشان دەدات. لە بەندیخانەشدا کاتێک دۆستۆیڤسکی هاوڕێیەتیی ئەو تاوانبارە دەکات هەست دەکات زەلیلە و ئیهانە دەکرێت.

**دیدیێ ڕیمۆند:** نیچە گوتوویەتی گەورەترین زانای دەروونناس دۆستۆیڤسکییە، تەنانەت ئەوەشی گوتووە کە لە ستاندال زیاترە. چۆن لەو قسەیەی دەگەیت؟

**ئەلیکسیس فیلۆلینکۆ:** نیچە ستاندالی لە دوای شۆپنهاوەرەوە ناسیوە، کاتێک تەمەنی ٣٠ساڵان بووە. وا بزانم دایکم ستاندالی خۆش دەویست و داوای لێ دەکردم هەموو ئێوارەیەک لەسەر جێگەی بەر لە مەرگیدا چەند لاپەڕەیەک لە نووسینەکانی ئەوی بۆ بخوێنمەوە. بە بڕوای دایکم ئەو ساحیرێکی خاوەن زیرەکییەکی درەوشاوە بوو؛ بەڵام با جەخت لەسەر ئەو شتە بکەین کە گەوهەرییە: تەمەنێک هەیە بۆ خوێندنەوەی ستاندال (٣٠ ساڵان)، تەمەنێکیش هەیە بۆ خوێندنەوەی دۆستۆیڤسکی

(٤٠ ساڵان). ئیدی لە کاتی خۆیدا تەماشای دەکەین ئەو نووسەرە شک دەبەین کە گەورەتر لە نووسەرێکی تر. بە بڕوای من هەمان شت بەم ئاڕاستەیەدا دەربارەی نیچە ڕووی داوە.

**دیدیێ ڕیمۆند:** هایدگەر نیچە بە دوا میتافیزیکی و دوا مرۆڤدۆست لە قەڵەم دەدات. ئایا دەکرێت بچینە پاڵ ئەم ڕاڤەکردنە، یان بە بڕوای تۆ دەبێت لەبەر چەند هۆکارێک بەرەنگاری ببینەوە؟

**ئەلیکسیس فیلۆلینکۆ:** زیاتر لە جارێک ئەو پرسیارەم لێ کراوە. حەز دەکەم بەوە دەست پێ بکەم کە ئێمە ناتوانین دەربارەی مرۆڤ و ناکامڵیی مرۆڤ و تا دوایی قسە بکەین و ڕێگەش بە مرۆڤ بدەین وەک بەدئاکامێک لە فەلسەفەدا هەڵسوکەوت بکات. بەردەوام لە لایەن ئەنتۆلۆژیا و فینۆمینۆلۆژیاوە گورز و کوتەکمان بەر دەکەوێت و کۆڵ نادەین. هەر لە کلۆسبێرگەوە بوونەوەر وەک نهێنییەک تەماشا دەکەین. چەند لاپەڕەیەک لە (Was ist das die philosophie?) بخوێنەرەوە، دواتر لەبەر ئەوەی دەبێت هەموو شتێک کۆتایی هەبێت، با دەربارەی فەلسەفە قسە بکەین! بە بڕوای من بۆ ئەوەی کۆتایی بە شێوەیەکی دروست بناسین، پێویستە یان دۆخی سەرەتا بەگوێرەی نموونەی مێژوویی بناسین، یان سەرەتای نموونەیی بەگوێرەی نموونەی مەبدەئی بناسین.

دەستپێکردنی نموونەیی لای هەموان ئاشکرایە، پەیوەندی بە تێڕامانەوە هەیە لەو پرەنسیپانەی کە بەبێ بوونیان ناتوانین وێنای بیرکردنەوە بکەین. ئەوە هەڵوێستی فیشتەیە کە نیچە نایسەلمێنێت. ئەو شوێنەیشی کە بۆ تێگەیشتن (چەمکداڕشتن) لە ئارادایە، زۆر فراوانە. لە کاتێکی ئاوادا ئێمە خۆمان دەخەینە نێو هەڵوێستێکی مێژووییەوە، بەڵام ئەوە هەڵوێستێکی شیعرییە و لەبەر ئەو هۆیەشە کە بێ دەسەڵاتە لە بەرهەمهێنانی ئیدراک.

با بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکە دەربارەی دوا میتافیزیک، ئەو پرسیارە ئەو مانایە دەگەیەنێت کە چەند میتافیزیکێک هەبوون و تەنیا ئاستی دەستپێکردنیان نەبووە، بەڵام لە کوێن؟ لە هونەرەکاندا لە کوێن؟ ئایا دەکرێت بڵێین ڤان کوخ دۆلاتۆ، مۆزار، بیتهۆڤن میتافیزیکیان هەبووە. ئەو کاتەی سنوورەکان دەبەزێنین مانای ناوەکی وەک تەنیا ئاستێک یەکلایی دەکرێتەوە. لە یەک کاتدا زۆر و کەمیشە، بەڵام بۆچی بە ئاڕاستەی ڕابردوودا پرسیار دابڕێژین؟ ئەو کەسە کێیە کە بەو ئەندازەیە شێتە دەڵێت هەرگیز جارێکی تر یەزدان لە دایک نابێت؟! بەڵام ڕەنگە پرسیارەکە لەم ئاستەدا نەبووبێت. ماکسیم شوهل (Schuhl) ئەم پرسیارەی کرد: چی بڵێین دەربارەی میکانیزم و بیرکردنەوە؟ ئایا دەکرێت ئەگەرێک لەسەر ئاستێکی ڕەها لە ئارادا بێت دەربارەی وڵاتێک گەشتی بۆ بکەین، دەربارەی بیرکردنەوە لە شتێکی تر جگە لە جۆرەکانی نشوست لە میکانیزمدا؟

## پەراوێز

(*) ئەم چاوپێکەوتنە بە بۆنەی دەرچوونی فایلێکی گۆڤاری ماگازین لیتیریر (Magazine Litteraire, no. 383) لە یادی تێپەڕبوونی سەدەیەک بەسەر مەرگی نیچەدا ساز دراوە. ئەلیکسیس فلیلینکۆ فەیلەسووف و توێژەرێکی تایبەتە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا. چەندین نووسینی گرنگی هەیە دەربارەی جەمسەرەکانی ئەو فەلسەفەیە وەک کانت، هیگڵ، شۆپنهاوەر، نیچە و هابرماس.

(**)Tueurs, Eigures du meurtre, Alexis philonenho, Ed..

## سەرچاوە

الکسیس فیلۆنینکو، «نیتشه هو فیلسوف الحیاة». مقابلة أجراها: دیریه ریموند. ت: د. بدر الدین عرودکی. الفکر العربی المعاصر. ص ٥٥-٥٩.

# بەرانبەر نیچە و لەگەڵ نیچەدا

## گفتوگۆی ڕامین جەهانبەگلو لەگەڵ پۆڵ ڤالادێدا

**لە فارسییەوە: ئەبوبەکر عەلی سەعید**

پۆڵ ڤالادێ یەکێکە لە بەناوبانگترین فەیلەسووفە یەسوعییەکانی ئەمڕۆی فەڕەنسا. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٣ لە شاری سێنت ئایتن (St Etiennest)ی فەڕەنسا هاتووەتە دونیاوە. خوێندی فەلسەفەی لە زانکۆی لیۆن (Lyon) تەواو کردو لە تەمەنی ٢١ساڵیدا پەیوەندیی کرد بە گرووپی مەسیحییە یەسوعییەکانەوە. لە پاش بەسەربردنی سێ ساڵ خوێندنی فەلسەفە و دوو ساڵ خوێندنی شەرعیات، نامەی دکتۆرای لەسەر نیچە و مەسیحییەت نووسی.

لە ساڵی ١٩٥٧دا بۆ ماوەی ٢٨ مانگ خزمەتی سەربازیی کرد و لە جەنگی جەزائیردا بە ناونیشانی وەک «گوێزەرەوەی نەخۆش» (برانکاردیست) بەشداریی کرد. لە دوای ساڵی ١٩٦١ لە شاری لیۆن دەستی بە گوتنەوەی وانەی فەلسەفە کرد و هاوکات لە قوتابخانە یەسوعییەکانیشدا وانەی ئیلاهیاتی دەگوتەوە. لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٩ لە قوتابخانەی زانستە سیاسییەکان لە پاریس «I. E. P» وانەی گوتەوە، لە ساڵی ١٩٨١ بوو بە سەرنووسەری گۆڤاری ئیتۆد، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٩ وازی لە کاری سەرنووسەریی ئەم گۆڤارە هێنا. لە ساڵی

١٩٩١ تاکو ئەمڕۆ مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی کاسۆلیکی لە شاری لیۆن.

شایانی باسە بونیادنەری قوتابخانەی یەسوعییەکان (ژزوئیتەکان) لە ئەورووپادا سێنت ئینیاس دی لویۆلایە (Ignace de Loyola) لیۆلا لە ساڵی ١٩٤١ی زایینیدا لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی لە ئیسپانیا لە دایک بووە، لە پاش سەردانی بەیتول موقەدەس لە ساڵی ١٥٢٣دا، ژیانی خۆی بۆ عیرفانی مەسیحی تەرخان کرد. لیۆلا لە ساڵی ١٥٢٨ چووە پاریس و لەگەڵ گرووپێک لە قوتابی و لایەنگرانیدا ئەنجومەنی مەسیح (Compagnie de Jesus) یان دامەزراند. دواتر گەڕایەوە بۆ ئیسپانیا و تا کۆتایی تەمەنی کاتی خۆی بە نووسین و وانەگوتنەوەی قوتابخانەکەی خۆی بەسەر برد.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی لیۆلا دوو نامەیە بە ناونیشانی: ڕاهێنانی مەعنەوی (Spirituels Exereices) و یاسا بنەڕەتییەکان (Constitutions) لە ساڵی ١٥٥٦ی زاییندا، لیۆلا کۆچی دوایی کرد و لە ساڵی ١٦٤٢دا لە ڤاتیکان نازناوی قەدیسی پێ بەخشرا.

سەرەتای دەستپێکردنی کاری یەسوعییەکان لە فەڕەنسادا لە ساڵی ١٨١٤ و هاوکاتە لەگەڵ گەڕانەوەی سەد پڕۆژەی «ناپلیۆن پۆناپارت» لە دوورگەی ئەلب بۆ پاریس. تا ئەم کاتە یەسوعییەکان لە فەڕەنسادا مافی هیچ جۆرە چالاکییەکیان نەبوو، چونکە لە ساڵی ١٧٧٣دا پاپای کیلمان (Clement X I V) هەموو جۆرە بەشدارییەکی یەسوعییەکانیان لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا قەدەغە کردبوو. یەسوعییە فەڕەنسییەکان لە ساڵی ١٨٥٠-١٩٣٠دا چەندین قوتابخانەی دواناوەندی و کۆلێژ و پەیمانگەی هونەری و پیشەییان پێک هێنا، کە لە ساڵانی دەوروبەری دووەم جەنگی جیهانیدا، جێگەی پێگەیاندنی سەدان ڕۆشنبیر و هونەرمەند بوو.

له پاریس له ساڵی ١٩٧٤ سەنتەری سیڤەر (Sentre Severes) قوتابخانەی باڵای فەلسەفە و ئیلاهیاتی یەسوعییەکان دامەزرا، کە ئەمڕۆ چەندین کەس لە بەتواناترین ڕاڤەکارە جیهانییەکانی نیچە و هیگڵ و هایدگەر، لەوێدا وانە دەڵێنەوە. ئاشنایی من لەگەڵ پۆڵ ڤالادیَ بۆ یەکەم جار لەم سەنتەرەدا بوو، دواتریش لە گۆڤاری ئیتۆد (Etude) بەردەوامی پێ درا.

لە بەرهەمە گرنگەکانی پۆڵ ڤالادیَ، دوو کتێبە بە نێوی «ستایشی ویژدانی» و «ئەخلاقی ناچاری». ئەم چاوپێکەوتنەی دەیخوێنیتەوە لە هاوینی ١٩٩٥دا لە پاریس ساز کراوە.

## ڕامین جەهانبەگلو

**٭ ئێوە ژزوئیتن و لە سەنتەری سیڤەر مامۆستان و لە قوتابخانەی زانستە سیاسییەکان وانەبێژن (معید)، چۆنچۆنی هاتنە نێو کایەی فەلسەفە و ئیلاهیاتەوە؟**

- تێکەڵبوونی من بەم مەسەلانە بۆ زەمانێکی پێشتر و کاتی لاویم دەگەڕێتەوە. ئەمەش دەرئەنجامی واقیعێک بوو کە لە بارەی ئیمانەوە بۆم ئاشکرا و سەلمێنرا بوو. بەو مانایەی هەمیشە دەرهەق بەو واقیعە هەستیار بووم کە ئیمانی مەزهەبی ناتوانێت بەبێ درککردن بە شتەکان و بەبێ تێگەیشتن لەوەی کە ڕایدەگەیەنێت، پێش بکەوێت. لێرەوە وەختێک لاو بووم، چوومە ناو گرووپی لاوانی کاسۆلیکییەوە (کە زیاتر ئالوودەی مەسەلە سیاسییەکان بوو تاکو کاری کۆمەڵایەتی و سەندیکایی).

ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٥٥-١٩٦٠، واتە وەختێک باسی جەنگی جەزائیر و مەسەلەی هیند و چین دەنگوباسی گەرم بوو. کۆماری پێنجەمی فەڕەنسا هێشتا پێک نەهاتبوو، کۆمۆنیستەکان لە بزاوتی کۆمەڵایەتیدا

ئامادەییەکی بەرفراوانیان هەبوو. لەبەر ئەوە بۆم دەرکەوت کە ڕووبەڕووبوونەوە و سەرقاڵبوون لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە کارێکی ئێجگار دروستە، بەڵام ئەگەر کەسێک سەرمایەی فیکریی پێویستی نەبێت، ئەو شتەی هەڵیدەسەنگێنێت مەترسیی ئەوەی هەیە کە خێرا بکەوێتە داوی پراکتیکخوازیی زێدەڕەوانەوە (actiruisme) یاخود هەر لە بنەڕەتدا لە ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی مەسەلەکە تێنەگات. کە وا بوو من هەمیشە گرنگیم دا بە پێویستیی هاتنەناوەوەی مەسەلە سیاسییەکان بۆ ناو بواری فیکری، بەڵام هەمیشە بیرم لەوە کردووەتەوە وەختێک کەسێک لە ئاستی ئیماندا ڕادەوەستێت، بە تەنیا بوونی ئیمان ناتوانێت لە کاری عەقڵ و هێزی ئیدراک دووری بخاتەوە، ئیدی بەم شێوەیە بوو خۆم دایە فەلسەفە و ئیلاهیات.

**٭ لەم ڕێگەیەدا چ کەسانێک لە هەموو کەس زیاتر کاریگەرییان لەسەرت هەبوو؟**

– لە کاتی قوتابێتیمدا لە زانکۆی لیۆن، چەند مامۆستایەکم هەبوو کە لایەنگیری تیۆری کەسێتیگەرایی Personallsme)) بوون. وەک ژان لاکروا، بەڵام پێم وایە وەختێک بوومە ژزوئیت (یەسوعی)، کەسانێک زۆرترین کاریگەرییان لەسەرم دانا، کە لە بارەی هیگڵەوە کاریان دەکرد. وەک ئیدیک ڤایل و قەشە فسار، ئەم دوو کەسە بۆ من دوو سەرچاوەی سەرەکین لە فەلسەفەدا. لە ڕوویەکی ترەوە کتومت لە زەمانی شورای دووەمی ڤاتیکاندا، ئیلاهیات لە لام فۆرمەلە بوو. واتە لە ساڵانی نێوان ١٩٦١-١٩٦٥دا کە ڕۆژگاری جۆش و بزاوتێکی فیکریی بێئەندازە سەرسووهێنەر بوو. واتە ڕۆژگارێک بوو لە ڕووی فیکرییەوە ئۆکسجینی زیاتر هەبوو بۆ هەناسەدان. بە هۆی دووبارەخوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکان، نەریتی مەسیحی

نەریتی تۆماس ئەکیوناس، کاری فیکریی زۆر دەربارەی مێژووی کەنیسە دەکرا کە شتێکی مێژوویی بوو، لە ڕادەبەدەر سەرسووڕهێنەر. کە وا بوو دەتوانم بڵێم لە بواری ئیلاهیاتدا ساڵانێکی ئێجگار جەنجاڵ و سەختم بەسەر برد، چونکە لەو ڕۆژانەدا سەرلەنوێ چەندین پرسیاری زۆرم لەلا گەڵاڵە بوو.

*** بەڵام لە هەمان کاتدا تۆ چاودێریی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی فەڕەنسییشت دەکرد، وا نییە؟**

– پەروەردەبوونی تایبەتیی من لە گرووپی لاوانی کاسۆلیکدا بەردەوام بەرەو لای مەسەلە سیاسییەکان پەلکێشی کردووم. هەروەک گوتم من پەیوەست بووم بە نەوەیەکەوە کە بە شێوەیەکی توندوتیژ ڕووبەڕووی جەنگی جەزائیر و ئەو مەسەلانە بووبووەوە کە لە سەردەمی گۆڕانی کۆماری چوارەم بۆ پێنجەمدا لە ئارادا بوو. کە وا بوو نەدەکرا دەرهەق بەوەی لە کۆمەڵگەی سیاسیدا ڕووی دەدا بێباک بیت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەزانیت کە مەسەلەی جەزائیر بۆ ئەو نەوەیەی من برینێکی قووڵ بوو.

*** تۆ لە ڕاپەڕینی سەربەخۆییخوازی جەزائیرەوە نزیک بوویت؟**

– لەڕاستیدا من لە تەمەنی ٢٥ساڵیدا سەرقاڵی بەسەربردنی خزمەتی سەربازی بووم. هەرگیز بڕوام بە جەزائیری فەڕەنسی نەبوو، بەڵام پەیداکردنی ڕێگەچارەیەک بۆ مەسەلەکە شتێکی دژوار بوو. هیوای ئێمە ئەوە بوو کە بتوانرێت پەیوەندیی کۆلۆنیالی بەرکەنار بکرێت و لەگەڵ جەزائیر، مەغریب و تونسدا پەیوەندییەکی بەرانبەری و یەکبەیەک بەرقەرار بکرێت؛ بەڵام بە داخەوە بەو شێوەیە نەبوو، کەللەڕەقیی بەرپرسانی سیاسی لە پاراستنی پەیوەندیی کۆلۆنیالیدا، بۆ ئێمە ئێجگار گران تەواو بوو.

*** لە دوای ئەو وەختە بوو کە مەلەسەی بەرپرسیارێتی لەلای تۆ خرایە ڕوو؟**

– بەڵێ، دەمەوێت بڵێم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلە سیاسی و ئایینییەکاندا، ئێجگار گرنگە کە تاکەکەس لە ڕووی فیکرییەوە بەرپرسیار بێت بەرانبەر بەو شتەی دەیکات. واتە بەرپرسیارێتیی ئەوەی کە ئەنجامی دەدەین و بەڵگەی بەئەنجامگەیاندنەکەشی بە بیر و بڕوای من شتێکی ئێجگار بنەڕەتییە، چونکە لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەگەر کەسێک بنەمای فیکریی جیددی نەبێت، پێم وا نییە بتوانێت دەست بۆ فەرمانێکی تەمەندرێژ و کارێکی بەرفراوان ببات. لەم حاڵەتەدا ئەوەی بەسەر کارەکاندا زاڵ دەبێت هەست و سۆز و کاری پەرشوبڵاو و پراکتیکیی زێدەڕەوانە و دڵساردییە، دواتر دەمەوێت بڵێم لەو ساڵانەی لاوێتیمدا مارکسیزم لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیی هەبوو. ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر لە دۆستان و هاوکارانم گرفتاری مارکسیزم بووبوون، کە بۆ بەرگرتن لە لادانە تۆتالیتارییەکان بە خۆمم دەگوت: تەنیا ڕێگەچارە بریتییە لە کاری ڕیشەیی، ئیدی بەم شێوەیە بوو لە بارەی هیگڵەوە دەستم بەکار کرد، چونکە دەمبینی هیگڵ یەکێکە لە سەرچاوەکانی مارکسیزم و زۆربەی مارکسییەکان هیچ شتێک لە هیگڵ و نەریتی فەلسەفی نازانن، ئەوان سەرنجیان لە گوتارێک دەدا کە ڕاستەوخۆ سیاسی و ئایۆدیۆلۆژی بێت، واتە گوتاری پارتی کۆمۆنیست، بەڵام خاوەن بناغەیەکی فەلسەفی نەبوون کە توانای ئەوەیان پێ ببەخشێت کە لە مەزنیی مارکسیزم و تراژیدییەکانی مارکسیزم تێبگەن. کە وا بوو هەموو ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی ڕوو بکەمە کاری فیکری و فەلسەفە و ئیلاهیات.

*** کە وا بوو لای فەیلەسووفان بەدوای بنەما فیکرییەکاندا دەگەڕایت و**

**تۆ ئەو بونیادە فیکرییەت لە لای فەیلەسووفان (بەتایبەت فەیلەسووفانی ئەڵمانی وەک هیگڵ و نیچە) وەرگرتووە، نەک لای ئیلاهیاتناسەکان؟**

– بڕوانە ئەگەر دەمانەوێت ئەو کۆمەڵگەیە بناسین کە تیایدا دەژین، بێگومان فەیلەسووفان زیاتر سەرنجمان ڕادەکێشن بەلای خۆیاندا، بەڵام ئەگەر بەدوای هۆیەکانی ئەو شتانەوەیەن کە باوەڕمان پێیانە (بۆ نموونە بنچینەکانی فیکری مەسیحی بەنیسبەت منەوە) پێویستە بگەڕێینەوە بۆ زانایانی ئیلاهیاتناسی. ئەوەی لە لای فەیلەسووفانی وەک قەشە فسار دەمبینی، ئەوە بوو کە ئەو بە زیرەکیی خۆی هەردووکیانی پێکەوە کۆ دەکردەوە. واتە ئیلاهیاتێکی دروست دەکرد کە بە گوتەزا و چەمکە هیگڵی و کیرکە گاردییەکان تۆکمە کرابوو. لە هەمان کاتیشدا واقیعیەتی لە دیدگای مەسیحییەتەوە تێبینیی دەکرد. توانایی ئەنجامی هەردوو کارەکە سەرنجی منی بە لای خۆیدا ڕاکێشا. من پێم وایە فەلسەفە یاریدەمان دەدات لە ڕیشە فیکرییەکانمان تێبگەین و ئیلاهیاتیش توانای ئەوەمان پێ دەدات کە گرنگی بە باوەڕە مەزهەبییەکانمان بدەین. کە وا بوو من ئەو دوو بوارە لە یەکدی جیا ناکەمەوە، هەرچەندە پێشم وا نییە ئەم دوو کایەیە تێکەڵ بە یەکدی بکرێن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فەیلەسووفێکی هەنووکەیی چاری نییە و دەبێت لەگەڵ هەردوو بوارەکەدا مامەڵە بکات.

*** ئایا بە تێڕوانینێکی هەڵقوڵاو لە ئیلاهیاتەوە بوو کە نامەی کۆتایی دکتۆراتان دەربارەی نیچە نووسی؟ لە بنەڕەتدا هۆکاری سەرنجدانی ئێوە لە نیچە چییە؟**

– لە بارەی نیچەوە هۆکارەکە ئەوە بوو کە وەختێک خوێندنی ژزوئیتیم تەواو کرد پێویست بوو نامەیەک ئامادە بکەم، بابەتێک کە جێگەی سەرنج و گرنگیپێدانی من بوو، ئەخلاق و ئیلاهیاتی

ئەخلاقی بوو. لەو ڕۆژگارەدا (واتە ساڵانی حەفتاکان) کتێبەکانی نیچە لە فەڕەنسادا خوێنەریان ئێجگار زۆر بوو، هەروەها لەو ڕۆژانەدا کارەکانی «دۆلۆز، جۆن میشێل ڕێ، گرانێ« و چەندانی دیکەش لە ئارادا بوون. من لە خۆمم پرسی: ئایا نیچە نووسەرێکی سەرنجڕاکێشەر نییە، چونکە ژزوئیتییەکان بەو شێوەیە بەدوای نیچەدا وێڵ نەبوون، ئەوان بە زۆری بەرهەمەکانی کانت، هیگڵ و هایدگەریان دەخوێندەوە، بۆیە بە خۆمم گوت: نیچە نووسەرێکە پێویستە بناسرێت. ئەو فەیلەسووفێکە ڕەخنەی زۆری لە مەسیحییەت گرتووە. کە وا بوو کەسێکە دەبێت هەم لە ئاستی فەلسەفە و هەم لە ئاستی ئیلاهیات لێی نزیک ببیتەوە. لەبەر ئەوە نیچە زۆر سەرنجڕاکێشەرە، چونکە فەڕەنسییەکان لە بارەی ئەوەوە کارێکی بەرچاویان نەکردووە، لەلایەکی دیکەوە ئەو وامان لێ دەکات لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە مەسەلەکانی ئیلاهیات تاووتوێ بکەین. ئیدی هەموو ئەمانە منیان بەرەو لای نیچە پەلکێش کرد؛ بەڵام وەختێک دەربارەی نیچە دەستم بە کار کرد، هیچ شتێکم لە بارەیەوە نەدەزانی، چونکە لەو وانانەی کە خوێندبووم نیچە هیچ شوێنێکی نەبوو.

*** بەڵام ئایا نزیکبوونەوەت لە فیکری نیچە، تێڕوانینی تۆی بۆ ئیلاهیاتی مەسیحی گۆڕی؟**

– مەگەر جگە لەوە دەگونجێت؟ تۆ نیچە دەناسیت، بە دوو شێوە دەتوانیت لە نیچە نزیک ببیتەوە: یان ئەوەی کەسێک لە دەرەوەی بیری ئەودا بمێنێتەوە و بە خۆی بڵێت فەلسەفەی ئەو کۆمەڵێکە لە ناکۆکی (تناقضات)، لەم حاڵەتەشدا ئەوەی لێی دوور دەکەوێتەوە و چیدی تێیناگات، هەروەک مەلەسەکانی لە پشتی پەنجەرەوە بکات، یان ئەوەیە هەوڵ بدات بۆ ناوەوەی ئەو فەلسەفەیە بڕوانێت و ئەو زنجیرە ناسکەی کە هەموو

ئەندێشەکانی ئەو پێکەوە دەبەستێت، بدۆزێتەوە. لەم حاڵەتەدا ناکرێت بەرانبەر بە فیکری نیچە بێهوودە بین و ناکرێت بە دیدێکی سادەوە بۆ فەلسەفەی تەکنیکیی پسپۆڕییانە بەرەو ڕووی نیچە ببینەوە و دڵخۆش بین و نیچە بە فەلسەفەیەکی تەکنیکی و پسپۆڕیی تۆکمە تێبگەین؟ بە پێچەوانەوە لەم فەلسەفەیەدا لەگەڵ پیاوێک ڕووبەڕوو دەبینەوە کە بەشێک لە مەسەلە بنەڕەتییەکان و تەنانەت خودی خۆیشت دەخاتە ژێر پرسیارەوە. نیچە خۆی دەیەوێت هەر ئەم جۆرە پەیوەندییە لەگەڵ خوێنەرەکانیدا دروست بکات. ئیدی یان خوێنەر بەرگری دەکات و هیچ شتێک نابیستێت، یان وردەوردە پێ دەنێتە ئەم ڕوانگەیەوە و وا هەست دەکات «تواوەتەوە».

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بە گومانی من ئاشنایی لەگەڵ نیچەدا نابێتە هۆی نیچەییبوون. ئەمە دەرئەنجامێکی بێمانا و بێسەروبەرە. من تێدەگەم چۆنچۆنی دەشێت مارکسیست یان پەیڕەویی هیگڵ بین، بەڵام تێناگەم چۆن دەتوانرێت پەیڕەوی لە نیچە بکرێت. قسەکردن بە گوتاری تایبەتیی ئەو دەربارەی ئیرادەی هێز، یان گەڕانەوەی هەمیشەیی، چ مانایەکی هەیە؟ بێمانایە. گرنگ ئەوەیە نیچە ناچارتان دەکات ڕێڕەوی خۆتان بگۆڕن. ئەو لە کتێبی «زانینی شاد»دا ئەم ڕستە لاتینییە بەکار دەهێنێت: «Va de tecum Va de mecum» کە من بەم شێوەیە وەری دەگێڕم: «ئەگەر دەتەوێت لە گەڵمدا بێیت، لەگەڵ خۆتدا دەست بە ئاخاوتن بکە»، کە وا بوو مەبەست چاولێکەریی کەسێک یان فیکری ئەو نییە، بەڵکو مەبەست ئەنجامدانی کارێکە بۆ گۆڕانکاریکردنی خود. نیچە ئێمە هان دەدات تاکو حەقیقەتی زیاتر دەربارەی خۆمان کەشف بکەین.

*** ئەم بۆچوونە ئەو ڕستە بەناوبانگەی یاسبرسم بە بیر دەهێنێتەوە کە**

**دەڵێت: «خەریکبوون لە فەلسەفەوە لەگەڵ نیچەدا، بە مانای دەرخستنی بوونێکی بەردەوام لە بەرانبەر نیچەدا».**

– ئەگەر من بوومایە کتومت دەمگوت: «لە بەرانبەر نیچە و لەگەڵ نیچەدا»، چونکە پەیوەندیی لەگەڵ نیچەدا دوو ڕووی هەیە، دۆستی و دوژمنی. پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ ئەودا لەسەر بناغەی دۆستێتییە، چونکە نیچە نووسەرێکە ئامادەبوونی پێویستە، هەروەک دۆستێک کە پێویستمان بە بیستنی قسەکانی هەیە. لە هەمان کاتیشدا کەسێکە ناتوانرێت پەیڕەویی لێ بکرێت، تۆ وا لێ دەکات لە بەرانبەریدا هەڵوێست بگریت. من وا هەست دەکەم کە پێویستە بەرهەمەکانی نیچە دووبارە و چەندبارە بخوێنمەوە، لە هەمان کاتیشدا لەوەی کە ئەو دەیڵێت دوور دەکەومەوە. ئەمەش جۆرە پەیوەندییەکی سەرسووڕهێنەرە، بەڵام پەیوەندییەکی زیندووە. ناتوانرێت خود ببێت بە یەکێک وەک ئەوی لێ بێت، ئەم کارە مانای نییە؛ بەڵام ناشتوانرێت پشتگوێ بخرێت و بگوترێت گرنگیی نییە و شتێکمان پێ نادات.

*** کەوا بوو پێت وایە پاش ئەو هەموو لێکۆڵینەوە و بەدحاڵیبوونەی کە لە بارەی نیچەوە لە ئارادایە، کەچی هێشتا هەر وا بیریارێکی هەنووکەییە؟**

– دەزانیت، هیچ کاتێک ناتوانیت دڵنیا بیت کە نیچەت بە چاکی خوێندووەتەوە، من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە بە چاکی نیچەم خوێندووەتەوە. پێم وایە هەرکەس لەسەر بنەمای خۆی لە نیچە تێدەگات، نیچەگەری بوونی نییە، تەنیا دەتوانین بڵێین: تێگەیشتنی هەرکەس لە نیچە، لە خۆیەوە دەست پێ دەکات، من لە گۆشەنیگای کەسێکی بڕوادارەوە نیچەم دەخوێندەوە کە وا بوو من لەسەر چەندین لایەن هەستیار بووم کە کەسێکی وەک جیل دۆلۆز (سەرەڕای چۆنییەتیی ڕاڤەکردنەکانیشی) دەرهەق

بەو لایەنانە هەستیار (حساس) نەبوو، چونکە دۆلۆز کەسێکی بڕوادار نییە و گرنگی بە پەیوەندیی نیچە و مەسیحییەت نادات. دۆلۆز ئەم مەسەلەیە لە لای نیچە بەهەند ناگرێت، بۆیە هەر کەس بە شێوازی خۆی نیچە دەخوێنێتەوە. بۆ نموونە هونەرمەندێک بەو شێوەیەی کە من دەیخوێنمەوە نیچە ناخوێنێتەوە. بە گومانی من هەر لەبەر ئەمەشە کە نیچە ڕێنماییکەری کەسەکانە، لەڕاستیدا هەر کەس بە خوێندنی نیچە خۆی دەخوێنێتەوە، چونکە ناکرێت لە پێشکەشکردنی تەفسیرێکی کامڵ دڵنیا بین. وەختێک ڕووبەڕووی خوێندنی نیچە دەبینەوە، پێویسە بزانین تا چ ئەندازەیەک سوود لە خۆمان وەردەگرین.

*** لەم دواییانەدا لە فەڕەنسادا ڕەخنەگرێکی زۆر جیددی دەربارەی فەلسەفەی نیچە هاتووەتە ئاراوە، گوتوویانە بیرێکی دژە هیومانیستی خوڵقاندووە. فەیلەسووفانی وەکو فۆکۆ و دۆلۆز بەرهەمەکانی نیچەیان خوێندووەتەوە و شیان کردووەتەوە. بەتایبەتی مەبەستم کتێبێکە بە ناوی «بۆچی ئێمە پێڕە نیچە نین؟» پێم وایە بۆ ڕەخنەگرتن لە هاوچەرخەکان تا ڕادەیەک سوود لە نیچە وەردەگرن؟**

- بەڵام ئەمە بگرەوبەردەیەکە کە هیچ جۆرە قازانجێکی تیادا نییە. ئەمانە فەیلەسووفانێکی گەنجن کە سنگ لە مامۆستاکانیان دەردەپەڕێنن تاکو بۆڕیان بدەن. ئەو مامۆستایانەیان کە پێشتر ستایشیان دەکردن، ڕەتکردنەوەی مامۆستاکانیان پەیوەستە بە خۆیانەوە، بەڵام لەم نێوانەدا نیچە چ کارەیە؟

*** ئێستا با ئاوڕێک لە بەرهەمەکانی تۆ بدەینەوە، لە ساڵی ١٩٨٠دا تۆ چەندین وتار و کتێبی سیاسی و ئایینیت دەربارەی ئەخلاق و پلورالیزم بە چاپ گەیاند. ئایا بە بڕوای تۆ لە جیهانی ئێمەدا بەهای ئەخلاق ڕوو لە پێشەوە و بەهای سیاسەتیش ڕووی لە ئاوابوونە؟**

- نازانم تا چەند دەکرێت پەیوەندی نێوان ئەخلاق ڕوو لە

پێش و سیاسەت ڕوو لە ئاوابوون پەسەند بێت، لەبەر ئەوەی بە گومانی من، بەلای کەمەوە ئەخلاق لە دیدگای مەسەلە گەلێکەوە کە کۆمەڵگە دەیخاتە ڕوو، بێگومان ڕوو لە پێشە، چونکە لەبەر ئەوەی پرسیارە ئەخلاقییەکان بە داهاتووی ئێمەوە پەیوەستن، ئیدی سەرنجمان بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن، بەڵام ئایا ئەم پرسیارانە لەبەر ئەوە دەخرێنە ڕوو کە سیاسەت ڕوو لە ئاوابوونە؟ من دڵنیا نیم، چونکە مەسەلەگەلێک کە لەسەر ئاستی ئەخلاق دەخرێتە ڕوو ئێجگار فراوانترن لەو مەسەلانەی کە لە سیاسەتەوە سەرچاوە دەگرن. بۆ نموونە پرسیارگەلێک کە زانستی ژێنێتیک دەیهێنێتە کایەوە، ڕاستەوخۆ سیاسی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی پەیوەندیدارە بە کۆمەڵگەوە، یان ئەگەر مەسەلەی ژینگەپارێزی تێبینی بکەین ئایا هەر وا درێژە دەدەین بە زیانگەیاندن بە ژینگە؟ مەسەلەگەلی توندوتیژی (عنف) زیاتر پەیوەستە بە سیاسەتەوە، لە هەمان کاتدا ئەم مەسەلەیە زیاتر پەیوەستە بە ئاڵۆسکاوی و پەرێشانیی دانیشتوانەوە، تاکو بە بێتوانایی سیاسەتەوە. بە بڕوای من مەسەلەگەلی وەک ژێنێتیک یان تەهدیدی ژینگە بە هۆی پیشەسازییەوە، یان مەسەلەکانی ئینفۆرماتیک، مەسەلەگەلێکی تەکنیکیی تازەن کە هۆکاری خستنەڕووی مەسەلەگەلێکی ئەخلاقین، کە ناتوانین دەرهەق بەو مەسەلانە چاوپۆشی بکەین، خۆ ئەمەش بە هۆی ئەوە نییە کە سیاسەت ڕوو لە ئاوابوونە، ئەم بۆچوونە تا ئەندازەیەک دروستە.

*** لە کتێبی «ئەخلاقی ناچاری»دا، جیاوازی لە نێوان دوو چەمکی ئەخلاقدا دەکەیت (لە فەرەنسا moral, ethigue)، ئێوە لە کتێبەکەتاندا پەیوەندی نێوان ئەخلاق و زانست و زانیارییەکان دەدەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام تێبینیی من لە ڕستەکانی سەرەتای کتێبەکە و ئەو**

**وێنەیەی کە بە بەرگەکەیەوەیە کە لاوێکی چینی لە بەرانبەر تانکەکاندا دەبینرێت، ئەوە نیشان دەدات کە تۆ بایەخێکی زۆرتر بە پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت دەدەیت، وا دەزانم بە بۆچوونی تۆ ئەخلاق پەیوەندییەکی ڕاستەقینەتری لەگەڵ سیاسەتدا هەیە، هەتا لەگەڵ بوارەکانی دیکەدا؟**

– بەڵێ وایە، نکۆڵی ناکەم لەوەی کە ئێستا بە قەیرانێکدا تێدەپەڕین تیایدا مەشروعیەتی سیاسەت لەژێر پرسیاردایە. دواتر وێنەی سەر بەرگی کتێبەکەی من بەتەواوی سیاسی نییە، بە گومانی من ئەو لاوە «چینی»یە نیشاندەری یاخیبوونی ویژدانی ئەخلاقییە لە بەرانبەر توندوتیژیی تانکەکاندا. بێگومان ئەمە تەنیا کەفوکوڵێکە نەک هیچی دیکە، ئەخلاق لە بەرانبەر توندوتیژیی جیهاندا هیچ شتێک نییە. بۆ نموونە ئانتیگۆن لە بەرانبەر «کرۆن»دا تێبینی بکە، ناڕەزایی ئەنتیگۆن لە بەرانبەر توندوتیژیدا هیچە، ئەمەش ئەو شتەیە کە دەمەوێت لە کتێبەکەمدا نیشانی بدەم، واتە ئەو بیرۆکەیەی ئەخلاق لە بەرانبەر توندوتیژیدا ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، بەڵام لە یاخیبووندا ویژدانێک پشتئەستوورە بە واقیعیەتی جیهانی ئێمە دەڵێت «نەو»؛ بەڵام کاتێک دەڕوانینە ئەو واقیعە لە «بۆسنە و ڕواندا» و چەندین جێگەی دیکە، دەبینین ئێجگار بەهێزترە، ئەم هەلومەرجەم دەبێتە هۆی هێنانەئارای مەسەلەی سیاسەت. مەسەلەیەک لە هەناوی ئەم پەیوەندییەدا هەیە، کە لە نێوان ئەخلاقی لاواز و ئەوەشی کە وا پێدەچێت توندوتیژیی ناچاری بەری لێ ناگیرێت، هەیە؟!

*** تۆ دەربارەی «ئانتیگۆن» قسەت کرد. گوتەکانی تۆ ئەو گوتەیەی «جۆرج ستاینر» دەهێنێتەوە یادم کە دەڵێت: ئەفسانەی ئانتیگۆن لە نێوان ڕۆژگارەکاندا تاکو ڕۆژگاری ئێمە درێژەی هەیە.**

– بەڵێ، بەڵام وەختێک دەڵێم ناڕەزاییدەربڕینی ئانتیگۆن هیچە، مەبەستم ئەوەیە کە بێ کاریگەرییە. ئەو گوتە بەناوبانگەی ستالینت لە بیرە کە لە بەرانبەر پاپادا گوتوویەتی، دەڵێت: «چەند لەشکر و تانکت هەیە؟» ئەمە مانای وایە کە لە بەرانبەر هێزی سەربازیدا ناڕەزایی ئەخلاقی هیچە، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت جۆرێکە لە ڕووبەڕووبوونەوە. ئانتیگۆن بە ویژدانی ئەخلاقیی خۆیەوە لە بەرانبەر کرۆندا ناڕەزایی دەردەبڕێت، بەڵام سەرکەوتن بۆ ئەو نییە.

**٭ بەڵام بە بڕوای من ستالین شکستی هێنا، ئەوە گاندییە کە سەربەخۆیی هیند دەستەبەر دەکات.**

– هەڵبەتە من پێم وایە لاوە چینییەکە براوەیە، هەرچەندە کە ئەو مردووە. کە وا بوو ئەخلاق لە هەمان کاتدا هەم زۆر لاوازە و هەم هێزی ڕۆحیشە.

**٭ بابەتی سەرەکیی کتێبەکەی تۆ دەربارەی ئەندێشەی «گەڕانەوە بۆ ئەخلاق»ە، کەسانێکی زۆر لەمڕۆدا قسە لەسەر جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ ئەخلاق دەکەن، بەڵام بە بڕوای تۆ لەڕاستیدا گەڕانەوەیەک بۆ ئەخلاق لە ئارادا نییە، چونکە هیچ کاتێک ئەخلاق ئێمەی جێ نەهێشتووە. واتە ئەخلاق هەمیشە بە شێوەی جۆراوجۆر ئامادەیی هەبووە، بەڵام بە بڕوای تۆ داواکردن و ئامادەیی ئەخلاق لەمڕۆدا بە چ شێوەیەکە؟**

– بە گومانی من یەکەمین شێوەی ئەخلاق نێگەتیڤە، ئەویش ڕەتکردنەوەی توندوتیژییە. ئەخلاق لە سەرەتادا بریتییە لەوەی بڵێین: «من هەموو شتێک پەسەند ناکەم» ئەمەش بەو مانایەیە کە وەک هانس یوناس بڵێین: «ئێمە دەسەڵاتێکی زۆرمان هەیە، بەڵام ئەرکی دەسەڵاتەکانی ئێمە چییە؟» چونکە ئێمە لەسەر ئاستی ژینێتیک و زانیارییەکانی توانایەکی زۆرمان هەیە، بەڵام ئایا نابێت دەربارەی ئەو خەتەرناکییانەی کە بە هۆی ئەم

تەکنیکەوە دێنە پێش، پرسیارێک بکەین؟ بە گومانی من ئەخلاق بەر لە هەموو شت پرسیارکردنێکە لەو خەتەرەی کە لە ڕێڕەوی نائاگاییدا دەرهەق بە تواناکانمان ئێمە دەخاتە مەترسییەوە. ئەخلاقێکی لەم چەشنە بەر لەوەی بە شێوەی بەها بڵاو بێتەوە، پێویستە بە شێوەی نارەزاییدەربڕینێک خۆی نیشان بدات. واتە پێویستە من دەربارەی سنووری دەسەڵاتی خۆم، پرسیار لە خۆم بکەم. پێم وایە لەم ڕووەوە ئانتیگۆن سەرچاوەیەکی بێچەندوچوونە، چونکە لە بەرانبەر توندوتیژیدا دەڵێت «نەخێر». بە بڕوای من ئەخلاق بەم «نەخێر»ە دەست پێ دەکات. ئەگەر ئەم «نەخێرە بوونی نەبێت، مرۆڤ ئامادەیە هەموو جۆرە سەرکوتکاری و هەموو جۆرە سازشێکی کۆمەڵایەتی پەسەند بکات، یاخود لە بەرانبەر دەسەڵاتە تەکنۆلۆژییەکاندا کوێر ببێت.

*** ناوی «هانس یوناس»ت برد، ئێمە لەگەڵ ئەودا بە مەسەلەی بەرپرسیاری دەگەین، کە تەوەرەی سەرەکیی مەسەلەی ئەخلاقە. تۆ لە نێوان دوو چەمکی ئەخلاق (moral, ethique)دا جیاوازی دەکەیت و پێت وایە گوزەرکردن لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوی تریان تەنیا لە ڕێگەی چەمکی بەرپرسیارێتییەوە دەکرێت، بەڵام من لە نووسینێکی «هانس یوناس»دا ئەم ڕستەیەم بەرچاو کەوت کە دەڵێت: «بەرسیارێتی لە خودی خۆیدا نابێتە شتێکی ئەخلاقی مەگەر کاتێک لە شێوەی بەهایەکدا دەربکەوێت». ئایا تۆ لەگەڵ ئەم بۆچوونەدایت؟**

- بەرپرسیارێتی وەختێک پەیدا دەبێت کە پێگەیەک بۆ ئامانجێک هەروەها بۆ بەهایەک لەبەرچاو بگرین. واتە پێگەیەک لەبەرچاو بگرین بۆ ئەوەی دادپەروەری تێبخەین. کە وا بوو بەرپرسیارێتی بەهایەکە ڕێگەمان نیشان دەدات. بۆ نموونە لەو جێیەدا کە پەیوەندی بە مەسەلەی ژینێتیک هەیە، جۆرێک تێڕوانین بۆ پەیوەندیی ژن و پیاو هەیە کە وامان لێ

دەكات بڵێین دەستكارییە ژینێتیكییەكان پێچەوانەی بەهاكانی هاوسەرێتی یان پەیوەندییە سێكسییەكانە.

*** بە بڕوای من تەواوی مەسەلەكانی جیهانی ئێمە لە مانەوەی گۆی زەوییەوە: برسێتی لە ئەفریقا و دیكتاتۆریەتی سیاسی بیگرە هەتا تەشەنەكردنی ئایدز، هەموویان بانگمان دەكەن بۆ ئەوەی كە بەرپرسیارێتییەكانمان قبووڵ بكەین؛ بەڵام لە ڕوویەكی دیكەوە گرنگینەدان بە چارەنووسی كۆمەڵگە (كە بە شێوەی خۆپەرستی فەردگەرایانە لە كۆمەڵگە مۆدێرنەكاندا بەرچاو دەكەوێت) بەرپرسیارێتیی شەخسی لاواز دەكات و ئەو بەرپرسیارێتییە دەدرێتە دەستی دەزگا و دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان.**

- زۆر ڕاستە؛ بە گومانی من مرۆڤی مۆدێرنە زیاتر حەز دەكات وەك قوربانییەك تەماشای خۆی بكات تاكو وەك بەرپسیارێك. ئاماژەت بۆ مەسەلەی ئایدز كرد، تەواو ئاشكرایە كە هیچ كەس نایەوێت ئەوە پەسەند بكات كە بەرسیارە لە ئایدز. كێ بەرپرسیارە لە ئایدز؟ وەختێك تۆ ئاوەها پرسیارێك دەخەیتە ڕوو، وەڵام دەدەنەوە كە: «حكومەتەكان» یان «ئەمریكییەكان» یان خەڵكانی دانیشتووی «هایتی» و لەم جۆرە وەڵامانە... بێگومان حكومەت هۆكاری كرداری سێكسی نەبووە، بە جۆرێك كە لە ئەنجامدا ئایدز تەشەنە بكات؛ بەڵام هیچ كەس نایەوێت ئەم جۆرە مەسەلانە بخاتە ڕوو. ئێستا با دیاردەیەكی فەڕەنسی لەبەرچاو بگرین، بیمەی كۆمەڵایەتی هەمیشە بودجە كەم دەكاتەوە، كێ لەمە بەرپرسیارە؟ هەموومان و لە هەمان كاتدا هیچ كەسێكیشمان. لەبەر ئەوە بە گومانی من هەر ئەوەندە مەسەلە ئەخلاقییەكان توندتر بن، هەستی بەرپرسیارێتیی ئێمە دووچاری قەیرانێكی سەخت دەبێتەوە. بە شێوەیەك كە ڕەتكردنەوەی كار، بە ناچاری (كە دەربارەی ئەوە قسەم بۆ كردیت) بۆسەر بەرپرسیارێتییەك كە بەم

شێوەیە لە ئەستۆی دەگرین، هیچ کاریگەرییەکی نابێت. واتە لەو حاڵەتەی کە بەرپرسیارێتییەکە دەخەینە ئەستۆی کەسانی دیکە. بێگومان ئەمەش یەکێکە لە ڕووە ڕاستەقینەکانی تاکگەرایی، تا بەرپرسیارێتیی تایبەتیی خۆی دەخاتە ئەستۆی خەڵکانی دیکە.

*** بەڵام قەیرانی بەرپرسیارێتی هەر وا بە مانای قەیرانی ویژدانیش نییە؟**

– هەڵبەت وایە.

*** لێرەدا دەتوانین بچینە سەر کتێبی «ستایشی ویژدان». تۆ لەم کتێبەدا قسە لەسەر جۆرێک لە تێکدان یان جۆرێک لە ونکردنی پرۆسەی دروستکردنی ویژدانی دەکەیت، بەتایبەت مەسەلەی کۆمەڵگەرایانی (Communitarianism) ئەمریکی، کە هەموو جۆرە گەڕانەوەیەک بۆ ویژدان بە شتێکی زۆر ئایدیالیستانە دەزانن.**

– بەڵێ، من هەم سەرسوڕما و هەم نیگەرانیشم لەوەی کە دەبینم کۆمەڵگەکەمان بانگمان دەکات بۆ ئازادی و بەرپرسیارێتی، لە کرداریشدا بازنەی کارەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیخوازی و سازشکردنە. من لە نێو نەوەی نوێدا لە جۆرێک بەرژەوەندیویستی لە شێوەی بیرکردنەوە و ژیان و تێڕوانین دەربارەی پەیوەندیی مرۆیی زۆر دەترسم، کە حاڵەتێکی ئێجگار نیگەرانکەرە. ئەم نەوەیە ئەهلی وەرگرتنی بەرپرسیارێتی و ئەرک نییە. بە بیروبۆچوونی من ئەم مەسەلەیە زۆر جیددییە. ئەم حاڵەتە چەند هۆیەکی هەیە بێگومان جۆرێک لە لاوازی (ڕەنگە بە هۆی فراوانی مەسەلەکانەوە بێت) بوونی هەیە. مەسەلەکە بە ڕادەیەک فراوانە کە مرۆڤ بە خۆی دەڵێت: «لەم نێوەندەدا من لە چی بەرپسیارم؟» «لە نێوان بێکاری، ڕووخاویی یەکێتیی سۆڤیەت، ڕووداوەکانی ڕواندا، بۆسنە و چەندانی دیکەی لەم شێوەیە... من بەرپرسیاری کامەیانم؟»

ئایا بەڕاستی کێ بەرپسیارە؟ هەموو کەس و هیچ کەسێکیش.

*** بەڵام بە بڕوای تۆ گەڕانەوە بۆ ویژدان چۆنچۆنی دەتوانێت ببێتە بنچینەی بونیادی سیاسی؟ بە دەربڕینێکی دیکە، تێڕوانینی تۆ بۆ پەیوەندی نێوان ویژدان و دیموکراسی چییە؟**

– بە گومانی من دیموکراسی بەبێ خەڵکانێکی دیموکرات بوونی نییە، ئەمە ڕاستییەکی سەرەتاییە. دیموکرات کەسێکە لە ویژدانی خۆیدا دەرهەق بە گەمەکان و داوەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان (لانی کەم لە ئاستێکی تایبەتدا) هۆشیارە. من هەمیشە دەکەومە ژێر کاریگەریی ئەوەوە کە دەبینم بیریارە مەزنەکانی سیاسەت و دیموکراسی، دەربارەی دیموکراسیەتی هاووڵاتیان قسە دەکەن. کەسانێکی وەک ڕۆسۆ، کندۆرسە و تۆکڤیل گوتوویانە دیموکراسی بوونی نابێت؛ ئەگەر خەڵکانی دیموکراسیی هۆشیار بوونی نەبێت. واتە دیموکراتێک کە مەسەلەکانی کۆمەڵگە لەئەستۆ بگرێت و بۆ کەسانی کاریزمای وەک سوڵتانەکانی یان سکرتێرە گشتییەکانی حیزبەکانی بەجێ نەهێڵێت. بە بڕوای ڕۆسۆ تەنانەت نابێت شتێک بە ناوی «نوێنەری خەڵک» بوونی هەبێت، چونکە کەنار دەگرم و مەسەلەکان دەسپێرم بە خەڵکانی دیکە». کە وا بوو دیموکراسی پێویستی بە هاووڵاتیانی هۆشیارە. لە شوێنێکدا کە لە کاروباری کۆمەڵگەدا فەساد دروست دەبێت، دیموکراسی ناتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات؟ بۆیە بە گومانی من، لەڕاستیدا لە نێوان ویژدانی ئەخلاقی و سیاسەتدا پەیوەندییەک هەیە، ئەگەر هاووڵاتیان دەست نەکەن بە ڕەخنەگرتن لە ڕابەرەکانیان و نەیانهێننە پای حیساب، ئیدی دیموکراسی توانای بوونی نابێت، وەختێک دیموکراسی شتێکی مومکینە کە بتوانین بە نوێنەرانی خەڵک بڵێین: «ئێمە ئەم بەرپرسیارێتییە دەدەین بە سەرشانی

ئێوەدا، بەڵام دواجار چاوەڕێین ئێوە ڕاپۆرتمان پێشکەش بکەن». ئەمە کارێکی سادە و سروشتییە، ئەگەر هاووڵاتیانی ڕۆشنبین و سەختگیرمان نەبێت، هەرگیز سیاسـەتمەدارانی پایەبڵندیشـمان نابێت، بەڵکو خەڵکانی خراپ و کورسیپەرست دەبنە سەرچاوەی شتەکان، ئەمەش بۆ دیموکراسی ئێجگار خەتەرناکە. کە وا بوو لەم ڕووەوە لە نێوان ئەخلاق و سیاسەتدا پەیوەندییەک هەیە. بەم مانایە بەبێ دیموکراتخوازێکی سەختگیر، دیموکراسی بوونی نییە.

*** بە دەربڕینێکی دیکە، دارمانی بەها ئەخلاقییەکان وردەوردە بەرەو دارمانی دیموکراسی پەلکێشمان دەکات.**

– بـەڵـێ، واتـە ئێمـە بـەرەو بەمێگەلبـوونی (Populisme) برلوسکونی لە ئیتاڵیا یان لۆپن لە فەڕەنسا، دەڕۆین، ئەمانە کەسانێکن کە بە ئاشکرا گاڵتە و سوکایەتی بە هاووڵاتیان دەکەن و بە گەمژەیان دەزانن. پێویستە ئەوەش بڵێین ئەوەی هەڕەشە لە دیموکراسیەت دەکات، خەتەری مەردومخەڵەتاندنەو ئەو مێگەلبـوونەش شـێوەیەکە لـە مـەردومخـەڵـەتـانـدن، مەردومخەڵەتاندن تەنیا لە شوێنێکدا هەیە کە لەوێدا خەڵکی گۆڕابن بە مێگەل. مێگەلێک بتوانرێت بە هەموو لایەکدا ببرێت.

*** ئەدی لە بەرانبەر ئاوەها مەردومخەڵەتاندنێکدا ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی ڕۆشنبیرێک چییە؟ ئایا پێویستە ڕۆڵی پەروەردەکارێک ببینێت؟**

– بە بڕوای من تەنیا ڕۆشنبیران نین، لە فەڕەنسادا ڕۆشنبیران ڕۆڵێکیان بۆ خۆیان دەستنیشان کردووە کە تا ڕادەیەک دەستبەسەراگرتنە. بە گومانی من دیموکراسی تەنیا وەختێک زیندووە کە گرووپی جۆراوجۆر بوونی هەبێت و لە هەمان کاتدا گرووپی زیندووش بن. تەنانەت پیشەوەران و کەسانی خاوەن کاری ئازادیش پێویستە لە بەرانبەر سیاسەتمەداراندا سەختگیر

بن. ئەهلی زانستیش وەک هاووڵاتییەک بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییان لەسەرە. من پێم وایە لەم چوارچێوەیەدا کەنیسەش ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە. پۆل ڕیکۆر چەندین جار گوتوویەتی: دیموکراسی پێویستی بە پیاوان و ژنانی بڕوادار هەیە. بە بڕوای من ڕۆڵی ئایینەکان سەپاندنی ئایینەکەیان نییە بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵکو چەسپاندنیەتی لە دڵی تاکدا. ئایینەکان بەر لە هەموو شتێک سازێنەر و پێکهێنەرن. بەم شێوەیەش ڕۆشنبیرانیش ڕۆڵیان هەیە، ئامادەتر لە هاووڵاتی ئاسایی نین. بە گومانی من ڕۆشبیران ڕۆڵی گرنگیان هەیە، چونکە دەستی گوتار و نووسینیان هەیە ئەوەش تواناییەکە جووتیار و کرێکاران نییانە. کە وا بوو لەم ڕووەوە ڕۆشنبیران ڕۆڵی گرنگ و تایبەتیان هەیە، بەڵام خەتەرێک لەگەڵ ئەم ڕۆڵەدا هەیە، خەتەرێک کە باش دەزانین چییە؟ ئەویش دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتە.

*** ناوی کەنیسەت هێنا، پێم باشە کەمێک باسی ئەم دەزگایە بکەین. تۆ نووسیوتە پێویستە کەنیسە بە مەبەستی بەرهەمهێنانی کولتوورێکی دیموکراسی ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پەروەردەکردنی ویژداندا هەبێت، بەڵام من پێم وایە بۆ بەرگریکردن لە وەها هەڵوێستێک پێویستە کەنیسە لە ناوخۆدا تەبایی و گونجاوتر بێت، لە کاتێکدا ئێستا گفتوگۆی نێوان کەنیسە جۆراوجۆرەکان دووچاری ئاشوب و بارگرژی بووە، پێت وا نییە لە حاڵی حازردا و لە ناو کەنیسەی مەسیحیدا و لە ڕێڕەوی کارەکانی زانا ڕۆحییەکانی وەک کونگ و دورمیندا، ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ویژدانی تاکگەرایی و قودرەتی کەنیسە هەست پێ دەکەین؟**

– سەرەتا پێویستە بڵێم کەنیسەی کاسۆلیکی جەماوەرێکی یەکپارچە نییە. هەروەک شتنیت پۆڵ دەڵێت: کەنیسە لاشەیەکی زیندووە و ئەندامی جیاوازی هەیە کە ئەرک و بەرپرسیارێتیی

جیاوازیان هەیە. کە وا بوو ئەگەر وا بێت لە ناوخۆی کەنیسەدا نەک تەنیا بە ناچاری کە فرە ئەرک و فەرمانی بەرقەرارە (چونکە هەموو کەسێک هەموو کارێک ناکات)، بەڵکو بـۆ وەرگرتنی پەیامی مەسیحییەت بە شێوەیەکی تایبەت و جیاواز، فرەبۆچوونی بە هەمان شێوە باڵادەستە. دەورانی مەزنی مێژووی کەنیسە (بۆ نموونە سەدەکانی ناوەڕاست) ڕۆژگارێکن کە تیایاندا قوتابخانە و ڕێچکە ئایینی و کەلامییەکان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە. قوتابخانەکانی فرانسیسکن لەگەڵ قوتابخانەی سن تۆماس جیاواز بوون، ئەوانی دیکەش هەر بەو شێوەیە. ئەم فرەییە بەشێکە لە خودی بیر و هۆشی کەنیسە. لەبەر ئەوە کەنیسە دەزگایەکی یەکپارچە نییە، کەنیسە ویژدانی مرۆڤەکان بە شێوەیەکی فرەیی بار دەهێنێت، چونکە لە ناوخۆی کەنیسەدا فرەییەکی ساغ و پەسەندکراو بوونی هەیە. من پێم وایە ئیمان بێ ئەوەی دووچاری تۆتالیتاریزم بێت ناتوانێت ئەم فرەییە لە بۆچوون و بیروباوەڕدا قبووڵ نەکات، ئەگەر نا دووچاری جۆرێک لە دیکتاتۆریی ڕۆح دەبێت کە لەگەڵ تێڕوانینی ئیماندا بە تەواوی جیاوازە.

هەر ئەوەندەی ئەم مەسەلەیە (کە مەسەلەیەکی بنەڕەتییە) هێنرایە ئارا و لەگەڵ ئەوەشدا کە کەنیسە حەزێکی سروشتی بۆ «یەک» بوون و «یەک جەستە» هەیە، ئیدی ڕێگەیەک بۆ هەڵاتن لە پێکدادان و وتووێژەکان نییە، پێکدادان و وتوێژێک کە هەمیشە لە نێوان کەلامناسـان و زانـا جۆربەجۆرەکاندا بوونی هەبووە. ئیدی ئەو بەرخوردە توندانەی لە هەر گۆشە و کەنارێکەوە سەبارەت بە فلان یان فیسار بیریار، یان کەلامناسی دەسەڵاتداری کەنیسە بڕوایان پێی وایە، لە سـنووری خۆی زیاتر هەڵناوە، چارەسەر نییە. نازانم چۆنچۆنی دەتوانرێت

ڕێگە لەم حاڵەتە بگیرێت، چونکە لە هەموو ڕۆژگارێکدا کەنیسە گرفتاری ئەم حاڵەتە بووە. ئەم مەسەلەیە لە کایەی زانستیشدا هەر وایە، ئەو کەسەی بەدواداچوونێک ئەنجام دەدات هاوکارەکانی هەمیشە هاوبیر و باوەڕ نین لەگەڵیدا. ئەمە بەشێکە لە ژیانی ڕۆح.

ئێستا لێگەڕێ با لێرەدا ڕەگەزی سێیەم بخەینە ناو مەسەلەکە، ئەویش ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە کەنیسەی کاسۆلیکیدا بەتایبەت لە ڤاتیکاندا جۆرێک لە هەڵچوون و ترس لە تەقینەوە هەست پێ دەکرێت، چونکە کەنیسە بووەتە شتێکی جیهانی و هەمەڕەنگیی زیاتری بە خۆوە دیوە. ڤاتیکان وا هەست دەکات چیتر یەکێتی بوونی نییە. لەبەر ئەوە لە لای «ژان پۆڵی دووەم» مەیلی دەسەڵاتداریێتییەکی نوێ بەسەر کەنیسەدا بەرچاو دەکەوێت. واتە ئەوەی دەیانەوێت هەموو کەس وەکو ڤاتیکان و وەکو ژان پۆڵی دووەم بیر بکاتەوە. لە ئەنجامدا جۆرێک لە قەیران پەیدا بووە، بە ڕادەیەک کە ڤاتیکان چیدی وەک فرەیی دەرناکەوێت. لەبەر ئەوە بە چاوێکی خراپەوە تەماشای کەسانێک دەکەن کە قسانێکی مشتومڕ هەڵگر دەکەن و تەنانەت کەسانێک کە فرەڕەنگی نیشان دەدەن. ئەمە بەشێکە لە دۆگمای کەنیسەی کاسۆلیکی، بەڵام لە زۆربەی ئایینزاکانی دیکەشدا هەر وایە. ئەم مەسەلەیە لە لای جوولەکە و موسڵمانەکانیش هەر ڕاستە. ئەم حاڵەتە جۆرێک (ئینکماش) چوونەوە ناوخۆی ئایینەکانە، لەبەر ئەوەی مەترسیی تەقینەوە هەڕەشەیان لێ دەکات. ئەم پێکدادانە لە کەنیسەی کاسۆلیکییشدا بوونی هەیە.

*** خۆیشت ئەم پێکدادانەت لە ناو گۆڤاری ئیتۆدا هەبوو، چونکە بەڕێوەبەری گۆڤارەکە بوویت.**

- بەڵێ تا ڕادەیەک وا بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا دەمویست لە

گۆڤاری ئیتۆد بێمە دەرەوە، چونکە کارێکی ئێجگار گران بوو، منیش دەمویست درێژە بە نووسین بدەم، ئاخر لە گۆڤارێکدا کە نووسین لە خەڵکی دیکە بۆ گۆڤارەکە وەردەگریت، خۆت کەمتر دەنووسیت. لەم بارەیەوە وتووێژێک هەبوو (بە هۆی ئەو فەزایەوە کە بۆم باس کردیت)، تا ئەو جێیەی گۆڤاری ئیتۆد تریبۆنێکی (مینبەر) ئازاد بوو، بەرکەنارکردنی بەڕێوەبەر مانای هێرشکردن بوو بۆ سەر ئەو کەشوهەوا ئازادە. مەسەلەکە بەم شێوەیە خرایە ڕوو، بەڵام لەڕاستیدا بەو شێوەیە نەبوو.

*** بە بڕوای تـۆ، ئایا کەنیسـە بۆ نزیکتربوونەوە لە مەسەلەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم، پێویستە بابەتەکانی ناوەوەی مۆدێرنێتە پەسەند بکات؟**

– بەڵام کەنیسە جگە لەمە ناتوانێت کارێکی دیکە بکات. چونکە کاسۆلیکەکان ئێستا لە مۆدێرنێتەدان، مەبەستم ئەوەیە ئێمە لە مۆدێرنێتەداین، چونکە گرفتاری زانست و تەکنۆلۆژیاین، چونکە لە گەمارۆی زانیارییەکاندا دەژین، چونکە لە سیستمە دیموکراسییەکاندا ژیان بەسەر دەبەین. ئەم وتووێژانەش هەنووکە لە ناوخۆی کەنیسەدا هەن چۆن دەکرێت وا نەبێت. کاسۆلیکەکان خۆ لە پەراوێزی کۆمەڵگەی سەدەی بیستەمدا نین، بەڵکو لەناویدان. باشە دەرهەق بە مۆدرێنێتە هەندێکیان بۆچوونی باشتریان هەیە و هەندێکی دیکەیش بۆچوونی سلبیتر، بەڵام لەوێوە کە ئیدی ئێمە لەناو مۆدێرنێتەداین، بە گومانی من قسەکردن لەوەی: ئایا پێویستە بە ئاراستەی مۆدێرنە بڕۆین یان بە پێچەوانەوەی، مەسەلەیەکی هەڵە و درۆیە. لێرەوە مەسەلەکە ئەوەی بزانین ئایا دەکرێت لە میانی گوتەزا ئیلاهیاتییەکانەوە، لە پەیوەندیی لەگەڵ مۆدێرنێتە لە دیدگای ئیلاهیاتەوە سەرلەنوێ تێڕوانین بکرێت یان نا؟ بۆ نموونە لە دیدگای تەکنۆلۆژییەوە

مەسەلەکە زۆر ئاشکرایە. پرسیار ئەوەیە: ئایا کەسێکی مەسیحی پێویستە تا چ ڕادەیەک خۆ لە کاروبارە تەکنیکییەکان بەدوور بگرێت؟ دەبینین لێرەدا مەسەلەکە پەسەندکردن یان پەسەندنەکردنی تەکینک و تەکنۆلۆژیا نییە، بەڵکو خستنەڕووی مەسەلەگەلێکی ئەخلاقی و مەعنەوییە.

*** ئەم بۆچوونە گوتەیەکی ئەریک فرۆممان بەبیر دەهێنێتەوە، بەر لە پەنجا ساڵ گوتوویەتی: هەموو ئایینە ڕەسمییەکان پێویستە ڕۆژێک لە بەردەم ئەم هەڵبژاردنەدا بوەستن؛ یان بە پاوانخوازی بمێننەوە، یاخود ببنە ئایینێکی مرۆڤگەرا، ئایا کەنیسەی مەسیحی توانیویەتی ئەم قۆناغە تێبپەڕێنێت؟**

– ئەم کارە هیچ کاتێک بە یەکجاری و بە شێوەیەکی تەواو بە ئەنجام نەگەیشتووە. دەتوانین بڵێین لە ئەنجومەنی دووەمی ڤاتیکانەوە ئیدی کەنیسە دەستی کرد بە هەوڵێکی گەورە بۆ بەرەومەدەنییەت ڕۆیشتن. لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە بڵێین: کەنیسەی کاسۆلیکی بەردەوام وەک کەنیسەیەکی ڕێکخراو ماوەتەوە. کەنیسەی کاسۆلیکی لەسەر بنەمای چەند مەرتەبەیەک دامەزراوە. بە بیر و بڕوای من ئەمە چانسێکی گەورەیە. لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێک هەیە دەتوانێت بە ناوی کەنیسەوە قسە بکات. پاپا دەتوانێت لەسەر ئاستی جیهاندا دەربارەی مەسەلەگەلی جیهانی سێیەم و داماڵینی چەک و شتانی لەم بابەتە، دەست لە کارەکان وەربدات. ئێستا جیهان پێویستی بە ئاوەها دەسەڵاتێکی ئەخلاقی هەیە، بەڵام هەر کە کەنیسە ڕێکخراوێکی زنجیرەپلەی پەیدا کرد، ئیدی بە ناچاری ئەم دەسەڵاتە گرفتئامێز دەبێت و بارگرژییەکی بەردەوام لە نێوان پاوانخوازی و مرۆڤگەراییدا پەیدا دەبێت. لە ڕۆژگارێکی تێکشکێنەری وەک ڕۆژگاری ئێمەدا، بێگومان توانا دووچاری زبری دەبێت.

*** بێگومان، لە مەسیحییەتێک کە تەنیا جۆرێک لە مرۆڤگەرایی مۆدێرن بێت، بەبێ بنەما ئایینییەکان، چی پەیدا بێت؟**

– هەڵبەتە چونکە مەسیحییەت لە کۆمەڵێک سومبولی خۆیەوە سەرلەنوێ دەردەکەوێتەوە، بەو مانایەی کە نفوزکردن بۆ زیهنەکان تەنیا بە ئەندێشە ئەنجام نادرێت، بەڵکو سومبولگەلێکی گەورەی وەک «باوک، کوڕ، جەستەی مەسیح» و لەم بابەتانە ڕۆڵیان هەیە کە لەسەر جیهانی خەیاڵ کاریگەری بەجێ دەهێڵن. ئیمانی مەسیحی لەگەڵ جەستەدا دەدوێت، هەر لێرەشەوەیە کە شتێکی شەخسییە. کە وا بوو ئامانج ئەوە نییە سومبولەکانی وەک سەریمۆنیا (مناسک) و دابونەریتی کەنیسە بە قازانجی مرۆڤگەراییەکی ڕووت (کە جۆرێک فەلسەفەی چەمکییە) بخەینە ئەو لاوە.

*** پێت وا نییە بە پاشەکشەکردنی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی و لاوازبوونی فەلسەفەی مارکسی، ئایین پێگەیەکی بەهێزتری لە ئەورووپای ئەمڕۆدا بۆ دروست بووە؟ دینی مەسیحی جێگەیەکی زیاتر لە ئەورووپای ئەمڕۆدا هەیە؟**

– بڕوانە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، چەندین جار گوتراوە: بە تەواوبوونی کۆمۆنیزم کەنیسەی کاسۆلیکی هێزێکی مەعنەویی تازەی بۆ پەیدا دەبێت، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین پێچەوانەی ئەوەمان بۆ دەردەخات. مەسیحییەکانی ئەو وڵاتانە بە شێوەیەکی قووڵ کاریگەریی تۆتالیتاریزمی یەکێتیی سۆڤیەت لەسەر ناخ و ڕۆحیان هەیە. ئیرادە و مرۆڤایەتیبوونی ئەو خەڵکە بە تەواوی ئالۆسکاوە و بونیادی خۆی لەدەست داوە. بۆیە کۆتاییهاتنی ئەم ڕژێمە ئەوانی لە بەردەم بیابانێکی مرۆییدا داناوە، بەو مانایەی مرۆڤەکان ناتوانن داهێنانێک لە خۆیاندا نیشان بدەن. مەسیحییەکانی ئەوێ بە توندی لەژێر

ئەم کاریگەرییەدان. لەبەر ئەوە ئەمڕۆ لە کۆمارەکانی «چیک، مەجەڕ و پۆڵۆنیا» دەتوانین ئەو ئاڵۆزی و بارگرژییە بە ئاشکرا لە کەنیسەدا ببینین، چونکە ئەو خەڵکە چیتر بە وەرگرتنی بەرپرسیاریّتی ڕانەهاتوون، چونکە هەمیشە لە ژیانی ترس یان ژیانی نهێنی و یاخود لە ژیانێکی تاکانەییدا ژیاون. ئیدی توانایان نییە داهێنانێک لە خۆیاندا بەدی بهێنن. لەم گۆشە نیگایەوە کۆتاییهاتنی کۆمۆنیزم قەیرانێکی سەختی لە نێو خەڵکە ئاییندارەکاندا هێناوەتە کایەوە. بڕوانە فەساد لە ڕووسیادا؛ چیتر خەڵکی تاقەتی کار و وردبینیی ڕاستگۆییان نەماوە (واتە ڕانەهاتوون لەگەڵ بەهاگەلێک کە دیموکراسییان لەسەر بونیاد نراوە) بەتایبەت مەسیحییەکان گرفتاری سەرلێشێواوی و ئاڵۆزییەکی زیاترن.

*** لەبەر ئەوەیە کە ئەوان زیاتر بە شوێن بەها بازرگانییەکانی ڕۆژئاوادا وێڵن، تاکو بەهاکانی دیموکراسی؟**

– هەموو ڕووداوەکان ئەوەومان تێدەگەیەنن کە ئێستا لەگەڵ کەسانێکدا ڕووبەڕووین بۆ ماوەی پەنجاساڵ بە هیچ شێوەیەک ڕانەهاتوون لەگەڵ داهێنان و ڕاستگۆیی و شەهامەتدا. ئەوان لە هەموو کاتەکانی ژیانیاندا سەرقاڵی درۆکردن بوون، ئەم حاڵەتەش جۆرە زیهنییەتێکی تایبەت بەرهەم دەهێنێت. ئێستا خەڵکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات ئازادن یاسا بۆ خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام شارەزا نین ڕێز لە یاسا بگرن. بە گومانی من ئەمە قەیرانێکی جیددییە.

*** لە کتێبەکەتاندا لە شوێنێکدا دەڵێن: «ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی شەڕانگێز و وەحشیەتگەری، سەلمێنەری بوونی ویژدانە، مادام وەحشیگەری بوونی هەیە، ئیدی ویژدانیش دەسەلمێنرێت، بەڵام کاتێک وەحشیگەری لەناو چوو، ویژدانیش ئیفلیج دەبێت.**

– بەڵی جۆرێک لە ئیفلیجبوون هەیە، لەم حاڵەتەدا ئیدی ویژدان نازانێت لەگەڵ چ شتێکدا ململانێ بکات.

**⁕ ویژدان بە شێوەیەک لە شێوەکان دووچاری ئیبئینرال دەبێت.**

– بەڵێ، خەڵکی بێهیوا دەبن، چونکە سەرئەنجامی کارەکانیان نابینن. لەم حاڵەتەدا دەڵێن: «شەرافەت بە کەڵکی چی دێت؟» ئەگەر بتوانرێت بە یارمەتیی فەساد لە شەڕی شەرافەت ڕزگار بین؛ ئەوە «بسم الله!» لەڕاستیدا من پێم وایە میراتی مارکسیزم میراتێکی گرانە و کەنیسەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش بەند و یەخسیری ئەو گێژاوەن.

**⁕ بە بڕوای تۆ ئایا دەکرێت بەهاگەلی گشتی و گشتگیری مۆدێرنێتە لە بەرانبەر ڕێژەگەرایی باڵادەستیی خۆی بۆ ڕا بگیرێت؟**

– ئومێدەوارم وا بێت، بەڵام ئەمە قارەمانێتییەکی سەختە و کەس تیایدا براوە نییە. ئاڕاستە ناسیۆنالیستییەکان شێوەی دیکەی بەها گشتییەکانن، لەبەر هەمان هۆ من لە ڕیزی ئەو کەسانەدا کە گومان وایە هەر کە دیموکراسی پەیدا بوو، ئیدی لەسەر ڕیتمی تایبەتیی خۆی پەرە دەسێنێت. بە گومانی من دیموکراسییش بەردەوام پێویستی بەوە هەیە ڕۆحێکی تازە بە باڵایدا بکرێتەوە و لە شوێنێکەوە هێز و توانا وەربگرێت. لێرەوەیە ڕۆڵی فەیلەسووفان و ئایینەکان گرنگی دەبێت. بە گومانی من پێویستە ئایینەکان لە ڕۆشنکردنەوە و شرۆڤەکردنی گەورەیی و توانستی ئەم بەها گشتییانەدا، لە بەرانبەر وەسوەسەی گەڕانەوە بۆ خود، یان گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیستی بەشدارییەکی گەورە بکەن. دیموکراسی نەبەردێکی هەمیشەییە. ئەوەی زامنکەری دیوکراسییە تەنیا یاسایەکی بنەڕەتیی باش و بەندو بڕگەی باشی ئەو یاسایە نییە. دیموکراسی مەرجی پێویستی ئازادییە، بەڵام ئەوە بەس نییە. بەبێ هاووڵاتیانی ئاگادار لە بەها

گشتییەکان، دیموکراسی مانای نییە. ئەم بەهایانەش پێویستە هاوولاتیان لە شیعر و فەلسەفە و ئایینەوە هەڵی بهێنجن.

*** کەواتە تۆ ئارەزوومەندی مەسیحییەتێک کە بە گوتەی نیچە بریتییە لە: «گوێپێنەدانی تەواو بۆ بنەماکان، سەریمۆنیاکان، ڕۆحانییەت، کەنیسە و ئیلاهیات».**

– من مەسیحییەتێکم دەوێت وەفادار بێت بەرانبەر بە خۆی، واتە پشتگیریی ئازادی بێت، هەروەک وایشە. بەم گوتەیە مەبەستم دوورخستنەوەی هەموو سومبولەکانی مەسیحییەت نییە، چونکە بەم شێوەیە ئایینێکمان نابێت و ئەمەش تراژیدیای ئایینزای پرۆتستانتە لە سەدەی بیستەمدا. واتە لەگەڵ ئەفسانە داماڵیندا، ئیدی هیچ شتێک نامێنێتەوە. لەڕاستیدا پێویستە ئایینێک بوونی هەبێت کە بڕوای بە ئازادی هەبێت، یارییەکانی عەقڵ پەسەند بکات و مل بۆ وتووێژ بدات، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو سومبول و دەزگا ڕۆحانییەکانی خۆیشی بپارێزێت. مەسیحییەت بەبێ کەنیسە چییە؟ ڕاستە کە لەم حاڵەتەدا بارێکی گران دەکەوێتە سەرشانی ئێمە، بەڵام پێویستە ڕووبەڕووی ئەم بارە گرانە ببینەوە. بەبێ کەنیسە چی بەدەست دەهێنین؟

*** ویژدانی مەسیحی بەدەست دەهێنین؟**

– بەڵێ، بەڵام ویژدان لە کەنیسەدا فۆڕمەلە دەبێت. کەسێکی وەک سان فرانسیس بەبێ ئینجیل نایەتە دی. ویژدان دەرئەنجامە. پێویستمان بە پەیوەندیی کەسانی دیکە هەیە.

*** ئەم پەیوەندییە بە کەسانی دیکەوە، مانای پەیوەندی بە ئایینەکانی دیکە و گفتوگۆی بەردەوامە لەگەڵیاندا.**

– هەڵبەت، بەبێ ئاوەها گفتوگۆیەکی بەردەوام، ئایینەکان لە ناو خۆیاندا بە گەمارۆدراوی و حەپسکراوی دەمێننەوە. ئەمە مەسەلەیەکی ئێجگار دژوارە. مەسەلەکە بریتییە لە

دوورکەوتنەوە لە هەموو جۆرە لێکحاڵینەبوونێک. بە گومانی من کلیلی چارەسەری ئەم مەسەلەیە ئەوەیە نابێت هیچ ئایینێک بڵێت: «من تەنیا ئایینی هەڵگری ڕاستیم و ئەو ئایینەی دیکە لە هەڵەدایە» ئەگەر بەم گریمانەیە دەست پێ بکەین، ناتوانین لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ بکەین. گریمانەی گفتوگۆمان ئەوەیە کە بڵێین: پێویستە هەموومان ڕۆشـنی بکەینەوە کە بۆچی لە مێـژوودا (ڕابردوو) لە زمانی یەکتری تێنەگەیشتووین، کە وا بوو پێویستە دەمارگیری و پێشداوەرییەکانمان بەلاوە بنێین. بە شێوەیەک کە لە قسەی یەکتری باشتر تێبگەین و لە هەمان کاتیشدا وەفادار بین بەرانبەر بە هەقیقەتەکانمان. لە پەیوەندییەکدا کە لەسەر بنەمای زۆرداری و بەکەمسەیرکردنی بەرانبەر دروست بووبێت، گفتوگۆ دروست نابێت.

## سەرچاوە

گۆڤاری کیان ژمارە ٣٦ لا ٤٤-٥١.

# هەڵبژاردەیەك لە كارەكانی نیچە

## ١- لە كتێبی زەردەشت وای گوتەوە(*)

### دانایانی بەناوبانگ

خێڵی داناكان! ئێوە بە ناو و شۆرەتی خۆتانەوە دەنازن و خزمەتی ئەو گەلەتان كردووە كە باوەڕی بە پڕوپوچـە، لەباتی ئەوە خزمەتیی ڕاستیتان بكردایە، ئەوا كەس ڕێزی لێ نەدەگرتن. هەر لەبەر ئەوە گەل بووەتە باركێشی گومانئاراییتان؛ ئەویش زادەی دەمودووی ڕازاوەتانـە و بووەتە ئـەو پێچە ڕێگەیە كە بەرەو دەربڕینی قەشەنگ كێشتان دەكات. بەو ڕەنگە ئەوەی سەرداره بەندە و نۆكەر بۆ خۆی پەیدا دەكات و لێی دەوەستێتەوە، ئەوجا بە دۆخی گومڕابوون و بە یەكانیان دەكەوێتە خۆشی و ڕابواردن. ئەو مرۆڤەی چۆن سەگ ڕقی لە گورگە، ئاوا گەل چارەی ناوێت دەشێت كێ بێت؟ بیگومان گەل چارەی ئەو كەسەی نەگەرەكە خاوەن بیر و ئازادە. دوژمنی كۆتە و نابێتە ملكەچ و كۆیلە، ئەو مرۆ ئازادەمان جەنگەڵنشینی بەلاوە پەسەندە.

ئەو شتەی لە هەموو زەمانێكدا گەل بە گیانی دادی زانیوە، ئەوە دادێكە و بـۆ گیانی ئازادیی خۆی لە بۆسـەناوە و سەگەدڕەكانیشی دەلووڕێنن بەسەریدا. ئەوەش لەبەر چاوە كە لە گشت زەمانێكدا گوتراوە: «ڕاستی لە بێجگەی گەلدا نییە. ئەی

وای بۆ ئەو کەسـەی لە دەرەوەی گەلەوە عەودالّی ڕاسـتییە».

داناکان! ویستوویانە لە بارەی سەرکزی و نەوازشەوە پشتیوانیی گەل بن. ئەوجا ئەو چاوشۆڕییەتان بە ڕاستخوازی ناو بردووە. پیاح! کە چۆن دانایەکن؟!

لە دڵی خۆتاندا دەتانگوت: زادەی گەلین و پەروەردەی گەلین. دەنگی گەلیش دەنگی خودایە، وەک کەری گێل کەزاب دەمڕاستی و نێوەندیاریی خۆتان پیشانی گەل داوە. زۆر دەسەڵاتداریش ویستوویانە گاریەی خۆیان لەگەڵ چێژ و ئارەزووی گەل بسازێنن، ئەوجا بۆ ڕاکێشانی یارۆ گاریە کەرێکی گولەکە. تۆ بڵێ دانایەکی بەناوبانگیان تێبەستووە!؟

دانا بەناوبانگەکان! داواتان لێ دەکەم چیتان لە بەردایە لە کەوڵەشێر و کەوڵەجانەوەری بەڵەک و پەستەکی جیهانگەڕو داگیرکەرەکان لەبەر خۆتانیـان دابـڕنـن. ئـێـوە هـاواری ڕاستی ڕادەهێڵن، بەڵام تا لە مەزنایەتی و بە گەورەگرتن واز نەهێنن باوەڕم بەو ڕاستییانەتان نییە. ڕاستپەروەر ئەو بێخوداوەندەیە، کە دەداتە هەردە و چۆڵ. هەر لە بن دەستی خۆیەوە گەورەپەرستی و ستایشخوانی تێک هاڕیون، ئەوجا بووەتە هەردەگێڵ. لمی بیابان قاچی چۆڵەوان دەسووتێنێت و سـەرنجیش دەداتە ئەو مێـرگـانـەی ئـاوی زوڵاڵـیـان لـێ هەڵدەقوڵێت و سێبەر داپۆشیون، زیندەگانیش بە ئاسوودە بنەی لێ خستووە، کەچی تینوێتی کاری تێناکات و ڕایانادات بۆ خۆشیانی لەگەڵ خۆشنوودەکاندا ڕوو بکاتە ئەو مێرگوزارە، چونکە دەزانێت هەر مێرگە و بتێک خۆی لێ هەڵناوە. شێر دەیەوێت تەنیا بێت و لە بەندایەتیی گەورە و سەروەرەکان و لە بەختەوەریی ملهووڕەکان خۆی ڕزگار بکات. دوور بێت لە خوداوەند، پەرستاکان دوور بێت لە ترس و ئەوانەی

ترس دەخەنە دڵانەوە، پیاوی ڕاستپەروەر ئاوای دەوێت. ڕاستیخوازەکان هەر لە چۆڵەوانیدا ژیاون بەو بەروماوە بەرینەدا بیری خۆیان ڕەها کردووە، بەڵام لە شاراندا تەنیا دانا بەناوبانگەکان خۆراکی باش دەماشنەوە، ئەوە نییە لەپێناو دادۆشیندا ئاژەڵە گوندارەکان باش دەلەوەڕێنن؟! ئەوان گاریەی گەل ڕادەکێشن و کەرگەلئاسا خۆیان پێ پاڵوبەند کردووە. وە نەبێت من لێیان خەشمگیر بم، بەڵام با بزانن کە ئەوان نۆکەرن و گاریەیان لە پاڵوو خراوە، درەوشانەوەی زێڕیش بەسەر ئەو گاریەوە کە ڕای دەکێشن لە ڕووڕەشی قوتاریان ناکات و هیچ بەفریایان نایە .

زۆر جاریش ئەو مەردومانە لە خزمەتکاریدا دڵسۆز بوون و شایەنی سوپاس بوون، دانایی ئەوەی دەوێت کە نۆکەر لە ئاغایەک بگەڕێت و لە ڕووی نۆکەرایەتییەوە سوودی پێ بگەیەنێت.

پێویستە هۆشی ئاغاکەت باڵا بێت و پەسندایەتییشی هەر وا بڵند بێت؛ چونکە بە سایەی ئەو دوو سیفەتەوە  تۆش بەرز دەبیتەوە.

ئەی دانا نۆکەرەکانی گەل! بە سایەی باڵابوونی هۆش و پەسندایەتیی گەلەوە ئێوەش قنج بوونەتەوە، گەلیش بە سایەتانەوە باڵا بووە. ئەوەی جاڕم دا بۆ پێداهەڵدانتان نییە. ئێوە تەنانەت لە پەسندایەتیی خۆتاندا لە گەلەوە گلاون و بە سیفەتی ئەو ماونەتەوە، بەڵام گەلێکی سەر کێڵن و پەی بە هیچ واتایەکی هۆش نابەن.

هۆش لە خۆیدا زیندەگانییە و ژیان لەتوکوت دەکات. ژیان چەندە بەرگەی ئازارەکان بگرێت لە زانیاریدا پەرە دەسێنێت و فراوان دەبێت. ئەرێ ئەو ڕاستییەتان زانیوە؟!

هۆش بەختیار نابێت تا فرمێسک نەسڕیت و تاجی قوربانی نەنێیتە سەر. ئەریٚ ئەو ڕاستییەتان زانیوە؟!

نابینا و پەلکوتانی بۆ ڕێگە شایەتن لەسەر هێزی خۆر. ئەریٚ ئەو ڕاستییەتان زانیوە؟!

پێویستە کە زانیاریخواز فێر ببێت کە کێوەکان بکاتە بەردی دیوار و تەلاری خۆی پیٚ بونیاد بنێت. لە لایەکی دیکەشەوە کێو (هۆش) گواستنەوەی بە لاوە سەخت نەبێت.

ئەریٚ ئەو ڕاستییەتان زانیوە؟!

لە بارەی هۆشەوە هەر ئەوەندتان بۆ دەرکەوتووە کە خراپەیەکی پیٚ دەوەستێت. ئیدی نازانن کە ئەو هۆشە چ دەزگایەکە. دیسان نازانن کە چەکوش چەندە بە ڕەقی و بە قورسی دادێتە دەزگا؟!

بەڕاستی ئێوە لە بارەی گەورەیی هۆشەوە نەزانن، ئەگەر نەوازشی هۆش و ویستی ڕاستی خۆی ڕابگەیەنێت ئەوا زۆر زەحمەتە ئێوە بەرگەی ئەو نەوازشەی بگرن، یان ئەو نەوازشەی بە کۆڵتانەوە بگرن.

ئێوە لە هیچ زەمانێکدا نەتانتوانیوە هۆشی خۆتان بۆ چاڵە بەفرەکان بەڕیٚ بکەن؛ چونکە بۆ ئەو تێسمڕانەی گەرمایی تەواوتان تیادا نییە، لەبەر هەمان هۆ بە لەزەتی ئەو کەسە نازانن کە شەرابی گەرمی ئەو چاڵانە دەیبوژێنێتەوە، وێڕای ئەوەش کە بۆ وازیکردن لە تەک بیرکردنەوەدا دێنە بەرەوە. بەهەرحاڵ دانایی و پەندیاریتان کردووەتە پەناگە و بیمارستانی زڕەشاعیران.

ئەی دانا بەناوبانگەکان! ئێوە هەڵۆ نین؛ کەواتە نازانن هۆش لە بیم و لەرزی خۆیدا چ خۆشایەتییەکی لیٚ دەزێتەوە. بێجگەی باڵداریش بەسەر شیوو و دۆڵەکانەوە مافی دڕ بە هەوادانی نییە.

داناکان لەوە پتر نین کە پێتان بڵێن ناکامڵ و هێور. تەوژمی شەختە لە هەموو زانیارییەکی قووڵەوە هەڵدەکات؛ چونکە سەرچاوە پەنهانەکانی هۆش وەک بەفر ساردن، تەنیا ئەو دەستانەی بە گەرمیی زەحمەتکێشان گڕیان تێبەر بووە لەزەت و خۆشی لەو زوقم و سۆڵەیە وەردەگرن!!

دانایانی بەناوبانگ! لەبەر چاومە: ئەوا خۆتان بە دڵڕەقییەوە پێچ داوە و بەباییبوونەوە داچەقیون؛ نە ئەوەیە بەهێزی بایەک بجمێن، ئەو ئیرادەشتان تیادا ڕاست نابێتەوە زاتتان بێنێتە بەرو بجووڵێن.

ئەدی چاوتان بەو کەشتییە نەکەوتووە کە بەسەر شەپۆلە شپرزەکانەوە دەشەکێتەوە و لە هەموو وزاق و پێچلێدانێکدا باوبۆران لە قاقۆزەی ناوە.

دانایی منیش وەک ئەو کەشتییە بەسەر تەمەندا تێدەپەڕێت و پڕ و چڕی گەردەلوولی بیرکردنەوەیە.

ئا ئەوە دانایی سرک و پەڕاوەزەی منە و تەکان دەدات. ئەی خزمەتکارەکانی گەل، ئەی دانا بەناوبانگەکان! لەو حەلەدا کە من تەکان بە خۆم دەدەم و ڕا دەسێم، ئایە ئێوە دەتوانن بێن و شان لە شانم بدەن؟!

زارا ئاوای گوت...

***

## سروودی شەو

تاریکایی شەو داهات و خوڕەی شەتاوان بەرز بووەوە، دیسان نەفسەکەی منیش سەرچاوەی هەڵقوڵیوی خۆی هەیە و دەکات هاژە لە سەردا.

تاریکایی شەو داهات و ئاوازی سروود لە زاری ئاشقەکانەوە دەنگی دایەوە. گیانی منیش سروودێکە لەو ئاوازە سروودانە.

لە ناخی مندا شۆڕشە هێزێک هەیە و دەیەوێت دەنگی خۆی بەردات، تاسەی خۆشەویستییە و بە چەشنی گیرۆدەکان خاوەنی گفت و بەیانە. من نوورم و کاشکی تاریکایی بوومایە، چونکە نوورپۆشم و گڕم تێبەربووە، ئەوەتا تەنیایی بووەتە بەشم.

ئەی کۆی ئەستێرە! وەک گوڵەئەستێرە وردەکان بە ئاسمانەوە دەتروسکێنەوە؛ بێت و تاریکی بوومایە، دەمتوانی فەڕتان ئاوقەد بکەم، بە تیشکپژانتان بنازێم؛ بەڵام من بە ڕووناکییەکانی خۆمەوە دەژیم و بڵێسەی زاتی خۆم دەخۆمەوە، لە خۆشایەتیی وەرگران نائومێدم، جارەها بە دڵیشمدا هاتووە کە ئەو خۆشایەتییەی لە دزیدا هەیە، لە وەرگرتندا نییە.

هەژاریم لەوەدایە کە دەستم لە بەخشین ناوەستێت، هەمیشە تەماشای ئەو چاوانە دەکەم کە لە چاوەڕوانیدا کەیلن، سەرنجی ئەو شەوگارانە دەدەم کە گڕگرتووی شەوق و تاسەن، ئەوەش حاڵێکی زرگنییە و خەوگاکەم لێ ناخۆش دەکات.

ئای لە بەدبەختیی بەخشدەنەکان، ئای لە تاریکیی خۆری من، ئای لە ئەلهای حەزۆکێی من. ئای لە تاوی برسێتیم لە تێریمدا؟!

ئەوان چیم پێ بدەن وەریدەگرن؛ بەڵام لە گیانیان بە دوورم، نێوانی وەرگر و بەخشندە کەندڕێکی قووڵە. دەشێت نزیکترین چاڵ لە قووڵاییدا سەخترینیان بێت لە داڕماندا.

هەناوم تووشی جۆرە برسێتییەک بووە، پاڵم پێوە دەنێت، ئەوانە ئازارم بدەن کە نووری خۆمیان تێدەگرم، حەز دەکەم ئەوانەی دیاریم پێ بەخشیون لێیان ببمە جەردە و ڕووتیان بکەمەوە، ئا بەو چەشنە تینووی جەزرەبەگەیاندنم؛ ئەو دەستەی درێژم دەکردەوە ڕای دەکێشمەوە دواوە، من تاقگەیەکم و دوورهاوێژانە تافە تافمە.

تۆڵەکردنەوەی ئاوا، مەزنایەتیی یەکەم فریو دەدات، ئەو جۆرە مەکر و فێڵەش زادەی بەرکەناریمە.

هێندەم بەخشی تا بەختیاریم لە کیس چوو، پەسەندایەتیم هەڵتەکا و پووکایەوە، هەر کەسێک کەمبینە بەخشندە بێت مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێت ژیان لەدەست بدات؛ کەواتە پێویستە لپەدەستی داقونجێنێت و دڵی ڕەق بێت.

کالانەی چاوەکانم ئەو کەسە فرمێسکباران دەکەن کە شەرمەزاری هانا و پاڕانەوەیە، ئەوەتا دەستم ڕژد هەڵاتوون، نەیانگەرەکە هەست بەو دەستە لەرزۆکانە بکەن کە بە چنگپڕبوونەوە لاسەنگ بوون!

کوا فرمێسکی چاوەکانم، کوا نەرمونیانیی دڵەکەم؟ ئای لە تەنیایی بەخشندەکان، ئای بۆ کشوماتی نوورپۆشەکان؟!

خۆرە بێشومارەکان، بە چۆڵگەی ئاسمانەوە دەخولێنەوە و بە تیشکەوە لە تەک چڕەتاریکستانییەکاندا دەدوێن، منیش بە تەنێ لە قسە و گفتی ئەو خۆرانە بێبەشم.

ئەی هاوار لە توانای چ پەیوەندییەکدایە، ڕووناکییەکان بەو تەنانەوە ببەستێتەوە کە لە خۆیاندا ڕووناکن؟ ئەو ڕووناکییانە بەسەریاندا تێدەپەڕن و بە خێسەیەکەوە چاوەزەدمان دەکەن و بە ڕێی خۆیاندا تێدەتەقێنن، ئا بەو جۆرە خۆرگەل بە ئاسمانی خۆیاندا ڕادەبوورن و چارەی هیچ تەنێکی دیکەی درەخشانیان ناوێت، بەڵکو بە ساردوسڕییەکەوە تێدەپەڕن و ئاوەڵەکانیشیان هەست بە تینی گەرمابیان ناکەن.

خۆرەکان وەک فەرتەنە لە کەلووەکانی خۆیانەوە دەردەچن، شوێن ئەو شتە دەکەون کە ویستە بە زەبرەکەیان هەنگاوی بۆ ناوە، ئا لەمەدا سارد و گەرمییەکەیان پەنهانە!

ئەی ستارەگەلی خۆپۆش بە تاریکەشەو! ئایە بێجگەی ئێوە

شتێکی دیکە هەیە گەرمایی لە بریسکانەوە دروست بکات؟ هەر ئێوەن کە بەرزە هێزەکان لە گوانی نوور هەڵبخەن.

وای بۆ خۆم! شەختەیە و گێژم پێ دەخواتەوە.

دەستیشم بە گڕەی شەختە هەڵدەپڕووکێنێت، من بە گەرمەتینێکەوە هەڵگیرساوم، بە تینوێتیی ئێوە نەبێت بڵێسەی دانامرکێتەوە. ئەوا تاریکایی پەرەی سەند، کەواتە بۆچی لە چارەم نووسراوە نوورێکی تەنیا بم و سیرۆشی تاریکستان بم؟!

تاریکستانییە و بەرین... حەزەکانی منن هاژەی شەتاوان.

دەیانەوێت لە پەنهانییەوە بیکەنە هاوار. تاریکایی شەو داهات و خوڕەی قەڵبەزان بەرز بووەوە.

دیسان نەفسەکەی منیش سەرچاوەی هەڵقوڵیوی خۆی هەیە!

ئەوا تاریکانی شەو داهات و ئاوازی سروود لە زاری گیرۆدەکانەوە دەنگی دایەوە.

گیانی منیش سروودێکە لەو ئاوازە سروودانە.

زارا ئاوای گوت...

***

## سروودی سەما

ڕۆژێکیان زارا لەگەڵ یارانی بە نزارێکدا تێپەڕین، لەو حەلەدا چاوی بۆ کانیاوێک دەگێڕا مێرگێکی تەختانی لە نێو درەختەکان و بێشەڵانەکانەوە بەدیی کرد. لە هەمان کاتدا دەستە کچۆڵەیەک (دوور لە چاوی ناحەزان) سەرفرازانە بۆ خۆیان سەمایان دەکرد، کە چاویان لەم ڕێبوارە هەڵنگوت و ناسییان، وازیان لە سەماکردن هێنا، بەڵام زارا لێیان هاتە پێشەوە و لە تەکیاندا کەوتە قسە: کیژە جوانەکان! لەگەڵ ئێوەمە؛ مەوەستن بۆ خۆتان هەڵبپەڕن، من ڕێبوارێکم و هاتووم، کەیفخۆشیتان بێت زار ناکەم و دۆستی کیژانم ... کابرایەکم و لە بەردەمی شەیتاندا بەرگری لە

یەزدان دەکەم، شەیتانیش بریتییە لە گیانی ڕەزاقورس، کەواتە چۆن دەبمە ملۆزمی بەها و ڕۆحسووکیتان؟! ئەمە سەمایەکی خوادادە و لە من ناوەشێتەوە ببمە دوژمنی، ئیدی چۆن دەبمە دوژمنی سەمایەک کە ئەو قاچە خنجیلە ڕێکانە داییمەزرێنن؟!

بێگومان من ئەو جەنگەڵەم کە بە درەختە چڕەکان ڕەشداگیرساوە و تاریکایی دەوروبەری داپۆشیوە، بەڵام هەر کەسێک نەترسانە خۆی فڕێ بداتە ئەو تاریکستانەی منەوە، لە ژێر پەڵە سنەوبەرە بەسامەکانمدا ئەو ڕێگەیانە دەدۆزێتەوە کە ئەم بارە و بە گوڵخەملانن، دیسان تووشی ئەو خولایە دەبێت کە کیژان تاسەی دەکەن و ئەویش کشومات لە پەنا کانیاوێکدا هەڵژیاوە و چاوەکانی ناونە سەر یەک. لە جەرگەی نیوەڕۆدا ئەو خولا داهێنراوە لێی نووستووە، لەوانەیشە ماندوو بیت و لەمێژ بێت هەڵەداوانی پەپوولەگرتن بێت تا ژمارەیەکی زۆریان لێ ڕاو بکات.

سەماکەرە خنجیلانەکان! لێم زویر مەبن کە ئەو گچکە خوداوەندە تەمێ دەکەم، تینی بۆ دەهێنم تا بیکاتە هاوار و گریان، بەڵام خوداوەندێکە و لە هاڕژنی گریانیدا خۆشی و شادی دەهێنێت. لەمەولایش بە فرمێسکی سەرگۆنایەوە بۆ لاتانی کێش دەکەم، تا داواتان لێ بکات لەگەڵ خۆتاندا بیخەنە سەما، هەر ئەوەندە کەوتە سەما، ئەوا منیش بە گۆرانیچڕینەوە دەبمە یاوەری ئەو. گۆرانییەکانم لاوژەیەکن وەک شەپازڵە دەیانماڵم بە بناگوێی قورسە گیاندا، گیانی ئەو شەیتانی خۆی هەڵناوە و لە خەڵکی وایە جیهانگیرە.

لەو کاتەدا خوداوەندی خۆشەویستی (کۆبیدۆن)، لەگەڵ کیژۆڵە دڵفڕێنەکاندا سەمای دەکرد، زارا هات و بە سترانچڕینەوە دەنگی لێ هەڵبڕی.

ئەی زیندەگانی! ئەو ڕۆژەی چاوم لە چاوت هەڵچەقی، وام زانی کەوتوومەتە بنەوەی ناخەکانەوە، بەڵام تۆ منت بە تۆڕی زێڕین هەڵکێشایەوە، کاتێک ناوی قوویتم هێنا و گوتم بێبنە، قاقایەکی گاڵتەچیانەت ڕەها کرد و پێت گوتم: «ئەمەی تۆ دەیبیژیت هەر ئەوەیە کە ماسییەکان دەیڵێن، ئەوانیش ناتوانن بگەنە بنی قووڵایی وا دەزانن قووڵاییەکە بێبنە. تۆ بڵێیت بێبارو بێمیزاج بم؟! تۆ بڵێیت ئافرەتێک بم، بەڵام ئافرەتێکی بێبەش لە ئاکارپەسندی؟ لە بارەی سیفەتەکانمەوە دەمهەڵبەستی خەڵک زۆرە، بەڵام هەمووشیان لەسەر ئەوەن کە پڕ لە نهێنیم و کۆتاییم نایە.

خەڵکینە! ئێوە پەسندئاراییتان لە مندا دەبینن؛ لەوەش بەولاوە هیچ دەسەڵاتێکی دیکەتان نییە.

بەڵێ ژیان لە گاڵتەجاڕیی خۆیدا ئەم حیلە و قاقایەی لێ دا، بەڵام بەش بە خۆم باوەڕی پێ ناکەم؛ لەو کاتەشدا کە خۆی دادەشۆرێت، ئەو پێکەنینەی لێ ناسەلمێنم.

ڕۆژێکیان لەگەڵ داناییە تۆسنەکەمدا کەوتمە چپە و ڕازەوە، ئەویش بە ڕقەوە پێی گوتم

تۆ حەزت لە ژیانە و خۆشت دەوێت و داوای دەکەیت هەر ئەمەشە کە پاڵت دەدا فرە سوپاسی ژیان بکەیت.

ئەگەر خۆم ڕانەگرتایە وەڵامی داناییم بە چەتوونی دەدایەوەو ڕاستیشم بۆ وەدەردەخست، هەرچەندە دانایی ڕقەبەریم لەگەڵدا دەکات، دەبێت وەڵامی کاریگەرتری بۆ ساز بدرێت تا نهێنییەکانی هەڵبماڵدرێن؟!

لە ناخی دڵمەوە بێجگە لە ژیان هیچ شتێکی دیکەم خۆش ناوێت، ئەو کاتەی چارەی ژیانم نەوێت، پلەی ژیانخۆشویستنەکەم دەگاتە ئەوپەڕی. ئەگەر بەرەو دانایی تەکانم دا و هانام بۆ هێنا،

لەبەر ئەوەیە کە لە ژیاندا یادکردنەوەی من زۆر پێ هەڵدەبڕێت.

دانایی چاوی ژیان و زەردەخەنەی ژیانی هەیە، بەڵکو تۆڕی زێڕینیشی هەیە. کە دانایم تا ئەم ڕادەیە لە ژیان بچێت، دەبێت چی بکەم چیم بۆ بمێنێتەوە؟!

کاتێک ژیان لە بارەی داناییەوە لێی پرسیم، وەڵامم دایەوە: «دانایی ئەوەیە کە مرۆڤ بە هەموو توانایەوە ئیشتیای دەکات و لێی تێر نابێت، بە چاو دەیقۆزێتەوە تـا لـەو دیـو ڕووبـەنـدەوە دەموچاوی دەردەکەوێت و بە گەرووی تۆڕەکەیدا پەنجە ڕا دەدات و لە بارەی جوانییەکەیەوە دەپرسێت و ناشزانێت ئەو جوانییە چییە؟

لەگەڵ ئەوەشدا پێشترین ماسی خۆی ناگرێت بۆ چێشتەداو تەکان دەدات و سەرسەختانە هەڵدەبزوڕقێتەوە. زۆر جار داناییم دیوە لالێوی دەگەزێت و قژی لێ بەردەدایەوە. کە ئەمە ئاکاریەتی، لەوانەیە فێڵباز و بەد بێت؛ بەڵکو لەوانەیە ئاکار ژنانی بێت. تا زاتی خۆشی دانەشوات، ئەوا ناگاتە ئەوپەڕی دڵڕاکێشان.

دوای ئەوەی لە بارەی داناییەوە بە ژیانم ڕاگەیاند، بزەیەکی شەیتانی بەسەر لێودا ڕابوورد و چاوی لێ وێک هێنا و گوتی: «ئەوە باسی کێ دەکەیت؟! لەوانەیە مەبەستت من بێت؟ ئایە مرۆڤ (با ڕاستیش بێت) مافی ئەوەی هەیە ئەو هەموو شتانە بداتە ڕووی هەر کەسێک کە مەبەستی بێت؟

کەواتە کابرا! تۆ لە بارەی دانایی خۆتەوە دەڵێیت چی؟ ئەوا لە لایەکەوە ژیانی خۆشەویست هەردوو چاوی کردنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە وام زانی بە چاڵ و زەندۆڵی زۆر قووڵدا ڕەهێڵ دەبمەوە».

ئەمە پێداهەڵدان و سرووودچڕینی زارا بوو. هێشتا سەما دوایی نەهاتبوو، کیژۆڵەکانیش لەبەر چاوم گوم نەبووبوون، خەمێکی

قووڵ دایگرت و گوتی: «ئەوا خۆر لای کردەوە، مێرگ ئاونگی لێ نیشت، دارستان بە کزەباوە کەوتە شنەشن. سەیرە! شتێکی نادیار، نەناسراو دەورەم دەدات و چاوم لێ زەق دەکاتەوە و دەڵێت: «ئەرێ زارا! هێشتا لە ژیان دایت؟ لە پای چی زیندەیت؟ ئەم زیندەگانییەی تۆ چ سوودێکی هەیە؟ گوایە مانەوەت لە ژیاندا کارێکی شێتانە نییە؟ وای بۆ خۆم! یاران، ئەوەی لە مندا ڕازی دامەزراندووە، شەوەزەنگە، داماویم لێ وەشارن، بەرسنگی ئێوارەش بگرن و مەهێڵن پێم بگات.

زارا ئاوای گوت

## پەراوێز

*ئەم نموونانەی کتێبی «زەردەشت وای گوت»

لە تەرجەمەکەی مامۆستای خوالێخۆشبوو ڕەوفی ئەحمەد ئالانییەوە

وەرگیراوە، کە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

بڕیارە لە ساڵی ئایندەدا بە چاپی بگەیەنێت.

## ٢ - پێشەکیی کتێبی جینالۆجیای ئاکار

# جینالۆجیای ئاکار

***فریدریش نیچە***

**لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر حەمە ساڵح**

### پێشەکی

### (١)

ئێمەی شـوێنکەوتوانی مەعریفـە، نەناسـراو بە خۆمـان دەمێنینەوە. تەنانەت بۆ خۆیشمان، ئەویش لەبەر هۆیەکی ڕاست و دروست، چونکە ئێمە هەرگیز بەدوای خۆماندا نەگەڕاوین. کەواتە چۆن دەکرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆمان بدۆزینەوە؟ ڕاست گوتراوە کە: «گەنجت لە کوێ بێت، هەروەها دڵیشت لەوێندەرە»، دەبێت گەنجی ئێمە لە پورەکانی مەعریفەدا بدۆزینەوە. وەکو هەنگە ڕۆحانییە زگماکەکان، ئەمە تاکە مەبەستمانە، دڵمان تەنیا بە یەک شتدا چووە «هێنانەوەی شتێک بۆ ماڵ». ژیان هەرچییەکی تری هەبێت پێشکەشمان بکات، لە «ئەزموونەکان»ی کێ لە ئێمە هێندە جیددییە بۆیان؟ یاخود کاتی پێویستی هەیە بۆیان؟ من ترسی ئەوەم هەیە کە لەو جۆرە گرفتانەدا نزیک شتەکان نەبووبین؛ دڵمان بە تەواوی لەلای نەبووە. نەخێر، ڕەنگە ئەوەی لە لای بووبێت گوێیەکانمان بووبێت! بیهێنەرە خەیاڵتەوە کاتێک کەسێک

له پڕتاو داڵغەیەکی جوان و له خۆدا قووڵبوونەوەیەک ڕا دەچڵەکێت بە هۆی دوازدە لێدانە بەرزەکەی زەنگی کاتژمێری نیوەڕۆوە، له خۆی دەپرسێت: دەبێت کاتژمێر چەند بێت؟ بە هەمان شێوە ئێمەش له دوای ئەو ڕاستییە گوێیەکانمان دەخورێنین و بە سەرسوورِمانێکی تەواو بە پەشۆکاوییەوە دەپرسین: ئەوە چی بوو هەنووکە تاقیمان کردەوە؟ یاخود تەنانەت دەشپرسین: ئێمە لەڕاستیدا کێین؟ پاشان وەکو گوتم: جارێکی تر لە هێنانەوەیاددا هەریەک له دوازدە لەرینەوەکەی لێدانەکانی ئەزموونەکەمان، ژیانمان و بوونمان دەژمێرینەوە، بەڵام ئەفسووس! له پرۆسەکەدا کۆی حیساب لەدەست دەدەین، بەم جۆرە بە زەرورەت وەک تەلیسمێک بە خۆمان دەمێنینەوە، نشوست دەخۆین له خۆتێگەیشتنمان، مەحکومین بەوەی هەڵە له خۆمان بگەین. ڕستە هەمیشەکییەکەشمان دەڵێت: هەموو یەکێک لە ئێمە زیاتر له خۆیەوە دوورە، سەبارەت بە خۆمان زانیاریمان نییە.

**(٢)**

بیرۆکەکانم سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ڕا پێشوەختە ڕەوشتییەکان (کە مەبەستی ئەم کتێبە مشتومڕئامێزەن) دەربڕینە سەرەتاییەکانیان له کۆمەڵە پەندەکانی کتێبی «مرۆڤدۆست، زۆر مرۆڤدۆست. کتێبێک بۆ ڕۆحە ئازادەکان»دا دۆزییەوە.

له سۆرینتۆ (Sorrento) دەستم کرد بە نووسینی ئەو کتێبە، لە ماوەی زستانێکدا کە بواری هەڵوێستەکردنم هەبوو، وەک چۆن ڕێبوارێک هەڵوێستەیەک دەکات، بۆ ڕووپێوکردنی ئەو مەودا بەربڵاوە ترسناکەی کە یادەوەریم تاوەکو ئەو کاتە ڕێگەی خۆی پیادا کردبووەوە. ئەمە له زستانی ١٨٧٦–١٨٧٧دا بوو، بەڵام بیرۆکەکان خۆیان لەو مێژووە کۆنترن.

لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەو بیرۆکانەم لەم وتارەی ئێستادا لەخۆ گرتووە، لەبەر ئەوە با ئاواتەخواز بین کە لەو کاتەوە پێگەیشتووتر و پرشنگدارتر و بەهێزتر و کامڵتر بووبن، بەڵام کە هێشتا تاوەکو ئەمڕۆ پابەندم بەو بیرۆکانەوەو کە بیرۆکەکان خۆشیان زیاتر لێکدانەبڕاو و زیاتر تێکەڵاو و ئاوێتە بوون، لەڕاستیدا هەموو ئەمانە دڵنیابوونە شادەکەم بەهێزتر دەکات. بەدەر لەوەی کە دابڕاو و پەرشوبڵاون، یاخود وەک دیاردەیەکی لێک پچڕاون، ئەم بیرۆکانە لە ڕیشەیەکی هاوبەشەوە گەشەیان کردووە لە ویستێکی بنەڕەتییەوە بۆ مەعریفە، ویستێک کە بناغەکانی لە قووڵاییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بە شێوەیەکی پەرەسەندوو بە زاراوە ڕوونەکان دەدوێت و بە شێوەیەکی زیاتریش داوای وەڵامە ڕوونەکان دەکات. لەبەر ئەوەی شتێکی تر لە بەرژەوەندیی فەیلەسووفدا نییە. ئێمە مافی کردنی هیچ کردەوەیەکی دابڕاومان نییە، مافی کردنی هەڵە دابڕاوەکان و دۆزینەوەی ڕاستییە دابڕاوەکانیش بە یەکسانی لە ئێمە قەدەغەن. ڕاستتریش، بیرکردنەوەکانمان، بەهاکانمان، بەڵێ و نەخێرەکانمان، ئەگەر و ئەگەرەکانمان بە هەمان زەرورەت کە درەختێک میوەکانی دەگرێت لە ئێمەوە گەشەیان کردووە، هەموو پەیوەندیدار و پێکەوە گرێدراون و بەڵگەن بۆ تاکە ویستێک، تاکە دروستییەک، تاکە زەوییەک و تاکە خۆرێک. سەبارەت بەوەش کە ئایا میوەکان بەگوێرەی چێژی تۆن؟ بەڵام ئەوە بۆ درەختەکان چی دەگەیەنێت، ئەوە بۆ ئێمە چی دەگەیەنێت، ئێمەی فەیلەسووف.

## (٣)

من نیازێکی تایبەتیی شـاراوەم هەیە کـە دوودڵم لەوەی

بیدرکێنم، چونکە پەیوەندیی بە ڕەوشتەوە هەیە، بە هەموو شتێکەوە کە تاوەکو ئێستا وەکو ڕەوشتی پایەدار کراوە، نیازێک کە هێندە نادیارانە، هێندە زوو و بەرلێنەگیراوانە تیامدا سەری هەڵدا، کە زۆر هاودژ بوو لەگەڵ ژینگە، تەمەن، مۆدێل و ڕەچەڵەکەکانی ژیانمدا کە دەتوانم پێی بڵێم پێشـینـە (Apriori)ی خۆم. سەبارەت بە سروشـتی ئـەم نیـازە شـاراوەیـە بـــۆم دەرکەوت کە فزولیەت و گومانم لەسەر پرسیاری ڕەچەڵەکی چەمکەکانمان لەسەر چاکە و خراپە ڕاوەستاون. لەڕاستیدا وەکو کوڕێکی ١٣ ساڵ گرفتی ڕەچەڵەکی خراپە بیرکردنەوەمی داگیر کردبوو. لە تەمەنێکدا کە مرۆڤ «نیوە یارییەکانی منداڵی و نیوە خودای لە دڵدایە»، یەکەم کاری منداڵانەی ئـەدەبیـم و یەکەم مومارەسەم لە فەلسەفەدا بۆ ئەم بابەتە تەرخان کرد، وەکو چارەسەری خۆم بۆ کێشەکە لەو کاتەدا پایەی شایستەی بە خۆیم بەخشییە خودا و بە باوکی خراپەم دانا، ئایا ئەمە هەمان ئەو شتە بوو کە پێشینەم (Apriori) داوای لێ دەکردم؟ ئەو پێشینە ناڕەوشتییە یاخود بەلایەنی کەمەوە کەمڕەوشتییە، ئەفسوس! هێندە دژەکانتی (anti– Kantian) و هێندە فەرمانێکی ڕەها بوو لە ڕێگەی منەوە قسەی دەکرد و منیش لەو کاتەوە هەستیار بووم بەرانبەری و زیاتریش لە هەستیار؟ بۆ خۆشبەختی لەو کاتەوە فێر بووم، تیۆلۆجی لە ڕەوشتی جیا بکەمەوە و وازم هێنا لە بەدواداگەڕانی ڕەچەڵەکی خراپە لەو دیو جیهانەوە. هەندێک پەروەردەی مێژوویی و فیلۆلۆجی پێکەوە لەگەڵ هەستێکی ناوەکیی جیاکاریکردندا سەبارەت بە کێشەکانی سایکۆلۆژیا، خێرا گرفتەکەمیان گۆڕیی بۆ گرفتێکی تر: لەژێر کام هەلومەرجانەدا بوو مرۆڤ پێودانگەکانی هەڵسەنگاندنی بەهای چاکە و خراپەی داهێنا؟ پێودانگەکان خۆیشیان کام بەهایەیان

هەبوو؟ ئایا یارمەتیدەر بوون یاخود ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا؟ ئایا نیشانەکانی هەژاری، داماوی و داڕمانی ژیانن؟ یاخود بە پێچەوانەوە نیشانەی دەوڵەمەندی، بەهێزی و ویستی ژیانن، ئازایەتی و متمانە و ئایندەی ئەو ویستەشن؟ بۆ ئەم پرسیارانە من چەندین وەڵامی ئازایانەم دۆزییەوە. من جیاوازیم کرد لە نێوان سەردەمەکان، خەڵکەکان، پلەوپایەی نێوان تاکەکان و گرفتەکەمم بەرتەسک کردەوە. لە وەڵامەکانەوە پرسیاری نوێ، بەدواداچوونی نوێ، گریمانە و ئەگەری نوێ سەریان هەڵدا: تا دواجار خاکێکی تایبەت بە خۆم، خۆڵێکی تایبەت بە خۆمم بەدەست هێنا، جیهانێکی گەشەسەندووی نەزانراو، وەکو باخێکی نهێنی کە کەس پەی بە بوونی نەبردبێت. ئۆه چەندە بەختەوەرین ئێمە، ئێمەی شوێنکەوتوانی مەعریفە، بەو مەرجەی لە کاتی خۆیدا نەبێت بێدەنگیمان نەشکێنین.

## (٤)

یەکەم پاڵنەر کە گوزارشتی بەخشییە هەندێک لە گریمانەکانم لەسەر ڕەچەڵەکی ڕەوشت، لە خوێندنەوەی کتێبێکی ڕوون و پوختەوە بوو، کە تا ڕادەی کامڵبوونی پێشوەخت زیرەکانە بوو. لەو کتێبەدا بۆ یەکەم جار ڕووبەڕووی گریمانەیەکی جینالۆجییانەی پێچەوانـە و ئـاوەژوو بوومـەوە، جۆرێکی ئینگلیزیی ڕاستەقینە خۆم بینییەوە، کە کێشکراوم بۆ ناو کتێبەکە وەکو چۆن بەرانبەرەکان یەکتر کێش دەکەن. «ڕەچەڵەکی هەستە ڕەوشتییەکان» ناونیشانی ئەو کتێبە بچووکە بوو کە دانەرەکەی دکتۆر پۆل ڕی (Dr. Paul Ree) بوو، ساڵی ١٨٧٧ ساڵی دەرکەوتنی کتێبەکە بوو. ڕەنگە هەرگیز هیچ شتێکم نەخوێندبێتەوە کە هێندەی ئەو کتێبە ڕەتم کردبێتەوە، مەسەلە

دوای مەسەلە و بەرئەنجام بە دوای بەرئەنجامدا، بەبێ کەمترین بێمەزاجی و بێسەبری. لەو کتێبەمدا کە پێشتر باسم کرد و کە لەو کاتەدا دەستم کردە نووسینی، بە وەخت و ناوەخت ئاماژەم دەدا بە مەسەلەکانی ئەو کتێبە، نەک بۆ ئەوەی پوچەڵیان بکەمەوە، من چ بەرژەوەندییەکم لە پوچەڵکردنەوەدا هەیە! بەڵکو زیاتر وەکو شتێکی شایستە بە ڕۆحێکی پۆزەتیڤ، بۆ ئەوەی شتێک کە لەوانە نییە ڕوو بدات جێگە بگرمەوە بە یەکێک کە لەوانەیە ڕوو بدات و هەندێک جاریش بۆ جێگەگرتنەوەی هەڵەیەک بە یەکێکی تر. لەو کاتە وەکو گوتم، یەکەم جار ئەو گریمانانەم لەسەر جینالۆجیای ڕەوشتەکان هێنایە بەر تیشکی ڕووناکی، کە ئەم وتارانەی ئێستام بۆ تەرخان کردوون. من ناژیرانە ئەو کارەم کرد، وەکو ئەوەی خۆم یەکەم کەس بم ددان بەو ڕاستییەدا بنێم، بە شێوازێکی هێشتا بەرتەسک، کە هێشتا زمانی تایبەتیی خۆم نەبوو بۆ ئەم شتە تایبەتانە و بە دوودڵی و لە ڕێلادانی زۆریشەوە. بە کورتی ئەوە بەراورد بکە کە لە کتێبی مرۆڤدۆست، زۆر مرۆڤدۆستدا، لە بڕگەی ٤٥دا لەسەر ڕەچەڵەکی دوالیانەی چاکە و خراپە دەیڵێم (واتا لە دونیای سەروەر و کۆیلەدا) هەروەها لە بڕگەی ١٣٦دا لەسەر بەهای ڕەوشتی زاهیدانە، هەروەها لە بڕگەی ٩٦ و ٩٩دا لە بەشی «بیرورا و گوتە تێکەڵاوەکاندا» و بڕگەی ٨٩ لەسەر ڕەوشتی نەریت، کە جۆرێکی زۆر کۆنتر و زۆر ڕەسەنتری ڕەوشتە، کە زۆر دوورە لە میتۆدی هەڵسەنگاندنی ئەوی تر دۆستییەوە (الغیریة) (altruistic) کە تیایدا دکتۆر پۆل ڕی، وەکو هەموو جینالۆجیستە ئینگلیزە ڕەوشتییەکان بەو چەشنە میتۆدی ڕەوشتی هەڵسەنگاندن دەبینێت، هەروەها لە بڕگەی ٩٢ی کتێبی «گەڕیدە»دا و بڕگەی ٢٦ و بڕگە ١١٢ی کتێبی «بەرەبەیان»دا،

لەسەر ڕەچەڵەکی دادپەروەری وەکو پێکهاتنێک لە نێوان ئەو کەسانەدا کە زۆر بە نزیکی هاوتان لە دەسەڵاتدا (یەکسانی وەکو مەرجی هەموو پەیمانەکان و لە ئەنجامیشـدا هەموو یاساکان)، هەروەها بڕگەی ٢٢، ٢٣ کتێبی «گەڕیدە» لەسـەر ڕەچەڵەکی سزا، کە بۆ ئەو مەبەستە ئامانجی ڕێگریکردنە نە گەوهەری و نە بنەڕەتییە (وەک دکتۆر پۆل ڕی باوەڕی وایە ئەوە دواتر زیاتر دەناسرێت، لەژێر چەند مەرجێکی دیاریکراودا، هەمیشەش وەکو شتێکی لاوەکی و زیادکراو).

## (٥)

لەو کاتە تایبەتەدا، پەرۆشیی ڕاستەقینەم بۆ شتێکی زۆر بایەخدارتر بوو وەک لە گریمانەکانی خـۆم، یاخـود هیی هەرکەسێکی تر لەسەر ڕەچەڵەکی ڕەوشت (یاخود زۆر بە وردی دوا بایەخپێدانم بە تەواوی وابەستەیی بە تاکە ئامانجێکەوە بوو، کە ئامڕازێک بوو لە ئامڕازەکانی گەیشتن بەو ئامانجە)، بە لای منەوە ئەوەی جێگەی گرەو لەسەر کردن بوو بەهای ڕەوشتی بوو، لەسەر ئەو کێشەیەش هیچ ڕێگەیەکم لە بەردەمدا نەبوو جگە لە ڕووبەڕووبوونەوە بە تەنیایی لەگەڵ مامۆستای مەزنمدا: شۆپنهاوەر. ئەو کتێبەم، سۆزی ئەو کتێبەم پوچەڵکردنەوەی نهێنییانەی ئەو کتێبەم ئاڕاستەی ئەو کرابوو، وەکو ئاڕاستەی هاوچەرخێک کرابێت (چونکە ئەو کتێبەش مشتومڕئامێز بوو). لە ئەنجامدا ئەو کتێبە لەسەر بەهای ناخۆپەرستی، غەریزەکانی سۆز و بەزەیی، نکۆڵی لەخۆکردن و خۆکردنەقوربانی بوو، کە هەمان ئەو غەریزانە بوون کە سەردەمانێک شۆپنهاوەر کردبوونیە زێڕین، خوداوەندی، فرازمەند (متعالی) تا لە کۆتاییدا لە لای بوونە بەها لە خۆیاندا

که لەسەر بناغەی ئەوانەوە نکۆڵی لە ژیان و نکۆڵییشی لە خۆی کرد، بەڵام بەرانبەر هەمان ئەم غەریزانە بوو کەوتمە گومانێکی بنەڕەتیی پەرەسەندووەوە، گومانێک کە تا دەهات لە ناخمدا قووڵتر دەبووەوە! ئەو لێرەدا بوو مەترسیی هەرە گەورەم بۆ سەر مرۆڤایەتی بینی، ترۆپکی فریودان و تەفرەدانم بینی، بەرەو کام ئاڕاستە دەڕۆیشت؟ بەرەو پوچگەرایی؟ ئەوە لێرەدا بوو کە سەرەتای کۆتایی، چەقبەستن، شەکەتیی نۆستالۆژیا ویستی وەرچەرخاوی دژی ژیان، خەمۆکی و نیشانە لاوازەکانی نزیکبوونەوەی دوا دەرد و نەخۆشیم بینی. ڕوانیمە پێشکەوتنی بێڕەحمانەی ڕەوشتی سۆز و بەزەیی، کە تەنانەت نەخۆشییەکەی فەیلەسووفەکانیشی ئالودە کردبوو، وەکو بەدترین نیشانەی پێشکەوتنی شومانەی کولتووری ئەورووپیمان، وەکو لاڕێیەک بەرەو کام ئاڕاستە دەڕوات؟ بەرەو بودیزمێکی نوێ؟ بەرەو بودیزمێکی ئەورووپی؟ بەرەو نیهیلیزم؟ مەیلی مۆدێرنی فەیلەسووفان بۆ بەزەیی، زیادەڕۆیی لە نرخپێدانیدا، گەشەسەندنێکی تازەیە، کە بێبەهاکردنی سۆز و بەزەیی بە هەمان شێوە پێشتر خاڵی ڕێککەوتنی فەیلەسووفان بوو. با تەنیا ناوی ئەفلاتوون، سپینۆزا، لاورشفوکۆ و کانت بهێنین کە چوار بیرکردنەوەی تا ڕادەیەک لەیەک جیاواز بوون، بەڵام لەیەک ڕووەوە یەکیان دەگرتەوە، لە قێزکردنەوە لە سۆزو بەزەیی.

## (٦)

گرفتی بەهای بەزەیی و ڕەوشتی بەزەیی (من نەیاری لاوازبوونی شەرمەزارانەی هەستیاریم لە ڕۆژگاری مۆدێرندا) لە یەکەم تێڕوانیندا وەکو تەنیا مەسەلەیەکی دابڕاو دەردەکەوێت،

وەکو نیشانە پرسیارێکی تاکوتەرا، بەڵام هەر کەسێک لێرەدا ڕابوەستێت، هەرکەسێک لێرەوە فێری پرسیارکردنی بێت، ئەوا وەکو من بە هەمان ئەزموونداتێدەپەڕێت، ئاسۆیەکی بەرفراوانی نوێ لە بەردەمدا دەکرێتەوە، جۆرە ئیمکانیەتێکی گێژەنئاسا، هەموو جۆرەکانی بێمتمانەیی، بەدگومانی و ترس باڵی بەسەردا دەکێشن و بڕوای بە ڕەوشتی و هەموو جۆرەکانی ڕەوشت لەق دەبێت. دواجار داواکارییەکی نوێ لە ناخیدا سەر هەڵدەدات. با ئەم داوا نوێیە ڕوون بکەینەوە: ئێمە لە بەردەم پێویستییەکی نوێی بەها ڕەوشتییەکاندایین، پێش هەموو شتێک بەهای خودی ئەم بەها ڕەوشتییانە دەبێت بخرێتە بەر پرسیارکردن. ئەمەش پێویستی بە زانیاریی هەلومەرجەکانی گەشەسەندن و پەرەسەندنیان و گۆڕینیان هەیە (ڕەوشتی وەکو سەرئەنجام، نیشانە، دەمامک، ڕیاکاری، نەخۆشی و هەڵەتێگەیشتنە، وەکو هۆکاریش، چارەسەر، وریاکەرەوە، چەپاندن و ژەهرە) مەعریفەیەکی لەو چەشنە هەرگیز پێشتر نە بوونی هەبووە و نە ئارەزووش کراوە. بەهای ئەم بەهایانە وەکو دراو (معطی)، وەکو ڕاستی، وەکو شتێکی دوور لە گومان و پرسیار قبووڵ کران. پێشتر کەس دوورترین گومان و بچووکترین سڵەمینەوەی دەرنەبڕیبوو لە بەخشینی پلەوپایەیەکی گەورەتر بە مرۆڤی باش وەک بە مرۆڤی خراپ، پایەیەکی گەورەتر بەو واتایەی ئەو مرۆڤە بەسوودە لە بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەوتنی بوونی مرۆڤدا (کە ئایندەی مرۆڤ دەگرێتەوە)، چی ڕوو دەدات ئەگەر پێچەوانەی ئەمە ڕاست بێت؟ چی ڕوو دەدات، ئەگەر لە مرۆڤی چاکدا نیشانەیەک لە نیشانەکانی داڕمان هەبێت، یاخود شتێکی مەترسیدار، فریودانێک هەبێت، جۆرێک ژەهر، ماددەیەکی بێهۆشکەر هەبێت کە بە هۆیەوە ئێستا لەسەر حیسابی ئایندە

بژین؟ هەرچۆنێک بێت ڕەنگە ئەوە بە جۆرێکی خۆشتر، بێمەترسیتر بێت، بەڵام بە شێوازێکی نزمتر و بێبایەختر بێت؟ لەبەر ئەوە ئەگەر هەرگیز نەگەیشتینە بەرزترین و مەزنترین دەسەڵاتی مرۆڤانە (کە ئەوە خۆی لە خۆیدا شێمانەیەکە)، ئەوا جگە لە خودی ڕەوشت هیچی تر تاوانبار نابێت؟ لەبەر ئەوە ڕەوشتی مەترسی، مەترسییەکان پێک دەهێنێت.

## (٧)

هێندە بەسە کە بڵێم، لەوەتەی ئەم ئاسۆیە لەبەر دەممدا کراوەتەوە، هۆکاری خۆمم هەبووە بۆ چاوگێڕان بە دەوری خۆمدا بۆ کەسێکی زانا و بوێر و بۆ هاوڕێیانی ماندوونەناس (من بەردەوامم لە کردنی ئەو کارە). ئەوەی پێویستە گەشتێکە بە مەودای پانوبەرینی ڕەوشتدا کە زۆر دوور و زۆر دوورەدەستە (ڕەوشتێک کە بەڕاستی بوونی هەبوو، کە بەڕاستی گوزەرێندرابوو، گەشتێک بەبێ هیچ شتێک جگە لە توێشووی پرسیارە نوێیەکان و چاوە کراوەکان، ئایا ئەم بڕە توێشووە بە شێوەیەکی پراکتیکی بەس نییە بۆ دۆزینەوەی ئەم ناوچە بەرفراوانە بۆ جاری یەکەم؟ لەو پرۆسەیەدا کە پێشتر باسم کرد، لە ناو هەمواندا دکتۆر «ڕی»م هاتەوە یاد، لەبەر ئەوە بوو کە هیچ گومانم نەبوو کە پێویست بوو لەسەری بە هۆی سروشتی خودی پرسیارەکانیەوە گەشە بداتە میتۆدێکی زۆر دروستر بۆ گەیشتن بە وەڵامەکان. ئایا من لەوەدا بە هەڵەدا چووبووم؟ حەزم دەکرد هەر چۆنێک بێت ئەو نیگا تیژ و بێلایەنەی بە ئاڕاستەیەکی باشتردا بەرم، بە ئاڕاستەی مێژووی ڕاستەقینەی ڕەوشتدا و لە کاتی خۆیدا ئاگاداری بکەمەوە لەو چەشنە گریمانەکردنە ئینگلیزییانەی لەسەر

ڕەنگی شین کراون (مەبەست لە ئاسمانە- شتە خوداییەکان)، چونکە بە ئاشکرا ڕەنگێکی تر هەیە کە دەشێت سەدان جار گرنگتر بێت بۆ جینالۆجیستی ڕەوشتەکان، کە ئەویش ڕەنگی خۆڵەمێشییە، لەوەدا مەبەستم هەموو ئەوەیە کە دۆکیۆمێنت کراوە، کە دەتوانرێت بەڕاستی بزانرێت، ئەوەی کە بەڕاستی بوونی هەبووە، بە کورتی سەراپای ئەو دەقە هیرۆگلۆفییە دوورودرێژەی کە زۆر دژوارە سەبارەت بە ڕابردووی ڕەوشتی مرۆڤایەتی مانادۆز بکرێت! ئەمە بە نەزانراوی بۆ دکتۆر ڕێ مایەوە، بەڵام ئەو داریونی خوێندبووەوە، بەم چەشنە لە گریمانەکانیدا، لە شێوازێکدا کە بە لایەنی کەمەوە چێژبەخشە، ئاژەڵە داریونییەکە بە شێوەیەکی شارستانییانە دەست بۆ لای گیاندارە ڕەوشتییە نەرمونیانەکە درێژ دەکات، بۆ لای ڕۆحە زۆر مۆدێرنەکە کە فێر بووە نەگەزێت. بە گوزارشتی ئەمەی دواییان جۆرە کەیفسازی و تەمەڵییەکی پوختەکراو بە هۆی کەمێک ڕەشبینییەوە خراونەتە پاڵ یەک: هەروەکو ئەوەی هەموو ئەم شتانە (گرفتەکانی ڕەوشت) لەڕاستیدا شایستەی بە جیددیوەرگرتن نەبووبن. بە پێچەوانەوە بە بڕوای من لە ئێستادا شتێکی تر نییە جگە لەم مەسەلەیە شایستەی گرنگیپێدانی جیددی بێت: بۆ نموونە ئەگەری ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەسەڵاتی پێ بدرێت بە ڕۆحیەتێکی بەرزەوە لە کێشەکانی ڕەوشت نزیک ببێتەوە، شایستەی پاداشتەکانە، چونکە ڕۆحە بەرزەکان، یاخود بەگوێرەی وشەکانی خۆم «زانستی شاد»، خۆی لە خۆیدا پاداشتێکە، پاداشتێکە بۆ جیددییەتێکی دوورودرێژ، ئازایانە ماندوونەناسانە و نهێنییانە، کە بەڕاستی لە توانای هەمو کەسێکدا نییە، بەڵام لەو ڕۆژەدا کە لە دڵەوە دەڵێین «بۆ پێشەوە! هەروەها ڕەوشتی ڕابردووشمان

بەشێکە لە کۆمیدیا!» لەو ڕۆژەدا گریژنەیەکی نویٚ و توانایەکی شاراوەمان دۆزیوەتەوە بۆ شانۆیی دیۆنیزی «چارەنووسی ڕۆح»، گریژنەیەک کە شاعیری کۆمیدیی مەزنی دێرینی بوونمان لێی بەهرەمەند دەبێت، ڕەنگە تۆ پشت بەوە ببەستیت.

## (٨)

ئەگەر ئەم دەقە دەقێکی قورس بێت لە لای هەرکەسێک، هەروەها گران بێتە بەرگویٚ، وەکو من بزانم لۆمەی ئەوە ناکەوێتە سەر من. دەقەکە تەواو ڕوونە، بەڵام ڕەنگە ئەو کەسە کۆششێکی زۆری لەگەڵ نووسینەکانی پێشوومدا کێشابێت، چونکە بەڕاستی ئەو نووسینانە دژوارییەکانی ئەم دەقەن. بۆ نموونە کتێبی «زرادەشت»م، تەنیا کەسێک بە بۆچوونی من دەتوانێت بانگەشەی زانینی تەواوەتیی ئەو کتێبە بکات، کە هەموو وشەیەکی لە کاتێکدا بە قووڵی زامداریان کردبێت، لە کاتێکی تردا بە هەمان شێوە بە قووڵی شادمانیان کردبێت، چونکە تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت ئیمتیازی پشکداری لە ڕەگەزی هێمنانە (Halcgonic)ی دەقەکەدا بکات کە لەو ڕەگەزەوە کتێبەکە لە دایک بوو، بە پرشنگی خۆرئاسا، ئاسۆفراوانی و ڕەهاییەکەیەوە. لە هەندێک باری تردا شێوازە چەندئامێزییەکەی کتێبەکە چەند گرفتێک دروست بکات، ئەمەش لەو ڕاستییەوە ڕێچکە دەگرێت کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو جۆرە شێوازە زۆر بە جیددی وەرناگیرێت. شێوازێکی پەندئامێز کە بە جیددی خرابێتەوە و خەفە کرابێت، هێشتا بە جۆرێک لە جۆرەکان دوورە لەوەی لەگەڵ خوێندنەوەیدا مانادۆز بکرێت، ئەوە تەنیا کاتێک دەبێت کە دەست کرابێت بە ڕاڤەکردنی و بۆ ئەمەش پێویست بە هونەری ڕاڤەکردن دەکات. لە وتاری سێیەمی ئەم

کتێبەدا مۆدێلێکم پێشکەش کردووە لەوەی کە لە ڕاڤەکردن مەبەستمە، لەو بارەدا وتارەکە بە پەندئامێز دەست پێ دەکات و خۆشیی لێدوانێکە لەسەری. بە شێوەیەکی نکـۆڵـی لێنـەکـراو، پیادەکردنی خوێندنەوە وەکو هونەرێک بەم ڕێگەیە لە سەروو هەموو شتێکەوە پێویستی بە تاکە شتێکە، کە ئەمڕۆ لە هەر کاتێکی تر زیاتر فەرامۆش کراوە، ئەویش ئەو ڕاستییەیە کە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی دەبێت زەمەنێک بەسەر نووسینی نووسراوەکانمدا تێبپەڕێت پێش ئەوەی بتوانرێت بخوێندرێتەوە، ئەوەش شتێکە پێویست بە مانگابوونی مرۆڤ دەکات، بێگومان نەک بوونە «مرۆڤی مۆدێرن»، کە واتای «کاوێژکردن» دەگەیەنێت.

**سیلس ماریا، ئەپەر ئینگادین، تەمموزی ١٨٧٧**

## ٣- له كتێبی «ئەو دیو چاكە و خراپە»وە

## لە کێوە بەرزەکانەوە

***فریدریش نیچە***

**وەرگێڕانی: ئاشنا**

سەرەتای سروود*

ئەی نیوەڕۆی ژیان! ئەی کاتی جەژن!
ئەی باغی هاوینە!
لە خۆشحاڵیدا لە پێستی خۆمدا جێم نابێتەوە.
وەستاو و ئێشکگر و چاو لە ڕێگەم
شەو و ڕۆژ چاو لە ڕێگەم، چاو لە ڕێگەی دۆستانی خۆم:
لە کوێن، ئەی دۆستان؟!
سەرکەون! کاتیەتی! کات!

مەگەر بەختی ئێوە نییە کە ئەمڕۆ بەفرستانی خۆڵەمێشی
خۆی بە گوڵی سوور ئارایش داوە؟
سەروچاوە بە دواتانەوەیە،
هەور و با، بە شەوقەوە خۆیان لە ئامێزی یەکتری دەگرن
و بێقەرارن

تا خۆیان لەسەر ئەو تاقە نیلییەوە هەڵکێشن و
لە دوورەدەستترین دیدگای باڵندەکانەوە چاو بە دوای ئێوەدا بگێڕن

سفرەکەم بەختی ئێوەی لە بەرزترین بەرزاییدا ڕاخستووە
کێیە لەگەڵ ئەستێرەکان نزیکتر لە من دەژیی؟
یان لەگەڵ تاریکترین قووڵایی قووڵ؟
ئەوەیە پاشایەتیی من،
کامە پاشایەتی لەوە فراوانتر بووە؟
هەنگوینم بڵێ؛ چ کەسێک تامی کردووە؟

ئێوە لەوێن هەڤاڵانم؟ بەڵام ئەفسووس
من ئیتر ئەوە نیم کە ئێوە بە دوایدا هاتوون!
درەنگی دەکەیت و سەرگەردانیت، ئای خۆزگە تووڕە دەبوون!
من ئیتر ئەوە نیم! دەستێکی ترم، قاچێکی تر و ڕووخسارێکی تر؟
من ئەو کەسە نیم کە لەبەر چاوی ئێوەی هەڤاڵان بووم؟
بووم بە یەکێکی تر! نامۆ لەگەڵ خۆ؟ لە خۆ ڕاپەڕیوو؟
زۆرانبازێک کە بە زۆر پشتی خۆی لە زەوی داوە؟
زۆر لەگەڵ خۆئاڵۆز
بریندارە بە هۆی سەرکەوتنی خۆی و ڕێی لە خۆ گرتووە؟

مەگەر خوازیاری جێگەیەک نەبووم کە با لە هەموو شوێنێک تیژتر بەوێدا تێدەپەڕیی؟
مەگەر فێر نەبووم بەسەربردن لە شوێنێکدا
کە هیچ کەس لەوێ بەسەر نابات،
وەک ئەو بیابانەی کە خانووی ورچی جەمسەرییە،

له یادی کردووه مرۆڤ و خودا و نزا و نەفرەت؟
وەک خێوێک سەرگەردان بەسەر بەفرستانەوە؟
ئەی هەڤاڵانی دێرین! چەند ڕەنگپەڕیو دێنە بەرچاو،
پڕ له خۆشەویستی و بێزاری!
نا، بگەڕێنەوە! بەڵام تووڕە مەبن! لێرەدا ئێوە ناتوانن بمێننەوە:
لێرە، له نێوان دوورترین بەفرستان و بەردەڵاندا
لێره دەبێت ڕاوکەر و نێرییه کێوی بن.

من بووم به چ ڕاوچییەکی شەڕاوی،
سەیری ڕاکێشانی کەوانەکەم بکەن!
پیاوی پیاوانی دەوێت ڕاکێشانی ئەم کەوانه!
بەڵام باسی تیر مەکه، که تیرێکی وا ترسناکه
که هیچ تیرێک پێی نایگات
دوورکەوه لێره
بۆ سەلامەتیی خۆت!
ڕووم لێ وەردەگێڕیت؟
بەڵام تۆ چەنده بەتوانایت، ئەی دڵ!
هیواکانت له جێی خۆ ماون،
دەرگاکان به ڕووی هەڤاڵانی نوێدا بکەرەوە!
واز له دۆستانی کۆنت بهێنه! واز بهێنه له یادگارییەکانی ڕابردووت!
ڕۆژگارێک لاو بوویت، بەڵام ئێستا له هەموو کات لاوتریت!

ئەوەی ڕۆژگارێک ئێمەی بەیەکەوه دەبەستەوە، زنجیرەی هیوایەک بوو.
بەڵام ئێستا کێ دەتوانێت له وێنه ڕەنگپەڕیوەکانیدا،

ئەو نیشانانە بخوێنێتەوە کە ڕۆژگارێک بە دەستی عیشق نەخشرابوون؟
نووسراوی سەر پێستێک، دەنگپەڕیو و سووتاو بێت
کە دەست لە گرتنی خۆ دەبوێرێت

ئەوانە ئیتر دۆست نین
کەواتە چ ناوێکیان لێ بنێین؟
تارماییەک لە دۆستان؟
هەمان تارمایی کە شەوانە لە دەرگای دڵ و پەنجەرەکەم دەدات،
کە سەیرم دەکات و دەڵێت: «مەگەر ئێمە سەردەمێک دۆست نەبووین؟»
ئای، ئەی وشە سیسهەڵگەڕاوەکان،
ڕۆژگارێک بۆنی خۆشی گوڵەسوورتان لێ دەهات!
ئای، ئەی شەوقی لاوێتی کە خۆت نەناسی
ئەوانەی من حەزم لێ دەکردن
حەزم لێ دەکردن
تا ببن بە خزمم،
پیر بوون و لە من دوور
تەنیا ئەوەی دەگۆڕێت، خزمی منە.
ئەی نیوەڕۆی ژیان! ئەی لاوێتیی دووەم!
ئەی باغی هاوینە!
لە خۆشحاڵیدا لە پێستی خۆمدا جێم نابێتەوە و
وەستاوم و ئێشکگر و چاو لە ڕێگەم!
شەو و ڕۆژ چاو لە ڕێی دۆستانم،
ئەی دۆستانی نوێ، وەرنە سەرەوە!

کاتیەتی!
کات!

***

سروود کۆتایی هاتووە،
هاواری شیرینی حەزێک لەسەر لێوانم خەم دایگرتووە:
جادووگەرێک ئەوەی لەگەڵمدا کرد، ئەو دۆستە بەوەختە
ئەو دۆستە نیوەڕۆییە،
نەو، مەپرسن ئەو کێیە...
نیوەڕۆ بوو، کە بوو بە دوو...
ئێستا، دڵگەرم بە سەرکەوتنی خۆمان،
لەگەڵ یەکتر جەژن دەگێڕین.
جەژنی جەژنەکان:
زەردەشت، دۆستی من، ئەوسەری میوانان، لە ڕێگەوە گەیشتووە!
ئێستا جیهان خەندەدارە و پەردەی ترس هەڵدەدڕێت،
ڕۆژی بووکوزاوایەتی، ڕووناکی و تاریکی هاتووە...

## پەراوێز

* Nachgesang

## سەرچاوە

فریدریش نیچە، فراسوی نیک و بد،
ترجمە داریوش اشوری، انتشارات خوارزمی، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٣،
ص ص ٢٩١-٢٩٦.

## ٤- لە نامەکانی نیچەوە

# چەند نامەیەکی نیچە

### لە سویدییەوە: ئیدریس ئیبراهیم کەلالەیی

نیچە لەگەڵ ئەوەی ڕۆشنبیرێکی بێوێنەی ساتەکانی خۆی بوو، هەردەم سەرقاڵی خوێندنەوە و نووسین و وانەگوتنەوە بوو. ئەگەرچی لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا ڕۆڵێکی باڵای هەبووە، هەمیشە ویستوویەتی ئەڵقەی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی فراوان بێت و بیروڕایان لەگەڵدا بگۆڕێتەوە و لە کاتی تەنگانەدا پرس و ڕایان پێ بکات.

تا ئێستا نامەکانی نیچە بە زۆربەی زمانەکانی دنیا بڵاو کراونەتەوە و ڕۆڵی خۆیان دیوە بۆ دیاریکردنی ڕووە نەدیوەکانی نیچە و شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەی کە هەیبووە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ئەو کاتە، هەروەها شیکردنەوەی لایەنە دەروونییەکانی نیچە کە بە تەواوی لە کتێبەکانیدا ناخوێنرێتەوەو نەینووسیون. نامەکانی سەرمایەیەکی گەورەی ئەون و دەیان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. کارل یۆرال ئیکێروڵد (-Carl Goran Ekerald) هەستاوە بە وەرگێڕانی زۆربەی نامەکانی بۆ سەر زمانی سویدی و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون و لێکی داونەتەوە لە کتێبێکدا، لە ساڵی ١٩٩٣دا لە ژێر ناوی «نیچەو

ژیانی و شێوەی بیرکردنەوەی» بە چاپی گەیاندووون. من لێرە تەنیا چەند نامەیەکم بۆ کردووون بە کوردی، بۆ ئەوەی نووسەرانی کورد خۆیان نیچە لە ناو نامەکاندا بخوێنەوە.

## نامەی یەکەم

### ئەم نامەیەی لە ساڵی ١٨٦٤دا،

### کە لە تەمەنی ١٩ساڵیدا بووە، بۆ دایکی نووسیوە.

دایکی خۆشەویستم

ئەمڕۆ کاتێک ئەو نامەیەت بۆ دەنووسم، ناخۆشترین ئەرکە کە هەمە، زۆر سەختە بۆم و ناشزانم دەمبووریت یان نا، پێت خۆشە یان نا؟ بە دڵێکی غەمبار و پەژارەوە دەست دەدەمە قەڵەمەکەم و بەتایبەتییش بیر لە ڕۆژانی پێشووی «لەخاچدانی مەسیح» دەکەمەوە، کە پێکەوە بووین و هیچ ناخۆشییەکمان نەبوو.

هەروەها شەممەی ڕابردووش خواردمەوە، من هیچ پاساوێکم نییە، نازانم جەستەشم بەرگە دەگرێت، ئەو پاش نیوەڕۆیەش کەمێک دڵخۆشم دەکات. شەممەی ڕابردوو کە گەڕامەوە قوتابخانە، مامۆستا کیرۆن (Kern) گرتمی و بردمیە لای قەشەو فرێی دامە قۆناغی سێیەم، ئەو کاتژمێرەشی لێسەندمەوە کە تایبەتە بە پیاسەی شەممان. وەک تۆ تێدەگەم غەدرێکی گەورەم لێ کراوە و خەمبارم، لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە کە تۆ لەو بەسەرهاتە ناخۆشە ئاگادار دەکەمەوە.

بە زووترین کات بۆم بنووسە، زۆر تامەزرۆم. ئەو نامەیەی تۆ بەهایەکی هەیە بۆم و هیچ کەسێک لە من زیاتر نازانێت چەند دەستکەوتم لەو نامەیە دەبێت. پێویستیش بەوە ناکات دڵنیات

بکەم، کە من عەقڵم کۆ دەکەمەوە. هەموو شتێک پەیوەندیی بەوەوە هەیە، تا دێت من دڵنیاتر دەبم و لەو مسۆگەرییەشدا ئێستا لە باڵاترین شێوەی ترساندام.

**نیچە**

## نامەی دووەم

### باسێک، هەینی ١٤ مارس ١٨٧٦

مامۆستای بەڕێز مات هیلد تراپ داخ

چوار ڕۆژی ڕابردوو بە تەنیا لە دەریاچەی «ژنێف»م بەسەر برد. لەو چوار ڕۆژە، ڕۆژێکیان شەممە بوو، ئەو ڕۆژە لە بەیانی زووەوە تا درەوشانەوەی مانگ لە ئێوارە، لە نزیک ئێوە ژیام و بە ڕۆحێکی وشیارانەوە، کتێبەکەی ئێوەم لاپەڕەبەلاپەڕە لە سەرەتاوە تا کۆتایی خوێندەوە، بە هیچ شێوەیەک نەمدەتوانی وازی لێ بهێنم و چەندبارەم دەکردەوە. هەرگیز ئەوەندە بە قووڵی نەچوومەتە ناو بابەتێک و شەممەیەکی وا خۆشم بەسەر نەبردووە، کەشێکی پاک و خۆشەویست منی بەجێ نەهێشت، سروشتی ئەو ڕۆژە هیچی تر نەبوو بێجگە لە ڕەنگدانەوەی ئەو کەشە پاکە. تۆ بە بەردەممدا ڕەت دەبوویت، وەک شێوەیەکی «بەرزی من» زۆر بەرز. تۆ لەجیاتی خەم، زیاتر جورئەتت پێ دەبەخشیم. دڵ و دەروونت داگرتبووم. کاتێک من ژیانی خۆم بە تۆ بەراورد دەکرد، زۆر بە ڕوون و ئاشکراتر هەستم بەوە دەکرد کە لە چیم کەمە.

ئەمە بۆ من زۆر زۆرە.

نەخۆش بووم، دوودڵ بووم لە توانا و ئامانجەکانم؛ گەیشتمە

ئەو قەناعەتەی کە پێویستە  خۆم لە هەموو شتێک دوور بگرم، ئەوەی زیارتیش لێی دەترسام، ئەو ژیانە درێژەیە کە تەنیا بارێکی قورسە و لە هەمان کاتیشدا پێویستە مرۆڤ واز لە بەرزترین ئامانج بهێنێت، بەڵام من ئێستا باشتر و ئازادترم. ئەو ئەرکانەی بەجێم هێشتبوون، دەتوانم جارێکی تر لە نوێوە، لە چاوەکاندا بێ دوودڵی ببینم. چەند جاریش خۆزیایی ئەوەم خواستووە کە تۆ لە نزیکمەوە بیت بۆ ئەوەی پرسیارت لێ بکەم، کە تەنیا بەرزترین ڕەوشت و ژیانێکی تر لە مندا، دەتوانی وەڵامێکی حەتمییانە بداتەوە. کتێبەکەی ئێوەش وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە پەیوەندییان بە منەوە هەیە. من لەو باوەڕەدام هەرگیز ناتوانم ڕازی بم لەگەڵ کارەکانم، ئەگەر لە سەرەتادا ڕەزامەندیی تۆم نەبێت، بەڵام ئیمکانی ئەوەش هەیە کە کتێبەکەی ئێوە توندتر حوکمم بدەیت لەوەی تۆ خۆت حوکمم بدات، ئایا مرۆڤ دەبێت ڕوو لە کوێ بکات بۆ ئەوەی ژیانی خۆی لەگەڵتاندا بەراورد بکات؟ ئەگەر ئەو نەیەوێت وەک مرۆڤێک خۆی نیشان بدات؟ من ئەو پرسیارە دەکەم. ئەو پێویستە شتێک نەکات کەمتر بێت لەوەی تۆ کردووتە، بەڵام بەبێ دڵەڕاوکێ ئەوە ئیمکانی نییە. هەوەسەکانی خۆشەویستی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە هەمیشە ئامادەیە خۆی بکات بە قوربانی.

یەکێک لە مەرجە بەرزەکانی من کە لە سایەی تۆوە تێڕوانینێکم دەربارەی پەیدا کردووە، ئەو خۆشەویستییە دایکانەیەیە بەبێ هەبوونی پەیوەندییەکی جەستەیی نێوان دایک و کۆرپە.

من لەوێوە، یەکێک لە باشترین مانیفێستەکان دەپێکم، کە کتێبەکەی تۆ هۆکاری بووە.

هاوڕێ بەنرخەکەم، هەندێک لە خۆشەویستیی خۆتم پێ

ببەخشە، لە ناخی مندا ئەو شوێنە ببینە کوڕێک لە باڵاترین پلە پێویستی بەو جۆرە دایکەیە! بۆچی من لە نزیکی ئێوە نەژیم! لەڕاستیدا هێشتا من لە ئێوەم.

**فردیدریش نیچە**

## نامەی سێیەم

**١ی مارسی ١٨٨١**

بەڕێز ڕود (Rohde)

بەڵێ، سەیرە کە بژیی و جەسووری لەدەست نەدەیت. من چەندین جار لەو حاڵەتەدا بووم کە لە دڵەوە حەز بکەم دوور لە هاوڕێ ڕودی چاپووک نەبم، تاقە کاتێک نەشکاوەکەی بەتەمەن و گەشاوە بکەم، لە کاتی پێویستبووندا بەهێزێکی خوێنی نوێ (نەک خوێنی بەرخ)، بەڵکو خوێنی شێر؛ بەڵام ئەو خۆی لە ناو کتێب و خێزاندا لە توبینگین (Tubingen) شاردووەتەوە، کە بۆ من لە هەموو حاڵەتێکدا ئاسان نییە چاوم پێ بکەوێت. ئاخ، هاوڕێم، دەتوانم سەمات لەگەڵدا بکەم بۆ ئەوەی چەورییەکەت کەم ببێتەوە، یان وەک هەریەکێکیان دەزانین کە شتەکە تاقی بکەینەوە، لە خوێنی خۆیان بخۆینەوە. ئەوە هەم بۆ ئەوەی تینوو نەبن بە دوای خۆیاندا و هەمیش خۆیان خاڵی نەکەنەوە. لە هەموو هەنگاوەکان سەرم سووڕ دەمێنێت، چونکە ئێستا ئەوە لە بەردەمی تۆدا دەوەستێت، ئایا چەند سەرچاوەی مرۆڤ واز دەهێنن بۆ ئەوەی لافاوی خۆیان ببات؟

ئەو کەسەشت لەگەڵدا بێت کە لە من دەچێت، سەر بە دەوڵەمەندترینیانن.

ئەگەر من هەموو ئەو خاسیەتانەم هەبوایە، کە تۆ بە باڵام

دەبڕێت، ئەوا من لەو باوەڕەدام دەبوایە چاوترس و تواناپڕوکێن بوومایە.

لە ئێستاوە ئەو چاوتروکانە هەیە، کە من بە دەوری بەرزاییەکانی جێنوا (Genua) خول بخۆمەوە و سەرنجیان لێ بدەم، هەروەها هەبوونی ئەو هەستانەی کە لە هەستەکانی (کۆلۆمبۆس)ی پیرۆز دەچن، کە جارێک لە جاران بەرانبەر دەریا و ئاینده هەیبووە.

لەو جۆرە ساتە ئاسپایی و هەڵخەڵەتێنەرانە، پێویستە من هەوڵ بدەم لە نوێیەوە کەشتیی ژیانی خۆم بگەڕێنمەوە و هاوسەنگی بکەم. لەوانەیە تۆ باوەڕ نەکەیت کە من چەندین ڕۆژ و سەعات بێ پسانەوە لەگەڵیدا وەستاوم بۆ ئەوەی زیاتر قسە نەکات. من لەڕاستیدا هەموو شتێک دەکەم کە مرۆڤ لە حاڵەتی مندا دەیکات، تا ئەو کاتەی (ژیری) مرۆڤ لە پراکتیکی ژیان و حاڵەتی نەخۆشییەکانی تەندروستییەوە دەتوانێت کەمی بکاتەوە، هەڵبەتە من لەو حاڵەتەدا یان بیبیرم، یان بێخەیاڵ، بەڵام دووبارە ئارەزووی ئەو گۆرانییە ناکەم، کە هەست دەکەم لەگەڵی ڕاهاتووم، چونکە هەست دەکەم پێگەیشتووم.

هاوڕێ خۆشەویستەکەم، تۆ بۆم بە نرخیت، بەو جۆرە گرێکوێرە نیت کە مرۆڤ پێویست بکات خۆی باریک بکاتەوە تا پیا تێبپەڕێت. ئەوە پێویستە هێزێکی تر بێت بۆ من ئەگەر ئەو جۆرە هاوڕێیەی کە پێویستە یارمەتیم بدەیت، تا باوەڕ بە خۆم پەیدا بکەمەوە، ئەگەر تۆ لە پشتی ئەو وشانەی نزای نامەیەک خۆت شاردووەتەوە، ئەوا من لە دڵەوە حەز دەکەم بۆ جارێک کەسایەتییەکی ڕاستەقینەی تۆم لەبەر دەستدا بێت. نەک بۆ ئەوەی تەنیا من لە دڵەوە هاوڕێ دێرینەکەم (ڕود) بناسم،

بەڵکو پێویستە هاوڕێی ئێستاش بناسم و چیی تریش زیاترە لە گەشە و ئارەزوو: بەڵێ گەشە و ئارەزوو.

لە ناخی دڵەوە سڵاوم بگەیەنە بە هاوسەرە خۆشەویستەکەت، پێویست ناکات خەمبار بێت بۆم، چونکە تا ئێستاش ئەو ناناسم، جارێک لەوانەیە تۆڵەی گشتی بۆ بکەمەوە.

نیچە

## نامەی چوارەم

ئەم نامەیە بۆ ئۆڤێربێک (Overbeck)ی هاوڕێ نووسیوە، لە دوای تەواوبوونی بەشی یەکەمی کتێبی زەردەشت کە لە ساڵی ١٨٨٣دا دەستی پێ کردووە و لە ساڵی ١٨٨٥دا تەواوی کردووە.

بەڕێز ئۆڤێربێک، من بیر لە شێتایەتیی کۆتاییم دەکەمەوە، مەبەستم زەردەشتە؛ ئایا دەتوانرێت ئەم دەقە بخوێندرێتەوە؟ من وەک بەراز دەنووسم...

چەند ڕۆژێک تێدەپەڕێت و بیری لێ ناکەمەوە، بەڵام بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ کتێبەکە هیچ بەهایەکی هەیە، من خۆم لەم زستانەدا توانایی هیچ هەڵسەنگاندێکم نییە و لەوانەیە بەهاکان و بێبەهاکان بە هەڵەیەکی کوشندە لێک بدەمەوە، بەڵام خراپتریش لەوە ئەوەیە من هیچ تێناگەم بۆ چ مەبەستێک ئێستا دەژیم و نیو ساڵە هەموو شتێک لە لام پەرێشانی و ئازارە، خۆم دەکەم بە قوربانی و ئازاری زۆر دەچێژم و بۆچوونێکم سەبارەت بە کەموکوڕی و ناخۆشییە ڕاستەقینەکان هەیە، کە هەمیشە بەدوای ڕۆحی ڕابردوومەوەن، کە بەسەر هەموو وشیاریمدا زاڵە و داپۆشیوە و هیچ شتێک نییە بیکەم بەرانبەر ئەو شتە، من هەمیشە لێکۆڵینەوەی شتێک دەکەم کە باشتر بێت، ئایا دەبێت چ دەرئەنجامێکی هەبێت؟

## نامەی پێنجەم

### بە مۆری ٥ی کانوونی دووەمی ١٨٨٩

برای خۆشەویستم پرۆفیسۆر (یاکوب برخ هارت)

لە کۆتاییدا لە دڵەوە حەز دەکەم پرۆفیسۆر بم لە باسێکدا لەبەر ئەوەی خودا بم، بەڵام جورئەتم نەکرد خۆپەرستیی تایبەتیی(Privategoism) خۆم تا ئەو ئاستە ڕا بکێشم و بتوانم شتەکە ئاسان بکەم و جیهانێک بخوڵقێنم.

ئێوە سەیر بکەن، مرۆڤ چۆنە و چۆن دەژیی و پێویستە چ قوربانییێک بدات. من ژوورێکی بچووکم ڕێک خستووە، دەکەوێتە بەرانبەر هۆتێلی کاریگنە نۆی.

هەروەک ڤیکتۆر ئیمانوێل، منیش لەوێ لە دایک بووم، هەروەها خووم بەوەوە گرتووە کە لەسەر مێزی کارکردنەوە گوێ لەو مۆسیقا پڕجۆشە بگرم کە لە ژێرەوەی گەلەری سوبەلتیناوە دێت. بیستوپێنج فرەنکم بۆ خزمەتکردن تەرخان کردووە و خۆیشم چاک ئامادە دەکەم و پێداویستییەکانیش دەکڕم. بە داخەوە، گۆرەوییەکانم دڕاوە و لە هەموو چاوتروکانێکیشدا سوپاسی ئاسمان دەکەم بۆ ئەو جیهانە کۆنە کە پێی بەخشیوین، بەڵام مرۆڤ بە تەواوی بە شێوەیەکی ئاسایی ئامادە نەکراوە بۆی. من حوکم دراوم کە کاتە بێکۆتاییەکان و گاڵتەوگەپەکان پارێزگاریی لێ بکەم، هەر بۆیەش من قەڵەمێکم هەیە کە لەڕاستیدا هەر شتێک ئارەزوو بکات، جێی ناهێڵێت، تۆڕێکی کارکردنە و هیچ گوشارێکیشی لەسەر نییە.

نامەکان بۆ نووسەرە جیاجیاکانی جیهان لەو پۆستەوە دەنێرم، کە پێنج هەنگاو لێم دوورە. هەڵبەتە پەیوەندییەکی زۆر

نزیکیشم لەگەڵ فیگارۆ (Figaro) هەیە و ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئێوە مەفهومێک وەربگرن کە من چەند بێ زیانم.

لێرەوە ئەم دوو گاڵتەوگەپەم ببیستن لە لای خۆتان، ئازاری پرادۆ(Prado) مەدەن، نەوەک بکەوێت، من پرادۆم؛ هەروەها باوکی پرادۆشم، هەروەها جورئەتیش دەکەم بڵێم من لێسیپس (Lesseps)م. دەمەوێت مەفهومێکی نوێ بە خەڵکی پاریس بدەم کە خۆشم دەوێن، ئەویش ئەوەیە ئەوان تاوانبارە ڕاستەقینەکانن.

بە هەمان شێوە من کام بێیج (Chambige)م، هەروەها ئەو تاوانبارێکی ڕاستەقینەیە.

گاڵتەی دووەم: سڵاو لە نەمرەکان دەکەم. مۆنشیور داودت(Monsisur Daudet) سەر بە ئەکادیمیی چلەکانەوەیە، چلەکان.

**ئیمزا: «ئاستو»**

## تێبینی

١. فیگارۆ: ڕۆژنامەیەکی فەڕەنسیی کۆنزەرڤاتیڤەکان بوو.
٢. پرادۆ: حوکم درا بە مردن، چونکە ژنێکی داوێنپیسی کوشتووە.
٣. کام بتیج: لە جەزائیر ژیاوە و خۆشەویستەکەی خۆی کوشتووە و خۆشی زامدار کردووە.
٤. لێسپیس: سەرپەرشتیی دروستکردنی پرۆژەی کەناڵی سوێسی کردووە.

# ناواخن


| | |
|---|---|
| فریدریش نیچە: فەیلەسووفی ژیان | ٥ |
| فریدریش نیچە | ٩ |
| میراتی نیچە | ٢٥ |
| نیچە و فێمێنیزم | ٤٧ |
| نیچە | ٧٩ |
| نیچە ... فەیلەسووفی ژیان | ١١٥ |
| بەرانبەر نیچە و لەگەڵ نیچەدا | ١٣٣ |
| هەڵبژاردەیەک لە کارەکانی نیچە | ١٦٣ |

## زنجیرەی دۆسیەکانی سەردەم

١- بوونگەرایی: ڕێبازێکی فیکری و فەلسەفی.

٢- ئەدۆنیس: شاعیر و بیریار و تیۆریست.

٢- فۆکۆ: فەیلەسووفی هۆڵی هەشتەم.

٤- عەلمانیەت: پێداویستیەکی ژیاریی کۆمەڵگە.

٥- دیموکراسی: بیرۆکەیەک لە تازەبوونەوەدا.

٦- کۆمەڵگەی مەدەنی: سەرهەڵدان و مانا و ڕۆڵی.

٧- دەوڵەت: دەسەڵاتێکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی.

٨- ئەقڵانیەت: هەرەسهێنانی دەرفەتەکانی پیرۆزی.

٩- مارکیز: ڕیالیزمی جادووگەری ـ سیحراوی.

١٠- مۆدێرنە: سەردەمی گۆڕانی هەمیشەیی.

١١- پۆست مۆدێرنە: سەردەمی گۆڕانی هەڵبژاردنە بێشومارەکان

١٢- لیبرالیزم: زەمینە مێژوویی و فیکرییەکانی لە سەدەی بیستدا.

١٣- بۆرخیس: نووسین تەنیا خەونێکی ئاڕاستەکراوە.

١٤- بزووتنەوەی خوێندکاران: خەیاڵ خەریکە دەسەڵات دەگرێتە دەست.

١٥- فیمینیزم: ڕێبازێکی ژیان و سیستمێک بۆ لێکدانەوە

١٦- بزووتنەوەی خوێنکاران: خەیاڵ خەریکە دەسەڵات دەگرێتە دەست.

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە ڕەوتی درێژخایانی کار و بەرهەمەکانیدا، هەر لە سەرەتاوە بایەخی بە مەسەلە گرنگەکانی سەردەم داوە و لە ژمارە سەرەتاییەکانی گۆڤاری «سەردەم»ەوە لە هەر ژمارەیەکدا دۆسیەی تایبەتمان بۆ کۆمەڵێک پرسی گرنگ و چەندین کەسێتیی فیکری و ڕۆشنبیری و ئەدەبیی کاریگەر کردۆتەوە، کە پێمان باش بوو لە کتێبی سەربەخۆدا بیانخەینەوە بەرچاوی خوێنەران.


دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

Sardam Printing & Publishing House